هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی
زانکۆی سلێمانی/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان/بەشی کوردی

# درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

نالی ئەدهەم غەریب

پێشکەشی سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لەپێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت:

پ.ی.د. کاروان عومەر قادر

٢٧١٦کوردی ٢٠١٦ زاینی

**ئەم نامەیە بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا**

**ناو : پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**
**ڕۆژ :    /    / ٢٠١٦**

**بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم**

**ناو : پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**
**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**
**ڕۆژ :    /    / ٢٠١٦**

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.**

**ناو: پ.ی.د. مهاباد کامل عەبدوڵا**
**سەرۆکی لیژنە**
**ڕۆژ: ٧/ ١١/ ٢٠١٦**

**ناو: پ.ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج**
**ئەندام**
**ڕۆژ: ٧/ ١١/ ٢٠١٦**

**ناو: د. محەمەد عومەر عەول**
**ئەندام**
**ڕۆژ: ٧/ ١١/ ٢٠١٦**

**ناو: پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**
**ئەندام و سەرپەرشت**
**ڕۆژ: ٧/ ١١/ ٢٠١٦**

**لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.**

**ناو: عبدالقادر حمە امین محمد**
**ڕاگری سکوڵی زمان**
**ڕۆژ: / / ٢٠١٦**

# پێشکەشە:

- بە دایك و باوکم، کە هۆکاری هاتنە بەرهەمی ئەم نامەیەبوون

- خوشك و براکانم

- باسنیٚ

## سوپاس و پێزانین:

- سوپاسی بێپایانم بۆ بەڕێز (پ.ی.د. کاروان عومەر قادر)، کە بەبەردەوامی سەرچاوەی زانیاریم بووە و بە ئەمەکەوە سەرپەرشتی ئەم نامەیەی گرتووەتە ئەستۆ. هەمیشە خەمخۆر و دڵسۆزبووە بۆ نامەکە، جێگای پێزانینە.

- مامۆستای بەڕێز (پ.د. محەممەدی مەحویی)، کە هەمیشە سودم لە ڕێنماییە زانستییەکانی وەرگرتووە.

- بەڕێز (م. چیا عەبدولڵا)، کە لەدەستخستنی سەرچاوەدا هەمیشە هاوکارێکی خەمخۆربووە.

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| " " | وەرگرتنی دەقیی |
| ' ' | وەرگرتن بە دەستکارییەوە |
| * | ناڕێزمانی و نالۆژیکی |
| ؟ | گومانی لەسەرە |
| ( ) | وەرگرتنی بیریی |
| ↓↑ ⇄ | دەبێت بە |
| ⤵ | کاریگەریی هەیە |
| ⇦ | پەیوەستیی |
| [ ] | دەربڕاوی مەبەست |
| م.د.ن | مۆدێلی درکپێکردنی نموونەیی |
| CR | نواندنی درکپێکردن |
| X, Y | نەگۆڕ/هەرشتێك |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ا |
| Elaboration | ئامادەکردن |
| Mental | ئاوەز |
| Mentality | ئاوەزمەندیی |
| Embodied Experience | ئەزمونی بەرجەستەکراو |
| | ب |
| Conceptualization | بەچەمککردن |
| Reconceptualization | بەچەمککردنەوە |
| Prominence | بەرچاویی |
| Base | بنەما |
| Ego_Based | بنەمای خود |
| Time_Based | بنەمای کات |
| Mental Space | بۆشایی ئاوەزیی |
| Blending Space | بۆشایی ئاوێتەبوون |
| Input Space | بۆشایی تێکردە |
| Generic Space | بۆشایی گشتی |
| | پ |
| Background | پاشخان |
| Perspective | پەیپێبردن |
| Cognitive Commitment | پەیوەندیی درکپێکردن |
| Generalization Commitment | پەیوەندیی گشتاندن |
| Profile | پوختە |
| Foreground | پێشخان |
| Composition | پێکهاتن |

| | |
|---|---|
| | ت |
| Completion | تەواوكردن |
| Cognitive Competence | توانستی درکپێکردن |
| Focusing | تیشك خستنەسەر/تیشکۆداریی |
| Container | تیاهەڵگر |
| Blending Theory | تیۆری ئاوێتەبوون |
| | چ |
| Concept | چەمك |
| Conceptually | چەمکییانە |
| | د |
| Structure | داڕشتە |
| Selective Projection | دەرکەوتنی هەڵبژاردەیی |
| Emergent | دەرکەوتوو |
| Cognitive | درکپێکردن |
| | ڕ |
| Cognitive Grammar | ڕێزمانی درکپێکردن |
| | ز |
| Cognition | زانین |
| | س |
| Gestalt Psychology | سایکۆلۆژیای گشتاڵت |
| Attention | سەرنجدان |
| Frame Semantic | سیمانتیکی چوارچێوەیی |
| Cognitive Semantic | سیمانتیکی درکپێکردن |
| | ك |
| Stand for | کەوتنە بری/لەبری دانان |
| Knowledge | کۆزانیاری |
| | گ |
| Usage_based Thesis | گریمانەی بنەمای بەکارهێنان |

| | |
|---|---|
| Symbolic Thesis | گریمانەی هێمایی |
| | م |
| Domain | مەودا |
| Idealized Cognitive Model | مۆدێلی درکپێکردنی نموونەیی |
| Metaphtonymy | مێتافتۆنیمی |
| Metonymy | مێتۆنیمی |
| Metonymically | مێتۆنیمیکییانە |
| | ن |
| Mapping | نەخشەکێشان |
| Image Schema | نەخشە وێنەییەکان |
| | هـ |
| Selection | هەڵبژاردن |
| Construal | هەڵهێنجان |
| Motive | هۆهاندەر |
| | و |
| Online Meaning | واتای هەمانکاتیی |
| Sub Domain | وەچەمەودا |
| Specificity | وردێتی |
| | ی |
| Source Entity | یەکەی سەرچاوە |
| Target Entity | یەکەی مەبەست |

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **٠)پێشەكی** | **٣-١** |
| ٠/١) ناونیشان و بواری لێكۆڵینەوەكە | ١ |
| ٠/٢)كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە | ١ |
| ٠/٣)هۆكاری هەڵبژاردنی لێكۆڵینەوەكە | ١ |
| ٠/٤) ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە | ١ |
| ٠/٥) سنوری لێكۆڵینەوەكە | ١ |
| ٠/٦) بەشەكانی لێكۆڵینەوەكە | ٣-١ |
| **بەشی یەكەم** | |
| ١) پەیپێبردنی واتا لە زانستی زمانی دركپێكردندا | **٦٣-٥** |
| ١/١) بنەما چەمكییەكانی زانستی زمانی دركپێكردن | ٣١-٥ |
| ١/٢) پێڕەوی بەچەمككردنی هەڵهێنجانی واتا | ٦٣-٣١ |
| **بەشی دووەم** | |
| ٢) پێڕەوی بەچەمككردنی مێتۆنیمی و چەشنەكانی لە زمانی كوردیدا | **١٦٦-٦٥** |
| ٢/١) پێڕەوی بەچەمككردنی مێتۆنیمی | ١٠٣-٦٥ |
| ٢/١-١) بنەما تێڕامانە گریمانكارییەكانی مێتۆنیمی | ٧٠-٦٥ |
| ٢/١-٢) بنەما ژیربیژی و ڕەوانبیژییەكانی مێتۆنیمی | ٧٦-٧٠ |
| ٢/١-٣) بنەما زمانەوانییەكانی مێتۆنیمی | ٨٣-٧٦ |
| ٢/١-٤) بنەما زمانەوانییە دركپێكردنەكانی مێتۆنیمی | ١٠٣-٨٣ |
| ٢/٢) چەشنەكانی مێتۆنیمی لە زمانی كوردیدا | ١٦٨-١٠٢ |
| ٢/٢) مێتۆنیمیی زمانیی | ١٤٠-١٠٤ |
| ٢/٢-١) مێتۆنیمیی ڕووداویی | ١١٨-١٠٦ |
| ٢/٢-١-١) مێتۆنیمیی ڕووداویی(شوێن بكەوێتە بری ڕووداو) | ١١٠-١٠٩ |
| ٢/٢-١-٢) مێتۆنیمیی ڕووداویی(ڕووداو بكەوێتە بری شوێن) | ١١١-١١٠ |
| ٢/٢-١-٣) مێتۆنیمیی ڕووداویی(كات بكەوێتە بری ڕووداو) | ١١٣-١١١ |
| ٢/٢-١-٤) مێتۆنیمیی ڕووداویی(ڕووداو بكەوێتە بری كات) | ١١٥-١١٣ |

| | |
|---|---|
| ٢/٢-١-٥) مێتۆنیمیی ڕووداویی(کات بکەوێتە بری ڕووداو و شوێن) | ١١٥-١١٧ |
| ٢/٢-٢) مێتۆنیمیی دامەزراوەیی | ١١٨-١٢٤ |
| ٢/٢-٢-١) مێتۆنیمیی دامەزراوەیی(دامەزراوە بکەوێتە بری ئەندامەکانی) | ١١٨-١٢٠ |
| ٢/٢-٢-٢) مێتۆنیمیی دامەزراوەیی(شوێن بکەوێتە بری دامەزراوە) | ١٢٠-١٢١ |
| ٢/٢-٢-٣) مێتۆنیمیی دامەزراوەیی(کەس بکەوێتە بری دامەزراوە) | ١٢١-١٢٤ |
| ٢/٢-٣) مێتۆنیمیی هەمەکیی | ١٢٤-١٣٠ |
| ٢/٢-٤) مێتۆنیمیی هەندەکیی | ١٣٠-١٣٤ |
| ٢/٢-٥) مێتۆنیمیی ئەنجامیی | ١٣٥-١٣٩ |
| ٣/٢) مێتۆنیمیی درکپێکراو | ١٤٠-١٦٦ |
| ٣/٢-١) مێتۆنیمیی مێتافۆڕیی(مێتافتۆنیمی) | ١٤٣-١٥٧ |
| ٣/٢-٢) مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە | ١٥٧-١٦٦ |
| **بەشی سێیەم** | |
| **٣) ڕەهەندی مێتۆنیمییانە لە ڕێزمانی کوردیدا** | **١٦٨-٢٠٥** |
| ١/٣) داڕشتەی مێتۆنیمییانەی وشە | ١٦٨-١٨٨ |
| ١/٣-١) ڕۆڵی مێتۆنیمی لە فۆڕمە داڕێژراوەکاندا | ١٧٠-١٨٢ |
| ١/٣-٢) ڕۆڵی مێتۆنیمی لە فۆڕمە لێکدراوەکاندا | ١٨٢-١٨٨ |
| ٢/٣) داڕشتەی مێتۆنیمییانەی ڕستە | ١٨٨-٢٠٥ |
| **ئەنجام** | **٢٠٧-٢٠٨** |
| **لیستی سەرچاوەکان** | **٢١٠-٢١٦** |
| **الملخص** | **ا - ب** |
| Abstract | **A-C** |

# پێڕستی وێنە و هێڵکاریی و خشتەکان

## پێڕستی وێنەکان


| ژمارە | ناونیشانی وێنە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فرەلا | ٥٩ |


## پێرستی هێڵکارییەکان


| ژمارە | ناونیشانی هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | بەشی یەکەم | |
| ١ | ڕۆڵی ناوەندیی و چەقیی زمان | ٨ |
| ٢ | زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە | ١٠ |
| ٣ | لێکۆڵینەوەی واتا و ڕێزمان لە زانستی زمانی درکپێکردندا | ١٥ |
| ٤ | مۆدێلی جوڵانی کات | ٣٦ |
| ٥ | مۆدێلی جوڵانی خود | ٣٧ |
| ٦ | لە بەرجەستەکردنەوە بۆ واتای زمانی | ٤٣ |
| ٧(ا ، ب) | داڕشتەی واتایی بەپێی (مەرجی ڕاستی و سیمانتیکی درکپێکردن) | ٤٤، ٤٥ |
| ٨ | مۆدێلی جیهانی بەچەمکراو و بونیادنانی واتا | ٥٣ |
| ٩ | هەنگاوەکانی بونیادنانی واتا | ٥٤ |
| ١٠ | توانا جیاوازەکان بۆ هەڵهێنجان لەسەر بنەمای وردی و دیاریکراوی | ٥٧ |
| ١١ | لایەنی سەرنج لەناو مەوداکانی تری گوزارشتکردن | ٥٩ |
| | بەشی دووەم | |
| ١٢ | بەراورد لەنێوان مێتافۆڕ و مێتۆنیمیدا | ٩٢ |
| ١٣ | بۆشاییە ئاوەزییەکان | ٩٥ |
| ١٤ | بۆشاییە گشتی و تێکردەکان | ٩٦ |
| ١٥ | ئاوێتەبوون | ٩٧ |
| ١٦، ١٧، ١٨ | ئاوێتەبوونی چەمکییانە | ٩٨، ١٠١، ١٠٢ |
| ١٩ | مێتۆنیمیی ڕووداویی لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە | ١٠٨ |
| ٢٠ | مێتۆنیمیی ڕووداویی شوێنیی لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە | ١١١ |
| ٢١،٢٢ | مێتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە | ١١٣، ١١٥ |
| ٢٣ | مێتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی(کات بکەوێتە بری ڕووداو و شوێن) | ١١٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥،٢٤ | مێتۆنیمیی دامەزراوەیی لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە | ١٢١، ١٢٣ |
| ٢٦ | مێتۆنیمیی هەمەکیی لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە | ١٢٨ |
| ٢٧ | مێتۆنیمیی هەندەکیی لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە | ١٣٤ |
| ٢٨ | مێتۆنیمیی ئەنجامیی لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە | ١٣٧ |
| ٢٩ | مێتۆنیمی وەك وەچەبەشی توانایەکی درکپێکراو | ١٤٢ |
| ٣٠، ٣١ | مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوە | ١٤٨، ١٥٠ |
| ٣٢، ٣٣ | مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا | ١٥٣، ١٥٥ |
| ٣٤، ٣٧ | مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە | ١٦٠، ١٦٥ |
| ٣٦،٣٥ | مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە (شوێن بۆ دامەزراوە بۆ کەس) | ١٦٢ |
| | **بەشی سێیەم** | |
| ٣٨ | کارکردنی مێتۆنیمییانەی (-ەر) لەناو مۆدێلی درکپێکردنی (نووسین)دا | ١٧٢ |
| ٣٩ | کارکردنی مێتۆنیمییانەی (-ەر) لەناو مۆدێلی درکپێکردنی (خوێندن)دا | ١٧٣ |
| ٤٠ | ڕەفتاری مێتۆنیمییانەی (-انە) لە وشە داڕشتندا | ١٧٦ |
| ٤١ | ڕەفتاری مێتۆنیمییانەی (-ایەتی) لە وشە داڕشتندا | ١٧٩ |
| ٤٢ | دەستنیشانکەری پیشە بەهۆی پاشگری (-ەر)ەوە | ١٨٥ |
| ٤٣ | داڕشتەی مێتۆنیمییانەی ڕستە لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە | ١٩٦ |
| ٤٤ | مۆدێلی درکپێکردن | ١٩٧ |


# پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **بەشی یەکەم** | |
| ١ | بونیادە ڕێزمانییەکان و ڕۆڵیان لە پێکهێنانی چوارچێوەی سیمانتیکیدا | ٥١ |
| | **بەشی سێیەم** | |
| ٢ | چوارچێوەی سیمانتیکیی (لێکۆڵینەوە) | ١٧٤ |
| ٣ | چوارچێوەی سیمانتیکیی (دەموچاو) | ١٨٤ |

**٠/١) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:**

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بۆ (درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە.

بەشێوەیەکی گشتی شیکردنەوەی مێتۆنیمییە لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش نامەکە لە چێوەی تیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانە لە سیمانتیکی درکپێکردندا، ئاوەزییانە لە دیاردەی مێتۆنیمی لە دەربڕاوەکانی زمانی کوردی دەڕوانێت.

**٠/٢) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم نامەیەدا کەرەستەی زمانیی "زاری کرمانجی ناوەڕاست-شێوەزاری سلێمانی" بەکارهێنراوە. نموونە و دەربڕاوەکانیش لە زمانی نووسین و قسەپێکەرانی ئەم زارەوە وەرگیراوە.

**٠/٣) هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەو بەکارهێنانە بەرچاوەی ستراتیژی مێتۆنیمی لە ئاخاوتندا هەروەها هۆکارەکانی بەکاربردنی ئەم ستراتیژە لە دەربڕین لەلای ئاخێوەران پاشان چۆنییەتی بونیادنانی مێتۆنیمی و گرنگیی پەیبردن بە میکانیزمی کارکردنی ئاوەزییانەی مێشکی مرۆڤی کورد لە بونیادنانی مێتۆنیمیدا بەپێی یەکێك لە نوێترین قوتابخانە زمانەوانییەکان، هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەبوون.

**٠/٤) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕێبازی (شیکاریی درکپێکراوانە) لەچێوەی بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردندا پەیڕەوکراوە و تەواوی شرۆڤەکانی لەڕوانگەیەکی درکپێکراوەوە، لە شیکردنەوەی داتاکان و درکپێکردن بە واتاکانیان و چەمکەکانیان دەخاتەڕوو.

**٠/٥) سنوری لێکۆڵینەوەکە:**

سنوری لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی (واتای ئینسکلۆپیدی)ی نموونە هێنراوەکاندا دەخولێتەوە.

**٠/٦) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوەکە جگە لەپێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە سێ بەش پێکهاتووە. لەپێناو شرۆڤە و وردەکاریی زیاتر، بەشەکانیش کراون بە چەند پار و وەچەپارێکەوە و تەواوی پێکهاتەی بەشەکان بەمشێوازە داڕێژراون:

**بەشی یەکەم:** بەناونیشانی (پەیپێبردنی واتا لە زانستی زمانی درکپێکردندا)، سەرەتایەکی گشتییە سەبارەت بە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن و سەرنجە تایبەتییەکانی ئەم قوتابخانەیە سەبارەت بە لایەنی واتایی. بۆ ئەم مەبەستە بەشەکە کراوە بە دوو پارەوە. بەمشێوازە:

**پاری یەکەم** (بنەما چەمکییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن)

ئەم پارە تەرخانە بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو گریمانە و تیۆرییانەی، کە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردنی لەسەر دامەزراوە و بەهۆشیانەوە وەك قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانی دەردەکەوێت.

**پاری دووەم** (پێڕەوی بەچەمککردنی هەڵهێنجانی واتا)

تەواوی جەختکردنەوەکانی ئەم پارە تایبەتە بەلایەنی سیمانتیکی بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن لەناو قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردندا. ئەو چواربنەمایەی، کە سیمانتیکی درکپێکردنی لەسەر دامەزراوە وەك بابەتی سەرەکی، تەواوی چنراوەکانی ئەم پارە پێکدەهێنن. هەروەها پەیوەست بەلایەنی سیمانتیکی و پڕۆسەی بەچەمککردنەوە، تیشکخراوەتەسەر پڕۆسەی (هەڵهێنجان) لەلایەن ئاخێوەرانەوە.

**بەشی دووەم: (پێڕەوی بەچەمککردنی مێتۆنیمی و چەشنەکانی لە زمانی کوردیدا)**

ئەم بەشە بەگشتی تەرخانە بۆ لایەنە تیۆری و کارەکییەکان سەبارەت بە مێتۆنیمی. بۆئەمەش بەشی دووەم لە سێ پاری سەرەکی و چەند وەچەپارێك پێکدێت. بەمشێوەیە:

**پاری یەکەم** (پێڕەوی بەچەمککردنی مێتۆنیمی)

لەم پارەدا بەچڕی کار لەسەر مێتۆنیمی کراوە، لەڕوانگەکانی شرۆڤە و سەرنجە سەرەتاییەکان و لێکدانەوە ژێربێژی و ڕەوانبێژییەکانی مێتۆنیمی. هەروەها شیکردنەوەیەکی زمانەوانییانەی بابەتەکە بەپێی سەرنج و قوتابخانە و تیۆرییە زمانەوانییە جۆراوجۆرەکان خراوەتەڕوو. لەپاشاندا مێتۆنیمی بەشرۆڤەیەکی ئاوەزییانەی درکپێکردنانەوە لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردن و بەتایبەت یەکێك لە تیۆرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردنەوە (تیۆری ئاوێتەبوون) خراوەتەڕوو.

**پاری دووەم** (مێتۆنیمیی زمانیی)

بەکاربردنی مێتۆنیمی لە ئاخاوتنە ڕۆژانەکان و زمانی نووسین و ڕاگەیاندن و سیاسەت و ...هتددا، لەمڕوانگانەوە مێتۆنیمی چەند جۆرێك(بەپێی مەوداکانی سەرچاوە و مەبەستی پێکهێنەری پێکهاتە مێتۆنیمییەکە) لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: مێتۆنیمییەکانی (ڕووداویی، دامەزراوەیی، هەمەکیی، هەندەکیی، ئەنجامیی)ن. بەمەبەستی هێنانەوەی نموونەی کارەکیی و شیکردنەوەی نموونەکانی هەرکام لەجۆرەکانی مێتۆنیمیی زمانیی، ئەم پارەش بەپێی جۆرەکان کراوە بەپێنج وەچەپارەوە.

**پاری سێیەم** (مێتۆنیمیی درکپێکراوە)

مێتۆنیمی لە زانستی زمانی درکپێکردندا وەك توانایەکی درکپێکراو بەبەراورد بە دەربڕاوە نامێتۆنیمی و ئاساییەکانی دیکە پێشنیازدەکرێت، بەڵام چەشنێکی مێتۆنیمیش هەیە، کە لە دوو قۆناغی بەرهەمهێنانی درکپێکراودا بەرهەمهێنراون و بە مێتۆنیمییە درکپێکراوەکان ئاماژەیان پێدەدرێت و ئەمانیش دوو جۆرن. بەمهۆیەوە دوو وەچەپارەکەی ئەم پارە پێکدەهێنن:

**وەچەپاری یەکەم/ مێتافتۆنیمی**

لەم وەچەپارەدا کار لەسەر ئەو کارلێك و پێکەوەهاتنە هەمەجۆرەی هەرکام لە مێتۆنیمی و مێتافۆڕ کراوە لەیەك پێکهاتەدا و بە پێکهاتە (مێتافتۆنیمییەکان) ئاماژەیان پێدەدرێت.

**وەچەپاری دووەم/ مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە**

لەهەندێك لە پێکهاتە مێتۆنیمییەکاندا دوو نەخشەکێشان یان زیاتری مێتۆنیمییانە دەبینرێت، کە سروشتێکی تەواو مێتۆنیمییانەی بە پێکهاتەکە بەخشیوە و بە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە دەخرێنەڕوو. بەمهۆیەوە ئەم وەچەپارە تەرخانە بە شرۆڤەکانی ئەمجۆرەی مێتۆنیمی.

**بەشی سێیەم: (ڕەهەندی مێتۆنیمییانە لە ڕێزمانی کوردیدا)**

ئەم بەشە تایبەتە بە خستنەڕووی ڕەهەندە مێتۆنیمییەکان لە هەرکام لە پێکهاتە مۆڕفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا. بۆ ئەمەش بەشەکە کراوە بە دوو پارەوە:

**پاری یەکەم** (داڕشتەی مێتۆنیمییانەی وشە)

ڕۆڵی مێتۆنیمی لە بونیادنانە مۆڕفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا خراوەتەڕوو، بەوەی چۆن مێتۆنیمی بەشدارە لەپرۆسە مۆڕفۆلۆژییە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا.

**پاری دووەم** (داڕشتەی مێتۆنیمییانەی ڕستە)

لەم پارەدا کارکردنی ڕستەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگە و گۆشەنیگای مێتۆنیمییەوە خراوەتەڕوو. بەو واتایەی، کە چۆن ڕستەکان مێتۆنیمییانە واتاکانیان دەگەیەنن.

لەکۆتایدا و لەڕوانگەی شیکردنەوەکانەوە، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە پێیگەیشتووین خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## پەیپێبردنی واتا لە زانستی زمانی درکپێکردندا

## ١/١) بنەما چەمكییەكانی زانستی زمانی دركپێكردن

تواناكانی مرۆڤ بۆ بونیادنان و هەڵهێنجان و شیكردنەوە و بیرهێنانەوە و هەستپێكردن و ....هتد، كێڵگەیەكی لێكۆڵینەوەی فراوان پێكدەهێنن. بیركردنەوە لەهەركام لەمانە بەبێ زمان ئەستەمە. بەشداریی زمان دەستپێك و كۆتایە لەم پرۆسانەدا. زانستی زانین"Cognition Science" و زانایانی ئەم بوارە، لەئاوەزی مرۆڤ وەك دامەزراوەیەكی ئاڵۆز و پەیوەندیدار دەڕوانن، كە دەتوانێت ئەم پرۆسانە بەبنبەست و كۆتا بگەیەنێت. بەمشێوەیە "دركپێكردن ئاماژە بە (توانای هەڵهێنجان)/(زانین) دەكات و زانستی زانینیش بەم هۆیەوە زانستێكە دەربارەی بیر "[١]، كە تێیدا بەچڕی كار لەسەر مەودای لێوەشاوەییە گشتییەكانی مرۆڤ دەكرێت و پەیوەندیدارە بە (سایكۆلۆژیای گشتاڵتی/گشتی"Gestalt Psychology")، كەمەبەست لێی "ڕوانینە لە تواناكانی ئاوەزی مرۆڤ وەك تایبەتمەندی گشتیی"[٢]. زمان و هەریەك لە (فەلسەفە، سایكۆلۆژی، زانستی دەمار، زیرەكیی دەستكرد) بوارەكانی لێكۆڵینەوەی زانستی زانین پێكدەهێنن، بەمپێیە لە زمان وەك توانایەكی دركپێكراوی مرۆڤ دەڕوانرێت، هاوشان بە تواناكانی تری[٣]. سەرەتاكانی زانستی زانین لەگرنگیپێدانی فەیلەسوفانی یۆنانی بە(بیركردنەوەی داهێنەرانە)وە دەستپێدەكات، كە تێیدا لەسەر بنەمای هۆكاری لۆژیكییانە، ڕاستیی گریمانەكان دەسەلمێنرێت.

كەواتە زمان بەشێك لە زانینە گشتییەكەی مرۆڤ پێكدەهێنێت پەیكاڵ بەسەرچاوەكانی تری زانین، كە لەلایەكەوە داڕشتەی بونیادی زمانی دەكەن و لەلایەكی تریشەوە زمان نوێنەری توانا دركپێكردنەكانی تری مرۆڤە. ڕوانینی ناوەكییبوونی زمان لە قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)وە دەستپێدەكات، كە زمان بەیەكێك لەتوانستە زۆر تایبەتییەكانی مرۆڤ دادەنێت. پاشان قۆناغی بەرەوپێشچوونی ئەم بیرە،

---

[1]– Stillings N.A., Weisler S.E., Chase Ch.H., Feinstein M.H., Garfield J.L. and Rissland E.L. (1995:1).

– هەروەها بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە زانستی زانین و هەنگاوەكانی دوای بەرەوپێشچوونی ئەم زانستە، بڕوانە :

**a**- Stillings N.A., Weisler S.E., Chase Ch.H., Feinstein M.H., Garfield J.L. and Rissland E.L. (1995). **b**- Evans V. and Green M. (2006:1-4).

[2]– Evans V. (2007:90).

(( بیر، تێگەیشتن، هەستەكان، پرۆسەی دركپێكردن، چالاكی جوڵان و زمان، بەكۆكردنەوەی هەموو ئەمانە وەك تایبەتمەندی گشتیی، واتە هەم تایبەتن بە مرۆڤ، هەم لەناو مرۆڤیشدا گشتن دەگوترێت"Gestalt")).سەبارەت بە (Gestalt Psychology)زانیاریی زیاتر دەبینرێتەوە لە:.**a**- Geeraerts D. and Cuyckens H. (2007: 175-176). **b**- Evans V. (2007:90).

[٣]– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە توانا تایبەتییەكانی مرۆڤ، بڕوانە:

**a**- Langacker R.W. (1987:99-146).

ب– نوری جعفر(١٩٧١: ٨٣–١١٢).

**(زانستی زمانی درکپێکردن"Cognitive Linguistics")ی لێکەوتەوە. واتە (زانستی زانین) و (قوتابخانەی بەرهەمهێنان) هۆکارەکانی هاتنەئارای (زانستی زمانی درکپێکردن)بوون و لەڕوانگە زمانییەکەوە گەشەپێدراوی بیری(زمانەوانی هۆشەکیی)بوو. بەڵام ئاڕاستەیەکی تری تەواو جیاواز لە زانستی زمانی درکپێکردندا دەبینرێت، کە "جەخت لەسەر سروشتی ئەزمون و توانا دەرەکییەکان دەکاتەوە"[١] [*].**

**بەمشێوەیە زانستی زمانی درکپێکردن وەك قوتابخانەیەکی ناوەندی(Central) لەزانستی زماندا ڕۆڵدەگێڕێت. چونکە لەلایەکەوە بانگەشەی (زمان دیاردەیەکی ئاوەزییە) بەهەند وەردەگرێت و لێکدانەوەکانی ئاوەزیبوونی زمان دەچەسپێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە (ئاوەزمەندێتیی زمان) لەسەر کۆمەڵێك بنەما دامەزراوە، کە بە توانا درکپێکراوەکانی تری مرۆڤ دەناسرێت، وەك (بیر، زیرەکی، هەستەکان، تەمبەڵی.....هتد)و زمان لەمانەوە ئیلهام وەردەگرێت و پێکەوە بنچینە بنەڕەتەکانیان لەسەر دامەزراوە. بەم سروشتەش ڕوانینە لەزمان لە فراوانترین(Maximum) ئاستیدا، چونکە "هەر وردبوونەوەیەك لەم کۆزانینە مرۆییانە بەتایبەتی (کۆزانینی زمانیی"Knowledge of Language") دەبێت لەهەرسێ ڕەهەندی پەیوەندیداری (ئاوەز، زمان، شارەزایی)ەوە سەرچاوەبگرێت"[٢]. لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن لەناو زمان و بۆ خودی زمانە، چونکە باسکردن لە توانا درکپێکراوەکانیش بۆ دیاریکردنی سروشت و ڕێژە و چۆنێتی ئامادەبوونی زمانە تیایاندا، بۆیە کارکردنی زمانەوانانی درکپێکردن دوو ئاڕاستەییە:**

**- ئاڕاستەی یەکەم: لەزمان دەکۆڵنەوە بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی سروشت و بنەماکانی توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ. چونکە تەنیا زمانە توانایەکی درکپێکراوی نوێنراوە و دەتوانرێت لەڕێیەوە لێکۆڵینەوە لە کۆزانیارییە درکپێکراوەکانی تری مرۆڤ بکرێت،**

---

[1]– Simpson J. (2011:611).

[*] زانستی زمانی درکپێکردن، قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانیی بیریی و کارەکییە، کە گەشەپێدراوی لێکۆڵینەوەکانە لەپەیوەندی نێوان زمانی مرۆڤ، مێشك و ئەزمونە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکان. سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی(١٩٧٠) لەکارەکانی ( Charles Fillmore, Ronald Langacker, George Lakoff, Leonard Talmy, Thompson, Gilles Fauconnier, Mark Turner). هەنگاوەکانی پێشتری ئەم قوتابخانەیە لە زانستی زانیندا دەبینرێتەوە و شێلگیرانە پەیوەستە بەکار و لێکۆڵینەوە و گریمانە و ئەنجامەکانی ئەم زانستەوە، کە ئەمیش لەسەرەتاکانی (١٩٦٠-١٩٧٠) کاری لەسەرکراوە، بەتایبەتی (Gestalt Psychology). "زاراوەی (زانستی زمانی درکپێکردن) بۆیەکەمجار لەلایەن(George Lakoff)ەوە بەکارهێنرا لەدەوروبەری (١٩٧٥)دا. هەر لە (١٩٧٥)دا (Charles Fillmore) بە تیۆری (سیمانتیکی چوارچێوەیی"Frame Semantic") و (Ronald Langacker) بناغەکانی (ڕێزمانی درکپێکردن"Cognitive Grammar") دادەنێن" (Qalandar R. (2013:5–

[٢]– کاروان عومەر قادر (٢٠١٢: ٧٨).

**– ئاڕاستەی دووەم: توانا درکپێکراوەکانی تری مرۆڤ بەجۆری تایبەتی ڕۆڵیان هەیە لەنەخشەکێشانی بونیادە زمانییەکاندا و تێکەڵیبوون و لەناو زماندا ڕەنگیانداوەتەوە، بۆیە ڕەهەندێکی لێکدانەوەکان پێکدەهێنن. ئەم تایبەتێتییانە ڕاستیی بانگەشەی (زمان هەم هۆیە هەم ئامانج) لەزانستی زمانی درکپێکردندا دەسەلمێنن، چونکە زمان وەك هاوێنەیەك لەدوو لایەنەوە کاری لەسەردەکرێت:**

**– لێکدانەوە بۆ سروشتی خودی زمان دەکرێت، کە (چییە؟ چۆنە؟)،**

**– وەڵامی پرسیاری (بۆچی؟) دەداتەوە.**

**لە قوتابخانەی بەرهەمهێناندا بەچڕی کار لەسەر سروشتی زمان دەکرا، بەخستنەڕووی لایەنە تەکنیکی و وردەکارییەکانی زمان لەچێوەی چەند تیۆری و وەچە تیۆرییەکدا(لێکدانەوەکانی بەدەوری خاڵی یەکەمدا دەخولایەوە). بەڵام لە زانستی زمانی درکپێکردندا زیاتر لەمە و هۆکاری بونیادنان و سروشتی ڕێکخراوەیی زمانیش دەخرێتەڕوو لەسەر بنەما و سروشتی تایبەتییەکانی خاڵی یەکەم.**

**زمان لەئەرکی درکپێکردنیدا چوارچێوە و ڕەنگرێژییەك پێشکەشدەکات سەبارەت بە سروشت و داڕشتن و ڕێکخراوەیی بیر و تێڕوانین و ئایدیاکان. واتە کارکردنەکان لەڕوانگەکانی (ڕێکخراوەیی"Organization") و (داڕشتن"Construction")ی زمانەوە دەبێت و وەڵامی پرسیاری (چۆن؟، چۆن دادەڕێژرێت؟، چۆن ڕێکخراوە؟)دەدرێتەوە، زیاتر لەوەی کارکردنبێت لەسەر چییەتی زمان، بۆنموونە:**

**– زمان چۆن توانست یان توانایە؟**

**– داڕشتن و ڕێکخراوەیی توانست و توانا چۆنە؟**

**– کۆزانیاریی زمانیی چییە و لەکوێوە دێت؟**

**لە تەواوی گریمانە و خستنەڕووەکانی زانستی زمانی درکپێکردن و وەڵامی پرسیارەکاندا، تێڕوانینێکی کۆزانینانە دەخرێتەڕوو سەبارەت بەلایەنە شاراوەکانی بیری مرۆڤایەتی، ئەزمونی مرۆڤەکان، ڕەنگدانەوەیان لەزماندا و ڕۆڵی زمان لەنەخشاندنی ئەمانەدا. لەسەر ئەم بنەمایانە، لەڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە بنەما زمانییەکان تەنیا بەسەر زمانێکی دیاریکراودا جێبەجێ نابێت و بەهۆشییەوە سیما و خەسڵەتە دیارەکانی ئەو زمانە بنوێنن، بەڵکو بنەماکانی زمان وەك یەکێك/کۆمەڵێك لەخاسیەتی بنەڕەتیی بونیادی هەموو زمانەکان دەخرێنەڕوو. بۆنموونە سروشتی ڕێکخراوەیی زمان، چۆنێتی کارکردن و کارتێکراوی، پەیوەستداری بەلایەنەکانی ترەوە. بەمشێوەیە "زاراوەی درکپێکردن وەك لایەنێك/بوارێك لەزمان دەڕوانێت، کە ڕووبەرێك لەزانینی گشتیی پێکدەهێنێت، لایەنێکە جیاناکرێتەوە**

لەزانینە گشتییەکە و یەکەیەکی سەربەخۆ و دابڕاو نییە"[1]. زانستی زمانی درکپێکردن چۆنێتی ڕوانین لەبارودۆخەکان و هۆکاری بونیادنانی ئەو چۆنێتییەش دەخاتەڕوو، لەسروشتی بەیەکگەیشتنی دانە زمانییەکان و شێوازی ڕێکخستنیان. بۆنموونە چۆن دەتوانرێت زمان بەکاربهێنرێت لەپەسنکردنی بارودۆخێکی وەك نموونەکانی (١، ٢)دا:


(١) ا- کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە.

ب-* مێزەکە لەژێر کتێبەکەدایە

(٢) ا- مستیلەکە بکەرە پەنجەتەوە.

ب-* پەنجەت بکەرە مستیلەکەوە

ئاوەزداریی لەداڕشتنی ئەم ڕستانەدا(پەیوەست بەزمانەوە) درکپێکردنە بەهۆی یەکێکی تر لەتواناکانی مرۆڤ(پەیوەست بە هەستکردنەوە وەك توانایەکی درکپێکراوی تر) و کاریگەری لەسەر بونیادنان و قاڵبی ئەم ڕستانە. هەستکردنی قسەکەرانە بە تواناکانی (جوڵان و چالاکی"Flexibility and Activity")ی کەرەستەکانی (کتێب و مستیلە) بەبەراورد بە (مێز و پەنجە) و بونیادنانی ڕستەکانیش لەم هەستکردنەوە دێت، سەرەڕای قەبارە و سەلمێنەری بەکارهێنان و کاریگەری ئەو توانایانەیە لەبونیادە زمانییەکاندا وەك توانایەکی درکپێکراوی نوێنراو. ئەو نموونانە تەنیا زانیاریی زمانییان لەخۆیاندا کۆنەکردوەتەوە، بەڵکو کۆمەڵێك زانیاریی دیکەش سەبارەت بەڕووبەری زانینەکانی تری مرۆڤ لەڕوانگەی درکپێکردن بە دیمەنە تایبەتییەکان و کاریگەرییان لەبونیادنانی بونیادێکی ئەزمونبەندانە و کۆزانیاریی لەبەکارهێنانی زماندا دەدەن بەدەستەوە. ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە دەتوانرێت لەهێڵکاریی (١)دا بنوێنرێن:




**هێڵکاریی (١)**

**ڕۆڵی ناوەندیی و چەقیی زمان**

---

[1]– Fatah A. H. (2012:12).

**لێکدانەوەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە زانستی زمانی درکپێکردن لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بونیادی تایبەت و جیاواز لەقوتابخانەکانی تر دامەزراوە، کە لەلایەکەوە دەبن بەهۆکارەکانی هاتنەئارای قوتابخانەکە و لەلایەکی تریشەوە زنجیرەی لێکدانەوەکانی قوتابخانەکە پێکدەهێنن بەدرێژایی لێکۆڵینەوەکان. ئەم بنەمایانەش دەتوانرێت لەسێ تایبەتێتی دیار و بەرچاوی قوتابخانەکە بخرێنەڕوو، کە هەم وەك ڕوانینی قوتابخانەکە لەزمان ڕۆڵدەگێڕن، هەم دەبن بە تیۆرییە بنەماییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، ئەوانیش:**

**"– زمان دامەزراوەیەکی(Faculty) درکپێکراوی ناسەربەخۆیە.**

**– ڕێزمان بریتییە لە سیستمی (بەچەمککردن"Conceptualization").**

**– کۆزانینی زمانی، لەبەکارهێنانی زمانییەوە هەڵدەگوێزرێت و دروستدەبێت"[1].**

**ئەم تیۆرییانە هەم وەك بنەما چەمکییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن دەردەکەون، هەم بۆخۆشیان وەك وەڵامدانەوە و تەواوکارییەك ڕۆڵدەگێڕن بۆئەو پرسیارانەی، کە ئاڕاستەی هەریەك لەقوتابخانەکانی دروستەکاریی و بەرهەمهێنان دەکران. چونکە لە قوتابخانەی دروستەکاریدا زمان وەك دامەزراوەیەکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لێیدەڕوانرا. لەکاتێکدا لەقوتابخانەی بەرهەمهێناندا تەواو بەپێچەوانەوە، وەك سیستەمێکی ناوەکیی و سەربەخۆ باسیلێوە دەکرا. بەڵام لە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردندا وەك لەشیکردنەوەکانی پێشوتریشدا ئاماژەی پێدرا، بەقوتابخانەیەکی ناوەندی دەردەکەوێت هەمبەر بە قوتابخانە زمانییەکانی دیکە.**

**یەکێك لەگریمانە و بانگەشەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان (ڕوانینە لەزمان وەك دامەزراوەیەکی ناوەکیی سەربەخۆ)، کە ئەم تایبەتێتییەش ڕەنگدانەوەی لەتەواوی لێکدانەوەکاندا هەبوو. "ئاوەزی مرۆڤ لەچەند پێکهاتەیەکی جیا لەیەك و سەربەخۆ پێکهاتووە، یەکێك لەو پێکهاتانە(زمان)ە، کە لەپرۆسەیەکی بەردەوامی دووبارەکراوی ڕێزمانیدا، ڕستەکان بەرهەمدەهێنێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو. بەمشێوەیە زمان دامەزراوەیەکی خۆبەڕێوەبەری سەربەخۆیە لەئاوەزی مرۆڤدا"[2]. لەکاتێکدا یەکێك لە تیۆرییە بنەماییەکانی، کە زانستی زمانی درکپێکردنی لەسەر دامەزراوە و بانگەشەی بۆ دەکات، دژی بۆچوونی**


---

[1]– کاروان عومەر قادر(٢٠١٢: ٨٥). هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە تیۆرییەکانی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن بڕوانە:
– Croft W. and Cruse A. (2004:1).

[2]– Taylor J.R (1995:16-17).

– هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەشیکردنەوە زمانەوانییەکانی پێکهاتەی زمان لەهەرسێ قوتابخانەی (دروستەکاری و بەرهەمهێنان و درکپێکردن)دا، بڕوانە: (Taylor J.R (1995:16-20– .

(سەربەخۆیی "Autonomous")ی زمانە. سەربەخۆیی زمان لەهەردوو ڕوانگەی پێکهاتە پێکهێنەرەکانی خودی زمان (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس.....) و هەروەها دابڕاویی تەواوی پێکهاتەی زمان وەك توانایەکی درکپێکراوی مرۆڤ لەتوانا درکپێکراوەکانی تر دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بانگەشەی ئەوە دەکات، کە زمان و پێکهاتەکانی وەك دامەزراوەیەکی پەیوەندیدار پێکەوە نەخشەکێشانە زمانییەکە تەواودەکەن و ئەم پێکهاتەیەش دابڕاو و سەربەخۆنییە لەتوانا درکپێکراوەکانی تر. وەك لەهێڵکاریی(٢)دا دەخرێتەڕوو:




هێڵکاریی (٢)

زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە

مەبەستی بنەڕەتی لەم تیۆرییە ئەوەیە، کە نواندنی کۆزانیاریی زمانیی، بنەڕەت و بنەمایە بۆ نواندنی هەمان بونیادە چەمکییەکانی تر. هەروەها جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە، کە کۆزانیاریی زمانیی بەشێوەیەکی گشتی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ توانا و کۆزانیارییەکانی تری مرۆڤ، کەلەدەرەوەی بازنەی زمانیی هەیەتی.

دووجۆر پەیوەندی لەتەواوی لێکدانەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردندا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەیە، کە لە شیکردنەوەی تیۆرییەکاندا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، ئەوانیش:

- پەیوەندی بەرهەمهێنان/گشتاندن Generalization Commitment
- پەیوەندی درکپێکردن Cognitive Commitment

کە شێلگیرانە پەیوەستن بەگریمانە و سەلماندنەکانی زانستی زمانی درکپێکردنەوە و وەك خاسیەتە بنچینەیی و بنەڕەتییەکانی قوتابخانەکە دەردەکەون و پێکەوە بۆچوونی مۆدولارێتی زمان و وەچەمۆدولەکان پێچەوانە دەکەنەوە.

مەبەست لەپەیوەندی یەکەم (پەیوەندی گشتاندن)، "ئەم پەیوەندییە ڕێبازێکی نوێی لێکۆڵینەوە لەپێکهاتە زمانییەکان دەگرێتەبەر، کە خۆی لەلێکدانەوەیەکی ڕێکخراوی بنەما پەیوەندیدارەکانی سیستەمی زماندا دەبینێتەوە، بۆنموونە (فۆنۆلۆژیی، سینتاکس، سیمانتیك...)"[١]. بەمپێیە دەبێت وەك پێکهاتەیەکی گشتی لە زماندا لێیانبکۆڵرێتەوە، نەك هەریەکەیان بەسەربەخۆ و جیا. چونکە پەیوەندی گشتاندن ڕەفتاری زمانیی پەیوەستدەکات بە بنەمایەکی گشتی، کە ئەم بنەمایە بەرپرسە لەهەموو لایەنەکانی زمانی مرۆڤ. "زمان و پێکهاتەکانی، ڕەنگدانەوەی هەموو زانینە بەرجەستەکراوەکانی مرۆڤە و ناتوانرێت لەیەك دابڕێن"[٢]. لەڕاستیدا چەسپاندنی هەردوو جۆری پەیوەندییەکە و بوونیان بەبنەما بنچینەییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن لەلایەن (جۆرج لاکۆف"George Lakoff")ەوە لە (١٩٩٠)کاندا خرایەڕوو و دواتر هەریەکە لە(ئیڤانس و گرین"Vyvyan Evans & Melanie Green") ئەم پەیوەندییەیان لەڕوانگەکانی (پۆلێنکردن"Categorisation") و (فرەواتایی "Polysemy") و (میتافۆڕ"Metaphor")ەوە خستەڕوو.

بۆ زیاتر ئەزمونبەندکردنی پەیوەندییەکە و سروشتی کارکردنی زمان لەمڕوانگەیەوە، جێناوی لکاوی/م/ لەزمانی کوردیدا وەردەگیرێت، لەهەرسێ لایەنەکانی(فۆنۆلۆژیی،/م/ وەك فۆنێمێك مامەڵەدەکات)، (مۆڕفۆلۆژیی، /م/ وەك مۆڕفێمێکی بەند مامەڵە دەکات)، (سینتاکس، /م/ وەك مەیدانی بەجێگەیاندنی ئەرکی /م/وەك مۆڕفێمێکی سینتاکسی)، وەك بەڵگەیەکی کارەکیی بۆ سەلماندنی بۆچوونی(گشتاندن) و دواتریش ڕۆڵ و کاریگەری ئەم جێناوە لکاوە لەهەڵهێنجانی واتای جیاوازدا. وەك لەنموونەکانی (٣)دا دەبینرێت:

(٣) ا- من ئەو منداڵەم زۆر خۆشدەوێت. یەکەم بەرهەمهێنانی ئاسایی ڕستەکە

ب- زۆر ئەو منداڵە[م] خۆشدەوێت.

پ- ئەو منداڵە[م] زۆر خۆشدەوێت.

ت- ئەو منداڵە، زۆر[م] خۆشدەوێت.

ج- زۆر[م] ئەو منداڵە خۆشدەوێت.

چ- ئەو منداڵە، زۆر خۆش[م]دەوێت.

---

1– Evans V.(2007:88-89).

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم دووجۆرە پەیوەندییەی قوتابخانەکە، بڕوانە: a- Evans V. and Green M. (2006:27-42).، ب-کاروان عومەر قادر(٢٠١٢).

2– Faber P.(2012:36-37).

بەسەرنجدان لەنموونەکان، جێکەوتەی/م/ دەگۆڕێت، بێگومان دەبێت(بەپێی لێکدانەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن و لەناویشیدا پەیوەندی گشتاندن) کاریگەریی گشتی هەبێت، کەلەکۆتایدا بەنواندنی هەرجۆرێکی واتای تایبەت و دیاریکراو دەبێت. لە (٣-ا)دا بەرهەمهێنانێکی ئاسایی بەپێی یاسا ڕێزمانییەکانی سینتاکسی زمانی کوردی، جێکەوتەی/م/ لەشوێنی ئاسایی خۆیدایە. بەڵام لە (٣-ب)دا، جێکەوتەی /م/ لەسەر فرێزی ناوی (ئەو منالە)یە، بۆیە لێرەدا (کەس) گرنگی پێدراوە و بەستراوەتەوە بە بکەرەوە، کە وەك (چەمکێکی ئەزمونکراو) /م/ شوێنی گرتووەتەوە و بەهۆیەوە نزیکی (من) و پەیوەندی گرنگی پێدان بە کەسەکەی ترەوە(ئەو منالە) جەختیلێکراوەتەوە، چونکە پێویستە بزانرێت، کە "تایبەتێتی واتای جێناو لەوەدایە، کەوا نەك تەنیا واتای کەس و شت و چۆنیەتی و چەندێتی نیشاندەدات، بەڵکو پەیوەندییان لەگەڵ کەس و شت و چۆنێتی و چەندێتی تریشدا ڕادەگەیەنێ و خاسیەتیان لەڕووی ئەو پەیوەندییەوە دیاریدەکات"[1]. لەکاتێکدا لە(٣-پ)دا سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی پێشتر، زیاتر جەخت لە(کەس) کراوەتەوە و هێنراوەتە پێشەوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە ، کە گۆڕانکاری جێکەوتەی کەرەستەکان لەڕستەدا دەبێتەهۆی گۆڕانی درکپێکردنیش بۆ ڕستەکان، باشترین نموونەش (ڕستەی باسمەند)ە. هەردوو ڕستەی(٣- ب، پ) جەخت لەسەر کەسێکی دیاریکراو دەکەنەوە (ئەو منالە)، نەك هەر کەسێکی تر. لەڕستەی (٣-ت)دا جێناوی لکاو لەسەر(زۆر)ە، هەربۆیە درکپێکردنێکی جیاوازتری دەبێت و زیاتر جەخت لەسەر ڕێژەی پرۆسەکەیە لەپەیوەندی بەکەسەکانەوە و بەهەمانشێوەش بۆ ڕستەی(٣-ج) و خستنەڕووی ڕێژەی(زۆر)ە نەك(کەم یان مامناوەند یان هەندێك..). کەچی لەڕستەی (٣-چ)دا ئاڕاستەی درکپێکردن دەگۆڕێت بەهۆی گۆڕانی شوێنی سینتاکسیی /م/ەوە، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە پەیوەندی (ئەو منالە) و (زۆر) بە (من)ەوە (خۆشویستنە). واتە لێرەدا جەخت لەسەر پرۆسەکەیە زیاتر لە (کێ) و (چەندێك) و پرۆسەکەش (خۆشویستن)ە نەك (ڕق، بینین، هێنان، بردن...هتد). تەواوی درکپێکردنە جیاوازەکانی ئەم ڕستانە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی دیاردەیەکی سینتاکسیبوو لەڕستەکاندا، کە شێلگیرانە پەیوەستبوون بەواتای هەریەك لەڕستەکانەوە و دروستکردنی کاریگەریی واتایی جیاواز. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستی گشتاندن با سەرنج لە نموونەکانی (٤) بدەین:

---

[1]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٨:٧٥).

(٤) ا– **زۆر بەجوانی باسیکرد.** یەکەم بەرهەمهێنانی ئاسایی

**ب– زۆر[یش] بەجوانی باسیکرد.**

**پ– زۆر بەجوانی[یش] باسیکرد.**

**ت– زرۆ بەجوانی باسی[شی]کرد.**

**لەنموونەکانی (٤)دا، شوێنی کەرەستەی (یش) لەڕوانگەی هاتنییەوە جیاوازە، کە بێگومان لە جیاوازیی مەبەستەکانی خودی ڕستەکانەوە هاتووە. بۆنموونە لە (٤–ب)دا زیاتر مەبەست لە (ڕێژە)یە، لەکاتێکدا لە (٤–پ)دا و بەهۆی هاتنی (یش) لەسەر (جوان)، تیشك و سەرنج دەخرێتە سەر (چۆنییەتی باسکردنەکە). بەهەمانشێوە، لە (٤–ت)دا و بەهۆی خستنەسەری (یش) بۆ سەر (کاری ڕستەکە)، زیاتر مەبەست لە (کردە)کەیە، وەك لە (چۆنییەتی) و (ڕێژە) ی چۆنییەتییەکەش.**

**تێروانینی زانستی زمانی درکپێکردن سەبارەت بە ناسەربەخۆیی پێکهاتە زمانییەکان لەتەواوی ئاست و پێکهاتەکانی(فۆنۆلۆژیی، مۆڕفۆلۆژیی، سینتاکس و سیمانتیك)دا دەتوانرێت جەختی لەسەر بکرێتەوە، چونکە بەپێی تیۆری یەکەم، نواندنی کۆزانیاریی زمانی بنەڕەت و بنەمایە بۆ نواندنی هەمان بونیادە چەمکییەکانی تری پێکهاتە زمانییەکان. بەمپێیە نواندنە (فۆنۆلۆژیی و مۆڕفۆلۆژیی و ...هتد)یەکان بەشێوەیەکی بنچینەیی چەمکین[١]. ئەگەر بەنموونە بونیادی کۆزانیاریی زمانیی لەپێکهاتە و ئاستی فۆنۆلۆژیدا ئەزمونبەندبکرێت، "دەنگەکان و توانای دەربڕینیان/بەرهەمهێنانیان دەبێت هەم تێگەیشتنیان هەبێت و هەم بەرهەمیش هێنرابێتن و تێگەیشتن بێننە ئاراوە و درکیان پێبکرێت"[٢]. واتە هەردوو پرۆسە زمانییەکە(بەرهەمهێنان و تێگەیشتن) بەتەواوی دانە و یەکە پێکهێنەرەکان و سروشتی کارکردنیان، درکپێکردنانەیە. هەرئەمەشە پێماندەڵێت(بێگومان بەلەبەرچاوگرتنی تیۆری سێیەمیش، کە بانگەشەی ئەوە دەکات(شارەزایی زمانیی، لەبەکارهێنانی زمانییەوە سەرچاوەدەگرێت))، کە بۆچی قسەکەرێکی کورد ئەستەمە یان زۆر بەکەمی دەتوانێت فۆنیمی/ظ/ وەك قسەکەرێکی عەرەب گۆبکات، چونکە درکپێکردنی دەنگەکان(کە لە فۆنۆلۆژیی درکپێکردندا زانیاریی لەبارەیانەوە دەخرێتەڕوو)، نابێت توانایەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆبێت لەتوانا درکپێکراوەکانی تری مرۆڤ و هەڵگواستنی ئەم توانا درکپێکراوەش لەسەر بنەمای بەکارهێنانی زمانییەوە دەبێت. ئەوەی سەبارەت بەدەنگەکان بخرێتەڕوو ئەوەیە، کە دەنگەکان و توانای دەربڕینیان، تێکردە و دەرکردەی پرۆسەیەکی درکپێکردنن، کە**

---

[١]– سروشت و داڕشتنی ئەو چەمکەی، کە گریمانە و بانگەشەکانی زانستی زمانی درکپێکردن دەیخاتەڕوو، تەواوی چنراوەکانی پاری دووەمی ئەم بەشە پێکدەهێنن، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە(پاری دوومی بەشی یەکەم لا( ٣١– ٦٣)).

[2]– Croft W. and Cruse A.(2004:2).

**دەسەڵاتیان بەسەر قسەکردن و تێگەیشتندا هەیە، ئەمە سەرەڕای بەهەند وەرگرتنی ڕۆڵی (ئاواز و هێز) وەك لایەنی پەیوەندیدار بە فۆنۆلۆژییەوە، لەهەڵهێنجان و گەیاندنی درکپێکردنی جیاواز لەڕستەکاندا و کاریگەرییان لەگۆڕینی واتا وەك لایەنی پەیوەندیدار بە سیمانتیکەوە.**

**نموونەکانی (٣ و ٤) دەتوانرێت دژی بۆچوونە باوەکەی هەریەکە لە (پۆلێنکردن و فرەواتایی) لەزماندا بهێنرێتەوە، لەلایەکەوە دانانی کەرەستەیەك و پۆلێنکردنی لەسنوری پێکهاتەیەکی زمانیدا و بوونی ئەو دانەیە تەنها بەئەندامی ئەو پۆلە ڕاستەڕناچێت. چونکە پۆلێنکردنیان و سنوربەندکردنیان لەچوارچێوەیەکدا و هەڵسوکەوتیان تەنها لەو پۆلەدا وەك لەدابەشبوونەکانی /م/ و (یش)دا سەلمێنرا، پۆلێنکردنێکی هەڵەبوو. لەبەرئەوەی دابەشبوونەکانیان درکپێکردنی واتایی جیاواز دەبەخشن، کە ئەمەش ڕۆڵگێڕانییەتی لەئاستی سیمانتیکدا. هەربەو شێوەیەش سەبارەت بە (فرەواتایی)، هەم لەپەیوەست بەجێناوەکە و کەرەستەکانەوە، هەم لەپەیوەندی بەتەواوی ڕستەکانەوە، کەهەریەکێکیان ئاماژە بەجۆرێکی واتای دیاریکراو دەکەن لەڕووبەری واتای گشتیدا[١].**


**لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە بانگەشەی زانستی زمانی درکپێکردن بۆ زمان، تەنها لەبەشی کۆتایی ئارگومێنتی(زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی سەربەخۆیە) لادەدات و دامەزراوەی زمان بەئارگومێنتی (زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە) لێکدەداتەوە و ڕاڤەدەکات، وەك لەشیکردنەوەکانیشدا خرایەڕوو.**

**ئەوەی سەبارەت بەپەیوەندیی دووەمبێت (پەیوەندی درکپێکردن**"Cognitive Commitment"**)، بەشێوەیەکی هەمەکی ئامادەیی هەیە لەسەرجەم لێکدانەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن بۆ زمان و سروشتی کارکردن و ڕێکخراوەیی پێکهاتەی زمان لەمڕوانگەیەوە سەرنجی لێدەدرێت، کە زیاتر "پێناسەی پێکهێنانێکی گشتی بۆ زمان دەکات، لەپەیوەندی بەبیر و مێشك و هەموو توانا درکپێکراوەکانی تر. شێلگیرانە ئەزمون و تاقیکردنەوە گشتییەکانی مرۆڤ لە داڕشتن و ڕێکخراوەیی و پێکهاتەی زماندا بەهەند وەردەگرێت"[٢]، لەشیکردنەوەکانی دواتردا و پەیکاڵ بەخستنەڕووی سروشتی تیۆری دووەمی زانستی زمانی درکپێکردن(ڕێزمان سیستەمی بەچەمککردنە)زیاتر دەخرێتەڕوو.**

---

[١]- بۆ زانیاریی و وردەکاریی زیاتر سەبارەت بەچۆنێتی لێکدانەوەی پەیوەندییەکە لەو سێ ڕوانگەیەوە بڕوانە: - کاروان عومەر قادر (٢٠١٢: ٨٧-٩٤).

[2]– Evans V. and Green M. (2006:27-28).




**هێڵکاریی (٣)**

**لێکۆڵینەوەی واتا و ڕێزمان لە زانستی زمانی درکپێکردندا**[١]

**بەوپێیەی یەکێك لەلقەکانی زانستی زمانی درکپێکردن تایبەتە بەلێکدانەوەی لایەنی ڕێزمانی زمان، هەر لەسەرەتاوە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە (ڕێزمانی زمان سیستەمی بەچەمککردنە)، لێرەدا ئەو مۆدێلە لەڕێزمان پێشکەشدەکرێت، کە لەلایەن( Ronald W. Langacker)ەوە خراوەتەڕوو و گەشەپێدراوە[٢].**

**(لانگەکەر) ئەو مۆدێلە لەڕێزمان پێشکەشدەکات، کەتەنیا دەرئەنجامی تایبەتێتییەکانی زمان و خودی زمان نییە، بەڵکو ڕوانینە لەڕێزمان وەك میکانیزمێکی زانینە گشتییەکەی مرۆڤ، میکانیزمی کارەکییانەی ژیانی مرۆڤ. لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایە، کە زمان و ڕێزمانەکەی شوێنکەوتەی هەمان بنەما گشتییەکانی سیستمی درکپێکردنی مرۆڤن.**

---

[١]– سەرچاوەی پێشوو(٥٠).

[٢]– "Ronald W. Langacker" بەیەکێك لەڕابەرانی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن دەناسرێت، بەتایبەتی لە(ڕێزمانی درکپێکردن "Cognitive Grammar")دا، دامەزرێنەر و گەشەپێدەری ئەم لقەی قوتابخانەکەیە، بەبەرهەمەکانی:

– سەرچاوەکانی ڕێزمانی درکپێکردن"Foundations of Cognitive Grammar"(١٩٨٧) و (١٩٩١)،

– ڕێزمانی درکپێکردن، ناساندنێکی بنەڕەتییانە"Cognitive Grammar, A basic Introduction" (٢٠٠٨)،

– لێکۆڵینەوەکان لەڕێزمانی درکپێکردن"Investigation in Cognitive Grammar" (٢٠٠٩)،

– پێویستییەکانی ڕێزمانی درکپێکردن"Essentials of Cognitive Grammar" (٢٠١٣). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

– Langacker R. (2013).

ئەگەر لە(ڕێزمانی بەرهەمهێناندا"Generative Grammar") پێشنیازی مۆدێلێکی ڕێزمانی و ڕێزمانێکی جیهانی بکرێت، ئەوا لەڕێزمانی درکپێکردندا هەنگاوەکانی/قۆناغەکانی پێشتری ئەم مۆدێلانە دەخرێنەڕوو. ڕێزمانی بەرهەمهێنان چەند تیۆرییەك دەخاتەڕوو، (بۆنموونە تیۆری دەسەلات و بەستنەوە بەهەموو وەچە تیۆرییەکانییەوە) بۆجێبەجێکردنی بەسەر ڕێزمانی زمانەکاندا و بەهۆشیانەوە تایبەتێتییەکانی ڕێزمانی زمانەکان دەخرێتەڕوو(بۆنموونە ڕێسای سەرە). بەڵام لە ڕێزمانی درکپێکردندا، پێشنیازی مۆدێلی (بەچەمککردن) بۆ ڕێزمان دەکرێت و بەسەر تەواوی بوونیادە ڕێزمانییەکاندا جێبەجێدەکرێت، نەك شێوازێکی دیاریکراوی جێبەجێکردنی هەبێت بەسەر زمانێکدا و شێوازێکی تایبەتی جێبەجێکراوی تری هەبێت لە زمانێکی تردا. لەکۆی گشتیدا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە قسەکەر سیستەمی ڕێزمانیی خۆی لەڕوانگەی بەچەمککردنەوە بەرهەمدەهێنێت. پرۆسەی بەچەمککردنیش وەستاوەتە سەر لایەنی باری سەرنج و پەیپێبردنی قسەکەر بۆ بارودۆخەکان، تەواوی پرۆسە سینتاکسییەکان پرۆسەی تەکنیکین، نموونەکانی گۆڕانکاری جێکەوتەی جێناوەکان و مۆرفۆسینتاکس و دۆخی ڕێزمانی و بەستنەوە و ....هتد، هەموویان پرۆسەی تەکنیکین. داڕشتن و فۆڕم_جیاوازی ئەمانە بەهۆ و لەڕوانگەی سروشتی پرۆسەی بەچەمککردنەوەیە لەلای قسەکەر.

بناغەی گشتی لەڕێزمانی درکپێکردندا، گوزارشتکردنە لەیەکە بنەمایی و بنەڕەتییەکانی زمان، کە وەك هێما"Symbol" لێیاندەڕوانرێت، لەسەر ئەم بنەمایە، ڕێزمانی درکپێکردن، ڕێزمان وەك نێوەندێك لەنێوان هەریەکە لە داڕشتەی واتای و داڕشتەی دەنگی(" Semantic structure and Phonological Structure")ی زمان دادەنێت.

لەڕێگاکانی درکپێکردنی ڕێزماندا ئاماژە بەدوو گریمانەی ڕێبەرایەتی دەکرێت:

١– گریمانەی هێمایی"Symbolic Thesis"،

٢– گریمانەی بنەمای بەکارهێنان"Usage_Based Thesis".

مەبەست لەگریمانەی هێمایی، گوزارشتکردنە لەیەکە بنەماییەکانی ڕێزمان، کە یەکەکانی جووتەی فۆڕم_واتایە ڕەگەکەی درێژدەبێتەوە بۆ سەرنجەکانی (دیساسۆر) لەسەر هێماکان[1]. لەسەرەتای ناساندنی

---

[1]– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەهێماکان و پێڕەوەکانیان، بڕوانە(محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩)). لەهەمانکاتدا جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان مۆدێلی دیساسۆری و مۆدێلی درکپێکردندا. لەمۆدێلی دیساسۆریدا، زمان دامەزراوەیەکی هێماییە، کە بەنیشانە ئاماژەیان پێدەکرێت، بەمەبەستی نەخشەکێشان و پەیکاڵبوونی لەنێوان چەمکەکە و نیشانەیەکی دەنگیی، هەروەها ئەو شوێنەی ئەم دووانەی تێدا ئاوێتە دەبن (بیر)ە. لەکاتێکدا لەمۆدێلی درکپێکردندا، هەردوو جەمسەری(سیمانتیکی و فۆنۆلۆژیی) بوونێکی سایکۆلۆژییانەیان هەیە لەهەستەکاندا، کەدەگەڕێتەوە بۆ ڕێزمانی ئاوەزیی لەمێشکی قسەکەردا. بۆنموونە وشەی (سەگ) نوێنەرایەتی نواندنی چەمکی (سەگ) دەکات، کە ئەمە

ئەو لقەی زانستی زمانی درکپێکردندا پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، کەڕاستەوخۆ بانگەشە و گریمانەکانی تیۆری دووەم و لەناویشیدا تەواوی ڕێزمانی درکپێکردن دژی گریمانەکانی(مەرجی ڕاستیی سیمانتیکی) دەوەستنەوە. چونکە مەرجی ڕاستیی سیمانتیکی کارکردنەکانی لەسەر بنەمای ڕاستی و هەڵەیی دەربڕاوەکانە لەگەڵ جیهانی ڕاستیدا/نموونەیەك لەجیهانی ڕاستی دەخاتەڕوو. بەڵام ڕستەکان، کە بونیادێکی ڕێزمانییان هەیە و خودی ڕێزمانیش بەپێی زانستی زمانی درکپێکردن(سیستەمی بەچەمککردنە)، ئەم پرۆسەی بەچەمککردنە نێواندژی تێدەکەوێت لەڕوانگەی هەریەکە لەمەرجی ڕاستیی سیمانتیکی و ڕێزمانی درکپێکردن. چونکە مەرجی ڕاستی پێیوایە "سیمانتیك تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوە لەپەیوەندی نێوان وشە(وەك هێماکەر) و هێمابۆکراو (وەك ئەو شتەی لەواقیعدا باسیلێوە دەکرێت)"[1]. بەڵام لە زانستی زمانی درکپێکردندا ڕێزمان وەك بونیادی ڕستەکان و هەڵگری واتاکان ڕەنگدەرەوەی سیستەمی بەچەمککراوی قسەکەرە، چونکە هەر لەبنەڕەتەوە خودی زمان بە توانایەکی درکپێکراوی مرۆڤ دادەنێت. کەواتە پێکهاتە پێکهێنەرەکانی زمانیش هەمان ڕاستیی دەیانگرێتەوە، بەڵام نەك هەمان ئەو ڕاستییەی، کە مەرجی ڕاستیی سیمانتیکی بانگەشەی بۆ دەکات و لەفۆڕمە ژێربێژییەکەی زمانیشدا دووبارە دەبێتەوە. بۆنموونە، کەدەگوترێت "زمان کاتێك دروستەکەی تەواو و ڕۆشن دەبێت، کە فۆڕمی لۆژیکییەکەی لەبەرچاو بگیرێت لەگەڵ پەیوەندی لەگەڵ جیهانی فیزیکیدا"[2]. لەکاتیکدا لەزانستی زمانی درکپێکردندا جەخت لەهەمان پەیوەندی دەکاتەوە، بەڵام نەك لەگەڵ جیهانی فیزیکی و گشتیدا و لەڕوانگەی(تەنیا کاتێك ڕاستە، کە لە فیزیکدا ڕاستبێت). بەڵکو ڕاستیی دەرکردەکان بەبەراورد بەو جیهانەی، کە قسەکەران لێوەی گوزارشتدەکەن ڕاستدەردەچێت. جیهانی ڕوانگەی قسەکەران بارگاوییە بەکۆمەڵێکی زۆر خاسیەت و تایبەتێتی جیاواز و دەربڕینەکانیانی لێوە بەرهەمدەهێنن.

---

جەمسەری سیمانتیکی یەکە هێماییەکەیە، لەکاتێکدا، کە جەمسەری فۆنۆلۆژییەکەی، بریتییە لەکۆزانیاریی زنجیرەیی قسەکەر لەدەنگەکانی زمان و پەیکاڵە بەچەمکی (سەگ)، هەروەها ئەم یەکە هێماییانە "بونیادی بڵاوکردنەوەکانن، بنچینەی بنەڕەتین لەڕێزمانی درکپێکردندا بۆ نواندنی هەریەکە لەداڕشتەی فەرهەنگی و ڕێزمانی" Langacker R.(1987:58) -. مەبەستیش لە گریمانەی بنەمای بەکارهێنان ئەوەیە، کە ڕێزمانی ئاوەزیی قسەکەر لەلایەن یەکە هێماییە ئەبستراکتەکانەوە پێکهێنراوە، لەنموونەی حاڵەکاتی بەکارهێنانی زمان. یەکێك لەو ئەنجامە گرنگانەی، کە گریمانەی بنەمای بەکارهێنان دەیگرێتە خۆی ئەوەیە کە"هیچ جیاوازییەکی بنەمایی نییە لەنێوان کۆزانیاریی زمانی و بەکارهێنانی زمان(توانست و توانا)، لەبەرئەوەی کۆزانیاریی لەبەکارهێنانەوە سەرچاوەدەگرێت" Evans V. and Green M. - (2006:478).

[1]– بەکر عومەر عەلی و ئاڤێستا کەمال مەحمود (۲۰۰۹: ۳۲).

[2]– کاروان عومەر قادر(٤٤:۲۰۱۲).

"یەکێك لەسەرەکیترین لایەنەکانی توانای درکپێکردنی مرۆڤ، پرۆسەی (بەچەمككردن "Conceptualization")ی ئەزمونە لەپێناو پەیوەندیکردندا"[١]. کۆکردنەوەی ئەزمون و سەرنج و تێڕامان و بەرکەوتنەکانی لەپرۆسەی بەچەمككردندا و داڕشتنەوەی لەپرۆسەی پەیوەندیکردندا، کە لێرەدا زیاتر مەبەست لەبونیادنانی پرۆسە ڕێزمانییەکانە لە پەیوەندیکردندا. کەواتە لێکۆڵینەوە لەبەش و پار و کردە ڕێزمانییەکان، ڕاستەوخۆ لێکدانەوەی ئەزمونی داڕشتە ڕێزمانییەکانیشە. واتە چۆنێتی ڕێکخستن و شێواز و ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکان لەسەر بنەمای ئەزمون و بەرکەوتنە دەرەکییەکانە. هەربۆیە لێکۆڵینەوە لێیان واتە لێکۆڵینەوە لەئەزمون و بەرکەوتنە دەرەکییەکان و مەودا و ئاستی سەرنج و درکپێکردنی ڕووداوەکان.

خاڵێکی گرنگ، کە پێویستە سەرنجی لێبدرێت ئامادەیی بەرچاوی سروشتی ئەو واتا تایبەتییەیە، کە زانستی زمانی درکپێکردن لەتەواوی لێکدانەوەکانیدا بانگەشەی بۆ دەکات بە ڕێزمانی درکپێکردنیشەوە. هەربۆیە بەپێچەوانەی تەواوی لێکدانەوەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، کە شێلگیرانە پەیوەستی ڕێزمان و لێکدانەوە تەکنیکییەکانی پرۆسە ڕێزمانییەکانبوو، زانستی زمانی درکپێکردن جەختی لەسەر ڕۆڵ و ئەرك و سروشتی واتایە لەلێکدانەوەکانی بۆ هەموو پرۆسە درکپێکردنە زمانییەکان تا ئەو ڕادەیەی "بەپێی دابەشکاری و ڕوانینی درکپێکردن، دەبێت مۆدێلێکی واتایی(سیمانتیکی درکپێکردن) بکێشرێت و بنوێنرێت، پێش نواندنێکی درکپێکردنانەی ڕێزمان"[٢]. بەمشێوەیە ، کە دەگوترێت ڕێزمان سیستەمی بەچەمككردنە، ئەو پرۆسە سیستەماتیکییەی بەچەمككردن هەر لەسەر بنەمای مۆدێلە واتاییەکەی سیمانتیکی درکپێکردن لەناو زانستی زمانی درکپێکردندا دەکێشرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی خودی ڕێزمان وەك بابەتێکی نوێنراو لەسنور و چوارچێوەی درکپێکردندا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت(ئەنجامی نواندنێکی درکپێکردنانەیە). کەواتە دەبێت زمانەوانانی ڕێزمانی درکپێکردن، بەردەوام ئاگاداری دوو چەقبن:

- سیمانتیکی درکپێکردن،
- ڕێزمانی درکپێکردن.

لەمڕوانگەیەوەیە، کە دەگوترێت: "لێکۆڵینەوەی ڕێساکانی درکپێکردن، دەبێت لەبونیادێکی ڕێکخراوەیی زمانییەوەبێت"[٣]. واتە بونیادی زمان ڕێکخراوبێت، تابتوانرێت لێکۆڵینەوە لەڕێساکانی درکپێکردن

---

[1]– Croft W. and Cruse A.(2004:3).

[2]– Evans V. and Green M. (2006:48).

[٣]– سەرچاوەی پێشوو، لا(٤٩).

بکرێت. کەواتە لێکۆڵینەوەکانی ڕێزمانی درکپێکردن سیستەمە ڕێزمانییە درکپێکراوەکەی زمان دەخاتەڕوو. لەمڕوانگەیەوە ڕاستییەکی تریش باسدەکرێت، کە دژی بۆچوونەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان دەوەستێتەوە، چونکە لەقوتابخانەکەدا خاڵی ناوەندی ڕێزمان و لەناویشیدا سینتاکسبوو، تەواوی شیکردنەوەکان لێرەوە دەستیانپێدەکرد بۆ گەیشتن بەڕاستییە زمانییەکان، تا ئەوڕادەیەی، کە بانگەشەی (لەڕاستیدا سینتاکس وەکو قاڵب و دەفری واتا وایە)، وەك ڕاستی و ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و بۆ لێکدانەوەی سروشتی واتای زمانیش هەر سینتاکس دەروازەبوو. لەکاتێکدا لەچوارچێوە زانستییەکەی زانستی زمانی درکپێکردندا و بەپێی سروشتی تیۆری دووەمی ئەم زانستە، دەستگەیشتن بەڕاستییە زانستییە سەرەتاییەکانی واتا، تەواو پێچەوانەیە. بۆیە لێکدانەوەکانی ڕێزمانی درکپێکردن بۆچوونێکی باو سەبارەت بە واتای زمانی و داڕشتەی ڕێزمانی پێشکەشناکات. سیمانتیك لەڕێزمانی درکپێکردندا یەکسانە بەپرۆسەی بەچەمککردن، کە خودی ڕێزمانیش سیستمی بەچەمککردنە. بەمشێوەیە پێکهاتەیەکی تەواو پەیوەندیدار دەخرێتەڕوو، کە ڕێزمان نابێت بەئاستێکی جیاواز و تەنها و پچڕاو لەپێکهاتەکانی تری نواندنی زمانی. فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس بونیادێکی زنجیرەیی پەیوەندیدار لەیەکە هێماییەکان پێکدەهێنن، دابەشکردنیشیان بۆ پێکهاتەکان هەربۆئەوەیە، کە لەکۆتایدا هەریەکێکیان شیبکرێتەوە لەڕوانگەی پەیوەندیدارییان بەنرخ و بەها سیمانتیکییەکەیانەوە.

ئەو گریمانەیەی، کە (لانگەکەر)دەیخاتەڕوو هەروەها ڕێزمانی درکپێکردنی لەسەر بونیادنراوە، ئەمەیە: توانا ئاوەزییەکان تەنها تایبەت نین بە زمان، ئێمە توانای:

– تیشکخستنەسەر و گۆڕینی سەرنج، شوێنکەوتنی گۆڕانکارییەکانی بابەتێك، بونیادنان و دروستکردنی وێنەیەك، بەراوردکردنی ئەزمونەکان، کۆکردنەوەی یەکە سادەکان لەداڕشتە ئاڵۆزەکاندا، بینینی دیمەنەکان لەگۆشەنیگای جیاوازەوە، بەچەمککردنی بارودۆخە جیاوازەکان لەپلە ئەبستراکتە جیاوازەکانیاندا ....هتدمان هەیە. "ئایا دەتوانین تەواوی ئەو توانایانەی سەرەوەمان بەتەواوی وردەکاری و لایەنەکانیانەوە لەزماندا دەستبکەوێت؟ یان ئایا نەخشەیەکی پێشتر پێدراوی دیاریکراو و کێشراو و بایۆلۆژی بۆ هەموو ئەمانە لەزماندا هەیە؟"[1]. لەمڕوانگانەوە تەواوی گریمانەکانی ڕێزمانی درکپێکردن داڕێژراوە و بەهۆشیانەوە ڕێزمانی درکپێکردن بڕیاری پێشوەختە لەسەریان نادات. لەکاتێکدا خودی چۆمسکی بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە "منداڵ کاتێك دێتە ژیانەوە، هەر لەسەرەتاوە گەنجینەیەك

---

[1]– Langacker R.(2013:8).

لەبیرۆکەی ناوەکی دەربارەی سروشتی سینتاکس هەیە"[١]. گریمانەکە لەمڕوانگەیەوە، نوێنەرایەتی ئەو بۆچوونە دەکات، کە بونیادی ڕێزمانی دەربڕاوەکانی قسەکەر لەسەر بنەمای ئەو توانایانەی، کە قسەکەر خاوەنداریێتی دەکات و وەك گریمانەکانی ڕێزمانی درکپێکردن خرانەڕوو، داڕێژراوە. هەربۆیە دەربڕاوەکانیشی لەمڕوانگانەوە دەبێت و دووەم جۆری پەیوەندی (پەیوەندی درکپێکردن) لەزانستەکەدا دەرخەری ئەم ڕاستییەیە، چونکە پەیوەندییەکەش ئەوە دەنوێنێت، کە بنەماکانی داڕشتەی زمانی دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەوەبێت، کەچی دەزانرێت دەربارەی زانینەکانی مرۆڤ لەڕێکارییەکانی دیکەوە. بەتایبەتی زانستی زانین، هەروەها(فەلسەفە، سایکۆلۆژیی، زیرەکیی دەستکرد، زانستی دەمار)، بەمجۆرە پەیوەندییەکە ئەوەدەخاتەڕوو "کە دەبێت، زمان و ڕێکخراوەیی زمان ڕەنگدەرەوەی بنەما درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤبێت، نەك تەنیا ڕەنگدەرەوەی ئەو بنەما درکپێکردنانەبێت، کەتایبەتن بە زمان"[٢]. زانستی زمانی درکپێکردن بەرپەرچی ئەو بانگەشەیە دەداتەوە، کە ڕێکخراوەیی زمان و داڕشتەی زمان جیاوازبێت لەلایەنەکانی دیکەی کۆزانین. بۆ ئەزمونبەندکردنی ئەم گریمانەیە، هەردوو چەمکی"بنەما Base" و "پوختە Profile"ی زانا (لانگەکەر) بەنموونە دەهێنرێتەوە.[*]

یەکێك لەتوانا درکپێکراوە گشتییەکانی، کە مرۆڤ خاوەنداریێتی دەکات، توانای (سەرنجدان"Attention")ە پەیکاڵ بەتوانای گۆڕینی سەرنج لەسەر بنەمای گرنگیپێدانی لایەنێك لەلایەنەکانی دیمەنێك(گۆڕینی گۆشەنیگای ڕوانین لەگۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی تری ڕوانین لەدیاردەکان). "ئەمە بەتوانای گشتی ناودەبرێت، زمانیش ئەوە بۆ قسەکەرانی دەستەبەردەکات لەقسەکردن سەبارەت بەدیمەنەکان. یەکێك لەڕێگاکانی پەیبردنی(پوختە"Profile") لەزماندا، هەبوونی مەودای ڕێزمانی جیاوازە بۆ گوزارشتکردن، هەریەك لەگوزارشتە جیاوازەکان خزمەتی لایەنێکی جیاواز لەدیمەنەکە/دیاردەکە دەکەن"[٣]، کە ئەمانە (لانگەکەر) لەژێر ناوی (ڕەهەندەکانی وێناکردن)دا کۆیاندەکاتەوە[٤]. لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە، هەردوو چەمکی (بنەما و پوختە) دەستنیشانکراوە، کە

---

[١]– کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨:١٣).

[2]– Evans V.(2007:19).

[*] هەرکام لە زاراوەکانی "پوختە" و "بنەما" لەلایەن (د.کاروان عومەر قادر)ەوە پێشنیازکراوە لەبەرانبەر بە زاراوەکانی "Profile" و "Base"ی ئینگلیزیدا.

[3]– Evans V. and Green M. (2006:41).

[٤]– زانیاریی زیاتر سەبارەت بە هەرکام لە (گۆشەنیگای ڕوانین) و (ڕەهەندەکانی وێناکردن) لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا و بەتایبەتی لەڕوانگەی (هەڵهێنجان"Construal")ی زانا (لانگەکەر)ەوە دەخرێتەڕوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پاری دووەمی ئەم بەشە و بەتایبەتی لا (٥٥–٦٣).

(بنەما) هەموو پانتاییەکانی دەربڕین لەدیاردەیەك/دیمەنێك دەگرێتەوە(هەموو تواناکانی گوزارشت). لەکاتێکدا (پوختە) یەك بەیەکی گوزارشتەکانە. بەواتایەکی تر بنەما، مەودای گوزارشتەکانە، بەڵام پوختە خودی گوزارشتەکانە. "هەر دەربڕینێك (سادە یان ئاڵۆز) دەرخەری هەر پەیبردنێکە وەك بناغەیەك بۆ واتاکەی. لەناو بنەما چەمکییانەکەی هەر گوزارشتێکدا، ئاماژە بەجۆرێکی سەرنجدان دەکرێت، جۆرە جیاوازەکان پوختەن، کە بریتین لەو واتا دیاریکراوەی، کە دەربڕاوێك دەریدەبڕێت"[1]. نموونەی (٥)، بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازە بەچەمککراوەکەی ڕێزمان و هەروەها پەیوەندیی درکپێکردن و هەردوو چەمکی (پوختە و بنەما) هێنراوەتەوە، لەلایەکەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە داڕشتە ڕێزمانییەکان لەسەر بنەمای جۆرە جیاوازەکانی پەیپێبردن بونیاد دەنرێن، کە بونیادنانیشیان لەسەر بنەمای زانینەکانی تری مرۆڤە لەدەرەوەی زانینە زمانییەکە، کە ئەمەیان پەیوەندی درکپێکردن جەختی لەسەر دەکاتەوە. هەروەها لەڕوویەکی دیکەشەوە، ڕەخساندنی مەودای گوزارشتەکان ئاماژە بە بنەما دەدات و گوزارشتە جیاوازەکانیش پوختەکانی بنەماکەن. بۆنموونە، ئەگەر سێ کەس گوزارشت لەبینینی کەسێك بکەن، ئەوا بەشێوەی نموونەکانی (٥) دەربڕینیان دەبێت:

(٥) ا- سوارەی دراوسێمانم بینی.

ب-[سوارەی] مێردی نەسرین چای ئەخواردەوە.

پ- باوکی حەمە لەبازاڕبوو.

چەندان سەرنجی تر و گۆشەنیگای ڕوانین، کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی ڕستەی بونیاد_ڕێزمانی جیاواز، تەنیا لەسەر بنەمای سەرنجدان و پەیپێبردن. تەواوی ئەم دەربڕینانە بێگومان خاوەنی بونیادی ڕێزمانی و یەکەی زمانی و دەربڕینی جیاوازن بۆ گوزارشتکردن لەدیمەنێك. هەرکام لەڕستەکان لەسەر بنەمای درکپێکردنێکی جیاواز و پەیوەندیدار بە(سوارە) و (کەسەکان)ەوە بەرهەمهێنراوە و سەرنجدانەکانیش لەڕووانگەیەکی دیاریکراوەوەبووە، کە ئەم پرۆسەی دیاریکراوییە پێیدەگوترێت (پوختە"Profile"). واتە دیاریکردنی گۆشەنیگای ڕوانین و سەرنجدان لەناو هەموو گۆشەنیگاکانی تری ڕوانین و سەرنجدان (بنەما"Base"). ئەمەش بەهۆی ڕێگەپێدان لەسەر بنەمای مەودا ڕێزمانییەکان، هەر لەمڕوانگەیەوەیە دەگوترێت (ڕێزمان سیستمی بەچەمککردنە). "کاتێك ئێمە بونیادێکی دیاریکراو یان مۆرفێمێکی ڕێزمانی دیاریکراو بەکاردەهێنین، ئەوا دەمانەوێت وێنەیەکی دیاریکراو بگەیەنین/بخەینەڕوو بۆ

---

[1]– Langacker R.(2009:7).

ڕێکخستنی بارودۆخی وێناکردن لەپێناو پەیوەندیکردندا"[١]. ڕستە جیاوازەکان، کە بێگومان بونیادی ڕێزمانیی جیاواز و تایبەتیان هەیە، نوێنەرایەتی گۆشەنیگای ڕوانین و درکپێکردنی تایبەت و جیاوازی دیمەنەکان دەکەن، ڕستەکان بەشێوەیەکی چالاکانە لەنێوان دوولایەنی هاوپەیوەندیدار کاردەکەن:

- سەرنجلێدراو، بابەتی قسەلێکراو،
- سەرنجلێدەر، کەسەکان، کە خاوەنی گوزارشتە جیاوازەکانن سەبارەت بە(سوارە).

بەمشێوەیە مەوداکانی گوزارشتکردن(بنەما) پێکدەهێنن. هەریەك لە گوزارشتە جیاوازەکانیش لەبنەما (پوختە) پێکدەهێنن. ڕستەکان، کەخاوەنی بونیادی ڕێزمانی جیاوازن، لەسەر بنەمای سەرنجدان و درکپێکردنە جیاوازەکان بەلایەن و گۆشەنیگا جیاوازەکانی ڕوانین لەیەك بارودۆخ دێنە ئاراوە. لێرەدا سیستەمە ئەبستراکتە ڕێزمانییەکە لەسەر بنەمایەکی درکپێکراوی بەچەمککراو کۆنکرێت دەکرێت. بەواتایەکی تر" بەچەمککردنی ڕێزمان، زیاتر بەچەمککردنی ڕێسا درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤە"[٢]. لەپەیوەست بەحاڵەتە ڕێزمانییەکانی ڕستەکانیشەوە، پێکهاتە ڕێزمانییەکانی نموونەکانی (٥) دەخرێنەڕوو:

(٥-ا)_ [(Pro) ف.ن] [سوارەی دراوسێمان ف.ن بەرکار] [م ج.لکاوی بکەریی] [بینی کردار]
ف ک

(٥-ب)_ [مێردی نەسرین ف.ن] [چا ف.ن بەرکار] [ی ج.لکاوی بکەریی] [ئەخوارد کردار]
ف ک

(٥-پ)_ [باوکی حەمە ف ن] [لەبازاڕ ف پ ن] [بوو کردار]
ف ک

جیاوازیی داڕشتنی ئەم قاڵبە ڕێزمانییانە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی پرۆسەی بەچەمککردن لەلای قسەکەران بەهۆی بەرکەوتنیان بەلایەنەجیاوازەکان و هاتنەئارای پرۆسەی بەچەمککردنی جیاواز و

[1]– Langacker R.(1991:12).

[٢]– کاروان عومەر قادر(٢٠١٢: ٩٥).

داڕشتنیان لەڕستەکاندا. بۆنموونە لەهەڵبژاردنی چۆنییەتی پەسنکردنی (سوارە)، جارێك (دراوسێ)یە، چونکە (سوارە) دراوسێی قسەکەرە و ئەم گۆشەی ڕوانین دەبێت بەپوختەی تەواوی ئەو بنەمایەی، کە پەیوەستە بە سوارەوە. جارێك (مێردی نەسرین)ە، چونکە قسەکەر پوختەی دەربڕینەکەی لەڕێگەی هاوژینەکەی (سوارە)وەیە. لەکاتێکیشدا دەبێت بە(باوکی حەمە)، چونکە هاوڕێکەی (حەمە) ئەو ڕوانگەیە دیاریدەکات، کە دەیگەیەنێت بە(سوارە). بەمشێوەیە هەریەکێك لەقسەکەران ئەو "پوختەProfile"ەی "بنەماBase" هەڵدەبژێرن، کە دیارتر و ئاشکراترە بۆیان و شارەزان تێیدا و ئەزمونیان هەیە دەربارەی و خودی کۆزانیاریی ئەمی قسەکەریان بۆ ئەو ڕووداوەی، کە قسەی دەربارە دەکات پێکهێناوە. بۆیە زمانەوانانی زانستی زمانی درکپێکردن دەڵێن: "هەروەکچۆن دەنگ و واتا هاوشێوەیەکی جووتبووی لێکجیانەبووەوەن، بەوشێوەش قاڵبی ڕێزمانی و چوارچێوەی واتایی هاوشێوەیەکی لێکجیانەبووەوەن، بەهەمانشێوەی ئەو جووتبوونەی، کە وشەی (سەگ)(وەك نوێنەرایەتی دەنگیی) جووتدەبوو لەگەڵ ناواخنەکەی/واتاکەی"[١].

ئەم ڕاستییانە ئەوە دەخەنەڕوو، کە فۆڕمە ڕێزمانییەکان لە چەمکەکانەوە دروستبوون و هۆکاریشن بۆ نواندنی ئەو پڕۆسەی بەچەمککردنە و ڕوونکردنەوەی سروشتی پڕۆسەی بەچەمککردنیش. کەواتە داڕشتنە ڕێزمانییەکان، ڕەنگدانەوەی توانای مرۆڤە لەبینینی لایەنە جیاوازەکانی دیمەنێك. "ئامانجی کۆتایی تیۆری ڕێزمانی درکپێکردن، بەمۆدێلکردنی کۆزانیاریی قسەکەرە لەزماندا، لەبەرئەوە مۆدێلی درکپێکردنی ڕێزمان هەوڵدەدات نموونەییانە کۆزانیاریی قسەکەر بگونجێنێت لەگەڵ هەردوو پەیوەندی (گشتاندن و درکپێکردن)، لەمڕوانگەیەوە زمان لەهەریەك لەپڕۆسە و میکانیزمە درکپێکردنە گشتییەکانەوە گەشەدەکات"[٢]، کەبەبەردەوامی زانستەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە و لەپێناویدا دامەزراوە. بۆ زیاتر ئەزمونبەندکردنی هەردوو چەمکی(پوختە و بنەما) با لە وشەی (مام) بڕوانین:

بنەما = مەوداکانی گوزارشت

(مام) مەودایە

بەڵام تاکەکەسە گوزارشتکەرە پەیوەندیدارەکان پێوەی، بەهەر یەکێکیان دەگوترێت(پوختە). پانتایی چەمکی (مام)، (بنەما) پێکدەهێنێت، بەواتای ئەوەی مەودایەکە بۆ گوزارشتکردن، کە لەڕێگە یان لەلایەن پوختەکانەوە لێیدەکرێت. بنەما بەشێوەیەکی بنچینەییانە و بەئاشکرایی گرنگە بۆ نرخی سیمانتیکی

---

1– Evans V. and Green M. (2006:478).

٢– سەرچاوەی پێشوو(٥٠٠–٥٠١).

هەموو پوختەکان(پوختەکان نرخی سیمانتیکیی خۆیان لەبنەماکانەوە وەردەگرن)، هەمان ئەو پوختانەش درێژدەبنەوە بۆ پێکهاتەی ڕستەکان و ڕستەکانیان لێپێکهاتووە. بەمشێوەیە دەتوانرێت بگوترێت ڕستەکان جگە لە تێکردە ڕێزمانییەکانی خودی زمان، سەرچاوەی دیکەی تێکردەشیان هەیە، کە کاریگەری لەسەر بونیادەکانیان دادەنێن. بۆیە پەیوەندی درکپێکردن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمان نابێت تەنیا ڕەنگدەرەوەی ڕێسا زمانی و ڕێزمانییەکانی خودی زمانبێت، بەڵکو ڕەنگدەرەوەی تەواوی سیستەمە درکپێکراوەکانی مرۆڤە. ئەم ڕاستییە زمانییانە ڕێگەخۆشکەربوون بۆ هێنانەئارای چەمکێکی درکپێکراوی دیکە لە زانستی زمانی درکپێکردندا، کە پێیدەگوترێت (هەڵهێنجان"Construal")[١]، کەبەهەمانشێوە (لانگەکەر) زیاتر جەختی لەسەر دەکاتەوە و بەشێکە لە مۆدێلی ڕێزمانی درکپێکردن.

ئەو ڕێبازەی، کە زانستی زمانی درکپێکردن پەیڕەویدەکات بۆ شیکردنەوەی زمان، خستنەڕووی پێکهاتنێکی گشتییە بۆ زمانی مرۆڤ، بەجۆرێك تەواوی تواناکانی لەپێکهاتەیەکدا بەناوی (زمان) کۆدەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە زمان ئەو پانتاییەیە، کە ئەم کۆزانیارییانەی تێدا ڕەنگدەداتەوە. ئەو گریمانە گشتییەی، کە زانستی زمانی درکپێکردن بۆ زمان پێشکەشیدەکات، پەیوەستە بەگریمانەکانی بەدەستهێنانی زمان(زمانی یەکەم) و قۆناغەکانی بەدەستهێنانی و گەشەکردنی. پێشتر ئاماژەدرا بەوەی، کە زانستی زمانی درکپێکردن وەك قوتابخانەیەکی ناوەندی لەزمانەوانیدا دەردەکەوێت. بەهۆی ئەم تایبەتێتییەی قوتابخانەکە و سروشتی تیۆری سێیەمەوە، زانستی زمانی درکپێکردن بۆچوونی قوتابخانەکانی (دروستەکاری و بەرهەمهێنان) بەهەند وەردەگرێت و بەهۆشیانەوە تەواوکاری بۆ پرۆسەکانی زمان و بونیادنانی ئەم توانایەی مرۆڤ دەکات، چونکە لەسەر ئەو بنەمایەی، کە کۆزانیاریی مرۆڤ لێکپچڕاونییە و پەیوەندیدارن و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، لەهەمانکاتیشدا تەواوی کۆزانیارییەکان بایۆلۆژی و بەخشراونین لەسەرەتاکانی تەمەنی مرۆڤەوە. لەمڕوانگەیەوە زانستی زمانی درکپێکردن بانگەشەی (کۆزانیاریی زمانیی/شارەزایی زمانیی لەبەرکارهێنانی زمانییەوە سەرچاوە دەگرێت) بەهەند وەردەگرێت و دوای بەڵگەهێنانەوە دەبێت بەیەکێك لەتیۆرییە بنەماییەکانی زانستەکە.

ئەم تیۆرییەی زانستی زمانی درکپێکردن بەسەر تەواوی پنت و بەشەکانی زمانەوانیدا کشاوە و تەواوی قوتابخانە زمانییەکان بەپێی سروشتی قوتابخانەکە گریمانەکانیان لەپرۆسەی زمانپژاندندا دەخەنەڕوو،

---

[١]– چنراوی سەرەکی پاری دووەمی ئەم بەشە، سەبارەت بە (هەڵهێنجان"Construal")ە لەزماندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاری دووەمی بەشی یەکەم لا(٥٥ –٦٣).

بۆنموونە بەپێی باوەڕی ڕێبازەکەی دیساسۆر(دروستەکاریی)، "دروستەکاریی لە ئەزمونگەراییەوە سەرچاوە دەگرێت و زمان لە بنەڕەتدا وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیردەکات"[١]. شێلگیرانە تەواوی قۆناغەکانی کۆزانیاریی زمانی هەر لەبەدەستهێنانی و گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی دەبەستن بە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکەوە. بەڵام ئەو ڕێبازەی، کە لەسەر دەستی چۆمسکی گەشەپێدرا و بەڕێبازی (هۆشەکیی)ی دەناسرێت(بێگومان لەپەیوەست بەزمانەوە)، بەتەواوی پێچەوانەی بانگەشەی ڕەفتارییەکانبوو لەهەمان پرۆسەکانی کۆزانیاریی زمانیدا. بۆیە بەم ڕێبازەیان دەگوترێت ڕێبازی هۆشەکیی. ئەم ڕێبازانەش ڕەگەکەیان درێژ دەبێتەوە بۆناو بۆچوونە فەلسەفییەکان سەبارەت بەدیاردەکان(لەناویشیاندا زمان). بۆنموونە ڕێبازی هۆشەکیی پێیوایە، کەلەپشت هەر کردەیەکی ڕەفتارییەوە، ڕاستییەکی ئاوەزیی بوونی هەیە. لەبەرانبەردا ڕەفتارییەکان تەواوی کردەکان بەزمانیشەوە دەبەستنەوە بە ڕاستییە دەرەکیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە و هەڵگویزانیشان هەر لەمڕوانگانەوە دەبێت.

چۆمسکی وەك بانگەشەکەری ڕێبازی هۆشەکیی، سێ پرسیار دەخاتەڕوو لەپەیوەست بەکۆزانیاریی زمانییەوە، هەر لەپێکهاتنی خودی کۆزانیاریی زمانی و چۆنییەتی بەدەستهێنانی ئەم پێکهاتەیەوە و چۆنییەتی بەکارهێنانیشی:

"- چ شتێك کۆزانیاریی زمانی پێکدەهێنێت؟

- چۆن کۆزانیاریی زمانی دەستدەکەوێت؟

- چۆن کۆزانیاریی زمانی بەکاردەهێنرێت؟"[٢].

وەڵامی هەرسێ پرسیارەکە بێگومان لەڕوانگە هۆشەکییەکەوە دەبێت و پەیوەستیدەکاتەوە بە(ڕێزمانی جیهانی)یەوە، کە خۆی بانگەشەی بۆدەکات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە وەڵامی پرسیارەکان لەلایەن ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە دەدرێنەوە، کەتیۆرێکە پەیوەندیدارە بەبونیادنانی پێکهاتەیەکەوە لە(مێشك)ی کەسێکدا کە زمانێکی دیاریکراو دەزانێت. هەروەها (ڕێزمانی جیهانیی"Universal Grammar") گریمانەی پێکهاتەیەکی ناوەکییە بۆ هەموو زمانەکان و پێش هەر ئەزموونێکی زمانی دەکەوێت. ڕێزمانی جیهانی تائەو ڕادەیە جێگەی گرنگ و بنەمای پێکهاتەکانە کاتێك، کە دەشبێت بە کۆنکرێت(مەبەست لەدەربڕاوەکانە) هەر گوزارشتە لەبیر و تێگەیشتنی کردە ناوەکییەکانی زمان. بۆیە لێکۆڵینەوە لەدەرکەوتە زمانییەکان،مەبەست لە(دروستەی ڕوکەش"Surface Structure")یش هەر لەپێناو گەیشتنە بەدروستە

---

[١]- ڕێبوار ئەحمەد نەبی (٢٠١٥: ١٢).

[2]– Chomsky N.(1986:3).

قولّ و بنەماییەکانی بەرهەمهێنان، کە بێگومان لەمێشکی مرۆڤدایە. زاراوەکانی (توانست و توانا "Competence and Performance") دەرکەوتەیەکی دەستپێکی هەیە لەقوتابخانەی بەرهەمهێناندا، وەك پێشتریش خرایەڕوو، تەواوی مەبەستی بەرهەمهێنان زیاتر (توانستە) و زۆرترین جەختی لەسەر دەکرێتەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئاوەزمەندێتی قوتابخانەکە دەگەڕێتەوە. "ڕێگە و دەرویەکی ئەزمونبەندی بۆ گەیشتن بەتوانست و بۆ بەدەستخستنی تەنها لەڕێی تواناوە ئەگەری بوونی هەیە و ڕێگاکەی هەر بەسەر توانادا تێدەپەڕێت و لەڕێی تواناوە بەدەستدەکەوێت"[١]. بەمشێوەیە توانست لەمێشکدایە، ئێمە توانامان لەبەردەستدایە بۆ لێکدانەوەی توانست، هەروەها توانست بایۆلۆژییە و بەمرۆڤ بەخشراوە و هیچ پەیوەندییەکی بەئەزمون و شارەزایی ناو کۆمەڵەوە نییە و کۆزانیارییەکی ئاوەزییە.

لەبەرانبەر بۆچوونەکانی دروستەکاریی و بەرهەمهێناندا، زانستی زمانی درکپێکردن زمان وەك لەخۆگرتن و ڕەنگدەرەوەی درکپێکردن دەبینێت، کە بەچڕی کار لەسەر ئەزمون دەکات لەدوایشدا چی پێویستە بۆ ڕێکخستنی زمانییانە و کارکردنی زمان لەسەری و گوزارشتکردنی زمان لێی. ئارگومێنتی (زانینی بەرجەستەکراو) زۆرترین لێکدانەوە و پێداگری لە زانستی زمانی درکپێکردندا هەیە و لەتەواوی لێکدانەوەکانیدا بەهەند وەردەگیرێت. بەمشێوەیە زمان وەك دەرهاویشتەی پۆل(Set)ێك لەتوانا درکپێکردنە جیهانییە زگماکییەکان دەبینێت، کە تایبەتن بە زمان و بەرجەستەی دەکەن، (زمان_بەرهەمهێنان) بەهۆی ئەم تایبەتێتییەوەیە. "زمانەوانانی زانستی زمانی درکپێکردن، زمان وەك ڕەنگدەرەوەی زانینی بەرجەستەکراو دەبینن"[٢]. خاڵی یەکانگیر لە زانستی زمانی درکپێکردندا، هەردوو وشەی(زانین) و (بەرجەستەکراو)وە. لێرەدایە ، کەخاسیەتی ناوەندیی/چەقیی بە زمان دەدرێت لە زانستی زمانی درکپێکردندا. بەهۆی زانینەوە، کە توانایەکی ناوەکی و (زگماکی"Innate")ی مرۆڤە، هەروەها بەرجەستەکراو، لەڕێی بەکارهێنانە کۆنکرێتییەکانی ئەو زانینە ئەبستراکتییەوە دێت زمان پەسندەکات. بەو واتایەی، کە مرۆڤەکان توانایەکی ناوەکی(زانین)یان هەیە، کەتایبەتە بەزمان، بەڵام ئەم توانایە تەواودەکرێت، لەسەر بنەمای ئەزمون، ئەزمونەکانی بەرجەستەدەکات (لەخۆدەگرێت) و پاشان (زانین)ەکەی لەسەر بونیاد دەنێت. لەم بانگەشەیەوە تیۆری (شارەزایی زمانی، لەبەکارهێنانی زمانییەوە دێت) دەسەلمێت.

---

[١]- محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩:٧٦).

[2]– Evans V. and Green M. (2006:64).

لە زانستی زمانی درکپێکردندا قسەکردن لە ئەزمون(کە ئەم ئەزمونە بەرجەستە دەکرێت و دادەڕێژرێتەوە و زمانی کەسەکانی لەسەر بونیاد دەنرێت) دووجۆرە:

"- ئەزمونی هەستی: ئەمجۆرەی ئەزمون لە پەیپێبردنی هەستییەوە دادەڕێژرێت(هەستەکان).

- ئەزمونی وەستاو یان خودی: ئەزمونەکانی ئەمجۆرە خودی و ناواخنییە"[1].

مەبەست لەجۆری یەکەم هەستەوەرەکانە، کە دەبن بەسەرچاوە بۆ ئەزمونی مرۆڤ. بەواتایەکی تر ئەزمونی هەستی، کە ئیلهام لەشارەزایی هەستەوەرەکانەوە وەردەگرێت و بەرجەستەی دەکات و دەبێتە هۆی درکپێکردن(لەشارەزایی هەستییەوە درکپێکردن دێتەبوون). هەندێکجار بەئەزمونە دەرەکییەکانیش ناودەبرێت، کە لەجیهانی دەرەوەی لەشی مرۆڤدا کاریگەرییەکە لەسەر لەشی بەهۆی هەستەکانییەوە دروستدەبێت و دواتریش هەڵکردن و گوزارشتکردنی مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەو ئەزمونەی، کە هەیەتی لەگەڵیان. بۆنموونە (جوڵە و ئاڕاستە، پلەی کەش و هەوا ، قەبارە و بۆشایی نێوان شتەکان و دیاردە سروشتییەکانی تر)، کە خۆنەویستانە چۆنییەتی مامەڵەکردنی مرۆڤ دەسەپێنێت لەگەڵیان(ئەوان دەیسەپێنن، کە مرۆڤ چۆن مامەڵەیان بکات). با لەنموونەکانی (٦)بڕوانین:

(٦) ا- گوێزی هەورامان بەدەست ئەشکێت.

ب- لەئاوی دەریاچەکە مەخۆرەوە.

بەهۆی ئەزمونکردنی مرۆڤ لەڕێی یەکێك لە هەستەوەرەکانییەوە، پاشان دروستبوونی شارەزایی سەبارەت بە ئەنجامەکەی، کاریگەری لەسەر تەواوی بەرکەوتنەکانی مرۆڤ لەگەڵ (گوێزی هەورامان، ئاوی دەریاچە) دادەنێت و زمانیش وەك بەرکەوتوویەکی ئەم کاریگەرییە(کە بونیادنراوە لەسەر بنەمای ئەزمون) دەربڕینێکی وەك نموونەکانی (٦) بەقسەکەران دەردەبڕێت.

ئەوەی سەبارەت بە جۆری دووەمی پرۆسەی ئەزمونکردنی مرۆڤبێت، زیاتر پەیوەستە بەکارلێکە ناوەکییەکانی خودی پێکهاتەی مرۆڤ. بۆنموونە سۆزی کەسیی، بەرپرسیارێتی، یان بوونی شارەزایی و ئەزمون لەکاتێکی دیاریکراودا سەبارەت بەشتێك، کە پێشیدەگوترێت شارەزایی ماوەیی/کاتیی(کاتیی بەواتای مەودایەکی کورت نییە، بەڵکو زیاتر مەبەست لێی ماوەیەکی دیاریکراوە).

لەئەزمونی کەسیی و خودیدا، شوێن و ناوچەش کاریگەریان لەسەر پرۆسەی بونیادنانی ئەزمون دەبێت. چونکە شوێنە جیاوازەکان ڕۆڵی جیاوازیان هەیە لەپێکهێنانی ئەزمون/شارەزایی جیاواز بۆ کەسەکان. بۆنموونە ئەزمونەکان/شارەزاییەکانی مرۆڤی کورد سەبارەت بە (ژن بەژن، گەورە بەبچوك، مارە بەجاش،

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو (٦٤-٦٥).

**هەروەها شارەزاییەکان سەبارەت بە(کیوی، بڕۆکلی، داری سێلفی)). بەمشێوەیە "یەکێك لەتایبەتێتییە بنەڕەتییەکان توانای مرۆڤە بۆ پرۆسەی بەچەمککردن و داڕشتنی چەمکییانە، خواستی مرۆڤە بۆ ڕێکخستنی چەمکەکان، هەروەها مەوداکانی پەیوەندیدار بەئەزمونە ناوەکی و قوڵەکان لەناو چەمکەکاندا، کە لەشارەزاییە هەستییەکانەوە دێت"[١]. کەواتە قسەکەرانی هەموو زمانەکان لەبوونی تایبەتێتیی (ئەزمونکردن و هەستکردن) هاوبەشن، بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەمانە لەسەریان(پێش پرۆسەی بونیادنانی شارەزایی زمانی و دوای بونیادنانی پرۆسەکەش و توانای گوزارشتکردن لەهەمان ئەو ئەزمونانەی، کە هۆکاری سەرەکی بونیادنانەکەن) بەپێی سروشتی دووجۆرەکەی ئەزمون جیاوازە. کەواتە دەتوانرێت پێشنیازی هاوکێشەیەکی وەك ئەوەی خوارەوە بکرێت:**

**مرۆڤ ←—— بوونی توانستی ئەزموون و هەستکردن**

**توانستی ئەزموون و هەستکردن ←—— بونیادنانی شارەزایی زمانی**

**شارەزایی زمانیی ←—— گوزارشتکردن لەبنەڕەتە پێکهێنەرەکانی، لەسەر بنەمای جۆر و شێوازی بەرکەوتنەکانی**

**بەمشێوەیە ڕاستییەك خۆی دەسەپێنێت، کە دەتوانرێت بە (توانستی درکپێکردن)[٢] ناوببرێت، کە تەواوی بونیادنانەکانی زمان لە زانستی زمانی درکپێکردندا دەگرێتەوە. هەروەها ئەم توانستەش بۆ هەموو ئەو ڕێگایانەی، کە بەتوانای مرۆڤ بۆ هەڵهێنجان و هەڵاوێردکردن هەیەتی دادەنرێت.**

**ئەگەر ئەم لایەنە بەراورد بکرێت بەهەریەك لەزاراوەکانی (زمان و قسەکردن"Langue and Parole")ی (دروستەکاریی) و (توانست و توانا"Competence and Performance")ی (بەرهەمهێنان)، ئەوا دەتوانرێت هەموو ئەو بۆشاییانەی، کە قوتابخانەکانی تر بەجێیان هێشتبوو، هەورەها وەك تەواوکاری و زیاتر نزیکبوونەوە لەڕاستی، لە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردندا زاراوەی(توانستی درکپێکردن) بچەسپێنرێت بەرانبەر بە زاراوەکانی قوتابخانەکانی دیکە. کەواتە لە زانستی زمانی درکپێکردندا هاوکێشەکە بەمجۆرەی لێدێت:**

**(توانای زمانی، لەسەر بنەمای توانستی درکپێکردن بونیاد دەنرێت، نەك خودی توانای زمانی پشتگوێ بخرێت، یان تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکرایە، کە توانای زمانی لەسەر بنەمای توانستی زمانی بەرهەمدێت).**

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو (٦٥).

[٢]- سەبارەت بەم لایەنە و بەراوردکردنی بە زاراوەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان، زانیاریی زیاتر دەبینرێتەوە لە: Langacker R. (1991)–

بەسەرنجدان لەسەرەتا و قۆناغەکانی زمانپژان و گەشەکردنی توانستی زمانی لای منالْ، بەڕوونی ڕاستیی بانگەشەکانی پێشتر دەسەلمێنرێت، بۆنموونە منالْ لەسەرەتاکانی زمانپژاندا "کە دەربڕینی تاکە وشەیەك سەرەتای گەشتی ئەو منداڵەیە لەجیهانی دەربڕینی هزریدا"[1]. ئەگەر ئەم ڕاستییە بکرێت بەپرسیارێك و ئاڕاستەی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن بکرێت، ئەوا بێگومان وەڵامەکەی تیۆری سێیەمی ئەم قوتابخانەیە تایبەتە پێوەی، هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو، کەهۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ نەبوونی شارەزایی زمانی دەگەڕێتەوە، کەلەسەر بنەمای بەکارهێنانی زمانیی بونیاد دەنرێت. ئەگەر قۆناغی دوای تاکە وشە لەلای منداڵ بەنموونە وەربگیرێت، ئەوا چەند نموونەیەکی وەك (٧، ٨) بەرگوێ دەکەون:

٧- سەیارە هەتانە؟

٨- نانەکەم خواردیان[2].

لەکاتێکدا بەڕوونی هەموو قسەکەرێکی کوردی شارەزا و نەشارەزای ڕێزمانی کوردی ئەم ڕستانە بەڕستەی تەواوی زمانەکەی دانانێت(بەبەراورد بەو ڕستانەی، کە قسەکەرێکی خاوەن شارەزای زمانیی دەریاندەبڕێت) بۆیە دەتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێت، کە ڕستەکانی منالْ لە(داڕشتەی قولْ" Deep Structure")ەوە دەستپێدەکەن و دادەڕێژرێن، پاشان لەدوای بەکارهێنانی بەردەوامی زمانی و لێکەوتنەوەی شارەزایی زمانی، یاساکانی گواستنەوە جێبەجێدەکات و داڕشتەکانی تری ڕستە بەرهەمدەهێنێت، تا دوا داڕشتەی ڕستەکانی زمانی کوردی (مۆرفۆسینتاکس). ڕوونکردنەوەکانی پێشتر بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕن، کە بانگەشەکانی ئەم قوتابخانەیە(لەڕوانگەی زمانپژانەوە) هەم پەیوەستە بە ئاوەزدارییەکەی چۆمسکییەوە، هەم پەیوەستیشە بە لایەنی (وەرگرتنی شارەزایی زمانیی لەبەکارهێنانی زمانییەوە).

بۆنموونە ئەگەر هاتوو لەسەرەتادا ڕستەکانی وەك نموونەی (٩، ١٠، ١١) لە منالێك بپرسرێت سەبارەت بەواتاکانیان، ئەوا یان ناتوانێت لێکدانەوەیان بۆ بکات، یان بەگران لەواتاکانیان تێدەگات:

٩- بردیتیان/بردیانین.

١٠- پێتیان داخست.

١١- سەریان پێ شۆڕکردین.

---

[1] - کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨:١١).

[2] - نموونەکان لە (ڕەهەند ڕێباز جەمیل)ی تەمەن(٣)سالْ وەرگیراوە.

کەواتە ئەم نموونانە ئەوە دەخەنەڕوو، کە مرۆڤ پێویستی بەشارەزایی زمانیی هەیە بەهۆی بەکارهێنانە بەردەوامەکانی زمانەوە، تاوەکو بتوانێت پرۆسە سادە و ئاڵۆزەکان و تەواوی قوژبنەکانی زمانی بۆ ئاشکراببێت و دەسەڵاتشکانەوەی بەسەریاندا هەبێت. چونکە وەك لەنموونەکانی(٩، ١٠، ١١)دا دەردەکەوێت، تێگەیشتن لەتەواوی پرۆسە بەرهەمهاتووەکانی زمان بەئاڵۆزترین پێکهاتەکانی وەك (مۆرفۆسینتاکس یان مێتافۆر)یشەوە، دوای ئەزمونکردن و بەرجەستەکردنی ئەزمونەکان دروستدەبێت. بۆنموونە لە (٩)دا، هەرکام لە بکەر و بەرکاری ڕستەکە وەك چەمکێکی ئەزمونکراو مامەڵەیان لەگەڵداکراوە و لەشێوەی تەنیا جێناوێکی لکاودا نوێنراون. بەهەمانشێوە نموونەکانی (١٠ و ١١)ش ئاماژە بەڕەنگدانەوەی ئەزمونی زمانیی ئاخێوەران دەکات لە بونیادنانی پرۆسە ئاڵۆزەکانی زماندا، چونکە پێویستە ئاخێوەری کورد سەرەتا ئەزمون لەگەڵ نموونەیەکی وەك (١٢)دا بکات، وەك هەنگاوی یەکەمی بەرهەمهێنانی سینتاکسیی بۆ نموونەی (١١) و پاشان ئەزمون و شارەزایی پەیدادەکات و بکەر و بەرکارەکانی نموونەی (١٢) لەپرۆسەیەکی مۆرفۆسینتاکسیدا بەچەمك بکات و دایانبڕێژێتەوە:

(١٢)– ئەوان سەریان بە ئێمە شۆڕکرد.

بەمشێوەیە "زانستی زمانی درکپێکردن بەتێروانینێکی ئەزمونگەرییانە پێیوایە، کە ناتوانرێت لێکۆڵینەوە لەئاوەزی مرۆڤ(بیگومان مەبەست لەزمانیشە)بکرێت، بەدابڕاوی و دوور لەشارەزایی مرۆڤ"[١]. هەمان ڕاستیش سەبارەت بەجۆرێکی تری زمان، کە شێوازی نووسینە، زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت، کە مرۆڤ دوای وەرگرتنی شارەزاییەکانی سەبارەت بەم جۆرە، پاشان دەتوانێت بەشێوازێکی سەرکەوتووانە بەکاریبهێنێت.

---

[١]– کاروان عومەر قادر (٢٠١٢: ٩٨).

## ٢/١) پێڕەوی بەچەمککردنی هەڵهێنجانی واتا

بەوپێیەی یەکێك لە لقەکانی لێکۆڵینەوەی درکپێکردنانەی زمان(سیمانتیکی درکپێکردن" Cognitive Semantic")ە، تا ئەوڕادەیەی ، کە ئەم لقەی زانستی زمانی درکپێکردن وەك ئیلهامبەخش بەبەش و پارەکانی تری لێکدانەوەکانی قوتابخانەکە دەردەکەوێت، بۆیە دەبێت جەختکردنەوەیەکی بەردەوامی لایەنی واتا(بەشێوە باوەکەی)/ چەمك(لەناو زانستی زمانی درکپێکردن)دا لەبەرچاوبگیرێت.

لەمڕوانگەیەوە فەلسەفەی پشت قوتابخانەکە، بەهەند وەرگرتنی واتایە، لەهەمانکاتدا واتاش بەپێی ئەو تایبەتێتییانەی، کە قوتابخانەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە. چونکە واتا و سروشتی پێکهاتە و کاریگەرییەکەی، تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ڕوانینی باو بەپێی قوتابخانەکانی تر بۆ واتا. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت، پێچەوانەی زۆرێك لە ڕێبازەکانی تری لێکۆڵینەوەی زمانی، زانستی زمانی درکپێکردن بەبەردەوامی ڕوانینی چەمکییانەی بۆ واتا درێژە پێدەدات و دەبێت بە دەستپێکی تەواوی بانگەشە و گریمانەکانی. بەمشێوەیە واتای زمانی(هەمبەر بە داڕشتە شێوازبەندییەکەی بەرهەمهێنان) دەبێتە چەقی لێکدانەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن. کەواتە'پێشینەیی سیمانتیك لەهەر شیکردنەوەیەکی زمانەوانیدا و واتاش بەخاسیەتە ئینسکلۆپیدی و پەیپێبردنانەکەی'[١]، دەبنە ئەو تایبەتێتییانەی، کە قوتابخانەکە بەواتای دەبەخشێت.

لەزانستی زمانی درکپێکردندا واتا ئاوەزییانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کارلێکی ئاوەزیی و لەباردابوونی واتایی لێکسیمەکان تێڕوانینی مرۆڤ دەردەخەن. زیاتر لەوەی واتا وەك کارلێکی جیهانی ڕاستیی یان پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی یان دەرکردەی سینتاکسیی...هتد دابنرێت. بەهەند وەرگرتنی ئەم ڕاستییە ئەوە دەخاتەڕوو، کە واتا هەنگاوی پێشتری تەواوی پێکهاتە و یەکە زمانییەکانە، کەواتە هەر پنتێکی لێکدانەوە زمانییەکان لەمڕوانگەیەوە ئیلهام وەردەگرێت و داڕشتە و قاڵبەکەشی پەیوەستە بەو واتایەی، کە ئاوەزییانە دادەڕێژرێت(نەك کاتیگۆرییانە). هەر بۆیە پێشینەیی واتا، خاڵی یەکەمی گرتووە لەلێکدانەوەکاندا. "کرۆکی ئایدیا/بیری ئەم ڕێبازەش ئەوەیە، کە واتای دەربڕاوەکان ئاوەزییە، هەر خودی سیمانتیکیش وەك نەخشەکێشان دەبینرێت لەدەربڕاوە زمانییەکانەوە بۆ داڕشتە درکپێکردنەکان، تەنانەت زمان خۆشی وەك بەشێك لە داڕشتەیەکی درکپێکردن دەبینرێت"[٢].

---

[١]– سەرچاوەی پێشوو، لا(٧٨).

[2]– Allwood J. and Gärdenfors P.(1999:20).

لە زانستی زمانی درکپێکردندا، واتا بابەتێکی ناوەندیی لێکدانەوەکانە. واتای وشەکان وەك هەڵگری واتای فەرهەنگی و پێکهێنانی واتای ڕستەکان دادەنرێت، چونکە لەسیمانتیکی درکپێکردندا زیاتر جەخت لەواتای فەرهەنگی دانەکان دەکرێتەوە زیاتر لەواتای دانەکان لەپێکهاتەی ڕستەدا(واتای فەرهەنگی بەخاسیەتە ئینسکلۆپیدییەکەی)، لەهەمانکاتدا واتای وشەکانیش وەك واتای ڕستەکان و جیانەبووە لێی دەبینرێت. ناوەندێتی واتا بۆ ئەو گریمانەیەی قوتابخانەکە دەگەڕێتەوە، کە هەموو دیاردە زمانییەکان پێکەوە چنراون، نەك سەربەخۆ و لەیەك جیابن. سەرەڕای ئەمەش، پێکهاتە زمانییەکان لەگەڵ توانا درکپێکراوەکانی دیکەی مرۆڤیشدا پێکەوە پێکهاتەکان دادەڕێژن و بونیاد دەنێن، تا هەموویان پێکەوە ڕوانینێکی گونجاوی ئاخێوەران بخەنەڕوو لەپەیوەست بە ئەزموون و شارەزایی و توانای پەیوەندیکردن و تێگەیشتنەوە.

بەمپێیە واتا لەناو چەمکدا لەهەنگاوی یەکەمدا وەك دیاردەیەکی درکپێکردن لێیدەڕوانرێت، هەربۆیە دەبێت لێکۆڵینەوەکانیش دەربارەیان لەڕوانگەی کۆمەڵێك کردەی سەر زانیارییەکانەوە بێت وەك پرۆسەیەکی جوڵاو و بەردەوام، نەك وەك پێکهاتەیەکی وەستاو. ئەوە دەردەکەوێت لایەنی جەختکراوەی قوتابخانەکە واتایە لەناو چەمکدا، کە چەمك وەك (تیاهەڵگر/قاڵب"Container") دەبینرێت. کەواتە چەمك سروشتی دەسەلاتشکانەوەی هەیە تەنانەت بەسەر فۆڕمەکانیش، (چەمکەکان، کە (ئەبستراکتن)، فۆڕمەکان(کە کۆنکرێتن) هەڵدەگوێزن، "واتا جگە لەوەی دیوی دووەمی وشەیە، لەهەمانکاتدا بنەمای دروستکردنی دیوی یەکەمی وشەشە، کەمەبەست فۆڕمەکەیەتی"[١]. ئەمەش ڕوانینێکی تایبەت و جیاوازە لەزانستی زمانی درکپێکردندا بەبەراورد بەقوتابخانەکانی تر لەبواری هەریەك لە فۆڕم و واتای هێما زمانییەکان، چونکە لە زانستی زمانی درکپێکردندا چەمك هەرکام لەم دووانە لەخۆدەگرێت. "هەموو هێمایەکی زمانیی فۆڕم و واتای هەیە، کە بەنزیکەیی لەگفتوگۆدا پەیکاڵن(مطابق)ن بە چەمك"[٢]. تایبەتێتیی واتای ئینسکلۆپیدی، کە زانستی زمانی درکپێکردن جەختی لێدەکاتەوە هاوتا بە واتای فەرهەنگیی یەکە زمانییەکان، یەکێکی ترە لەخاڵەکانی پەسنی قوتابخانەکە بۆ واتا. وادەردەکەوێت، کە زانستی زمانی درکپێکردن ڕوانینی وشەنامەیی"قاموسی Dictionary" بۆ واتا بەرپەرچدەداتەوە، لەبری ئەمە (لانگەکەر) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە واتا_فەرهەنگییەکانی یەکە زمانییەکان یەکسانن بە مەودای ئینسکلۆپیدی و توانای لەباردابوونی واتای ئینسکلۆپیدی. بەمشێوەیە هەموو دانە زمانییە

---

[١]– کاروان عومەر قادر(٢٠١٢: ٧٩)، بەڵام ئەمە بەراورد بکە بە (محەمەدی مەحوی(٢٠٠٩: ٨٦)).

[2]– Dirven R. and Verspoor M.(2004:14).

**باوەکانی وەك (مۆڕفێمەکان، وشەکان، ئیدیۆمەکان، فرێزەکان...هتد) پەیوەندیدارن بە(توانا واتاییەکان/واتا_لەباردابوون). لەباردابوونی واتاش بەشێوەیەکی بنەڕەتی بریتییە لەیادگەی کەسێك سەبارەت بەبەکارهێنانی پێشینەی دەربڕینێکی دیاریکراو، کە دەتوانرێت وەك یەکێتییەکی هاوپەیوەندیداری هەموو زانیارییەکانی کەسەکە، کە پەیوەستن بە دەربڕینەکەوە ببینرێت. "لایەنی سیمانتیکیی زانیارییەکان هەریەك لەو زانیارییانەی تێدا دەبینرێتەوە، کە بە زانیاریی(فەرهەنگیی) و (ئینسکلۆپیدیی) ناودەبرێن و پەیوەستن بەو دیاردەیەوە، کە گوزارشتی لێدەکەن"[1]. ئەمجۆرە ڕوانینە لەواتای زمانی دەستوێژی گەیشتنە بە سەرەتا و کۆتایی مەودای کۆزانیارییەکان و دەتوانرێت دابنرێت بە هۆکاری گەیشتن بە بونیادی واتایی دەربڕاوە ئاڵۆزەکان و مێتافۆڕییەکان و هۆکاری وا بیناکردنیشیان (چونکە لەسەر بنەمای ئەزمونی بەرجەستەکراو بونیاد نراون، سروشتی ئەزمون و بەرکەوتنی و چۆنییەتی تێگەیشتن لێی، هۆکاری داڕشتنەوەیانن لەبەچەمککردندا). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی سروشتی ئینسکلۆپیدیی دانە فەرهەنگییەکان، با لەنموونەکانی (١٣) بڕوانین:**

**(١٣) ا- جلەکانم پیسن.**

**ب- پیس ئیسلامییە/شوعییە.**

**پ/١- چاوی پیسە.**

**پ/٢- شەڕواڵ پیس.**

**پ/٣- لەش پیس.**

**پ/٤- دەم و چاوی پیسن[شتیان پێوەیە].**

**ت- پیسی لێدا/خراپی لێدا.**

**لێکسێمی/پیس/ وەك دەروازەی زانیاریی سروشتێکی ئینسکلۆپیدییانەی بۆ تەواوی ئەو کۆزانیارییانەی، کە بۆیدەگەڕێنەوە/دەگرێتەخۆی ڕۆڵدەبینێت و بەم هۆیەوە دەتوانرێت پەی بەواتاکانی ببرێت. لەکاتێکدا لە (١٣- ا )دا (پیس) وەك دەروازەی فەرهەنگیی بەکارهێنراوە بۆ تەواوی واتاکانی دیکەی لە بەکارهێنانە جیاوازەکانی (پیس)دا. بەو واتایەی، تێگەیشتنی (پیس) لە (١٣- ا )دا پەیوەستە بەو دەروازە زانیارییەی، کە وشەکە لە فەرهەنگدا هەڵگریەتی و وەك هەنگاوی یەکەم و بەکارهێنانی یەکەمی بۆ (پیس) ڕۆڵدەگێڕێت. بەکورتی گوێگر لە واتای (پیس)ی (١٣- ا ) بەهۆی واتای فەرهەنگیی وشەکەوە تێدەگات. لەهەمانکاتدا بەهۆی شارەزایی ئەزمونکراو لە زمانەکەیدا، لە هاوتا**

---

[1]– Allwood J. and Gärdnfors P.(1999:1).

بەکارهێنراوەکانی (پیس) تێدەگات وەك لە(١٣–ب)دا دیارە، کە بە هاوواتای (زۆر) بەکارهێنراوە. هەروەکچۆن شارەزایی هەیە دەربارەی واتای مێتافۆڕیی(پیس) وەك لە (١٣– پ–١ و ٢ و ٣)دا، کە (پیس) واتایەکی مێتافۆڕییانەی هەیە، کەچی لە (١٣–پ–٤)دا دەگەڕێتەوە سەر واتای (١٣–ا). بەوشێویەش لە(١٣–ت)دا و بەیەکگرتنی لەگەڵ(لێدان)دا ڕێژەیەك دەخاتەڕوو. هەروەها دەشێت بەهۆی نەبوونی هەمان ئەزمون و شارەزاییەکانی سەرەوە سەبارەت بە (پیس)، تێنەگەیشتن یان لێکدانەوەیەکی هەڵە بۆ واتاکەی بکرێت، وەك لەنموونەی (١٤)دا دەخرێتەڕوو:

(١٤)– پیس جوانیت.

ئاشکرایە، کە پێکەوە هاتنی (پیس) و (جوان) بۆ پەسنکردنی یەك شت، ئەگەر شارەزایی تەواو سەبارەت بە دەروازە فراوانەکە(کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدییەکە)ی (پیس)ی لەپشتەوە نەبێت، بێگومان تێنەگەیشتن یاخود بەلایەنی کەمەوە هەڵە تێگەیشتن دروستدەبێت. بۆنموونە دەشێت گوێگر وەك (توانج و گاڵتە) لێی تێبگات، یاخود ئەگەر هاتوو کەسێك، کە شارەزایی دەربارەی کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدییەکەی (پیس) نەبێت(بەتایبەتی ئەوانەی، کە تەمەنیان کەمە/منداڵان/)، ئەوا بەهەڵە تێگەیشتن یاخود هەر تێنەگەیشتن دروستدەبێت.

بۆ گوزارشتکردن لە تەواوی ئەم واتایانە، لێکسێمی /پیس/ وەك دەروازەی کۆزانیاریی بۆ تەواوی واتا خودی و ناوەکییەکانی خۆی دەبینرێت، نەك سنوردارکردنی واتای /پیس/ لە (١٣–ا)دا بەواتای فەرهەنگیی و لە دەرکەوتنەکانی دیکەیدا بەواتای پڕاگماتیکیی و بارکراو و شێوازیی و....هتد. بەمشێوەیە ڕوانینی ئینسکلۆپیدیانە زۆرێك لە دابەشکاری و بەلیستەکردن و کێشە واتاییەکان لەزماندا ڕووندەکاتەوە، بەهەمانشێوە /قورس/یش بەهۆی لەباردابوونی توانا ئینسکلۆپیدییەکەی بەکارهێنانی بووە لەنموونەکانی (١٥)دا:

(١٥) ا– عەلاگەکە قورسە.

ب– قورسایی کارەکەی خستە سەر شانم.

پ– تاقیکردنەوەکە قورسبوو.

ت– خۆت قورس مەکە.

لێکسێمی /قورس/ لەهەرکام لە بەکارهێنانەکانی نموونەکانی (١٥)دا، ئاماژە بە لایەنێك لە پێکهێنەرەکانی کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیی (قورس) دەدات. بۆنموونە لە (١٥–ا)دا (قورس) بەواتای فەرهەنگیی بەکارهێنراوە و ئاماژە بە (کێشی عەلاگەکە) دەکات. هەروەها ئاخێوەران تێگەیشتنێکی درکپێکراویان

هەیە سەبارەت بە واتای (قورس)ی هەرکام لە (١٥-ب، پ، ت)ش بەهۆی شارەزایی ئەزمونکراو سەبارەت بە هاوواتا بەکارهێنراوەکانی (قورس) لە هەر شوێنێکی بەکارهێناندا بێت.
بەم هۆیانەوە، کە زانستی زمانی درکپێکردن ڕوانینی (وشەنامەیی) بۆ واتا بەرپەرچدەداتەوە، چونکە بۆ تێگەیشتن لە واتای هەرکام لە (پیس ، قورس) پێویستە تەواوی کۆزانیارییە واتاییەکانی هەریەك لە(پیس) و (قورس) هەروەها تەواوی ئەوانەشی، کە هاتوون لەگەڵیان و ئەو کارلێکەشی، کە دروستیدەکەن لەئەنجامی پێکەوە هاتنیان لەشێوەی ئینسکلۆپیدیایەکدا چالاك بکەین تا لەواتای مەبەستدار بگەین. ئەمەش تەنها و تەنها بە کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدی لە ئاوەزی قسەکەراندا جێبەجێدەبێت. "دیاریکردنی نیشانە واتاییەکان و دانانی واتایەکی کۆنکرێتی لە سیمانتیکی درکپێکردندا، چەمکێکی هەڵخەڵەتێنەرە"[١]، هەربۆیە ڕوانینی ئینسکلۆپیدیی لە سیمانتیکی درکپێکردندا پێشنیازکراوە، تاوەکو فراوانترین ڕووبەر بۆ یەکە فەرهەنگییەکان بڕەخسێنێت لەپێناو تێگەیشتنێکی باشتر و فراوانتردا. بەم هۆیانەوەیە، کە بەکارهێنانی زاراوەکانی (چەمك، چەمکی، چەمکییانە، بەچەمککردن) بەفراوانی لە زانستی زمانی درکپێکردن و بەتایبەتیش لە سیمانتیکی درکپێکردندا دەبینرێت. بەشێوەیەکی سادە دەتوانرێت تەواوی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە بۆ هەریەکە لە(پیس ، قورس) بە چەمکی هەریەك لەو دوو وشەیە دابنرێت.
یەکێکی دیکە لەدیارترین خاسیەتەکانی واتای زمانی لە زانستی زمانی درکپێکردندا، ئەوەیە، کە واتا لە زانستی زمانی درکپێکردندا بەشێوازێکی تاکگەراییانە پەیپێدەبرێت و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەربڕینی دەبێت، ئیتر ئایا پەیوەندی ڕاستی و ڕاستەقینەی لەگەڵ جیهانی ڕاستیدا هەیە، یاخود نا، ئەمەیان پەیوەستە بەو کات و شوێن و کەسەوەی، کە دەربڕینی دەبێت و چۆنییەتی و ڕادە و ئاڕاستەی پەیپێبردنی کەسەکە(کەسی قسەکەر) بەو بارودۆخەی گوزارشتی لێدەکات. سیستمی درکپێکردنی کەسی قسەکەر لە زانستی زمانی درکپێکردندا پێیدەگوترێت(چەمکە فەرهەنگییە تاکگەراییەکان[*])، ئەمە بۆ هەموو قسەپێکەرانی دیکەش لەشێوەی تاکدا ڕاستە. بەڵام ئەوەی سەبارەت بە کۆی گشتی پرۆسەکەیە،

---


[١]- نەریمان حەسەن حەمەکەریم (٢٠١٥: ٧٣).

[*] مەبەست لە (چەمکە فەرهەنگییە تاکگەراکان)، ئەو ڕۆڵە چەمکییانەیە، کە ئاخێوەران بە فۆرمە زمانییەکانی دەبەخشن لەهەر کات و ئاستێکی بەکارهێنانی زمانیدابن. ئەم ڕۆڵە فراوانەی پێبەخشینیش بەهۆی سروشتی ئینسکلۆپیدیی یەکەکانەوە ڕێگەپێدراوە، کە قسەکەران چۆن یەکە فەرهەنگییەکان، لەڕوانگەی سروشتی درکپێکردن و ئەزمون و بەرجەستەکردنی ئەزمونەکانی لەگەڵ یەکەکاندا بەچەمکدەکات. بەو واتایەی لەلایەکەوە یەکەی فەرهەنگیی بەکاردەهێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە بەکارهێنانەکەی دەوەستێتەسەر ئاستی هەڵهێنجانی تاکیی بۆ یەکە فەرهەنگییەکە.

مۆدێلی درکپێکردن پێشنیازی (بونیادێکی پێوەر_فراوانی کۆزانیارییەکان) بۆ تەواوی قسەکەران دەکات، ئەگەر بۆ نموونە تێڕوانین و گوزارشت لە (کات) وەربگیرێت، گوزارشتە تاکگەراکان بە(بنەمای خود"Ego_Based") ناو دەبرێن لە (کات)، بەڵام خودی بنەما چەمکییانەکەی (کات) بە (بنەمای کات"Time_Based") گوزارشتی لێدەکرێت، هەر لەم مۆدێلە درکپێکردنەدا دوو لایەن بەشداریدەکەن لەگوزارشتی (بنەمای کات)دا، یان بەدووشێوە لەپەیوەست بە (خود)ەوە گوزارشتی لێدەکرێت، ئەوانیش:

**- جوڵانی کات**

لێرەدا کەسێکی گوزارشتکەر لە (کات) هەیە و بە (خود Ego) ناودەبرێت، کە جێکەوتەکەی لەکاتدا سەرچاوەی/ئیلهامبەخشی گوزارشتەکانی دەبێت لە (ئێستا). لەم مۆدێلەدا (خود) وەستاوە و ئایدیای کاتەکان و ڕووداوەکان وەك جەستەیەکی جوڵاو دەکات، کات و ڕووداوەکان لەئایندەوە دەجوڵێن بەرەو خود و پاشان بەرەو ڕابردووش. پوختەی ئەمە لەهێڵکاری ( ٤ ) دەخرێتەڕوو:




هێڵکاریی(٤)

مۆدێلی جوڵانی کات[١]

ئەزمونبەندکردنی شیکردنەوەکانی سەرەوە لەنموونەیەکی زمانی وەك (١٦)دا زیاتر ڕووندەبێتەوە، کە چۆن تێیدا قسەکەر لەڕوانگەی پەیپێبردنە تاکگەراییەکانی خودەوە گوزارشت لەکات دەکات و سەلمێنەری خاسیەتی (واتا پەیپێبردنانەیە)ی واتا لەزانستی زمانی درکپێکردندا ڕووندەکاتەوە.

(١٦) ا- جەژنی نەورۆز نزیك بووەتەوە.

ب- جەژنی نەورۆزیش هات.

پ- ڕەمەزانیش جێیهێشتین.

ت- ڕۆژ بەڕۆژ سەرکەوتنمان بەسەر داعشدا نزیکدەبێتەوە.

ج- ڕۆژی کۆتایی(دنیا ئاخیر) بەڕێوەیە.


---

[١]- هێڵکاری (٤ و ٥) وەرگیراوە لە : Evans V. and Green M. (2006: 85-86) - .

ئەوەی لەنموونەکاندا دەردەکەوێت (وەستاویی"Static") ی (خود) و (جوڵاویی"Dynamic")ی (کات)ە و ئەم پەیپێبردنەشی وەك پەیپێبردنێکی تاکگەراییانە سەبارەت بە دیاردەی (کات) لێیدەڕوانرێت.

**-جوڵانی خود**

لەمشێوازەیاندا، گوزارشتکردنە لە (کات)، بەڵام لەڕوانگەی پەیپێبردنی جیاوازەوە سەبارەت بە (خود). لەم مۆدێلەیاندا (کاتی مەبەست ) وەستاوە و (خودی گوزارشتکەر) جوڵاوە. بەپێچەوانەی (جوڵانی کات)ەوە، لێرەدا (کات) وەك وەستاو لێیدەڕوانرێت، لەکاتێکدا، کە (خود) لەڕابردوو و ئێستا و ئایندەی کاتدایە، بەمپێیە مۆدێلی (جوڵانی خود) لە هێڵکاریی (٥)دا دەخرێتەڕوو:




هێڵکاریی(٥)

مۆدێلی جوڵانی خود

بەپێچەوانەی نموونەکانی (١٦)وە، نموونەکانی(١٧) ڕاستەوخۆ سەلمێنەری ڕاستی مۆدێلی درکپێکردنی گوزارشتکردن لەکات لە ڕوانگەی پەیپێبردنی وەستاویی کات و جوڵانی خودەوە دەخەنەڕوو:

(١٧) ا- بەرەو جەژنی نەورۆز دەڕۆین.

ب- ڕەمەزانیشمان تەواوکرد.

پ- ڕۆژ بەڕۆژ هەنگاوی سەرکەوتن هەڵدێنین.

ت- ژیان بەرەو تەواوبوون دەڕوات.

لەم نموونانەدا، ئایدیای (کات)وەك "وەستاو Static" یان جێکەوتەیەکی دیاریکراو لە بۆشایدا و (خود)وەك "جوڵاو Dynamic" دەکرێت و لە چوارچێوەی بڕینی (کات) بەهۆی خودەوە بەچەمککراوە.

ئەوەی مەبەستە بخرێتەڕوو، مۆدێلی درکپێکردنی کاتە بەهۆی بنەمای پەیپێبردنی خودییانەی (کات)، لەڕوانگەی پەیپێبردنی جیاواز و بونیادنانی واتای جیاواز، کە ئەمەش ڕاستەوانە بنەمای پەیپێبردنی واتایی لە زانستی زمانی درکپێکردندا دەسەلمێنێت لەپەیوەست بەتاکەکانەوە. لەلایەکی دیکەشەوە هەر ئەم بنەمایە بە قاڵب و شێوە_هەڵبژاردنی ڕێزمانی ڕستەکانیشەوە پەیوەستە جگە لە واتا، کە لە شیکردنەوەی تیۆری دووەمی ئەم قوتابخانەیەدا جەختی لەسەر کرایەوە، بەوەی ڕێزمانی زمانیش

سیستمی بەچەمککردنە[١]. بەمشێوەیە جێکەوتەی زمان بەگشتی لەناو وشەنامەدا جێگیر نابێت، بەڵکو لەئاوەزی قسەپێکەرانی زمانەکەدایە. ڕوانینی بنەمای بەکارهێنان بۆ هێما زمانییەکان، ئەوە دەخاتەڕوو، کەواتای هێماکان لەسەرئەنجامی بەکارهێنانەوە دێن. "ئەمە ڕاستەوخۆ پێچەوانەی ڕوانینی وشەنامەییە، کە گریمانەی ئەوە دەکات پڕ_واتایی وشەکان یان هەستکردن پێیان بنەڕەت و بنەمایە بۆ دیاریکردن و چۆنییەتی بەکارهێنانیان"[٢]. لەکاتێکدا هەرکام لەجەمسەرەکانی(سیمانتیک، فۆنۆلۆژیی)لە زانستی زمانی درکپێکردندا، وەك یەك پێکهاتەی درکپێکراو و پێکەوە دەخرێنەڕوو، کە یان درکیان پێکراوە و ئاخێوەران سەرکەوتووانە مامەڵەی دەکەن، یان هەر لەبنەڕەتەوە درکیان پێنەکراوە و لەکۆتاییشدا بەکارهێنانیان نابێت. بەمشێوەیە لە زانستی زمانی درکپێکردندا لەدوای بەکارهێنان، گریمانەی واتایی لەبارە، لەکاتێکدا لەوشەنامەییدا پێش بەکارهێنان سنور و ڕێچکە و شێوازی بەکارهێنانی دیاریدەکرێت[٣].

ئەوەی تائێستا خرایەڕوو سروشت و تایبەتێتی واتای زمانی بوو لە زانستی زمانی درکپێکردندا بەبەراورد بە تایبەتێتییەکانی تری واتا لە قوتابخانە و ڕوانینەکانی دیکە. هەموو ئەو تایبەتێتییانەی، کە زانستی زمانی درکپێکردن دەیبەخشێت بە واتای زمانی و لێیەوە لە واتا دەڕوانرێت وادەکەن، کە لقێکی زۆر سەرەکی ئەم قوتابخانەیە ناوبنرێت(سیمانتیکی درکپێکردن"Cognitive Semantic")، کە ئەمیش بۆخۆی سەرنجی تایبەتیتر و وردتر دەدات لەسەر پێڕەوی واتای زمانەوانی و لەناویشیدا بەدیاریکراوی (چەمك). لەلایەکەوە سەرنجەکانی لەسەر چەمك و پرۆسەی بونیادنانییەتی و لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەی بونیادنانی هەمەڕەنگە. بەمپێیە سیمانتیکی درکپێکردن زیاتر لەقوتابخانەکانی تری زمانی، لەمپێناوەدا کاردەکات و مەبەستیشی دامەزراندن و ڕێکخراوکردنی چەمکییانەی پرۆسە زمانییەکانە و لەمڕوانینەوە سەرنجەکان لەسەر سیمانتیك درێژە پێدەدرێت، کەواتە سیمانتیك نموونەییانە پەیوەستە بە ناوەڕۆکی چەمکییەوە، کە ئەمیش(ناوەڕۆکە چەمکییەکان) لەلایەن زمانەوە ڕێکدەخرێن. بەمشێوەیە ڕوانینە فراوانەکە بۆ واتای زمانی خۆی لەنەخشەیەکی گەورەتردا دەبینێتەوە، بەواتایەکی تر بیرۆکەی واتای زمانی لەچوارچێوەی سنورێکی فراواندایە. لەسەر ئەم بنەمایە"Leonard Talmy" بەمشێوەیە

---

[١]– زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم لایەنە لە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردندا دەبینرێتەوە لەپاری یەکەمی ئەم بەشەدا، بڕوانە لا(١٥–٢٤).

[2]– Evans V. and Green M. (2006:211).

[٣]– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەکۆی ڕوانینی زانستی زمانی درکپێکردن بۆ واتا لەبەرانبەر ڕوانینی وشەنامەییانە، بڕوانە :
- Langacker R. (1987:154-158).

پێناسەی سیمانتیکی درکپێکردن دەکات: "لێکۆڵینەوە لەسیمانتیکی درکپێکردن، لێکۆڵینەوەیە لەناوەڕۆکی چەمکی و ئەمەش ڕێکخراوە لەزماندا، هەروەها لەسەر سروشتی ناوەڕۆکە چەمکییەکان و ڕێکخراوەیی بەشێوەیەکی گشتی"[١]. ئەوەی گرنگە سەرنجی لێبدرێت چەمکەکانن وەك (دەفر/تیاهەڵگر/قاڵب"Container")، کە واتا لەخۆدەگرن. پاشان ناوەڕۆکە چەمکییەکان هەروەك ئاماژەی پێدرا، کە تەنیا لەتایبەتێتییە ناوەکییەکانی تایبەت بە زمان و تێکردە زمانییەکان پێکنەهاتوون، بەڵکو لەمڕوانگەیەوە لەناوەڕۆکە چەمکییەکان دەگەین وەك گشتاندنێك لەنێوان هەریەك لەناوەڕۆکە بیرییەکان و ناوەڕۆکە دەرەکییەکانی وەك(کاریگەریی و پەیپێبردن).

لەپێناو گەیشتن بە سروشتی زمان، گرنگە سەرنج لە جیهانی پێڕەوی چەمکی و پرۆسەی بەچەمککردنی پێکهاتەی زمان بدرێت، کە چۆن لەهێماکاندا پێکدەهێنرێت و جێدەکرێتەوە، بەمشێوەیە زمان، جیهان لەچەمکەکاندا دەگرێتەوە، کە مرۆڤەکان خاوەندارییی دەکەن یان دەشێت بیانبێت. بیرۆکەی چەمکیش دەتوانرێت بناسرێت، بەوەی "بیر/ئایدیای کەسێکە دەربارەی ئەوەی، کە دەیڵێت، لەبەرانبەردا چ شتێك لەجیهاندا دەگرێتەوە"[٢]. لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییانە، زانستی زمانی درکپێکردن بەدرێژکراوەی قوتابخانە ئاوەزییەکەی بەرهەمهێنان و کارکردنە بیری و ئاوەزییەکانی سەر زمان دادەنرێت، چونکە تەواوی جەختکردنەوەکانی لەسەر چەمکە، لەناویشیدا واتا. ئاشکراشە، کە چەمك بابەتێکی بیری و هۆشی مرۆڤ و قسەپێکەرانە، لەهەموو بارەکاندا چەمك یەکساندەکرێت بەو بیرەی لەمێشکدا دەربارەی ئەو شتەی، کە لەجیهاندا دەیگرێتەوە دادەنرێت، کە لەڕێگەی فۆڕمەکانەوە ئاماژەی پێدەدرێت. لەسەر ئەم بنەمایەیە، کە دەگوترێت (واتا لەسنوری چەمکدایە)، چونکە چەمك تەواوی ئەو واتایانە دەگرێتەوە، کە هێما ئاماژەی پێدەدات لەهەر کاتێکدا. بۆ نموونە کاتێك هێمای (نان) دەبیستین، ئەوا تەنها بەبۆگەڕاوە (المرجع)ێکەوە پەیوەست نییە، لەکاتی ئەم پەیوەستێتییەدا، بە واتا"Meaning"ی (نان) ناودەبرێت، بۆنموونە لەڕستەکانی (١٨)دا ئاماژە بەئایدیای (نان) دەکرێت، نەك تەنها بۆگەڕاوەیەك:

(١٨) ا- هەشت نان بکرە.

ب- نانی پێ پەیدا ناکرێت.

پ- نان لەقوڕگی شێردایە.

ت- نانی بەساجەوە سوتاوە.

---

[1]– Talmy L.(2000:4).

[2]– Dirven R. and Verspoor M.(2004:13).

**وێنای هێمای (نان) لە(١٨–ا)دا ئاماژەیەکی فەرهەنگییانەیە و تەنیا بە بۆگەڕاوەیەکی ئاسایی و ئەزمونکراوی گشتیەوە پەیوەستە. بەڵام (نان) لە ڕستەکانی (١٨–ب، پ، ت)دا پەیوەست نییە بە بۆگەڕاوەیەکی دیاریکراوەوە(بەتەنها بۆ سەرچاوەیەکی دیاریکراو ناگەڕێتەوە)، بەڵکو ئاماژە بە بیری هێماکە دەدرێت. واتای پەیوەست بەهێمایەکی زمانی، گەیەنەر"Link"ێکە نواندنێکی ئاوەزیی دیاریکراوە، کەبەچەمك ئاماژەی پێدەدرێت. هەڵهێنجانی چەمکەکانیش بەپرۆسەدابردنی هەموو زانیارییەکانە، کەبەدەستهاتوون، "چەمکەکان لە پەیبردنەکانەوە هەڵدەهێنجرێن، واتە چۆن بەهۆی بەشە جیاوازەکانی مێشکەوە بەشە زانیارییەکان لەڕووی(قەوارە، شێوە، ڕەنگ، تام، بۆن، بەها، پێگە، کێش...تاد) پەیپێدەبرێت، ئەم ڕێژە جیاوازە پەیپێبردوانە لەدونیای دەرەوە وەردەگیرێت و بەنیشانەی وێنەیەکی هۆشەکییەوە لەحیمدەکرێت"[1]. لەمڕوانگانەوە سیمانتیکی درکپێکردن زیاتر وەك ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی سیمانتیکییانە دەردەکەوێت، وەك لەوەی تەنیا تیۆرێك بێت دەربارەی واتای زمانی، چونکە ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەمێشك و پەیوەندییەکانی بەکلتور و ئەزمون و پەیپێبردن و کۆزانیارییەکانی، کە لەسەرچاوە هەستییەکانەوە دێن(ئەو کۆزانیارییانەی هەستەکان سەرچاوەیانن) پێشکەشدەکات. سیمانتیکی درکپێکردن لێکۆڵینەوەیە لە کۆپەیوەندی نێوان ئەزمون و سیستمی چەمکی(ئەو سیستەمەی، کە بەچەمککردنی لەسەر بونیاد دەنرێت) و بونیادی واتا، "کارکردنی زمانەوانان لەسیمانتیکی درکپێکردندا بۆ لێکۆڵینەوەیە لەنواندنی کۆزانیاریی(بونیادی چەمکی/داڕشتەی چەمکی) هەروەها بونیادی واتایی(پرۆسەی بەچەمککردن)"[2]، لەم پێناوەشدا کۆمەڵێك گریمانە و بنەمای سەرەکی لەسیمانتیکی درکپێکردندا بەبەردەوامی جەختیان لەسەر دەکرێتەوە. لەسیمانتیکی درکپێکردندا، چوار بنەما"**Principe**"نوێنەرایەتی تەواوی ڕێبازەکە دەکەن، کە ئەمانەن:**

- **داڕشتەی چەمکیی، بەرجەستەکراوە**(Conceptual Structure is Embodied).
- **داڕشتەی سیمانتیکی، داڕشتەی چەمکییە**(Semantic Structure is Conceptual Structure).
- **نواندنی واتا، سروشتێکی ئینسکلۆپیدیانەی هەیە**(Meaning Representation is Encyclopaedic).
- **واتا_دروستکردن بەچەمککردنە**(Meaning_construction is Conceptualization).

**بنەمای یەکەم و دووەم گەشەپێدراوی کارەکانی** (Mrak Johnson)**ە لەسەر (نەخشە وێنەییەکان"** Image Schema"**)، هەروەها کارەکانی** (Leonard Talmy) **سەبارەت بە(سیستمی داڕشتەی چەمکی).**

---

[1]– فەرهاد تۆفیق حەسەن(٢٠١٥:٢٦).

[2]– کاروان عومەر قادر، وانەکانی خوێندنی باڵا(ماستەر) ، (٢٠١٤–٢٠١٥).

لێکۆڵینەوە لەنەخشە وێنەییەکان بۆ دیاریکردنی بنەماکانی بەرجەستەکردنە لە بونیادی چەمکیدا. لەلایەکی تریشەوە لێکۆڵینەوەکانی (Talmy) دەستنیشانکردنی ئەو ڕێگایانەبوو، کە بەهۆیانەوە زمان داڕشتەی چەمکی دەنوێنێت، کە ئەمیش بۆخۆی ڕەنگدانەوەی ئەزمونی بەرجەستەکراوە. ئەم کارانە گەشەیان بە هەریەك لە بنەمای یەکەم و دووەمی سیمانتیکی درکپێکردن داوە و چەسپاندوویانە.

لە بنەمای یەکەمدا تەواوی هەوڵەکانی سیمانتیکی درکپێکردن بۆ دۆزینەوەی چۆنییەتی و سروشتی کارلێکی مرۆڤە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. مرۆڤ چۆن ئەم مامەڵەیە دەکات؟ بێگومان لەسەر بنەمای ڕادەی هۆشیاری و تێگەیشتنی خۆی و ئەزمونەکانی لەکاتی بەرکەوتنی بەڕاستییەکانی جیهان، نەك لەسەر بنەمای پێرەو و ڕێبازێکی دیاریکراو، جا لەڕووانگەی بابەتیانەوەبێت، کەمەرجی ڕاستی بانگەشەی بۆ دەکات، یان ئەو دابەشکارییە لیستییەوە بێت، کە کراوە بۆ واتا. "ئەم شێوازەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی سیمانتیکی درکپێکردن لەو ڕاستییەوە دێت، کە بابەتی ناوەندی سیمانتیکی درکپێکردن ، لێکۆڵینەوەیە لەڕێکخراوەی چەمکی، پاشان لەناوەڕۆکەکانیان، کە سەرئەنجامی ئەزمون و پەیپێبردنە"[1]. کەواتە ئەوەی گرنگە، ئەو بونیادە چەمکییەیە، کەلەلای قسەکەر بەچەمککراوە، نەك بونیادە چەمکییە ڕاستەقینەکەی خودی جیهان(کە ئەمەیان بەهۆی بونیادە چەمکییەکەی تەواوی قسەکەرانەوە نەخشە دەکێشرێت). نموونەکانی (١٩) ڕاستیی (بونیادی چەمکی بەرجەستەکراوە) دەسەلمێنن، کەبەهۆی ئەزمونە بەرجەستەبووەکانی ئاخێوەرانی هەریەك لەڕستەکانی (١٩) بەو شێوازە دەربڕراون:

(١٩) ا- سەگ گیاندارێکی زیرەکە.

ب- سەگ گیاندارێکی بەوەفایە.

پ- سەگ گیاندارێکی خۆشەویستە.

ت- سەگ گیاندارێکی جوانە.

ج- سەگ ئاژەڵێکی گڵاوە.

هەریەك لەڕستەکان بونیادێکی چەمکییان لەخۆگرتووە، ئەو بونیادە چەمکییەش بەرجەستەکراوە بەهۆی بەرکەوتنە پێشینەکانەوە. بۆنموونە لە (١٩-ا )دا قسەکەر خاسیەتێکی بەرز و نزیك لەمرۆڤ بە (سەگ) دەبەخشێت و ئاماژەدانی بە (سەگ) بەهەریەك لە (گیاندار) و (زیرەك)، سەرەڕای بەرزکردنەوەی پلەکەی (بەهۆی وشەی گیاندار)، هەروەها پێبەخشینی خاسیەتی (زیرەکیی)، لەهەمانکاتیشدا ئاماژەدانە بەبەرکەوتنی پێشتری قسەکەر بەملایەنەی (سەگ). واتە بەرکەوتنی و ئەزمونی (سەگ)ی وەك (لەخاڵی

---

[1]– Talmy L.(2000:4).

**یەکەمدا گیاندار نەك ئاژەڵ)، لەخاڵی دووەمیشدا (زیرەك) کردووە، هەمان ڕاستیش بۆ ڕستەکانی (١٩-ب-پ-ت)، بەڵام لەڕوانگەی بەرکەوتنیان بەلایەنەکانی (وەفا، خۆشەویستی، جوان)ی (سەگ). کەچی لەڕستەی (١٩-ج)دا درکپێکردنێکی جیاواز دەبینرێت، چونکە بەرکەوتنە پێشترەکان و ئەزمونە بەرجەستەکانی ناو بونیادە چەمکییەکە دەسەلمێنێت، کە قسەکەر لەڕستەی (١٩-ج)دا لە دوو ڕوانگەوە چەمکە بەرجەستەکراوەکە دەبینێت(هەم قسەکەر بەهیچ شێوەیەك خاسیەتی (گیانداری)ی پێنابەخشێت، هەروەها بەرکەوتنی پێشتریشی بەلایەنی(پیسی و گلاوی)ی (سەگ)بووە)، بۆیە ئەو دەرکردەیەشی دەبێت، کە دەشێت بنەمای بڕیاردانەکەشی هۆهاندەر(Motive)ی ئایدۆلۆژی لەپشتەوەبێت.**


**بەمشێوەیە سروشتی بەچەمککراوەکان لەسەر بنەمای بەرجەستەکردنە، هۆکاری بەرجەستەکردنەکانیش بەناوەڕۆکە چەمکییەکان دادەنرێت. بۆنموونە لەڕستەکانی(١٩)دا، ناوەڕۆکە چەمکییەکانی وەك(لایەنی زیرەکی، بەوەفایی، خۆشەویستی، جوانی و گلاوی) تێکردەی چەمکەکانبوون. سەرەڕای ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕیش، بەمشێوەیە سروشتی بەرجەستەکردنەکان، سنوری سروشتی بەچەمککردنەکان دیاریدەکەن. گۆڕانکاری لەتێکردە و ناوەڕۆکە چەمکییەکانیش (بەچەمککردنەوە"Reconceptualization")[*] دێنێتە ناوەوە. بۆ نموونە گۆڕانی بەرکەوتنەکانی کەسێك لەگەڵ شتێکدا، دەبێتە هۆی هێنانە ناوەوەی ئەزمونی نوێ، کە بێگومان کاتێك، تێکردە چەمکییەکان دەگۆڕێن، ئەوا ناوەڕۆکە چەمکییەکانیش دەگۆڕێن و دەربڕینەکانیش لەمڕوانگانەوە دەبێت. بۆ نموونە دوای پەیدابوونی شارەزایی مرۆڤی کورد دەربارەی وشەی(سێڵفی"Selfie") لەگەڵیشیدا (داری سێڵفی)، ئەزمون و بەرکەوتنەکان پێویستیان بەداڕشتنەوە و بەچەمککردنەوەی وشەی (دار)بوو بەخواستن لە (سروشتە ئینسکلۆپیدییەکەی)، ئەمەش جارێکیتر (بەچەمکردن)ی لە (دار)دا بەهۆی پڕۆسەی (بەچەمککردنەوە)وە جێبەجێکرد. یاخود وەرگرتنی چەمکی (ڕاپەڕین) لەئێستای ئاوەزی مرۆڤی کورددا و بەراوردکردنی بەچەمکی هەمان وشە لەسالانی (١٩٩٠)ەکاندا. زۆر بەڕوونی هەست بەگۆڕانی ناوەڕۆکە چەمکییەکەی دەکرێت، ئەمەش بەهۆی پڕۆسەی (بەچەمککردنەوە)وە. کەواتە دەربڕاوەکان تەنیا ئاماژە**

---

[*] **مەبەست لە (بەچەمککردنەوە"Reconceptualization")، بەچەمککردنەوەی جارێکیتری بەچەمککراوەکانە. بەو واتایەی، کە چەمێکی تایبەت و دیاریکراو هەیە، بەڵام هەر ئەم چەمکە جارێکیتر لەلایەن ئاخێوەرانەوە بەچەمککدەکرێتەوە، ئەویش لەڕوانگەی درکپێکردنی تایبەت و جیاواز لەو بەرکەوتن و شارەزاییانەی پێشتر، کە لەگەڵ چەمکەکەدا هەیانبووە و دەبێتە هۆی پەیدابوونی ئەزمون و شارەزایی نوێ، کە لەکۆتایدا بەکردەی (بەچەمککردنەوە)ی چەمکەکان کۆتای دێت. بۆنموونە وشەی (گرد)، خاوەنی چەمکێکی تایبەت و دیاریکراوە لە چوارچێوە سیمانتیکییەکەی خۆیدا. بەڵام (گردەکە) لە ئێستای بەکارهێنانیدا، ڕەهەندێکی سیاسییانەشی وەرگرتووە و ئەم چەمکەی، کە پێشتر (گرد) خاوەنی بوو، بەهۆی توانای درکپێکردن و بەرکەوتنەکانی ئاخێوەران بەم درکپێکردنە نوێیەی (گرد) و پەیدابوونی شارەزایی لەگەڵیدا، جارێکیتر بەچەمککرایەوە و چوارچێوە سیمانتیکییەکەی فراوانکرا.**

بەناوەڕۆکە چەمکییانەکانیشان نادەن، بەڵکو هەر بەهۆیانەوە(دەربڕاوەکان) دەتوانین لەهۆکاری ناوەڕۆکەکەشیان بگەین، کەلەسەر بنەمای بەرکەوتن و ئەزمونی پێشتر بەرجەستەکراوە. بەمشێوەیە دەربڕاوەکان شێلگیرانە ڕەنگدانەوەی ئەزمون و بەرکەوتن و زانیارییەکانی ئاخێوەرانە، کە ڕاستەوانە دەربڕینەکانیشی لەسەر بنەمای زانیارییەکانی دەبێت، لەکاتێکدا زانیارییەکانیش پێشتر بەچەمککراون و پرۆسەی بەچەمککردنەکەشی لەسەر بنەمای بەرجەستەکردنە.

بەپێ سیمانتیکی درکپێکردن و بنەمای دووەم، کە (داڕشتەی سیمانتیکی، داڕشتەی چەمکییە)، سیمانتیك لەهەناوی داڕشتە چەمکییەکاندا بونیادنراوە[1]. (Leonard Talmy) دیارترین ناوە، کەلەبواری بنچینەکانی (داڕشتەی چەمکی و پێکهێنەرەکانی) و (داڕشتەی سیمانتیکی)ش وەك پێکهاتوویەکی داڕشتەی چەمکی خاوەنی سەرنجی تایبەتییە. بەپێی ئەم ڕوانینە واتای باو پەیوەندیدارە بە چەمکە زمانی و فەرهەنگییەکانەوە. کەواتە واتای زمانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە/دادەڕێژرێت بەداڕشتە چەمکییەکانی ناو مێشك و بیری قسەکەر. بەمشێویە بونیادی واتا جیاوازەکان، پەیوەستە بەداڕشتنە چەمکییە جیاوازەکانەوە، کە ئەمانیش پەیوەندییان بەجۆرێکی دیاریکراوی ئەزمونی بەرجەستەکراوەوە هەیە، وەك لەهێڵکاریی(٦)دا ڕووندەکرێتەوە:





**هێڵکاری (٦)**

**لەبەرجەستەکردنەوە بۆ واتای زمانی**

---


[1]- پێکهاتە و داڕشتەی چەمکی و سروشتی ڕێکخراوەییەکەی لە بنەمای یەکەمدا خرایەڕوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە لا (٤١-٤٣)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

پێویسته ئەوەش بزانرێت، که دەگوترێت (داڕشتەی سیمانتیکی، داڕشتەی چەمکییە)، مەبەست لەوەنییە، که ئەو دوانە یەکسانن، بەڵکو لەڕێبازی لێکۆڵینەوەی سیمانتیکی درکپێکردندا، واتا پەیوەندیدارە بەوشەکانەوە، که لەڕێیانەوە بونیادی کۆمەڵێك ڕەهەندی لاوەکی و پەیوەندیدار و ڕێگەپێدراو بەچەمکەکە دەنەخشێن. بۆ نموونە (فۆڕم"Form") وەك بەشێك و پێکهێنەرێکی چەمکەکە دەخرێتەڕوو. واتە فۆڕمەکانیش تەنها وەچە_نواندنێکی ئەو چەمکەیە، کەهەڵیدەگرێت. هەمان ڕاستیش سەبارەت بە داڕشتەی سیمانتیکی، که ئەمیش دەبێت بەلایەنێکی نواندنی چەمکەکان، هەر ئەم ئەنجامەشە وادەکات، که بیر و بیرۆکە و هەستە زۆر و لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤ بەئاسانی (ئینکۆد/جفرە"Encode")بکرێن لەلایەن زمانەوە. گرنگترین خاڵ لە سیمانتیکی درکپێکردندا ئەوەیە، که مامەڵەی یەکەیەکی یەکگرتوو و لەیەکنەپچڕاو بۆ هەریەك لەفەرهەنگ(نواندنە ئەبستراکتەکان) و ڕێزمان(نواندنە کۆنکرێتییەکان) دەکات. واتە مامەڵەیەکی یەکگرتوو بۆ هەریەك لەڕێکخراوەیی فەرهەنگ و ڕێزمان و ئەمەش جیایدەکاتەوە لە تەواوی ڕێبازەکانی تری لێکۆڵینەوەی زمانی، که مەودای ڕوانیان لەفەرهەنگ و ڕێزمان، وەك هەر بەشێکن لە سیستمێکی جیاواز. پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، کاتێك دەگوترێت داڕشتەی سیمانتیکی نواندنێکی بەشی/جزئی داڕشتەی چەمکییە و داڕشتە چەمکییەکانیش بەتوندی گرێدراون بەمێشکی قسەکەرەوە، مەبەست لەوە نییە، که بەتەواوی دابڕاون لەجیهانی دەرەوە و هیچی تر، بەمپێیەبێت هەموو دەربڕینێکی زمانەوانی مامەڵەیەکی (خودگەرایی"Subjectivism")ی لەگەڵدەکرێت و دووردەکەوێتەوە لەمامەڵەی (بابەتیانە"Objectivism")، لەڕاستیدا چەمکەکان لەسەرەتادا لەسروشتەوە دێن/بەرجەستەدەکرێن (بنەمای یەکەم)، پاشان هۆکارێکن بۆ تێگەیشتن لەجیهانی دەرەکی. ئەم بیرە لەهێڵکاری (٧)دا بەراورد دەکرێت بە (مەرجی ڕاستیی سیمانتیکیی) بۆڕوونکردنەوەی زیاتری پەیوەندیی جیهانی دەرەکی/ڕاستی بەداڕشتەی چەمکی و پاشان داڕشتەی سیمانتیکییەوە.




**هێڵکاری (٧-١)**

**داڕشتەی سیمانتیکیی بەپێی مەرجی ڕاستیی**




هێڵکاری (٧-ب)

داڕشتەی سیمانتیکیی بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن

بەمشێوەیە سیمانتیك بۆ زمان، داڕێژراوی هەبووە ئاوەزییەکانە، کەمەبەست لەچەمکەکانە، کەواتە واتا یان چەمك پەیوەستن بەو بوونانەوە، کەلەئەزمونە جیهانییەکەماندایە.

بنەمای سێیەم و گرنگی سیمانتیکی درکپێکردن ئاماژە بەوە دەکات، کە داڕشتەی سیمانتیکی سروشتێکی ئینسکلۆپیدی هەیە. بەو واتایەی، کە وشەکان نوێنەرایەتی دەستەیەك لەواتای پێچراوی دیاریکراو ناکەن، بەڵکو وەك هەڵگری کۆگایەکی گەورەی کۆزانیاریی پەیوەندیدار بەچەمکێکی دیاریکراو یان مەودا چەمکییەکان ڕۆڵدەگێڕن. هەریەکە لە(چارلس فیلمۆر"Charles Fillmor") و (لانگەکەر) بەتیۆرییەکانی (سیمانتیکی چوارچێوەیی"Frame Semantic") و تیۆری (مەوداکان"Domain")[١] هۆکاری سەرەکی هێنانە ئارای ڕوانینی ئینسکلۆپیدی بوون بۆ دەربڕاوەکان.

---

[١]- "تیۆریی سیمانتیکی چوارچێوەیی لەلایەن (فیلمۆر)ەوە لەسالانی (١٩٧٠_١٩٨٠)کاندا گەشەپێدرا و تیۆری مەوداکان لەلایەن (لانگەکەر)ەوە لەسالانی (١٩٨٠)کاندا خرایەڕوو و گەشەپێدرا. لەڕاستیدا ئەم تیۆریانە لەسەرەتادا بۆ مەبەستی جیاواز هێنرابوونە ئاراوە و گەشەپێدروای کارە پێشترەکانیانبوون. بەلام دواتر بوون بەتیۆرییە چەسپاوەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، بۆنموونە تیۆرییەکەی (فیلمۆر) دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی خۆی لەسەر"Case Grammar"(ڕێزمانی بار و حاڵەت)، کەلەسالانی (١٩٦٠)بەدواوە کاری لەسەر دەکرد و زیاتر

تیۆری سیمانتیکی چوارچێوەیی زیاتر جەخت لەسەر دانانی چوارچێوەیەکی سیمانتیکی پەیوەست بەبونیادە ڕێزمانییەکانەوە دەکات. بۆنموونە دەتوانرێت چوارچێوەی سیمانتیکی لەپەیوەست بەکردارەکانەوە وەربگیرێت. لەم تیۆرییەدا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە بۆ تێگەیشتن لە واتای کردارەکان دەبێت چوارچێوەی سیمانتیکیی کردارەکە(وەك ئارگومێنت داواکەر) بە پێویستییەکانییەوە (ئارگومێنت داواکراوەکانی کردارەکە) بەبیربهێنرێتەوە تا تێگەیشتن دروست ببێت.

بۆنموونە ئەگەر بمانەوێت لەواتای (کەوت) تێبگەین، ئەوا سیمانتیکی چوارچێوەیی پێشنیازی مۆدێلێکی ئینسکلۆپیدی لەپەیوەست بە (کەوت)ەوە دەکات. با لەنموونەکانی (٢٠)بڕوانین:

(٢٠) ا- قەڵەمەکە لەسەر مێزەکە کەوتە خوارەوە.

ب- منداڵەکە دانی کەوت.

پ- خوشکەکەم سێ دەرس کەوتووە.

ت- پیاوەکە لەهەڵپەی خۆی ناکەوێت.

لەم نموونانەدا بەڕەچاوکردنی بار و حاڵەتی ڕێزمانیی(کەوت) و لەدوایشدا بەهۆیانەوە هێنانەئارای چوارچێوەیەکی سیمانتیکی بۆ(کەوت)، واتایەکی پڕاوپڕمان بەدەستگەیشتووە و لەخۆیدا ئاماژەدانە بەسروشتی واتای ئینسکلۆپیدیی (کەوت)، لەپەیوەست بە واتای ناوەکی و واتای پێکەوەیی لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەدا و هێنانەئارای واتای نوێ بەهۆی هاتنی لەگەڵ ئەو کەرەستانەی تردا. ئاشکرایە لە (٢٠-ا)دا بەهۆی پەیوەستێتی (کەوت) لەگەڵ (فریزێکی ناوی و دوو فریزی پێشناویدا)واتایەکی تایبەتی هەیە، لەکاتێکدا لە (٢٠-ب)دا و بەهۆی هاتنی لەگەڵ (منداڵ و دان)دا لایەنێکی واتایی (کەوت) لەبارە. هەمان ڕاستیش سەبارەت بەهاتنی لەدەقەکانی تردا و گوزارشتکردنی لەبارێکی تایبەتی واتایی. بۆ نموونە ئەو واتایەی، کە (کەوت) لە (٢٠-پ)دا هەیەتی تەواو جیاوازە لەواتای هەمان وشە لە (٢٠-ت)دا. هەموو ئەم واتا جیاوازانەی (کەوت)، سنورێکی واتایی بەدەوری (کەوت)دا دروستدەکەن و پێیدەگوترێت(چوارچێوەی سیمانتیکیی (کەوت)). کە ئەمەش لەدواتردا بەخاسیەتی (ئینسکلۆپیدی) لەناو واتای زمانیدا ئاماژەی پێدەدرێت. بەمشێوەیە بەبێ بوونی کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدی دەربارەی واتای (کەوت) بۆنموونە لە (٢٠-ا) لەپەیوەست بە:

---

تایبەتبوو بەبارو حاڵەتە ڕێزمانییەکان و دواتریش فراوانکرا وەك بابەتێکی پەیوەست بە(ڕێزمانی بونیادنان" Construction Grammar")ـ- کاروان عومەر قادر، وانەکانی خوێندنی باڵا(ماستەر)، (٢٠١٤-٢٠١٥).

- **بوونی مادەیەك، كە توانای كەوتنی هەبێت،**
- **جوڵانی ئاڕاستە،**
- **گۆڕانی بارودۆخ،**
- **شوێنێك.....**

**هەموویان پێكەوە ڕەنگڕێژی واتای(كەوت) لەڕستەكەدا دەكەن و چوارچێوەیەكی سیمانتیكیی بۆ (كەوت) پێكدەهێنن. بۆ زیاتر ڕوونكردنەوە سەبارەت بە چوارچێوەی سیمانتیكی، وشەی (نەخۆش) بەنموونە دەهێنرێتەوە. بەخواستن لە چوارچێوەی سیمانتیكیی (نەخۆش) ئەم ڕاستییانە دەخرێنەڕوو:**
**گوێگر ناتوانێت لەواتای وشەی (نەخۆش) تێبگات، ئەگەر شارەزایی ئەزمونكراوی نەبێت دەربارەی بەكارهێنانە جۆربەجۆرەكانی ئەو وشەیە لەناو زمانەكەیدا. بەمەش واتای ئینسكلۆپیدیی (نەخۆش) لای گوێگر تەواو پڕاوپڕ نابێت و تێنەگەیشتن دێتە ئاراوە. ئەم شارەزایی و ئەزمونكردنەش ئاماژە بەو كۆزانیارییانە دەدات، كە(نەخۆش) لەخۆیدا كۆیكردونەتەوە، كە ئەمەش تەنیا بەسیمانتیكی چوارچێوەیی لەسروشتێكی ئینسكلۆپیدیانەدا دەكرێت. كەواتە بۆ تێگەیشتن لەواتای (نەخۆش) پێویستە ئاگاداری (بارودۆخی تەندروستی)بین واتە بەشداریكردنێكی گشتییانە، (بارودۆخی نەخۆشیی بەرانبەر بە لەشساغیی، كەسی نەخۆش، پزیشك، دەرمان،....) پەیوەندی نێوان (نەخۆش و پزیشك، نەخۆش و دەرمان، دەرمان و پزیشك، دەرمان و نەخۆش و پزیشك....و هەروەها)، كە لەدوایدا بەوشەیەك پەیوەندییەكان چالاكدەكرێت سەبارەت بەو چەمكانەی، كە پەیوەندیدارە پێوەی و مەبەستی سەرەكییە. بەمشێوەیە سیمانتیكی چوارچێوەیی، داڕشتەیەكی یەكگرتووە بۆ چەمكە پەیوەندیدارەكان، كە ناخوازێت هیچكام لەم چەمكە پەیوەندیدارانە ئامادەییان نەبێت لەپێناوتێگەیشتنی گشتیدا. كەواتە دەتوانرێت بگوترێت چوارچێوەی سیمانتیكی داڕشتەیەكی كۆزانیاریی داواكراوە بۆ تێگەیشتن لەواتای وشەیەكی دیاریكراو یان كۆمەڵێكی پەیوەندیدار لە وشەكان. بەواتایەكی تر چوارچێوەی سیمانتیكی كۆكردنەوەی چوارچێوەیەكی ڕاستی(حقیقی)یە بۆ پڕواتابوون و دیاریكردنی مەبەست. بەمجۆرە هەنگاوەكانی كاركردنی (فیلمۆر) بووە هۆی هێنانەئارای تیۆرییەكی سیمانتیكیی دەربارەی واتای زمانی و پێیدەگوترێت(سیمانتیكی چوارچێوەیی)، هەروەك خۆی لەبارەیەوە دەڵێت: "سیمانتیكی چوارچێوەیی ڕێگایەكی دیاریكراو بۆ ڕوانین لەواتای وشە پێشكەشدەكات، كە تیایدا سەرجەمی واتای وشە لەدەقدا دەخاتەڕوو، بۆ تێگەیشتنی واتای ئەو وشەیە لەو دەقەدا"[1]. كەواتە واتای زاراوەی چوارچێوەیی، ئەو**

[1]– The Linguistic Society of Korea(1982:111).

ڕێگایەیە، کە پێشنیازی تۆڕێکی پەیوەندیی واتایی بۆ هەر دانەیەکی پێکهێنەری دەقێك دەکات، تا شیانی تێگەیشتنیان هەبێت و بەهۆشیانەوە تێگەیشتنی گشتی لە دەق دروستدەبێت. ئەمەش تاکە ڕێگایە، کەبەهۆیەوە دەتوانرێت تێگەیشتنێکی پڕاوپڕ بێتەئاراوە و بەبێ ئەمە ناتوانین لەواتای وشە بگەین، ئەگەر ئەزمون و بەرکەوتنمان بەو کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدییە نەبێت، کەلە تاکە وشەکاندایە و ئەو ئەزمون و بەرکەوتنە بەکۆدنەکرابن بە هۆی توانای درکپێکردنەوە.

ئەوەی سەبارەت بە تیۆرییەکەی (لانگەکەر)بێت لەپەیوەندی بەڕوانینی ئینسکلۆپیدییانەوە لەواتای زمانی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری (مەوداکان"Domain"). ئەم تیۆرییەش بەهەمانشێوەی تیۆرییەکەی (فیلمۆر) پێی لەسەر ئەو گریمانەیە داناوە، کە پاڵپشتی واتای ئینسکلۆپیدی لەزماندا دەکات. چونکە ناوەڕۆکی ئەم تیۆرییانە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ناتوانین لە چەمکە فەرهەنگییەکان بگەین، بەسەربەخۆیی و دروو لەداڕشتە کۆزانیارییەکەی، کە (لانگەکەر) بەتەواوی ئەو داڕشتە کۆزانیارییانە دەڵێت(مەوداکان).

"مەوداکان بریتین لەبوونە/هەبوونە درکپێکردنە پێویستییەکانی ئەزمونە بیروهۆشییەکان، بۆشاییەکانی نواندن، چەمکەکان و چەمکە ئاڵۆزەکان"[1]. بەواتایەکی تر، مەوداکان کۆمەڵێك هەبوو/بوونی چەمکین، کەدەبنەهۆی پێدانی/دروستکردنی پلە و ئاستەکان بە بونیادە ڕێکخراو و ئاڵۆزەکان لەیەك مەودای دەربڕیندا. بۆنموونە دەربڕاوەکانی وەك (گەرم، شلەتێن، سارد)، چەمکە فەرهەنگییەکان لەمەودای (پلەکانی گەرما) دیاریدەکەن. بەبێ تێگەیشتن لەشێواز و سیستمی کارکردن و ناواخنی (پلەکانی گەرما)، ناتوانین تێگەیشتنمان بۆ وشەکانی (گەرم، شلەتێن، سارد)هەبێت. بەواتایەکی تر، دەبێت بەوردی ئاگاداری پلەکانی گەرما و ئاست و ڕێژەیان ببین، تا بتوانین بەکارهێنانێکی سەرکەوتووانەمان بۆ هەریەك لە (گەرم، شلەتێن، سارد)هەبێت.

لەڕاستیدا هەردو تیۆری(سیمانتیکی چوارچێوەیی) و (مەوداکان) لەزۆر ڕووەوە لەیەکدەچن، بەڵام تیۆری (مەوداکان) وەك تەواوکەری تیۆری(سیمانتیکی چوارچێوەیی) و گەشەپێدان و سەلماندنی بیری ئینسکلۆپیدی بۆ واتای وشە ڕۆڵدەگێڕن. بۆنموونە فیلمۆر کاتێ دەڵێت: (چەمکەکان دەتوانرێت ڕێکبخرێن لەژێر زاراوە و سنوری چوارچێوە جیاوازەکاندا)، لەگەڵیشیدا (لانگەکەر) بەپێی (مەوداکان)دەڵێت: (ڕێکخستنی ئەم سنورانە و ناواخنەکانیان نموونەییانەیە، زنجیرەی مەوداکان، کە

[1]– Langacker R. (1987:147).

بونیادی چەمکێکی فەرهەنگی پێکدێنن پێیاندەگوترێت(قاڵبی مەوداکان))[١]. بەواتایەکی تر تەواوی کارکردنەکانی (فیلمۆر) سەبارەت بەسنور و چوارچێوەی سیمانتیکی وشەکانە. لەکاتێکدا تیۆری (مەوداکان) سەبارەت بە ناواخنی چوارچێوە سیمانتیکییەکانە، کە دەبنەهۆی دیاریکردنی بەهای سیمانتیکیی مەوداکان. تا ئەو ڕادەیە ئەم دوو تیۆرییە نزیکن لەیەکەوە، کە لەهەندێك لێکۆڵینەوەدا لەبری یەکتری بەکاردەهێنرێن، تەنها دوو ناونانی/زاراوەی جیاوازە، کە لەلایەن(فیلمۆر و لانگەکەر)ەوە بۆیەك مەبەست (خستنەڕوو/نواندنی چەمکەکان) بەکارهاتووە. بەمجۆرە زاراوەی (چوارچێوە) ی (فیلمۆر) کردەی سیمانتیکی مەوداکان(کەزاراوەکەی لانگەکەرە) بۆ چەمکەکان دیاریدەکات. "مەودا کۆزانیاریی پاشخانە بۆ نواندنی چەمکەکان"[٢]. مەرجێکی گرنگ و بنچینەیی تاوەکو داڕشتەیەك وەك مەودا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەوەیە کەدەبێت زەمینەیەك لە زانیاریی (پاشخان"Background") بڕەخسێنێت تاوەکو بتوانرێت لەزماندا بەکاربێت و تێگەیشتن بهێنێتەئاراوە.

بەپێی تیۆریی (مەوداکان)، مامەڵە لەگەڵ هەر چەمکێکدا دەکات وەك یەکەیەکی پەیوەندیدار بە مەودا سیمانتیکییەکەیەوە. واتە نرخی سیمانتیکی وشە بەپەیوەند و پەیوەستێتی بە مەوداکانەوە دیاریدەکرێت، هەروەها ناوەڕۆکە چەمکییەکانیش لەسەرچاوەیەکی درکپێکردنەوە دێن، کە دەتوانرێت پێیان بوترێت (مەودای درکپێکردن"Cognitive Domain"). بۆنموونە چەمکی (بەرزایی/ پێوانی بەرزایی) مەودایەك پێکدەهێنێت بۆ هەریەك لە (چیا، کێو، شاخ، گرد، تەپ)، بەمپێیە چەمکی (بەرزایی) یەکەیەکی پەیوەندیدارە بەو لایەنانەی ترەوە. لەلایەکی تریشەوە نرخی سیمانتیکیی (چیا، کێو، شاخ، گرد، تەپ) بەپەیوەست بە مەودای (بەرزایی)ەوە دیاریدەکرێت.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت، سنور و بواری مەودا تەنها پەیوەست نییە بەیەکە فەرهەنگییەکانەوە، پۆلە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانیش(پێویستە لەڕوانگەیەکی درکپێکردنانەوە لەبوارەکانی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس بڕوانرێت)، تێگەیشتنیان لەپەیوەستبوونیانە بە مەوداکانیانەوە. بۆنموونە لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا بیرۆکەی (بچوککردنەوە)، (کە مۆرفێمەکانی بچووککردنەوە ئەو ڕۆڵەدەگێڕن) بەسەرنجدان لەواتای بنچینەییان، (پێشگریمانە"Presuppose")ی مەودای (قەبارەی فیزیکیی) دەکەن. واتە (قەبارە) وەك (مەودایەکە) بۆ مۆرفێمەکانی بچووککردنەوە لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا. هەمان ڕاستیش سەبارەت بە ئاستی سینتاکس. مەودای تێگەیشتنمان بۆ دەمی ڕابردوو، (کات)ە. واتە کات مەودایەکە دەمەکانی

---

١– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەهەردوو تیۆرییەکە و لایەنی لێکچونیان بۆ تەواوکردنی سروشتی ئینسکلۆپیدییانەی واتا، بڕوانە: Evans - V. and Green M. (2006:222-223).

2– Clausner T. and Croft W. (1999:3).

**ڕابردوو دەگرێتەوە[١]. (لانگەکەر) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی تیۆری مەوداکان نموونەی مەودا جیاوازەکانی وەك (پەنجە، دەست، باڵ، لەش)ی مرۆڤ دەهێنێتەوە. بۆنموونە مەودای (پەنجە) ، هەریەك لە (جومگەکان) لەخۆدەگرێت، لەکاتێکدا (پەنجەکان) مەوداکانی (دەست) پێکدەهێنن و مەودای (قۆڵ) (دەست)ە و مەودای (لەش)یش (قۆڵ/ باڵ) دەگرێتەوە[٢]. مەودا کۆمەڵێك لایەن پێکەوە گرێدەدات، کە وادەکات تێگەیشتن لەیەکێکیان، واتای ئەوانیتریش ئاسان بکات، مەوداکان هاریکارن بۆ دروستبوونی کۆپەیوەندییەکی ڕاست لەنێوان یەکە فەرهەنگییەکان و ڕێکخستنیان و چۆنییەتی بەکارهێنانیان. بەم فراوانییە ڕوانین لەواتای وشەکان، کە هەریەك لە (سیمانتیکی چوارچێوەیی) و (مەوداکان) ئاماژەی پێدەدەن، هێنانەئارای سروشتێکی ئینسکلۆپیدییانەیە بۆ واتای وشەکان، کە جیاوازە لەواتای وشەنامەیی. یاخود دەستەیەك واتای دیاریکراو بەیەکە فەرهەنگییەکانەوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی سروشتی ئینسکلۆپیدییانەی واتا لەسیمانتیکی درکپێکردندا با لەنموونەکانی (٢١) بڕوانین:**

**(٢١) ا- باوکم خەوت.**

**ب- مناڵەکەم لە سەربان خەواند.**

**پ- پارەکەم خەواند.**

**ت- گێچی سەیارەکەی خەواند.**

**ئەم نموونانە ئەوە دەخەنەڕوو، کە هیچ تایبەتێتییەکی واتایی دیاریکراو و جیاکردنەوەی واتایی نە بۆ (خەوتن)، نە بۆ (باوك، مناڵ، پارە، گێچی سەیارە) نییە. واتە لەڕووە سیمانتیکییەکەوە، واتاکانی هەرکام لە پێکهێنەری نموونەکانی(٢١) دابەشناکرێت بۆ واتای فەرهەنگیی و واتای لاوەکیی و ڕەوانبێژیی...هتد. بەڵکو پێویستە واتای ئینسکلۆپیدی هەریەکە لە(خەوتن، باوك، مناڵ، پارە، گێچ) نەك هەر لەبەرچاو بگیرێن، بەڵکو کاتێك قسەکەران دەربڕینیان دەبێت، ئەوا ئەو سروشتەیان لەبەرچاو گرتووە و گوێگرانیش دەبێت مامەڵەیەکی ئینسکلۆپیدی بکەن لەگەڵ دانەکان و سروشتی ئاوێتەبوونی دانەکانیش، چونکە سروشتی واتا لەنێوان سێکوچکەی (قسەکەر، گوێگر، قسەکەر و گوێگر) بەمشێوەیەیە:**

---

[١]- ئەم بابەتە بەوردی لەڕوانگەی (ڕێزمانی درکپێکردنەوە) دەخرێتەڕوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
**a**- Langacker R. (1987). **b**- Hasan A.(2012).

[٢]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: - Langacker R. (1987:147-182).

- قسەکەر: هەڵهێنجانی واتا،
- گوێگر: واتا_هەڵهێنجان
-قسەکەر و گوێگر: واتای هەڵهێنجراو.

بەو واتایەی، کە کردەی واتا_دروستکردن لەڕوانگەی قسەکەرەوە (هەڵهێنجانی واتا)یە و لەمپێناوەدا دەربڕینی دەبێت. لەکاتێکدا لەڕوانگەی گوێگرەوە (واتا_هەڵهێنجان)ە لە دەربڕاوەکانی قسەکەرەوە، بەڵام تەواوی پڕۆسەکە لە پەیوەست بە هەرکام لە گوێگر و قسەکەرەوە (واتای هەڵهێنجراو)ە.
دەتوانرێت پێکهاتە ڕێزمانییەکانی نموونەکانی (٢١) لە خشتەی (١)دا بخرێتەڕوو، کە زیاتر پەیوەستە بە سەرەتاکانی ڕوانینی ئینسکلۆپیدی لە واتای وشەکان، کە لە تیۆری (ڕێزمانی) بار و حاڵەتی (فیلمۆر)ەوە سەرچاوەی گرتووە و بەچوارچێوەی سیمانتیکیی (خەوتن) ئاماژەی پێدەدرێت:

| خەوتن | | | |
|---|---|---|---|
| بکەر | بەرکار | ف . پ ن | کردار |
| باوك | * | * | خەوت |
| من (چەمکێکی ئەزمونکراوی نەگوتراو) | منداڵ | لەسەربان | خەواندن |
| من (چەمکێکی ئەزمونکراوی نەگوتراو) | پارە | * | خەواندن |
| ئەو (چەمکێکی ئەزمونکراوی نەگوتراو) | گێچی سەیارە | * | خەواندن |

خشتەی (١)
بونیادە ڕێزمانییەکان و ڕۆڵیان لە پێکهێنانی چوارچێوەی سیمانتیکیدا

بەمشێوەیە تەواوی پێکهێنەرە ڕێزمانییەکانی نموونەکانی (٢١) پێکەوە بە ئەرکە ڕێزمانییەکانیانەوە لایەنە ڕێزمانییەکان بۆ واتاکان پڕاوپڕ دەکەن. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە واتای یەك بەیەکی دانەکان بەتەنها واتا بەرهەمناهێنێت، بەڵکو سەرەڕای ئەمەش لەبەرچاوگرتنی هارمۆنییەت و کارلێکی دانەکان پێکەوە هەنگاوێکی پێویست و گرنگە. واتە سروشتی ئینسکلۆپیدیای (باوك) بەتەنیا و (خەوتن)یش بەتەنیا، پاشان لەبەرچاوگرتنی سروشتی ئینسکلۆپیدیی هەرکام لە (باوك) و (خەوتن) لەیەك پێکهاتەدا و ئەو چوارچێوە سیمانتیکییەی، کە بەهۆی هاتنیان پێکەوە دروستی دەکەن، کە لە (٢١-ا)دا خراوەتەڕوو. هەروەها (منداڵ) بەتەنها و (خەوتن)یش بەتەنها، دواتر سروشتی ئینسکلۆپیدیی (منداڵ و خەوتن) پێکەوە و پەیوەندییان لەگەڵ بکەری هەمان ڕستە(٢١-ب)، کە لەشێوەی چەمکێکی ئەزمونکراودا لە ڕستەکەدا درکپێکراوە، واتایەکی دروست بەرهەمدەهێنن. بەهەمانشێوە (خەوتن) لە (٢١-پ)دا بەهۆی کارلێکی

**لەگەڵ (پارە)دا، تێگەیشتنێکی تەواو جیاواز لە واتای هەمان (خەوتن)ی (٢١-ا، ب) بەدەستدێت، ئەمەش بەهۆی هاتنی (خەوتن) لەگەڵ (پارە)دا. هەروەها ئاخێوەران بەرکەوتن و ئەزمونێکی جیاوازیان هەیە لەگەڵ (خەوتن)ی (٢١-ت)، ئەمەش بەهۆی ئاوێتەبوونی واتایی(خەوتن) لەگەڵ یەکە پێکهێنەرەکانی دیکەی (٢١-ت)دا.**

**بنەمای چوارەم لەسیمانتیکی درکپێکردندا، جەخت لەسەر پرۆسەی بونیادنانی واتا دەکاتەوە، واتا_دروستکردن بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن بەچەمککردنە(بونیادنانی واتا بەچەمککردنە). لەمڕوانگەیەوە زمانەوانانی سیمانتیکی درکپێکردن دەڵێن: "زمان بەتەنیا خۆی ئینکۆدی واتا ناکات"[١].**


**وەك پێشتریش خرایەڕوو، وشە و یەکە زمانەوانییەکانی تر وەك دەروازەیەکی کۆزانیارین بۆ واتا. بەڵام پرۆسەی بونیادنانی واتا لەسەر بنەمای بەچەمککردنە لەلای مرۆڤی بەچەمککەر. لێرەدا مەرجنییە فۆڕمێکی ڕاستی لە جیهاندا بۆ واتای زمانی هەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی بونیادنانی واتا یەکسانە بە (بەچەمککردن)، واتە شێوازێك لەڕاستی چۆنییەتی بەچەمککردنی جیهان لەلای مرۆڤی بەچەمککەر بەهەند وەردەگیرێت. واتا ڕاستە هەمبەر بەڕاستی بەچەمککردنەکان، بەچەمککردنەکانیش پەیوەستن بە کۆمەڵێك لایەنی دیکەی نازمانییەوە، بەکورتی بیرۆکەی واتا لە سیمانتیکی درکپێکردندا، پەیوەستە بە سروشتی بەچەمککردنەکانەوە، نەك ڕاستی بۆیە دەگوترێت: "واتا لەپێش ڕاستییەوە دێت"[٢].**

**واتا وەك ڕاستی و ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بۆ هەر مرۆڤێك، چونکە لەسەر بنەمای پرۆسەی بەچەمککردنەکەی بونیادی ناوە، نەك لەسەر بنەمای ڕاستی خودی جیهان. بەپێی ئەم شیکردنەوانە مرۆڤەکان، کە واتاکانیان لایە، بۆ هەریەکێکیان گوزارشت لەبەشێکی چەمکێکی دیاریکراو دەکات. چونکە واتا بەپێی هەر مرۆڤێکی قسەکەر بەچەمککراوی ئەزمونێکی بەرجەستەکراوی دیاریکراوە. بەمشێویە وشەکانی زمان بەپێی بەرکەوتەکانیان بەمرۆڤ و گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵ واتای جیاوازیان دەبێت. وشەی (زار) بۆ زمانەوانەکان، ئاماژە بەچەمکێکی تایبەت دەکات، لەکاتێکدا هەمان وشە بۆ یاریکەرێکی (تاوڵە) واتایەکی جیاوازتری دەبێت، بەهەمانشێوە لەکاتی بەکارهێنانە ئاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی وشەی (زار)دا، چەمکێکی دیکە لەخۆدەگرێت. لێرەدا وشەی (زار) هەڵگری کۆمەڵێك لایەنی چەمکی و ناوەڕۆکی چەمکیی جیاوازە، بەپێی بەچەمککردنەکەیان و خودی وشەکەش وەك دەروازەی ئەو ناوەڕۆکە چەمکییە ڕۆڵدەگێڕێت بۆ هەریەك لەلایەنەکان. ئەم ڕوونکردنەوانە، بەهێڵکاریی(٨) دەخرێتەڕوو:**

---

[1]– Evans V. and Green M. (2006:162).

[2]– Allwood J. and Gärdnfors P.(1999:21).




**هێڵکاریی (٨)**

**مۆدێلی جیهانی بەچەمککراو و بونیادنانی واتا[١].**

**واتا پەیوەندیدارە بەو بوونەی، کە لە جیهاندا هەیە، بەڵام بەپاڵێوەری بەچەمککردندا دەڕوات. بۆ نموونە واتای وشەکانی (کەرەوز، تەڕەتیزە، کەوەر، شویت، مەعدەنوس....هتد) لەلای کورد مەودای چەمکی(سەوزە) پێکدەهێنن. بونیادنانی واتایی بۆ ئەم چەمکە بەهۆی بەرکەوتنەکانی مرۆڤی کوردەوەیە بەمجۆرە جیاوازانەی سەوزە. کەواتە واتای وشەکان بەهۆی بەچەمککردنەکانی مرۆڤی کورد بونیادنراون. لەکاتێکدا بەهۆی جیاوازی بەرکەوتنەکانی مرۆڤی ئەوروپی بە (گێزەر، تەماتە، خەیار....هتد) ئەمانەش هەر لەمەودای (سەوزە)دان. بۆیە پرۆسەی بەچەمککردنێکی جیاوازی هێناوەتەئاراوە، کە ئاشکرایە واتاش لەهەناوی بەچەمککردنەکانەوە دێت. لەسەر ئەم بنەمایە، داڕشتنی (واتای زمانی) لەقۆناغی یەکەمدا پەیوەستە بەداڕشتنی پرۆسەی بەچەمککردن و پاشان بەچەمککردنیش پەیوەستە بە سروشتی ڕاستەقینەی یەکەی بەچەمککراو. بۆنموونە وشەی (بانگ) لەکلتور و لای مرۆڤی بڕواداری ئاینی ئیسلام،**

---

١– ئەم هێڵکارییە بەکەمێك دەستکارییەوە لە: .Dirven R. and Verspoor M.(2004:14) - وەرگیراوە.

(کات)یشی تێدا بەچەمککراوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بیرە، با سەرنج لە نموونەکانی (٢٢ و ٢٣) بدەین:


(٢٢) ا- کەی بڕۆین؟

ب- دوای بانگ.

(٢٣) ا- سەعات چەندە؟

ب- دەمێکە بانگی داوە.

لەهەرکام لەنموونەکانی (٢٢-ب) و (٢٣-ب)دا وشەی (بانگ) وەك پێکهێنەرێکی مەودای (کات) بەکارهێنراوە، ئەمەش بەهۆی ئەزمون و بەرکەتنەکانی بەچەمککەرانی ئەم وشەیە(بانگ) و بەکارهێنانی بۆ گەیاندنی واتای (کات) و واتاش لەڕوانگەی سروشتی بەچەمککردنەکانی ئاخێوەرانەوە بونیاد دەنرێت. بەڵام ئەگەر هاتوو هەمان وەڵامەکانی (٢٢-ب) و (٢٣-ب) ئاڕاستەی کەسێکی ئەوروپی بکرێت، ئەوا تێنەگەیشتن دروستدەبێت. ئەمەش بەهۆی جیاوازی بەچەمککردنەکانی مرۆڤە ئەوروپییەکان لەپەیوەست بە (کات)ەوە، کە (بانگ) لەئەزمون و شارەزاییەکانی ئەواندا نابێتە پێکهێنەرێکی مەودای (کات) و ناتوانێت دیارییبکات. ئەم بیرە لە هێڵکاریی (٩)دا کورتدەکرێتەوە:




هێڵکاریی(٩)

هەنگاوەکانی بونیادنانی واتا

بونیادنانی واتا یەکسانە بەپرۆسەی بەچەمککردن، کە پرۆسەیەکی داینامیکییە و یەکە زمانییەکان هۆکارن بۆ گەیشتن بە کردە چەمکییەکان، پەیکاڵ بەکۆزانیاریی پاشخان. بەمپێیە واتا پرۆسەیەکە زیاتر لەوەی پێکهاتەیەکی تایبەت و جیاکراوە و دابڕاوبێت، کە بتوانرێت وەك (گورزەیەك"Package") تەنها بە هۆی زمانەوە بونیاد و پێشکەشبکرێت، بەڵکو لایەنەکانی دیکەی درکپێکردنی مرۆڤەکان ڕۆڵی

سەرەکی لە بونیادنانیدا دەگێڕن. هەڵهێنجانی واتاش لەلایەن زمانەوە، وەك پێشتریش خرایەڕوو، پەیوەستە بەهەردوو لایەنی (قسەکەر و گوێگر)ەوە.
ئەوەی تائێستا خراوەتەڕوو، پێشکردەی (هەڵهێنجان"Construal")ە. تەنیا خستنەڕووی سروشت و پرۆسەی بەچەمککردن و چۆنییەتی ئینکۆدکردنی واتابوو لەلایەن زمانەوە، هەموو ئەم لایەنانەی(داڕشتنی چەمکی/بەچەمککردن و بونیادنانی واتا...هتد) لەکردەی هەڵهێنجاندا ئەنجامدەدرێن و لەئەبستراکتییەوە فۆڕمێکی کۆنکرێتی وەردەگرن، ئەمیش هەر پەیوەستە بە لایەنەکانی درکپێکردنی مرۆڤەوە. بەپێی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن، دوای خستنەڕووی تەواوی خاسیەت و تایبەتیمەندییەکانی(چەمك، بەچەمککردن، واتا) هەنگاوی خستنەڕووی ئەم بوارانە دێنەئاراوە. سەرەڕای ئەم لایەنانەی سەرەوە، ئەوەش دەخرێتەڕوو، کە واتای هەموو دەربڕاوە زمانییەکان تەنیا بەهۆی ناوەڕۆکە چەمکییەکانەوە پاڵپشتی ناکرێت، بەڵکو هاوتا بەناوەڕۆکەکان، خاڵی گرنگیش چۆنییەتی گوزارشتکردن و خستنەڕووی ئەم ناوەڕۆکانەیە.
هەموو داڕشتەیەکی هێمایی، گوزارشت لەناوەڕۆکەکەی دەکات، بەڕێگایەکی دیاریکراو. "لەدابەشکردنەکانی پێشتردا بۆ واتا، دوو یان زیاتر لە دەربڕاوی زمانی، ئەگەر لەڕووی ناوەڕۆك و گەیاندنییەوە هاوتابوون، پێیاندەوترا هاوواتا. بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن، ئەگەر دوان یان زیاتر لەدەربڕاوە زمانییەکان هەمان ناوەڕۆکیشیان هەبێت، بەڵام هەر دوو پرۆسەی بەچەمککردنی جیاواز دەنوێنن"[١]. لەمڕوانگەیەوە ئامانج دۆزینەوەی ڕێگاکانی فراوانکردنی بەرهەمهێنانی واتایە، بەهۆی/لەلایەن توانا چەمکی و پەیپێبردنەکانی مرۆڤەوە. قسەکەران دەتوانن کۆزانیارییە درکپێکراوەکانیان بەڕێگای هەمەجۆر دەربڕن. لە زانستی زمانی درکپێکردندا و بەدیاریکراویش لە ڕێزمانی درکپێکردندا، ئەم دیاردەیە پێیدەگوترێت (هەڵهێنجان)، کە ئەم زاراوەیە لەلایەن (لانگەکەر)ەوە پێشنیازکراوە لەگەشەپێدانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی درکپێکردندا. "بونیادە ڕێزمانییەکان لەسەر بنەمای وێناکردنە باوەکان بونیاد دەنرێن، کە ڕەنگدانەوەی تواناکانمانن بۆ گوزارشتکردن لەبارودۆخی هەبوو بەڕێگای جیاواز"[٢]. مۆدێلی بەچەمککردن لەپەیوەست بەمرۆڤە جیاوازەکانەوە، مۆدێلێکی جیاواز و تایبەتە، تەنانەت بەچەمککردن لەیەك بارودۆخ و لای یەك کەسیش بەپێی ئەو توانایەی، کە مرۆڤەکان هەیانە بۆ بەچەمککردن و دواتریش هەڵهێنجانیان لەسەر بنەمای بەچەمککردنەکانیان هەر جیاوازی

[1]– Qalandar R. (2013:14).
[2]– Langacker R. (1987:138).

تێدەکەوێت. بۆ نموونە ئەگەر پەرداخێکی نیوە لەئاو پەسنبکرێت، دەشێت بەنموونەکانی (٢٤) بخرێتەڕوو:

(٢٤) ا- پەرداخەکە ئاوی تێدایە.

ب- ئاوەکە لەناو پەرداخەکەدایە.

پ- پەرداخەکە نیوەی پڕە.

ت- پەرداخەکە نیوەی خاڵییە.

هەر چوار ڕستەکەش گوزارشت لەیەك بارودۆخی تایبەت و دیاریکراو دەکات، بەڵام بەڕێگای جیاواز. هەر هەڵبژاردنێکی قسەکەران لەنێوان لەبری یەکدانراوە هەمەجۆرەکاندا پێیدەگوترێت (هەڵهێنجان)، کە ستراتیژییەتێکی زمانییە و مەبەست لێی "توانای قسەکەرە بۆ بەچەمککردنی بارودۆخێك بەڕێگای جیاواز و بەکارهێنانی دەربڕاوی زمانیی جیاواز،تا نوێنەرایەتی ئەو بەچەمککبووە بکات لەئاخاوتندا"[١].

واتە پڕۆسەی هەڵهێنجانی واتا هەم لەکردەی پێش بونیادنانە واتاییەکاندا (بەچەمککردن) و هەم لەکردەی دوای بەچەمککردنیشدا(بونیادنانی واتا)، ئامادەیی هەیە و هەر بونیادنانێکی واتایی و دواتریش هەڵبژاردنی هەر قاڵبێکی ڕێزمانی بۆ گوزارشتکردن لێی، ڕاستەوخۆ ئاماژەدانە بە چۆنییەتی درکپێکردنی قسەکەران بەبارودۆخ و دیمەنەکان. لەبینینی دیمەنێکدا، ڕادەی ڕوانین و گۆشەنیگا و پەیپێبردن و سەرنجدان.... کاریگەرییان هەیە لەهەڵهێنجانی (چ بەچەمککردنێکدا، بونیادنانی چ واتایەك، هەڵبژاردنی چ قاڵبێکی سینتاکسیی)، بۆنموونە:

- دور و نزیکی لە دیمەنەکە،
- چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە،
- هەڵبژاردنی چ لایەنێك بۆ گوزارشتکردن لێی،
- چ لایەنێك زۆرترین سەرنج ڕادەکێشێت،
- چۆن دەبینرێت....

ئەوەی گرنگە باسبکرێت، ئەو لایەنانەن، کە (لانگەکەر) دەیانخاتە ڕوو و ڕۆڵی سەرەکییان هەیە بۆ ڕەخساندنی فراوانترین ڕووبەر لەدیاردەی هەڵهێنجاندا، ئەوانیش:


"- وردیی و دیاریکراوی" Specificity"
- تیشکخستنەسەر/سەرنجدان"Focusing"

---

[1]– Abdullah Kh. A. (2013:13-14).

- دەرکەوتن/بەرچاوی"Prominence"
- پەیپێبردن"Perspective""[١].

**هەریەکێک لەمانە لایەنێك پێکدەهێنن، بۆ پرۆسەی هەڵهێنجان. یەکێك لەڕەهەندەکانی هەڵهێنجان ئاست و پلەی وردیی و وردەکاری و دیاریکراوییە لەباسکردنی (بارودۆخ، دیاردە، ڕووداو، کەس...هتد). بۆنموونە هێڵکاریی (١٠) دەتوانرێت لە فراوانترین دیاریکردنەوە بەرەو وردترین دیاریکردن پەسنی کەسێکی پێبکریت**




**هێڵکاریی (١٠)**

**توانا جیاوازەکان بۆ هەڵهێنجان، لەسەر بنەمای وردی و دیاریکراوی**

**هەموو هەنگاوەکانی هێڵکاریی (١٠)، تەواوی هەڵهێنجانە جیاوازەکانی بەردەست قسەپێکەرانە بۆ گوزارشتکردن لەکەسێکی دیاریکراو.**

**بۆنموونە دەتوانرێت لەپەسنکردنی (کەش و هەوا)دا نموونەکانی (٢٥) هەڵهێنجانە جیاوازەکانبن:**

**(٢٥) ا- ئەمرۆ گەرمە.**

**ب- پلەی گەرما لەسەرو چلەوەیە.**

**پ- پلەی گەرما لەنێوان (٤٥-٥٠)پلەدایە.**

**ت- پلەی گەرما (٧. ٤٣)ە.**

---

[١]- Langacker R. (2013:55).

مرۆڤی قسەکەر دەتوانێت ڕستەکانی (٢٥) بۆ گوزارشت لە (بەرزیی پلەی گەرما) دەربڕبڕێت، کە ئەمەش نموونەیترین نموونەی توانای هەڵهێنجانی مرۆڤە بۆ بارودۆخێکی دیاریکراو بەڕێگای جیاواز لەسەر بنەمای وردیی و دیاریکراوی. بەمشێوەیە پلەی وردیی لە دەربڕاوەکاندا هۆکارێکە بۆ هێنانەکایەی ڕێگای جیاوازی گوزارشتکردن. کەواتە دەتوانرێت بارودۆخەکان گوزارشتیان لێبکرێت لەڕوانگەی دیاریکراویی زیاتر و خستنەڕووی وردەکاری لەسەریان.

یەکێکی دیکە لەهۆکار/ڕێگاکانی نمایشکردنی توانای مرۆڤ بۆ گوزارشتکردنی هەمەجۆر لەبارودۆخێکی دیاریکراو، (تیشکخستنەسەر"Focusing")ە. تیشکخستنەسەر ڕەهەندێکی دیکەی هەڵهێنجانە لەسەر بنەمای سەرنجدان لە چ بەشێکی ناوەڕۆکە چەمکییەکە بۆ گوزارشتکردن. ڕوانینی ئینسکلۆپیدی لەواتای فەرهەنگی جارێکیتر دەخرێتەوە بەر باس، چونکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆسەرنجدان لەهەموو لایەنە واتاییەکانی وشەیەك. "لەتەواوی مەوداکاندا، چەند دانەیەکیان بەهۆی سەرنجڕاکێشییانەوە باسدەکرێن، کە ئەمەش جۆرێکدەبێت لە(هەڵبژاردن"Selection")"[1]، ئەو هەڵبژاردنەش لەسەر بنەمای سەرنجدانە لەلایەن قسەکەرانەوە، سەرنجدانیش بابەتێکی پلەییە، کە ئامانجی تایبەتی و دیاریکراوی خۆی هەیە. سەرنجدان هەڵبژاردنی سەرەتایی بۆ ناوەڕۆکە چەمکییەکان لەخۆدەگرێت، تا لەڕێی یەکە زمانییەکانەوە گوزارشت لەچۆنییەتی و پلەی سەرنجدان بکات، کە هەندێکجار مەبەستدارە و هەندێکجاریش سەپێنراوە. لەڕوویەکی دیکەشەوە، خۆی لەخۆیدا هەڵبژاردن بۆ سەرنجدان بەمانای شاردنەوە یان دیارینەکردنی شتی تر/لایەنی تری شیانی باسکردنە. بۆنموونە با لایەنی سەرنج لەبارودۆخی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی (ڕووسی) لەلایەن (تورکیا)وە لەنموونەکانی (٢٦) و هێڵکاریی(١١) دا دیاریبکەین:

(٢٦) ا- فڕۆکەیەکی ڕووسی لەلایەن تورکیاوە هێرشی کرایە سەر.


ب- فڕۆکەیەکی ڕووسی کەوتە خوارەوە.

پ- فڕۆکەوانە ڕووسییەکان کوژران.

ت- زیانی (٦٠)ملیۆن دۆلار بە ڕووسیا کەوت.

---

1– Langacker R. (2013:57).





**هێڵکاریی (١١)**

**لایەنی سەرنج لەناو مەوداکانی تری گوزارشتکردن**

**خاڵی سەرنجڕاکێش لەتەواوی ڕستەکاندا، کە گوزارشت لەیەك بارودۆخی تایبەت و دیاریکراویش دەکەن(تێکچوونی پەیوەندی تورکیا و ڕووسیا)یە، زیاتر لەهەرکام لەڕووداوەکانی (کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکە، کوژرانی فڕۆکەوانەکان، زیانی مادی....هتد).**

**کەواتە قسەکەران سەرنج لەلایەنی مەبەستی خۆیان دەدەن و بەچەمکی دەکەن و گوزارشتی لێدەکەن، کە دەشێت لەهەمان بارودۆخدا، کە (A) سەرنجی لەلایەنێك داوە، هەریەکە لە (B) و (C) سەرنج لەلایەنێکی دیکەی بدەن و گوزارشتی جیایان هەبێت بۆ بارودۆخی دیاریکراو. دیارترین نموونەش بۆ ئەمە، دەشێت پێکهاتەیەکی فرەلا بهێنرێتەوە، کەسەرنجدان لەهەر لایەکی ئاماژە بەسەرنجدان لەپێکهاتەکە بدات، بۆنموونە وێنەی (١) لەچەند لایەکی جیاوازەوە سەرنجی لێدەدرێت و دەتوانرێت هەر سەرنجدانێکیش بەجۆرێکی هەڵهێنجان ناوببرێت.**



**وێنەی (١)**

**پاڵنەرێکی دیکە، کەبەهۆیەوە مرۆڤەکان توانای هەڵهێنجانی هەمان بارودۆخ بەڕێگەی جیاوازی تێدا کارەکیی دەکەن، بواری (دەرکەوتن/بەرچاویی"Prominence")ە. مەبەست لەو خاڵە یان نیشانەیەیە، کە زۆرترین دەرکەوتویی هەیە، بەشیوەیەکی خورتی دەبێتە زەقترین نیشانەی ناسینەوە و زۆرجار**

گفتوگۆکان لەو خاڵەوە دەستپێدەکەن، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی، کە هەر شتێك دەتوانرێت گوزارشتی جیاوازی لێوەبکرێت لەدوو ڕوانگەوە:

- سروشتی پێکهاتەکەی، کە دەتوانێت بەڕێگای جیاواز دەربکەوێت.

- بەهۆی توانا هەمەجۆرە درکپێکردنەکانی مرۆڤ، کە ئاست و شێواز و تێگەیشتنی جیاواز لەبەچەمککردنەکانیدا بەرجەستەدەکات و لەکۆتایشدا هێنانە ئارای گوزارشتی هەمەجۆر بەڕێگای هەڵهێنجان. دیارترین نیشانەکان لەمەوداکاندا ئاسانتر بەردەست دەکەون و خێراتر سەرنج ڕادەکێشن. بۆیە قسەکەران لەپێناو تێگەیشتنی زیاتر و خێراتردا تیشکدەخەنەسەر دیارترین نیشانە لەکاتی بەکارهێناندا یان بەمەبەست(ئەم دیاردەیە لەبەکارهێنانە مێتافۆڕییەکاندا بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت، کە تێیدا پەسنی شتێك دەکرێت بەو شتەی دیکە، کە زۆرترین نزیکی لێوە هەیە). لەمڕوانگەیەشەوە هەمیشە دوولایەن جیادەکرێتەوە:

- پێشخان/ڕووبین"Foreground"

- پاشخان"Background"

دیارە، کەبەردەوامی پێشخان(ڕووبین) دەرکەوتووترە لەپەیوەست و پەیوەند بەپاشخانەکەیەوە. بۆ نموونە دەرکەوتووترین نیشانە لەگیانداریکی وەك(فیل)دا، دیارە ، کە چەند نیشانەیەك لەخۆدەگرێت، بەڵام پەیوەست بەلایەنی/خاڵی دەرکەوتوویی و بەرچاوییەوە لە (فیل)دا، هەریەکە لە (قەبارە، لوت)یەتی. ئەم نیشانە دەرکەوتووانە پێیاندەگوترێت (پێشخان/ڕووبین"Foreground") و بەنیشانەکانی تری توانای گوزارشتکردن لە (فیل) دەگوترێت ( پاشخان"Background"). بەڵام نیشانە دیارەکان بوارێکی گرنگ پێکدەهێنن بۆ گوزارشتی گشتی تا ئەو ڕادەیەی، کە هەندێکجار نیشانەیەکی دیار دەبێتە خاڵی ناسینەوەی سەرتاپای بابەتەکە و جێگای تەواوی لایەنەکانی تری گوزارشتکردن دەگرێتەوە و دەبێت بەناوی دووەم بۆی. بۆنموونە (گوێدرێژ)، دیارترین نیشانە لە ئاژەڵێکدا بووەتە هۆکاری تەواوی ناونانەکەی، لەمەیش زیاتر لەپەسنکردنی مرۆڤیشدا ئەم نیشانە دیارەی گیاندارەکە بۆ پەسنی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت. بەمشێوەیە ئەو لایەنە دەرکەوتووە دەبێتەخاڵی دەستپێك لەڕوانینی گشتی. لەپەیوەست بەم لایەنەی هەڵهێنجانەوە (لانگەکەر) جارێکیتر هەردوو زاراوەی (بنەما"Base") و (پوختە"Profile") دەهێنێتەوە، کە چۆن (پوختە) دەبێتە خاڵی ئاماژە بۆناوەڕۆکە چەمکییەکە، بەهۆی دەرکەوتووی ئەو لایەنەوەی، کە گوزارشتی لێکراوە (ئاماژەی چەمکی"Conceptual Referent"). بۆنموونە دەرکەوتووترین نیشانەیەك لەوشەکانی (مزگەوت، کڵێسا....هتد) ئاشکرایە، کە (خوداپەرستی)یە بۆیە

ئەگەر ڕستەکانی (٢٧) ببیسترێت، یەکەمین بیرێك، کە دروستدەکرێت لەسەریان، لایەنی ئاینی و پەرستنە:

(٢٧) ا– مزگەوتێکمان دروستکرد.

ب– کڵێساکە نۆژەندەکرێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی، کە ناوەڕۆکە چەمکییەکانی ئەم وشانە کۆمەڵێك لایەنی دیکە لەخۆدەگرن، بۆنموونە(شوێنی خوێندن، کۆبوونەوەی جەماوەری، گێڕانی پرسە یان ئاهەنگ (کەتایبەتە بە ئاینی مەسیحی...))، بەڵام دەرکەوتووترین نیشانە لەم وشانەدا دیاریکراوە، کە چۆن لەهەمان کاتیشدا دەبن بە(پوختە)ی ئەو چەمکانە.

یەکێك لەڕەهەندە گرنگەکانی هەڵهێنجان، کەلەم بوارەدا بەفراوانی ڕۆڵی هەیە (پەیپێبردن "Perspective")ە کە (لانگەکەر) لەبارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر بەچەمککردن خستنەڕووی دیمەنێك بێت، ئەوا پەیپێبردن ڕێکخستنی بینینەکەیە"[١]. پەیوەست بەم لایەنەی هەڵهێنجانەوە، سروشتی واتا لە سیمانتیکی درکپێکردندا بەزاراوەی (پەیپێبردن) پەسنکراوە و یەکێکە لەخاسیەتە دیارەکانی واتای زمانی لەقوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردندا، کە جارێکیتر لێکدانەوەکان بەپێچەوانەی ڕێبازی (مەرجی ڕاستی) واتای زمانی دەخەنەڕوو. چونکە لەڕوانگەی (پەیپێبردن)ەوە، واتا لەزماندا ڕەنگدانەوەی لایەنی پەیپێبراوی مرۆڤە بۆ جیهان[٢]. واتە مرۆڤ چۆن لەجیهان دەڕوانێت؟ لێرەوە (بەکاتیگۆریکردن) دێتەناوەوە و هەروەها بەچەمکی دەکات، نەك خودی جیهان چۆنە. بەمپێیە مرۆڤ(قسەکەر) تاکگەراییانە پەی بەجیهان (مەبەست لەواتایە) دەبات و داڕشتنەکان و هەڵهێنجانەکانیشی هەر لەو ڕوانگەیەوە دەبێت. "مۆدێلەکانی درکپێکردن بەشێوەیەکی سەرەکی پەیپێبردنانە دیاریدەکرێت، واتا سەربەخۆ نییە لەپەیپێبردن"[٣]. بۆنموونە قسەکەران بارودۆخێك/ڕووداوێك، دیاردەیەکی دیاریکراو دەبینن، بەڵام لایەنی پەیپێبردنیان جیاوازی دەخاتە نێوان دەربڕینەکانیان، ڕووداوێکی بابەتییانە، خودگەراییانە گوزارشتی لێدەکرێت، لەلایەن تەواوی گوزارشتکەرانەوە، بەهۆی پەیپێبردنیانەوە. باسەرنج لەگفتوگۆی نێوان دوو کەس بدەین، کە تێیدا چۆن پرسیارکەر و وەڵامدەرەوە، هەرکامیان لەڕوانگەی تاکێتی خۆیانەوە گوزارشتدەکەن. وەك نموونەکانی (٢٨ ، ٢٩) :

---

[1]–Langacker R (2008:73).

[٢]– زانیاریی زیاتر دەبینرێتەوە سەبارەت بە خاسیەتی پەیپێبراوانەی واتا بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن، بڕوانە لا(٣٥–٣٨)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[3]– Allwood J. and Gärdnfors P.(1999:21)

**(٢٨) ا– X: ئازاد وەڵامی نەدایەوە؟**

**ئەگەر پەیوەندی کرابێت بە ئازادەوە و وەڵامی نەدابێتەوە) وەڵامی گوێگر :**

**ب– Y: نەخێر.**

**قسەکەر (پرسیارکەر) لەڕوانگەی ئاوەزداریی خۆیەوە کرداری ڕستەکەی بە(نەریٚ) دەربڕیوە، گوێگریش لەڕوانگەی ئاوەزداریی خۆیەوە وەڵامی پرسیارەکەی بە (نەریٚ) داوەتەوە. لەکاتێکدا، کە دەبێت وەڵامی گوێگر (بەڵیٚ)بێت، چونکە کاتێك دەڵێت (نەخێر)، هاوکێشەکە بەمشێوازەی لێدێت:**

**(ئازاد وەڵامی نەدایەوە؟)، (نەخێر) بۆ (نەرێکەی تۆ)، واتە (نەخێر، وەڵامی دایەوە)، لەکاتێکدا وەڵامیش نەدراوەتەوە، کە دەبوو بڵێت (بەڵیٚ، بۆ نەرێکەی تۆ)، چونکە کردەکە (نەریٚ)بووە.**

**لەڕوانگەیەکی دیکەوە، ڕستەکان دادەڕێژرێنەوە:**

**(٢٩) ا– X: ئازاد وەڵامی دایەوە؟**

**ب– Y: نەخێر.**

**ئەگەر سەرنجبدرێت، وەڵامی گوێگر لەهەردوو باری (ئەریٚ، نەریٚ)ی قسەکەردا، هەر (نەخێر)ە، بۆ سروشتی ڕوداوی (وەڵامنەدانەوەی ئازاد)، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە هەرکامیان لەڕوانگەی ئاوەزداریی تاکێتی خۆیانەوە گوزارشتیان کردووە.**

**(لانگەکەر) لەپەیوەست بەهەڵهێنجانەوە بەهۆی (پەیپێبردن)ەوە، دیاردەی (ڕێکخستنی بینین** "Viewing Arrangment"**)دەخاتەڕوو، کە بریتییە لە "کۆپەیوەندی نێوان (بینەر**"Viewers"**) و (بینراو** "Viewed"**)**[١].

**ئەوەی سەبارەت بە (بینراو)بێت، ڕوونە و ڕووداوێکی بابەتییانەیە، بەڵام ئەوەی سەبارەت بە (بینەر)بێت پەیوەستە بەئاست و شێواز و چۆنییەتی پەیپێبردنی بۆ (بینراو). لە (ڕێکخستنی بینین)دا سەبارەت بە گوزارشتکردن لە شوێن، بەڕوونی لایەنی پەیپێبردنی کەسییانە ڕەنگدەداتەوە، بەتایبەتی لەپەیوەست بە ئاڕاستەکانی وەك(سەرەوە، خوارەوە، تەنیشت، پشت، خۆرهەڵات، باشور...هتد). کاتێك قسەکەر بیەوێت شوێنی خۆی بەکەسێك بڵێت لەپەیوەندی تەلەفۆنیدا، لەڕوانگەی پەیپێبردنی خۆیەوە بەشوێنەکە، ئاڕاستەکە دیاریدەکات. بۆنموونە قسەکەر ڕستەکانی (٣٠) بەبەراوردی شوێنی خۆی، لەگوێگر دەگەیەنێت:**

---

[1]– Langacker R. (2013:73).

(٣٠) ا- لەسەرووی مزگەوتەکەوەم.

ب- لەتەنیشت خەستەخانەکەدام.

لەکاتێکدا (سەروی مزگەوتەکە) تەنیا بۆ قسەکەر ئاڕاستەی (سەرەوەیە)، دەشێت بۆ گوێگر هەر ئاڕاستەیەکی تربێت جگە لەسەرەوە، هەمان ڕاستیش سەبارەت بە (٣٠-ب). ئەوە ڕوونە، کە(خەستەخانەکە) (چوار) تەنیشتی هەیە، بەڵام قسەکەر بەپەیبردن بەو شوێنەی خۆی گوزارشتی لەئاڕاستەی (تەنیشت)کردووە. کەواتە سیستەمی کارکردنی زمان لەڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، سروشتێکی هەمەلایەنەیە و پەیوەستە بە کۆمەڵێ کارلێکی دیکەی نازمانییەوە و تەواوی دیاردە زمانییەکانیش لەمڕوانگەیەوە سەرنج لێدەدرێت. هەرچەندە هەر لەناو خودی بەکارهێنانە زمانییەکان و ئاخاوتنە ئاساییەکاندا چەندین دیاردەی دیکە هەن، کە ئەمانیش خودی خۆیان لەڕوانگەیەکی درکپێکراوەوە بونیادنراون(لەنموونەی مێتۆنیمیی) و لەناو پڕۆسەیەکی درکپێکراوی فراوانتردا کاردەکەن، کە زمانە.

# بەشی دووەم

## پێڕەوی بەچەمککردنی مێتۆنیمی و چەشنەکانی لە زمانی کوردیدا

## ١/٢) پێڕەوی بەچەمککردنی مێتۆنیمی

ئەو پێڕەوە بیرییە ئاڵۆزەی، کە لەزماندا بەکارە و وایکردووە تەنیا دروستکراوە خاوەن بیرەکانی وەك مرۆڤ توانای دەسەڵاتشکانەوەی هەبێت بەسەر تەواوی پنت و لایەنە قوڵەکانیدا، پەی بەشاراوەیی و هێزە ناوەکییەکەی بەرێت. هەر لەم پێناوەدا لەچەندین ڕەهەند و بواری جیاواز لەیەك و هاوکات یەکگرتووش لەیەك خاڵدا(کە زمانە) سەرنجی دراوەتیٚ بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن و ئاسانکردن و خستنەڕووی پێڕەوی بیریی و زمانیی مرۆڤ، هەم چۆن بیردەکاتەوە؟ هەم زمانیشی چۆن دادەڕێژرێت، بەهۆی بیرییەوە؟
لەم پارەدا یەکێك لەڕەهەندە دیارەکانی زمان و زمانەوانی دەخرێتەڕوو، کە(مێتۆنیمی)یە.
بابەتێکی وەك مێتۆنیمی، کەبەشێوەیەکی فراوان لەبەکارهێنانە زمانییەکانماندا بەدیدەکرێت و بەبەردەوامی یەکێکە لەتوانا بیریی و زمانییەکانی مرۆڤ، بەدرێژایی مێژووی لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە سەرنجی لێکۆڵەران و زمانەوانانی بەشێوەی جیاواز ڕاکێشاوە بۆ خستنەڕووی چۆنییەتی ستراتیژی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لەڕێی بەکارهێنانە زمانییەکانەوە، کە مێتۆنیمیش یەکێکە لەڕێگاکانی پەیپێبردنی قسەکەران تا لەڕێیەوە گوزارشتێکی تەواویان بۆ دەق و بارودۆخەکان هەبێت. هەربۆیە لێکۆڵینەوەی سروشتی مێتۆنیمی و پێڕەوی دروستبوون و چۆنێتی کارکردنی هۆکارێکی گرنگە بۆ پەیپێبردن بەپێڕەوی بیری قسەکەران، چونکە مێتۆنیمی بەشێکی گرنگ لەشارەزاییە زمانی و بیرییەکانمانی تیادا هەڵگیراوە.

### ١-١/٢)بنەما تێڕامانە گریمانکارییەکانی مێتۆنیمی

زمانی مرۆڤ بەهۆی بوونی ئەو باگراوەندە بیرییەی، کە هەیەتی بەردەوام لەهەوڵدایە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی مرۆڤ، لەمپێناوەشدا هەرجۆرە ڕێپێدانێك بەپێی یاسا زمانییەکانی لەخزمەتی بیرەکانیدا ئەزمونکردووە و دەیکات. لەم وەچەپارەدا بەچڕی کار لەسەر واتا(لەناو چەمکدا) و سروشتی گۆڕانکاریی واتا(کە دەبێتەهۆی هێنانەئارای چەند دیاردەیەکی زمانی (بۆنموونە مێتۆنیمی)) لەبارێکی بەکارهێناوە بۆ یەکێکی تر دەکرێت[*]. تەواوی دابەشکارییە کلاسیکییەکان بۆ واتا دووجۆرە:

---

[*] وشەی ( مێتۆنیمی"Metonymy")، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگێکی یۆنانی (μετωνυμία)، بەواتای (گۆڕینی ناو)، کە لە دوو بەشی (Metá) بەواتای (پشت/دوا) و پاشگری (onyma) بەواتای (ناو)، کە پێکەوە وشەی (Metonymy)یان پێکهێناوە. هەروەها لەزمانی عەرەبیدا لەبەرانبەر زاراوەی (کنایە) بەکاردەهێنرێت. لەزمانی کوردیدا و لەبوارە ئەدەبییەکەدا بەزاراوەی (درکە) گوزارشتی لێدەکرێت و لەزمانەوانیشدا بەواتای (ناونانەوە) بەکاردەهێنرێت. بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەر زاراوە ئینگلیزییەکە بەکاردەهێنرێت و بەشێوەیەکی گشتیش لەلێکۆڵینەوە

**– واتای فەرهەنگی ،**

**– واتای نافەرهەنگی.**

**واتە بەگشتی جۆرەکانی واتا دابەشکراوەتە سەر ئەو دووجۆرە[١]. لەکاتێکدا تەواوی جۆرە جیاوازەکانی واتا لەسیمانتیکی درکپێکردندا، لەخاسیەتی ئینسکلۆپیدیدا بۆ واتای زمانی دەخرێتەڕوو. هەروەها ئەم بابەتە(واتا) و سروشتی گۆڕانی واتای فەرهەنگیی وشەکان لەواتایەکەوە بۆ واتایەکی تر(کە وا گریمانە دەکرێت مێتۆنیمی لەئەنجامی گۆڕانی واتایی وشەکانەوە سەرچاوەبگرێت)، بەدرێژایی مێژووسەرنجی (فەیلەسوف، زمانەوان، دەروونناس، کۆمەڵناس، ئەدیب...هتد)ی بۆخۆی ڕاکێشاوە و لێدوانی تایبەتییان (بەپێی بوارەکە) لەبارەیەوە هەبووە. "هەر لەسەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆوە دوو ئاست بۆ زمان جیاکرابووەوە(دەنگ و وتا)"[٢]. بەڵام تاماوەیەکی دواتریش کارکردنەکان تەنیا لەسەر واتای فەرهەنگیی وشەکانبوو و هەر ئەمجۆرەی واتاش پەسەندبوو، ئەمە نەك بۆ واتای زمانی یەکلاییە، بەڵکو گۆڕانکاریی لەواتای وشەکاندا بۆ زمانی هونەریش(لەنموونەکانی بەکارهێنانی ڕەوانبێژییانە) تا ئاستێکی زۆر ڕێگە پێنەدراوبوو. ئەم ڕوانینانە هەر لەسەردەمی سۆفستاییەکان و سوکرات و ئەفلاتونەوە سەرنجی تایبەتی دراوەتێ. بۆنموونە سۆفستاییەکان هەموو هەوڵێکیان سەبارەت بە واتای خوازراوی وشەکان و بەکارهێنانە ڕەوانبێژییەکانی زمانبوو، ڕەوانبێژیش بەبڕوای سۆفستاییەکان "هونەری قسەکردنە، کە هێزێکی ناوەکیی دەدات بەبەکارهێنەرەکەی تا باوەڕ بەبەرانبەر بهێنێت لەدواندنەکاندا و پەیوەندیدارە بەهەموو ئەو بەڵگانەوە، کە پێویستن بۆ بڕواهێنان، نەك فێرکردن و زانین"[٣]. ئەمەش لەتەواوی گفتوگۆ و چالاکییەکانیاندا ڕەنگی دابووەوە، بەڵام دواتر ئەفلاتون بەتەواوی دژیان دەوەستێت و بەکارێکی ناڕەوا و نازانستی لەقەڵەمدەدات. بۆنموونە "سۆفستاییەکان لەبابەتی گۆڕینی واتای وشەدا بەبێئەوەی سەرنج لەواتای فەرهەنگیی وشە بدەن و پەیڕەوی سروشتی زمان بکەن، دەستیانکرد بەلێکدانەوەی زمانی**

---

زمانەوانییە کوردییەکاندا هەر (مێتۆنیمی) بەکاربراوە. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە لایەنی ئیتیمۆلۆژیی وشەکە بڕوانە (www.Oxforddictionaries.com/definition). هەروەها لەبواری بەکارهێنانی لەلێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانی کوردیدا، بڕوانە:

ا– بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٠: ٨٦–٨٧). ب– محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩– ٢– : ٨٤). پ– تریفە عومەر ئەحمەد(١٣٤:٢٠١٣).

[١]– جۆرەکانی واتا بەپێی قوتابخانە و تیۆر و تێڕوانینە جیاوازەکان، جیاواز کەوتووەتەوە، هەر قوتابخانەیەك بەپێی سروشت و تایبەتێتی خودی قوتابخانەکە جۆرەکانی دیاریکردووە. بۆزانیاریی زیاتر سەبارەت بە جیاوازیی تێڕوانین و دابەشکارییەکانی جۆرەکانی واتا بڕوانە:

ا– محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩: –١– و –٢– ). ب– عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠٠٩: ٨٦–٨٩). پ– محمد معروف فتاح(٢٠١١: ١٦٠–١٦٧). ت– فەرهاد تۆفیق حەسەن(٢٠١٠). ج– نەریمان حەسەن حەمەکەریم(٢٠١٥).

[٢]– عەبدولواحید موشیر دزەیی(١٥:٢٠٠٩).

[3]– Arata L. (2005:55).

داستان و هۆنراوە، تاڕادەیەکی وا، کە هیچ واتایەکیان بۆ زمانی یۆنانی نەهێشت و واتای نوێیان بۆ وشەکانی ئەم زمانە داتاشی"[1]. بەڵام سوکرات و ئەفلاتون، کە هەردووکیان لەمەڕ گۆڕانی واتای وشەکانەوە یەك بیروڕایان هەیە، بەتەواوی دژی گۆڕینی واتای وشەکانبوون و بەلادانیان لەقەڵەمدەدا، ئەم بیرۆکەشیان لەتیۆری نموونەیی(نظرية المثالية)[2] وە دادەڕشت. ئەفلاتون بەدیاریکراوی باسی هونەرەکانی وەك (مێتافۆڕ ، مێتۆنیمی) ناکات، بەڵام پێیوایە هەر گۆڕانکارییەکی واتایی لەدەرەوەی واتای فەرهەنگی ڕێگەپێنەدراوە. واتە بەهەموو شێوەیەك دژی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەوەستێتەوە( دیارە لەناویشیدا (مێتۆنیمی/درکە وەك زاراوە کلاسیکییە ئەدەبییەکە))، چونکە لەسەرەتادا باوەڕ وابوو، کە بابەتەکانی وەك (مێتافۆڕ، مێتۆنیمی) تەنیا لەناو ئەدەبدا بوونیان هەیە و بەکارهێنانێکی ڕەوانبێژییانەی زمانە. لەمڕوانگیەوە ئەفلاتون بەهەموو شێوەیەك ڕەوانبێژی و هەموو هونەرەکانی ڕەتدەکاتەوە، "هیچ پێویستییەك لەئارادانییە بۆ هونەری ڕەوانبێژی تا بەهۆیەوە درك بەڕاستییەکان بکەین، چونکە ڕەوانبێژی و هونەرەکانی تەنیا هۆکاری بڕواپێهێنان، کە ئەمەش کاری نەزانەکانە"[3]. ئەفلاتون ئەم بیروڕایانەی دەربارەی هەموو بەکارهێنانێکی وشەکانە دوور لەو واتا فەرهەنگییەی، کە بۆی دیاریکراوە، چونکە ئەوە پشێوی و سەرلێشێواندن و ناڕاستی دێنێتە ناوەوە. بۆنموونە لەڕستەکانی وەك(٣١)دا وشەی (مانگ) بەواتای فەرهەنگیی و نافەرهەنگیی بەکارهاتووە.

(٣١) ا- **مانگ هەڵهات**. (مانگ) وەك پێکهێنەرێکی گەردوون.

ب- **مانگ دەرکەوت**. (مانگ) وەك ئافرەتێکی جوان.

ئەفلاتون لەبەکارهێنانی وشەی(مانگ) لەو دوو ڕستەیەدا تەنیا ڕێگە بە (٣١-ا ) دەدات، چونکە گوزارشت لەشتێکی ڕاستی و ڕاستەقینە دەکات. بەڵام (مانگ)ی (٣١-ب) بەکارهێنانێکی درۆزنانەی هەیە و نابێت ڕێگە بەبەکارهێنانی بدرێت، ئەم سەرنجەشی لەسەر بنەمای ڕاستی و درۆیی واتای وشەکان هەڵدەهێنجێت، بۆنموونە ئەگەر پرسیار لەئەفلاتون بکرێت "بابەتی ڕاستگۆیی چییە؟ ئەوا وەڵاممان دەداتەوە(ئەوەیە، کە هەواڵماندەداتێ دەربارەی ئەوەی، کە هەیە)، هەروەها بابەتی درۆش ئەوەیە(کە هەواڵماندەداتێ دەربارەی ئەو شتەی، کە نییە)"[4]. بەمشێوەیە ڕستەی(٣١-ا) هەواڵمان دەربارەی (مانگ)ێك دەداتێ، کە ناوەکە ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆدەکات و هەیە. بەڵام ڕستەی (٣١-ب)هەواڵمان

---

[1]- کامل حسن عزيز البصير(١٩٨١:١٤).

[2]- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە تیۆری نموونەیی بڕوانە: ا- ئەفلاتون(٢٠٠٦: ٤٧٢-٥٠٠). ب- کاميل حسن عزيز البصير(١٩٨٣:١٦).

[3]- افلاتون/ ت. عبداللة حسن المسلمي(٢٠٠١:٣١).

[4]- افلاتون/ ت. عزمی طة السيد احمد(١٩٩٥:٧٠).

دەربارەی(مانگ)ێك دەداتێ، كە نییە، بەڵكو لەبری شتێكی تر بەكارهاتووە و واتای (مانگ) لە (٣١-ب)دا گۆڕاوە. بەخواستن لەو بیرەی ئەفلاتون، مێتۆنیمیش بەر هەمان ڕوونكردنەوە دەكەوێت، چونكە كاتێك وشەی (كیا) لەڕستەی (٣٢)دا دەبیستین:

(٣٢)-[كیا یەكم]كڕی.

ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ ئەوە دەچێت، كە وشەی (كیا) هەرچەندە ناوە بۆ كۆمپانیایەكی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل، بەڵام لێرەدا بەرانبەر بە (ئۆتۆمبیل) بەتەنیا بەكارهاتووە، كە ئەمەش جۆرێكە لەگواستنەی واتایی لەبەشێكی واتای وشەی (كیا)وە بۆ بەشێكی تری واتای وشەكە. كەواتە ئەفلاتون تەنیا نموونە ڕاستەقینەكان(واتای ڕاستەقینەی وشەكان) بەهەند وەردەگرێت. "ئەفلاتون بەشێوەیەكی گشتی بەچاوێكی نزمەوە دەڕوانێتە هونەر(كەمێتۆنیمی بەكارهێنانێكی هونەرییانەی زمانە)، مادام ڕاستی تەنیا لەجیهانی بیر و ئایدیاڵدایە، نەك لەجیهانی شتومەكی ماتریاڵیدا، ئەوا هەرشتێكی لەم جیهانەدا هەیە(لاسایكردنەوە)ی نموونە تەواوەكەیەتی، كە لەجیهانی ئایدیاڵدایە"[١]. بەمشێوەیە لەڕوانگەیەكی فراوانەوە لەدیاردەی مێتۆنیمی ڕوانراوە. بەڵام دواتر ئەرستۆ لەسەر بنەمای كارەكانی پێشتری خۆی بەشێوازێكی وردتر لەهونەرە زمانەوانییەكانی ڕوانیوە و بەدیاریكراویش لەمێتافۆڕ و ناساندن و دیاریكردنی سنورەكانی، هەموو ئەم لایەنانەشی لەهەردوو كتێبەكەیدا بەناوەكانی (هونەری شیعر، هونەری گوتاربێژیی) ئاماژە پێداوە[٢]. سەرنجی ئەرستۆ لەمەڕ واتای وشەكان و چۆنییەتی جێكردنەوەی بەكارهێنانی هونەرییانەی وشەكان بەواتایەك جیاواز لەواتا فەرهەنگییە دیاریكراوەكەی، لەئەفلاتون فراوانترە و لەسەر بنەمای ئەو دەستور و ڕێگایانەی، كە خۆی بۆ ئاڵوگۆڕی واتایی لەوشەكاندا دایناون ڕێگەپێدراوە. ئەرستۆ هەموو گواستنەوە واتاییە زمانییەكان لەزمانی هۆنراوە و زمانی ئاسایدا بە مێتافۆڕ لەقەڵەمدەدات و بەمشێوەیەش پێناسەی مێتافۆڕ دەكات: "گواستنەوەی وشەیەكە لەواتایەكەوە بۆ واتایەكی تر"[٣]. ئەرستۆ لەبیروڕاكانیدا دەربارەی بەكارهێنانە هەمەجۆرەكانی زمان(جا چ زمانی ئاسایی یان زمانی هونەری بێت)، پەیڕەی ڕێبازی زانستی كردووە و لەلایەكەوە وەك سۆفستاییەك بەبێسنور واتای نوێ داناتاشێت و لەلایكی تریشەوە وەك سوكرات و ئەفلاتون بەرپەرچی هەموو هونەرێكی ڕەوانبێژییانە ناداتەوە، بەڵكو "زۆر زیاتر گرنگی بەم دیاردەیە دەدات و ڕۆدەچێتە ناخی بابەتەكەوە و

---

[١]- كەمال میراودەلی (٢٠٠٥:٢٣).

[٢]- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە بیرەكانی ئەرستۆ لەمڕوانگەیەوە، بڕوانە (ئەرستۆ/ عەزیز گەردی (٢٠١١)).

[٣]- كامل حسن عزیز البصیر(١٩٨١:٢٥).

ڕێنمایی ورد پێشکەش بە دواندەران دەکات"[1]، بەڵام ئەم بەکارهێنانەش لەسەر پێڕەو و ڕێبازی ورد و دیاریکراو دەبێت و لادان لێیان نادروستی و تێنەگەیشتن دێننە ئاراوە، هەربۆیە چوار ڕێگای دەستنیشانکردووە، کە تەنیا لەو ڕێگایانەوە دەتوانرێت وشە لەواتا فەرهەنگییەکەیەوە بگوازرێتەوە بۆ واتایەکی تر "گواستنەوەکەش لەڕەگەز بۆ جۆر، یان لەجۆرەوە بۆ ڕەگەز، یان لەجۆرەوە بۆ جۆر، یان بەنواندن/چواندن"[2] دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەریەکە لە سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ بەکارهێنانی واتایی وشەکان جیاواز لەواتای فەرهەنگی بە(گواستنەوەی واتایی لەواتایەکەوە بۆ واتایەکی تر ) لەقەڵەمدەدەن و لەڕوانگەی گۆڕانکاریی واتاییەوە سەرجەم بەکارهێنانە هونەرییە زمانەوانییەکانیان هەڵسەنگاندووە.

هێنانەئارای واتای نوێی زمانی تا لەگەڵ خواستی قسەکەران و پێویستییەکان و بەکارهێنانە هونەرییەکانی زماندا بگونجێت، بابەتێکی گریمانەکراوە و بۆئەمەش سەرنج و بیروبۆچوونەکان زیاتر لەبابەتە ئەدەبییەکانەوە درێژبووەتەوە بۆ ناو زمان و بەکارهێنانی ڕۆژانەی زمانی ئاسایی(هەرچەندە دەبێت هونەرە ڕەوانبێژی و ئەدەبییەکان پێشتر بنەمایەکی جێگیرکراوی زمانییان هەبووبێت). بەڵام ئەم بەکارهێنانە هونەرییانەی زمان زیاتر لەبوارە ئەدەبییەکەدا سەرنجی دراوەتێ و لەوێوە گریمانەیان کراوە و دواتریش وەك بوارێکی پەیوەست بە زمان و بەکارهێنانە زمانەوانییەکانەوە لێیکۆڵراوەتەوە. بۆنموونە هێنانەئارای واتای نوێ بەکەرەستە زمانییەکان بەلای (هۆڕاس)ەوە یەکێکە لەهەڵبژاردەکانی بەردەم قسەپێکەران و هونەرمەندان و ڕێگەپێدراوە، بۆیە هۆڕاس "بایەخ بەدەربڕینە نوێیەکان دەدات و زەمینەی سازدانی وشە و واتای نوێ دەڕەخسێنێت و بەهۆکارێکی گرنگی دەوڵەمەندکردنی زمانیان دادەنێت"[3].

خاڵی سەرنجڕاکێش لەلای هۆڕاس بەگرنگ بینینی لایەنی واتایە لەداهێناندا، چونکە ڕێگە بەداهێنانی واتای نوێ(لەگەڵیشیدا وشەی نوێ) دەدات و هەرجۆرە میتۆدێك، کەببێتە هۆی گوزارشتێکی ڕەوان و بتوانێت مەبەستی قسەکەران بەوردی بخاتەڕوو ڕێگە پێدراوە، چونکە "بابەت و واتای بەسەرچاوەی وشە و دەربڕین داناوە"[4]،هەروەها لەپێناو دەربڕینی ئەم بابەت و واتایەشدا هەموو ڕێگایەك ئەگەرێکی کراوەیە بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت بەئاسانی گوزارشت لەواتای مەبەست بکات. ئەگەر بەداتاشینی وشەی نوێبێت یاخود بە بارکردنی واتای نوێ بە وشە هەبوو و کۆنەکان. بەهۆی ئەم بیرەشییەوە ڕێگاکانی وەك مێتافۆڕ

---

[1]- بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٠:٢٠).

[2]- ارسطو طاليس/ت.عبدالرحمن بدوی(١٩٥٣:٥٨).

[3]- بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٠:٢١).

[4]- کامل حسن عزيز البصير(١٩٨١:٣٠).

و مێتۆنیمی یەکێك دەبن لەهۆکارەکانی گوزارشتی واتایی نویٚ 'ئەگەر لەپێکەوەگونجانی وشەکاندا وردبیت و بتوانیت بەو تێهەڵکێشانە وشەیەکی نویٚ لەبری وشەیەکی کۆن دابنێیت، هەروەها ئەگەر واهەڵکەوت، کە چەند مەدلولێکی داپۆشراو هەبێت و پێویستبێت بە وشەی نویٚ ڕوونبکرێنەوە، ئەوکاتە مافی داهێنانی وشەی نوێت دەبێت' [١]. بەگشتی و لەتەواوی ئەو تێڕوانینانەی، کە باسکران، بەشێویەکی دیار و بەڕوونی باسی دیاردەی مێتۆنیمی نەکراوە و هەموو واتا ناباو و نائاساییەکانیشان بە دیاردەیەکی ئەدەبی و ڕەوانبێژی لەقەڵەمداوە. "هەرخودی مێتۆنیمی لەناو ئەدەب و ڕەوانبێژیشدا سەرنجێکی تایبەتی لەبارەوە نەخراوەتەڕوو، واتە بابەتێکی سەرنجڕاکێش نەبووە لەڕەوانبێژی یۆنانی کۆندا"[٢]. بەمشێوەیە سەرنجەکان سەبارەت بەهونەرە زمانییەکان لەناویشیدا مێتۆنیمی هەر لەدیاردەی (مێتافۆر/خوازە/مجاز)دا باسدەکرێن، کە گوایە وشەیەکە لەواتایەکی دیاریکراوەوە خوازراوە بۆ واتایەکی تر.

## ٢-١/٢) بنەما ژیربێژی و ڕەوانبێژییەکانی مێتۆنیمی

لەسەر ئەو بنەمایەی، کە زانستی (ژیربێژی/فەلسەفە) بەدایکی زانستەکان دادەنرێت و هەموویان(چەندایەتی) بەجۆرێك لەجۆرەکان(چۆنایەتی) ڕەگەکەیان لەژیربێژیدا دەدۆزریتەوە و سەرنجی جیاوازیان لەسەر هەبووە بەبەراورد بەوەی، کە لەدواتردا سنور و چوارچێوەی تایبەت بە خۆیان وەردەگرن. مێتۆنیمیش وەك دیاردەیەکی زمانی و ئەدەبیش بەپێی بواری بەکارهێنراو سەرنجی تایبەتی دەدرێتیٚ "بەشێوەیەکی سادە زاراوەی ("μετωνυμία"/"Metonymy") لەیۆنانی کۆندا بەواتای (گۆڕینی ناو)دێت"[٣]. واتە پرۆسەی دووبارە ناونانەوەی شتێك، کە خۆی ناوێکی هەیە، بەڵام سەرلەنویٚ بەهۆی گەیەنەر"Link"ێکی پەیوەستراوەوە لەنێوان ناوە کۆنەکە و ناوە نوێکەیدا، پرۆسەی ناونانە نوێیەکەی لەسەر بونیاد دەنرێت. ئەم پرۆسەیەش گرنگییەکی زۆری بۆ قسەکەران هەیە، تا بەهۆیەوە باشتر لەجیهان تێبگەن و ڕێگایەکی نوێیە لەبیرکردنەوە و داڕشتنی سروشتی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ زیاتر فراوانکردنی تێڕوانینەکان لەسەر سروشتی دیاردە و ڕووداوەکان. بەهۆی ئەمەشەوە مرۆڤەکان یەکێك لەتواناکانی درکپێکردنیان(زانین) بەهۆی مێتۆنیمییەوە وەگەڕدەخەن. "هێزی بزاوتن و چالاکیی

---

[١]- بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە(هۆڕاس/حەمید عەزیز(١٩٧٩: ١٥-٣٧)).

[2]– Arata L. (2005:65).

[٣]- سەرچاوەی پێشوو(٥٧).

قسەکردن و بیرکردنەوەکانمان بەمێتۆنیمییەوە یەکێکە لەتایبەتێتییەکانی شارەزاییە بەردەوامەکانمان، بەشێوەیەکی باو واپێناسەکراوە، کە جۆرێکە لەجۆرەکانی خوازە"[1]. سەرەڕای ئەمەش هەریەکە لە"George Lakoff & Mark Johnsen" لەکتێبەکەیاندا (مێتافۆڕەکان، کە بەهۆیانەوە دەژین"Metaphors, We Live By") هەموو زمان بەدیاردەیەکی مێتافۆڕیی/خوازەیی دادەنێن. "مێتافۆڕ دیاردەیەکی بەربلاوی ژیانی ڕۆژانەیە، نەك تەنیا لەزماندا، بەڵکو لەبیرکردنەوە و کردەکانیشدا، سیستەمە ئاساییە چەمکییەکانمان لەکاتی کردە و بیرکردنەوەکانیشماندا لەڕاستیدا سروشتێکی مێتافۆڕییانەی هەیە"[2]، لەمڕوانگەیەوە دیاردەی مێتافۆڕی هەر لەبنەڕەتە زمانییەکەوە دەستپێدەکات، کە ئەویش خۆی لەگواستنەی پێکهاتەی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆسەر پێکهاتەی زمان دەبینێتەوە(شتێك دەگوازرێتەوە بۆ شتێکی تر). کەواتە یەکەم هەنگاوی دەربڕینی زمانیی خۆی لەخۆیدا مێتافۆڕییانەیە، بەمشێوەیە هەموو گواستنەوەیەك بەخواستن دادەنرێت. بۆنموونە گواستنەوە لەفۆڕمێکی ئەبستراکتەوە(بیر) بۆ فۆڕمێکی کۆنکرێت(زمان)، "بۆکۆنکرێتکردنی بیرێك، کە ئەبستراکتە و لەمێشکدایە، زمان وەك هۆکارێك بەکاردەهێنرێت"[3]، دواتریش دیاردەکانی وەك مێتافۆڕ و مێتۆنیمی قۆناغی دووەمی ڕێکخستنی بیرییانەی قسەکەرانە و دەربڕینیانە بە زمان.

سەرەتای گریمانەکانی مێتۆنیمی وەك بەشێك یان جۆرێك لەخوازە دەخرایەڕوو، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە لە مێتۆنیمیشدا شتێك دەڵێیت، بەڵام مەبەست لە واتای سەرەکیی خودی شتەکە نییە. بنەماکانی هێنانەئارای پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە لەخۆوە نییە و پاشخان(Background)ێکی ژیری یان تێڕوانینێکی فەلسەفییانەی لەپشتەوەیە. هەربۆیە دەتوانرێت مێتۆنیمی دابنرێت بەیەکێك لەڕێگاکانی شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ و چۆنییەتی پەیپێبردنی گەلی خاوەن زمان بە دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەری، هەروەکچۆن بەوشێوازەش لە مێتافۆڕ دەڕوانرێت[4]. چونکە بەکارهێنانەکەی هەم مەبەستدارە و هەم سودیشی هەیە بەوەی ڕێگایەکی گرنگە لەفراوانکردنی توانای بیری مرۆڤایەتی بۆدیاریکردنی مەبەست و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی. بۆنموونە لەبری نموونەی (٣٣- ا) قسەکەران ڕستەی (٣٣- ب) دەردەبڕن و دەتوانرێت بگوترێت، کە ڕستەی(٣٣-ا) بەمێتۆنیمی دەکرێت و سەرنج و لایەنی گرنگی و شێوازی بیرکردنەوەی قسەکەران دەخاتەڕوو.

---

[1]– Al Sharafi A.G.(2004:5).

[2]– Lakoff G. and Johnsen M.(1980:1).

[3]– نەریمان حەسەن حەمەکەریم(٢٠١٥:٢٣).

[4]– سەبارەت بەم لایەنەی مێتافۆڕ، زانیاریی زیاتر دەبینرێتەوە لە(بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٠: ٦-١٤)).

**(٣٣) ا- ئەو مرۆڤانەی، کەلە گوندەکانی کوردستاندا دەژیان، شوێنەکانیان پێ چۆڵکرا و دەرکران.**

**ب-[گوندەکانی کوردستان]ڕاگوێزران/چۆڵکران.**

**مێتۆنیمی ئەم ڕێگایە دیاریدەکات، کە چۆن بیردەکەینەوە و بەهۆشییەوە گوزارشت لەدیاردە و ڕووداوە ڕۆژانەکان دەکەین بەوشێوەیەی، کەلەسەر بنەمای بیرکردنەوە داڕێژراون. لەسەر ئەو بنەمایەی، کە زمانی وشە بە وشەیی زمانێکی دیاریکراو و فەرمییە، بەڵام زمانی مێتافۆڕی زمانێکی دیارینەکراو و فراوانە و پێویستی بەقوڵبوونەوە و ڕامان هەیە بۆ تێگەیشتن و زانستی ژیربێژیش لەسەر ئەو لایەنەی دیاردەکە وردەبێتەوە، کەچۆن تێیدا فرێزی (گوندەکانی کوردستان) لەبری(ئەو مرۆڤانەی، کەلەگوندەکانی کوردستاندا دەژیان)بەکارهاتووە و هیچ لادانێکیش، کە ببێتە هۆی تێنەگەیشتن بەدیناکرێت. بەڵکو بنەماکەی لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤە لەتوانای بارکردنی واتایەکی زۆر بەکەرەستەیەکی کەم و لەڕوانگەیەکی درکپێکردنانەوە سەرچاوەی گرتووە و دروستەیەکی مێتۆنیمییانەی پێکهێناوە، لەپێناو دروستیی تێگەیشتن و تێگەیاندنێکی باشتر.**

**ڕوانگە ژیربێژییەکەی مێتۆنیمی خۆی لەو پەیوەندییە ئاوەزییەدا دەبێنێتەوە، کەلەنێوان مەوداکانی سەرچاوە و مەبەستی پێکهاتە مێتۆنیمییەکاندا هەیە. چونکە بەشێوەیەکی باو بەوە دەخرێتەڕوو، کە تێیدا (X)ی مەبەست بەهۆی (Y)ی دەربڕراوەوە ئاماژەی پێدەدرێت. بەواتایەکی تر، توانای تێگەیشتنی(X)و هۆکاری هاتنی، کەمەبەستە بەهۆی (Y)ی هاتووەوە دەبێت. ئەمەش لەسەر بنەمایەکی بیریی و توانای درکپێکردنی قسەکەرانەوە هاتووە. بەم هۆیانەوە مێتۆنیمیش وەك پێکهێنەرێکی ڕێبازی هێمایی لەنێوان قسەکەر و گوێگردا بەشداریدەکات و "تەنانەت لەڕوانگەی هێماگەراییەوە مێتۆنیمی نوێنەرایەتی هەریەکە لەڕەهەندەکانی (زانستی هەبوون"Ontology") و (زانستی زانین"Epistemology") و زانستی زمان لەواتای مێتۆنیمییانەدا دەکات"[1]. کەواتە دیاردە زمانییەکانی بەنموونەی مێتۆنیمی دەرئەنجامی بەشێکی سەرەکییە لە زانینە گشتییەکانمان و تەنیا لادانێکی سادە نییە لەجۆری بیرکردنەوە ئاساییەکانمان. بەمشێوەیە زمانی دیاریکراو و بارگاوی بەپێکهاتەی مێتۆنیمی تەنیا ئامێری ڕازاندنەوە و خۆشی بەخشی نییە، بەڵکو ڕێگایەکی گرنگی بەکارەکیی کردنی توانا شاراوەکانی مرۆڤە، کە لەپرۆسەی گفتوگۆکردندا دایدەڕێژێتەوە، کە مێتۆنیمیش یەکێکە لە ڕێگاکانی توانای مرۆڤ بۆ بەچەمککردنی بارودۆخەکان بەڕێگای تایبەت، کەتێیدا پاڵپشتی بەچەمککردنی دەربڕاوێکی گرانی زمانیی بۆ پێکهاتەیەکی ئاسانتر و ڕوونتر دەکات لەهەردوو ڕووی ڕێزمانی واتایی.**

---

[1]– Al Sharafi A.G.(2004:1).

**دیاردەی مێتۆنیمی لەپەیوەندی بەڕەوانبێژییەوە ئامادەییەکی مێژوویی لەبەرچاو و فراوانی هەیە و هەرلەسەردەمی گریکی کۆنەوە لایەنێکی بەهێزی هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان بووە. بەڵام ناوهێنانی مێتۆنیمی وەك ڕەهەندێکی سەرەکی بەکارنەبراوە. "مێتۆنیمی لەلای گریکییەکان تیشکێکی زۆری نەخراوەتەسەر لەکاتێکدا ئەوان زیاتر سەرنجیان لەسەر مێتافۆڕ بووە وەك بنەمایەك بۆ مەودا هێماییەکان و مێتۆنیمییان پیشتگوێخستبوو"[١]. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە دیاردەکە بوونی نەبووبێت، بەڵکو ناونانی خودا جۆراوجۆرەکانی گریکی کۆن بۆخۆی نموونەیترین جۆری مێتۆنیمییە، کە نەك تەنیا لەئەدەب و شیعردا، بەڵکو لەزمانی ڕۆژانەشدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنراوە، بۆنموونە (ڤینۆس) بۆخوای (جوانی) و (دیۆنیسۆس) بۆ خوای (مەی) و (ئیرۆس) بۆ خوای (خۆشەویستی)...هتد[٢]. بەڵام لەڕەوانبێژیی گریکیدا سەرنجەکان زیاتر لەسەر مێتافۆڕبوون تەنانەت لەدابەشکردنی مێتافۆڕیشدا بۆپێکهێنەرە جۆراوجۆرەکانی، مێتۆنیمی بەجۆرێکی مێتافۆڕ ئەژمارکراوە، کە بۆ یەکەمجار ئەرستۆ ئەم جیاکردنەوەی کردووە و ئەوەی خستۆتەڕوو، کە مێتافۆڕ جۆراوجۆرە، مێتۆنیمی یەکێك لەوانە[٣]. بەمشێوەیە لەسەرەتادا تەنیا مێتافۆڕ بەیەکێك لەتایبەتێتییەکانی زمانی ئەدەبی دانراوە، چونکە شارەزایی و ئەزمون و بەرکەوتنمان سەبارەت بەجیهان نوێدەکاتەوە و ڕوانینێکی تایبەت و جیاواز لەزمانە ئاساییەکە لەسەر هەست و هۆش و حەزەکانمان دەکاتەوە، تا لێیەوە لەجیهان بڕوانین، لەکاتێکدا ئەم لایەنە لەمێتۆنیمیدا بەرچاوناکەوێت. گرنگترین هۆکارێك، کەبەهۆیەوە زیاتر بایەخ بەمێتافۆڕ دراوە، بەشداریکردنی مێتافۆڕە وەك بنەمای هێماگەرایی و هەر ئەوەش وایکردووە، کە سەرنجەکان سەبارەت بە مێتۆنیمی کورت بهێنێت. چونکە مێتۆنیمی وەك مێتافۆڕ بەشدارییەکی جووت_واتایی نییە، بەو مانایەی وەك مێتافۆڕ هەڵگری واتای دوولایەن نییە، بۆنموونە لەمێتافۆڕدا، کاتێك نالی دەڵێت:**

**ئاسمانی حوسنی مەحبوبەم لەئەبرۆ و زوڵف و ڕوو**

**دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە[٤]**

(**ئاسمانی حوسن**) و (**ڕووخسار"Face"**) **وەك دوولایەنی واتایی پێکەوەدێن، بەڵام ئەم تایبەتێتییە لە مێتۆنیمیدا نابینرێت. هەر ئەم لایەنەشە وادەکات، کە مێتافۆڕ وەك مەودایەك دەربکەوێت، کە تێکردەی دوو مەودای تربێت و بەرهەمێکی سەرنجڕاکێشانە بخوڵقێنێت، لەکاتێکدا لە ڕەوانبێژیی کلاسیکیدا زیاتر**

---

1– Othman S.K.(2013:10).

٢– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم لایەنە و بەستنەوەی بەدیاردەی مێتۆنیمییەوە بڕوانە: (2005:58-59) .Arata L–

٣– بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (Othman S.K.(2013:11 –

٤– نالی/مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و بورهان عەبدولکەریم(٢٠٠١ –٥٧٩).

**بایەخ بەبەکارهێنانە شیعرییەکەی زمان (کەلەسەر بنەمای مێتافۆڕ بنیاتنرابێت)دراوە بۆ زیاتر ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەر، بەڵام لە مێتۆنیمیدا(درکە)* ،کاتێك مەحوی دەڵێت:**

**ئەی لەسەر تەختی غینا ئەمڕۆ، سبەینێ تێدەگەی :**

**ئەو گەدایەی تۆ، کەوا موحتاجی شێوی یەك شەوی[١]**

**دیارە، کە مێتۆنیمی لە (موحتاجی شێوی یەك شەو)دایە، کە بۆ(پلەیەکی نزمی هەژاریی)یە. ئەوە دەردەکەوێت، کە تێیدا وەك مێتافۆڕ جووت_لایەنی واتایی بەشداریی لەپێکهێنانی هونەری مێتۆنیمی(درکە)دا ناکات. چونکە لەناو (خودی ژیانی هەژاریدا) خاسیەتی (موحتاجبوون بەشێوی یەك شەو) دەبینرێتەوە، نەك (هەژاریی) بۆخۆی لایەنێکی هێمایی پێکبهێنێت و (موحتاجی شێوی یەك شەو)یش لایەنێکی تری هێمایی پێکبهێنێت. بەمشێوەیە هۆکاری بایەخدان بەمێتافۆڕ بۆ سروشتی پێکهاتنی دەگەڕێتەوە و لایەنێکی دیار و ئاشکرای دەقەکانبووە و زیاتر بەکارهێنراوە بۆ سەرسامکردنی گوێگران. هەر لەمڕوانگەیەوەیە، کە (ڕۆمان یاکۆبسۆن"Roman Jakobson") بەپێی دەوروبەر یان دەقی تیابەکارهاتوو هۆکاری بایەخدان بەمێتافۆڕ و فەرامۆشکردنی مێتۆنیمی دەخاتەڕوو "کە مێتافۆڕ لایەنێکی زاڵە بەسەر هەریەك لەزمانی هێمایی و شیعریدا، لەکاتێکدا مێتۆنیمی لایەنی زاڵە لەپەخشانە ڕاستەقینەکاندا"[٢]. ئەمە سەرەکیترین هۆکارێکبووە لەبایەخدان بە مێتافۆڕ و فەرامۆشکردنی مێتۆنیمی. بەڵام دواتر وردە وردە لەپاش لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی وردی هەردوو مێتافۆڕ و مێتۆنیمی و دەرکەوتنی جیاوازییەکانیان، مێتۆنیمی وەك بوارێکی سەربەخۆ و پێکهێنەرێکی دەقەکان دەبێتە لایەنی سەرکەوتوو لەبەراوردکارییە ئەدەبییەکاندا. "ڕەوانبێژیی باو مێتۆنیمی دەناسێنێت بەوەی، کە شێوەیەکە لەدواندن بەهۆیەوە ناوی (یەکەی ١) بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەدان بەیەکەیەکی تر(یەکەی ٢) لەسەر بنەمای پەیوەندیداریی بەیەکەی (١)ەوە"[٣]. بەبەردەوامی یەکێك ئامانجی ئەدەب جوانکاریی و دەربڕینی پوخت و**

---

* زاراوەی (درکە) بەرانبەر (Metonymy) دەوەستێتەوە لەباری بەکارهێنانە ئەدەبی و ڕەوانبێژییەکانی مێتۆنیمیدا. ئەو سروشتی بونیاد و ڕێکخراوەییەی پێکهاتەیەکی درکە لەئەدەبدا هەیەتی هەمان شتیش لەزماندا بۆ مێتۆنیمی وەك یەکە. بەڵام دیارە، کە بەپێی بواری تیابەکارهێنراو جیاوازی تێدەکەوێت. بەکورتی زاراوەی درکە هەمان زاراوەی مێتۆنیمییە، بەڵام لەڕوانگە ڕەوانبێژییەکەیەوە و لێکۆڵەرە کوردەکانیش هەر ئەو زاراوەیان بەکارهێناوە بۆجیاکردنەوەی لە(خواستن و چواندن و ....هتد).

[١]- مەحوی/مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و بورهان عەبدولکەریم( ٢٠٠١- ٣٦١).

[2]– Al Sharafi A.G.(2004:11).

هەروەها بۆ زانیاریی تەواو سەبارەت بەو دابەشکارییەی یاکۆبسۆن بڕوانە - Jakobson R. and Halle M.(1956:77-81)

[3]– Tylor J.R (1995:122).

چڕبووه مێتۆنیمیش لەباریدایە هەڵگری ئەو توانایانەبێت، کە هێزێکی باڵا بەدەقێکی ئەدەبیی دەبەخشن. هەربۆیە بەبەردەوامی ئەدیبان و نووسەران لەنووسینەکانیاندا وەك توانایەکی درکپێکردن هاوتا بە چواندن و خواستن و ...هتد لەسەروو توانا درکپێکردنە ئاساییەکەوە بۆ دروستکردنی کاریگەریی و بیرکردنەوە بەکاریانهێناوە. ئەم بایەخدانە بە مێتۆنیمی دواتر وایکرد، کە بەتەنیا بەپێکهێنەرێکی دیار و سەرەکی و تایبەت بەڕەوانبێژی و زمانی ئەدەبی و شیعریی دابنرێت. "کە مرۆڤ پەنا دەباتە بەر ڕەوانبێژی، بۆ زیادکردنی/بارکردنی دەربڕاوی بەهێز و جوان و کاریگەرە بەم واتایە، خواستن و خوازە لەگەڵیشیدا درکە، زیادکردنێکی ئەدەبییانەیە و تەنیا خستنەسەری دەربڕاوە و بەشێکی گرنگنییە لەواتا"[1]. بەڵام مەبەستی زۆر سەرەکیی لەهەر بارێکی بەکارهێنانی مێتۆنیمیدا لەلایەنە واتاییەکەوەیە و گۆڕانکارییە لەپێکهێنانە واتاییەکاندا(ئەم ڕوانینە لەلایەن سیمانتیکی درکپێکردنەوە زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە پەیوەست بەئاوەزەوە). " ئەو کاریگەرییەی درکە دروستیدەکات لەگەیاندنی مانا و وروژاندنی هەست و سۆزی وەرگر ئەگەر وەك لێکچواندن و خواستن نەبێ، لەوان کەمتر نییە"[2]، بۆنموونە:

کەڵێکی قۆچ شکاوم دی
لەسەر ڕەوزێ وەستابوو
بەرانبەر مێژووی دوکەرتم
بانگی ئەدا
ئەیوت هیچ شوێنێ مەگەڕێن
بۆ پارچەی قۆچی شکاوم
جگە لەماڵی براکەم[3]

تەواوی شیعرەکە مێتۆنیمییە لەچەند لایەنێك، کە هەروەك ئاماژی پێدرا بە(یەکەی ١) و (یەکەی ٢) دەخرێنەڕوو. دیارە، کە مەبەست لە (یەکەی ١) ئەوەیە، کە گوتراوە، چونکە لەمێتۆنیمیدا بەبەردەوامی دوولایەن ئامادەییان هەیە،:

- لایەنی گوتراو (بێمەبەست) ،
- لایەنی نەگوتراو (مەبەست).

---

[1]- عبدالوهاب المسيري (١٣:٢٠٠٢).
[2]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی(١٣٧:٢٠٠٢).
[3]- شێرکۆ بێکەس(١١٧:٢٠٠٧).

هەروەها مەبەستیش لە (یەکەی ٢) ئەو واتایەیە، کە لەپێناویدا هونەری مێتۆنیمی پێکهێنراوە. هۆکاری هێنانی(یەکەی ١) تەنیا ئامرازە بۆ درکاندنی مەبەست، کە (یەکەی ٢)ە :

| یەکەی ١ | یەکەی ٢ |
| --- | --- |
| تەواوی شیعرەکە | ئەو واتایانەی، کەمەبەستییەتی (شەڕی براکوژیی، خۆخۆریی، درێژبوونەوەی ڕەگەکەی بەناو مێژووی کۆندا...) |

پێکەوەهاتنی ئەم دوولایەنە و ئەو خاڵەی، کە تێیدا یەکەی (١ و ٢) تێکەڵدەبن، هونەری مێتۆنیمی لەئەدەبدا دەخولقێنێت. بەمشێوەیە مێتۆنیمی لەئەدەبدا "ئەوەیە، کە ڕاستەوڕاست ناوی شتێك نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی، کە پەیوەندی بەمانای یەکەمەوە هەبێت بۆئەوەی پیاو لەم مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستە هێمابۆکراوەکە بچی"[١]. ئەم بارەی بەکارهێنانی زمانیش سروشتێکی تایبەتی هەیە و ئاستێکی باڵاتر لەزمان دەخولقێنێت، کە هەم بەزمانی ئەدەبی و هەم لەناویشیدا بارکراو بەپێکهاتەی مێتۆنیمی دەناسرێت. کەواتە زمانی ئەدەبی بەگشتی بەشێکی سەرەکییە لە بەکارهێنانی زانین و درکپێکردنەکانمان بەشت و ڕووداوەکانی دەوروبەر و داڕشتنەوەیان لەفۆڕمە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکاندا.

### ٢/١-٣) بنەما زمانەوانییەکانی مێتۆنیمی

سەرەتای تێڕوانینەکان لەم بابەتە(مێتۆنیمی) زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە وەك لایەنێکی ئەدەبی، بەڵام بە وردبوونەوە لێی دەردەکەوێت، کەبەشێکی گرنگی پەیوەندی و ئاخاوتنە ڕۆژانەکانمان پێکدەهێنێت و میکانیزمێکی زۆر کاریگەری دەربڕینەکانمانە و بەهۆی مامەڵەی ڕۆژانە و بەردەوامی مرۆڤ لەگەڵ دیاردە و ڕووداوەکانی دەروبەری وەك ستراتیژێکی بیریی و زمانیی خۆی دەنوێنێت. لەمڕوانگەیەوە سەرنجەکانیش لەسەر مێتۆنیمی لەئەدەبیبوونییەوە هاتە نێو زمان و زمانەوانییەوە و داڕشتەیەکی دیاری زمانی ڕۆژانەیە و لەئەنجامی تێڕامان و بیرکردنەوەی قسەکەرانەوە دێتەبوون و هێزی پێویستییە، کە قسەکەران ناچار بەبەکارهێنانی ستراتیژی هەمەجۆر(لەوانە مێتۆنیمی) دەکات لەپێناو پرۆسەی گەیاندندا. "لەقۆناغی دوای یۆنانی کۆندا مێتۆنیمی سەرنجی فەیلەسوفانی بۆخۆی ڕاکێشاوە

---

[١]- عەزیز گەردی(١٩٧٢:٨٨).

وەك پرۆسەیەك، كەبەشداری لەبونیادنانی واتادا دەكات"[1]. هەرچەندە لەزانستی زمانیشدا تا سەردەمانێك مێتافۆڕ و مێتۆنیمی لەیەك جیانەكراونەتەوە و مێتۆنیمی هەر بەجۆر و بەشێكی مێتافۆڕ لەقەڵەمدراوە، كەهەریەك لە(مێتافۆڕ، مێتۆنیمی، سینەكدیكی...هتد) زمانە ڕەوانبێژییەكە پێكدەهێنن، تاڕادەیەكی وا، كە سەرناوی (مێتافۆڕ، زمانی میتافۆڕییانە) بۆهەموو جۆرە بەكارهێنانە ناوازەكانی زمان بەكارهێنراوە. بەڵام لەقۆناغەكانی دواتردا دەتوانرێت ئەوە ببینرێت، كە مێتۆنیمی چۆن دەبێت بەیەكێك لەتایبەتێتییەكانی زمان و زمانەوانی و بەشداریی چالاكانە لەپرۆسە و بونیادنانە زمانییەكاندا دەكات.

هەر لەم سەرەتایەوە پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، كە هەموو لێكدانەوەكان سەبارەت بە مێتافۆڕ یان مێتۆنیمی لەگۆشەنیگای (فرەواتایی)یەوە لەزماندا لێیاندەڕوانرێت و وەك پێكهێنەرێكی یان لەدایكبووی دیاردەی فرەواتا مامەڵەیان لەگەڵدەكرێت، كە لەهەنگاوی یەكەمدا هۆكارن بۆ فراوانكردنی ڕووبەری فرەواتایی و لەهەنگاوی دووەمدا لەبازنەی فرەواتاییدا لێیاندەكۆڵرێتەوە. ئەمەش بەو مانایەی، كەیەك وشە چەند واتایەكی لەبار بەپێی شوێنە جیاوازەكان لەخۆبگرێت. تەواوی بۆچوون/ناساندنە باوە زمانەوانیەكان دەربارەی مێتۆنیمی پێناسەیەكی هاوشێوە و گشتگیریان، دوور لەناواخن و پرۆسەی بونیاتنانی ئاوەزییانەی مێتۆنیمی خستۆتەڕوو، بەوەی مێتۆنیمی جۆرێكە لەبەكارهێنانی تایبەتی زمان، كە تێیدا شتێك یان چەمكێك ئاماژەی پێدەدرێت، بەڵام بەناوە ئاشكرا و دیارەكەی خۆی نا، بەڵكو بەهۆی ناوێك یان شتێكی ترەوە، كە پەیوەندی واتایی بەشتەكە یان چەمكەكەوە هەیە. بۆنموونە لەكاتی ئاماژەدان بە(**بواری سینەمای ئەمریكی**) وشەی (**هۆڵیود**)بەكاربهێنرێت. لەمبارەدا (**هۆڵیود**) مێتۆنیمییانە بەكاربراوە، چونكە پەیوەندی واتایی و پێكەوەهاتنی لەگەڵ (**جیهانی سینەمای ئەمریكی**)دا هەیە.

یەكەم كەسێك، كەسەرنجی تایبەتی و دیاریكراوی زمانەوانییانەی سەبارەت بە مێتۆنیمی خستبێتەڕوو (ڕۆمان یاكۆبسۆن)ە، كەهەریەكە لەمێتافۆڕ و مێتۆنیمی بەدووهۆكار یان دوو شێوەی پێشكەوتنی شێوازی ئاخاوتنی مرۆڤ دادەنێت، كەلەسەر بنەمای لێكچوون یان پەیوەندیی نزیكی بونیاددەنرێن و بەشێوەیەكی بەردەوام لەقسەی ڕۆژانە و ئاسایشدا ئامادەییان هەیە، "ئەو كێبڕكێیەشی، كەلەنێوان هەردوو لایەن(مێتۆنیمی و مێتافۆڕ)دایە، خۆنواندنیانە لەناو هەر پرۆسەیەكی هێماییدا، جائایا، كەسیی بێت یان كۆمەڵایەتیی"[2]. یاكۆبسۆن بەشێوەیەكی گشتی بونیادی دروستەیەكی مێتۆنیمی لەسەر پەیوەندی و نزیكی دوولایەن پێكەوە نەخشەدەكێشێت. "مێتۆنیمی لەسەر بنەمای نزیكی/لێكەوتنە،

---

[1]– Al Sharafi A.G.(2004:12).

[2]– Jakobson R. and Halle M. (1956:80).

لەکاتێکدا مێتافۆڕ لەسەر بنەمای لێکچوونە"[1]. هەر ئەمەشە وایلێدەکات، کە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی مێتۆنیمی گرانتربێت، چونکە لەسەر بنەمای تاکە پەیوەندییەك پێکنەهاتووە(وەك ئەوەی، کە مێتافۆڕی لەسەر دامەزراوە)، بەڵکو بنەمای هاتنەئاراکەی لەسەر چەند پەیوەندییەکە، کەلەکاتی شیکردنەوەی دروستەیەکی مێتۆنیمییانەدا پێویستە ئاگاداریان بین، بەم هۆیەشەوەیە زاراوەی نزیکی و پەیوەندیدارییەتی وەك زاراوەیەکی فراوان دەتوانێت بەنزیکەیی هەموو ئەو پەیوەندییانە بگرێتەوە، کە مێتۆنیمی لەسەر بونیادنراوە. بەڵام ئەوەی کە جێی بایەخ و گرنگییە، سەیرکردنی مێتۆنیمییە لەڕوانگەی/گۆشەنیگای سیمانتیکەوە. واتە وەك دیاردەیەکی سیمانتیکی پێکهاتە و هۆکارەکانی هاتنەئارای مێتۆنیمی لەسەرجەم قۆناغەکانی دروستبوون و شێوەی بەکارهێنانی لێیدەڕوانرێت. بۆئەمەش قوتابخانە و ڕوانینە جیاوازەکانی زمانەوانی لەسەر ئاستی واتا سەرنجی تایبەتییان بەپێی تایبەتمەندێتیی قوتابخانەکە لەسەر مێتۆنیمی خستووەتەڕوو. لەدوای یاکۆبسۆنەوە زانا(ستیڤن ئۆڵمان"Steven Ullmann") ئاماژەی بەدیاردەکە داوە لەڕوانگەی گرنگیدان بە گۆڕانە سیمانتیکییەکانەوە، "ئۆڵمان ئەوە دەخاتەڕوو، کە مێتۆنیمی کەمتر سەرنجڕادەکێشێت وەك لەمێتافۆڕ، چونکە لەمێتۆنیمیدا هیچ پەیوەندییەکی نوێ نابینیتەوە، کە دروستببێت لەنێوان وشەکاندا، لەبەرئەوە بابەتێکی دیاریکراو و سەرنجڕاکێشە بۆخوێنەرانی شێواز، بەڵام هۆکارێکی گرنگە لەگۆڕانە سیمانتیکییەکاندا"[2]. لەمڕوانگەیەوە مێتافۆڕ لەدیاردەیەکی کۆنکرێتییەوە پێکهاتەی نوێ لەئەنجامی پەوەندییەکەوە دروستدەکات، کە تێیدا مێتافۆڕ تەنیا وەك ڕیزێك لەڕێکخستنی وشەییانە نامێنێتەوە، بەڵکو پەیوەندییەکی چەمکییانەی نوێ دروستدەبێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە با لەنموونەی (٣٤) بڕوانرێت:

(٣٤)- لەجوانیدا دەڵێی بووکی چوار وەرزەیە سلێمانی.

لەم دەربڕاوەدا دوولایەنی پێکهێنەر بەدیدەکرێت، (**سلێمانی**) و (**بوکی چوارەرز**)، بەهۆی هاتنیان پێکەوە و لەئەنجامی ئەو پەیوەندییەی، کە لەنێوانیاندایە، پەیوەندییەکی نوێ لەدایکدەبێت(جوانیی). ئەمەش لەئەنجامی گواستنەوەی هەندێك سیفەت لەنێوان مەوداکاندا (سلێمانی) و (بوکی چوارەرز)، کە تێیدا هەندێك لەسیفاتی (بوکی چوارەرز) دەگوێزرێتەوە بۆ (سلێمانی) لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندیی

---

[1]– Al Sharafi A.G.(2004:37).

[2]– Othman S.K.(2013:7).

**جوانی، کەواتە لەکۆتایدا جگە لەهەریەك لە(سلێمانی) و (بوکی چوارەرز) لایەنێکی دیکە دروستدەبێت، ئەمەش لەسەر بنەمای بەرارورد لەنێوان دوولایەنی تردا بەهۆی پەیوەندییەکەوە. بەکورتی ئەوە (جوانی)یە پەیوەندیی لەنێوانیاندا دروستدەکات. بەواتایەکی تر، پەیوەندی (سلێمانی) و (بوك) سیفاتی (جوانی) بە(سلێمانی) دەبەخشێت، بەڵام ئەم بارە بۆ مێتۆنیمی ڕاستەڕناچێت وبەهۆی ئەم خاسیەتەشەوە کەمتر سەرنجی زمانەوانانی بۆخۆی ڕاکێشاوە، بۆنموونە:**

**(٣٥)–[یانەی پێشمەرگەی سلێمانی]نەیتوانی نازناوەکە بباتەوە.**

**لەنموونەی (٣٥)دا، فرێزی (یانەی پێشمەرگەی سلێمانی) مێتۆنیمییانە بەکارهێنراوە لەبری چەند لایەنێکی وەك(ڕاهێنەر، یاریزانان)، کە هەرچۆنێکبێت خودی (یانەی پێشمەرگە) ئەمانەی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە و لەهەر بارێکی بەکارهێناندا ئاماژە بەم لایەنانە دەدات. بەواتایەکی تر، لایەنی سێیەم/پەیوەندی سێیەم لەئەنجامی پێکەوەهاتنی (یانەی پێشمەرگە) و (یاریزانانی یانەی پێشمەرگە) بەشداری پێکهاتنەکە ناکات، وەك ئەوەی لە دروستەیەکی مێتافۆڕدا دەیکرد. ئەمەش هۆکاری سەرەکیبوو تا بەهۆیەوە مێتۆنیمی کەمتر بایەخی پێبدرێت بەبەراورد بەمێتافۆڕ. "مێتۆنیمی هیچ ڕێچکەیەکی نوێ ناکاتەوە وەك مێتافۆڕ، بەڵام ڕێچکەی زۆر ناسراو لەجێبەجێکردنیدا دەخاتەڕوو، مێتۆنیمی هەنگاوەکان کورت و ئاساندەکات لەپێناو تێگەیشتنێکی خێرا بۆ شتانێکی زانراو"[1]. بەمشێوەیە لەمێتۆنیمیدا لەدوورترین ئەگەریشدا هەر دوولایەن بەشداریدەکەن و هیچ جۆرە پەیوەندییەکی نوێ لەئەنجامی پێکەوەهاتنەکە لەدایکنابێت، بەڵام تاکە لایەن، کە سەرنجڕادەکێشێت لێرەدا، ئەو گۆڕانە سیمانتیکییەیە، کە لەواتای بنجیی(یانەی پێشمەرگە)دا ڕوویداوە و باری تێڕوانین و تێگەیشتنمان لەواتای فەرهەنگیی و ئەو ڕۆڵە واتاییە بنجییەی، کە پێویستە بینوێنێت دەگۆڕێت بۆ واتایەکی مێتۆنیمییانە، کە بەبێئەوەی پێویستی بە لێکدانەوەی قوڵ و بنجی هەبێت دەبێتە (نامە"Message")یێك، بەجۆرێك توانای تێگەیشتنی هەبێت لەنێوان قسەکەراندا، کەبەپێی ڕوانینی ئۆڵمان هەر ئەم گۆڕانە سیمانتیکییەشە تاکە هۆکاری هاتنەئارای پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەیە و دەبێتە خاڵی جیاکەرەوە لەبەکارهێنانە تایبەتییەکانی تری زمان.**

---

[1]– Leech G.N. (1969:153).

هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەتێڕوانینی ئۆڵمان، بڕوانە: (48-45:2004).Al Sharafi A.G –

لەدوای سەرنجی ئەو زانایانەوە، قوتابخانەیەکی زمانەوانی بەناوی (بەرهەمهێنان)، کەیەکێك لەلقەکانی تایبەتە بەلێکدانەوەی سیمانتیکی (مێتۆنیمیش وەك دیاردەیەکی پەیوەست بەسیمانتیکەوە بێگومان هەر سەرنجێك بەهەند وەردەگرێت لەمڕووەوە) سەرنجی تایبەتی و دیاریکراوی سەبارەت بەدیاردەی سیمانتیك وەك گشت و دیاردەسیمانتیکییەکان وەك تایبەت هەیە. ئەم قوتابخانەیەش سەرەتا لەسەردەستی (چۆمسکی) بۆمەبەستی تایبەتی و بەدیاریکراویش ئاستی سینتاکسی زمان هێنرایەئاراوە. بەڵام لەڕێگای خوێندکارەکانی و چەند زمانەوانێکی ترەوە ئاستێکی قوڵتری بەتەواوی پێکهێنەرەکانی زمان لەوانەش سیمانتیك بەخشی، کە لێکدانەوەی تایبەتیان بەپێی تایبەتێتی قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) لەلقەکانی وەك (سیمانتیکی لێکدەرەوەیی" Interpretative Semantic") و (سیمانتیکی بەرهەمێنان "Generative Semantic")ەوە خستەڕوو. یەکەمین هەوڵدانێکیش بۆشرۆڤەی سیمانتیکی لەلایەن پەیڕەوکەرانی قوتابخانەی بەرهەمهێنانەوە لەڕێگەی هەریەکە لە (کاتز و فۆدەر"Katz and Fodor")ەوە ئەنجامدراوە، لەبابەتێکیاندا بەناوی(دروستەی تیۆری سیمانتیکی) لەساڵی (١٩٦٣). "هەوڵیاندا گریمانەی واتایی لەتیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بەرەوپێش ببەن، لەپاڵ ئەوەدا ویستیان بەشێوەیەکی گشتگیر لێکۆڵینەوە لەپرسی واتاسازی بکەن لەتەواوی زمانە سروشتییەکان"Natural Language"دا"[١]. ئامانج و مەبەستی سەرەکییان ئەوەبوو، کە ڕوانینێکی شرۆڤەکارییانە بۆ لایەنی سیمانتیکی زمان بونیاد بنێن لەوکاتەیدا، کە زۆربەی بۆچوونە بەرهەمهێنانییەکان سەبارەت بەڕێزمان و سینتاکسی زمانبوو.

زمانەوانانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان هەر لەسەر ڕێبازەکەی چۆمسکی زیاتر گرنگییان بە دروستەی قوڵ "Deep Structure" لەبەرهەمهێنانە سیمانتیکییەکاندا دەدا و ئەوەیان دەخستەڕوو، کە دروستەی قوڵ تاکە ڕێگا و دەروازەی تێکردەیە بۆتەواوی شرۆڤە سیمانتیکییەکان و هەر لەوێشەوە بونیادی سیمانتیکی دەربڕاوەکان سەرچاوەدەگرن."دروستە قوڵەسینتاکسییەکە گشت ئەو زانیارییە سیمانتیکی_سینتاکسییانە دەدات، کە بۆ لێکدانەوە سیمانتیکییەکە پێویستن"[٢]. هەر بەپێی سیمانتیکی بەرهەمهێنان دروستەی قوڵ هەریەکە لە(سیما واتاییەکان، پەیوەندییە واتاییەکان، ئەرکە واتاییەکان و پێشگریمانە واتاییەکان) لەخۆدەگرێت، چونکە دروستەی قوڵ تاکە شوێنە بۆ تێکردەی فەرهەنگ و هەر ئەمانەش لەدوایدا خزمەتی دروستەی ڕووکەشی زمان دەکەن، کەلەفۆڕمی فۆنۆلۆژیدا دەیاننوێنێت.

---

[١]- بەشدار محمد ئیبراهیم (٣٦:٢٠١٤).

[٢]- محەمەدی مەحویی (٤:٢٠٠٦).

"بەمشێوەیە لەسیمانتیکی بەرهەمهێناندا، هەموو بوارە واتاییەکان لەڕێگەی ئاستی قوڵەوە دەنوێنرێن/پێشکەشدەکرێن، کەهەندێجار پێشیدەگوترێت دروستەی لۆژیکی"[1]. ئەم سەرنجە لەزۆرێك لەلایەنەکانی تری نواندنی زمانیدا ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبوویەوە، چونکە ئایا بەپێی سیمانتیکی بەرهەمهێنان، دیاردە ناوازەییە زمانییەکان (بەنموونەی مێتۆنیمی)، چ نواندنێکیان لە چ بەش و شوێنێکی بەرهەمهێنانە زمانییەکاندا هەیە؟ ئایا هەریەکە لەمێتافۆڕ و مێتۆنیمی نواندنی فەرهەنگییان هەیە و لەفەرهەنگەوە تێکردەی دروستەی قوڵن؟ یاخود لەقۆناغەکانی دواتری بەرهەمهێناندا دروستەی تایبەت بەخۆیان وەردەگرن؟ لەکاتێکدا بەپێی قوتابخانەکە هەموو دیاردە واتاییەکان تەنیا لەدروستەی قوڵدا ئەگەری ڕوودانیان هەیە و نابێت گۆڕانکارییەکانی دواتر ببنە هۆکاری گۆڕانی واتایی. کەواتە دیاردەی مێتۆنیمی بەپێی سیمانتیکی بەرهەمهێنان چۆن لێکدەدرێتەوە؟

لەسیمانتیکی بەرهەمهێناندا دوو جێکەوتە وەك ڕوتەخت بۆ ڕۆڵگێڕانە واتاییەکان دەردەکەون، ئەوانیش دروستەی قولً، کەلەلایەن فەرهەنگەوە تێکردەی دەبێت، هەروەها فۆڕمی لۆژیکی[2]، کە دەرکردە و نوێنەر و دروستەی ڕووکەشی هەموو تێکردە واتاییەکانی پێشترە. لەسیمانتیکی بەرهەمهێناندا تەواوی سەرنجە واتاییەکان لەڕوانگەی سیما واتاییەکانی ئایتمە فەرهەنگییەکانەوەیە، کە تێیدا هەر ئایتمێك خاوەنی ناوەڕۆکێکی واتاییە لەسەر بنەمای سیما(+ ، – )ە واتاییەکانی ئایتمەکان. هەرئەم سیمایانەشە واتا بەرهەمدەهێنن، کە ئایتمەکان لەفەرهەنگی ئاوەزیدا هەڵیانگرتوون و قسەکەران لەسەربنەما و ڕێکخستنی یاسابەندییانەی ئەمان دەربڕینیان دەبێت، تا دەربڕاوێکی یاسابەندییانەی ڕێزماندروست و واتادروستیان هەبێت[3]. مەبەست لەپێکهێنەری ناوەڕۆکی دانە فەرهەنگییەکانیش، بۆنموونە:

پیاو
+ گیاندار
+ مرۆڤ
+ نێر
+ هەراش ...

[1]– Bagha K.N. (2011:223).

[2]– زانیاریی ورد سەبارەت بەفۆڕمی لۆژیکی لەزمانی کوردیدا دەبینرێتەوە لە :– کاروان عومەر قادر (٢٠١٢).

[3]– زانیاریی زیاتر سەبارەت بە شرۆڤەی لایەنی واتا لەم قوتابخانەیەدا دەبینرێتەوە لە: ا– محەمەدی مەحویی(٢٠٠٦). ب– کاروان عومەر قادر(٢٠١٢). هەروەها بۆ زانیاریی زیاتری سەرجەم تێڕوانینی قوتابخانەی بەرهەمهێنان سەبارەت بەسیمانتیك و قۆناغەکانی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئەم تێڕوانینانە بڕوانە: ا– محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩ –٢–: ١٩٩–٢٠٩). ب– بەشدار محمد ئیبراهیم(٢٠١٤). پ– عبدالمجید جعفة(٢٠٠٠).

ئەو سیما واتاییانەی خرانەڕوو، ناوەڕۆکی وشەی(پیاو) پێکدەهێنن و قسەکەران لەمڕوانگانەوە لایەنی واتایی لەئاستی قوڵدا بونیاد دەنێن و دەربڕینیان دەبێت و گوێگرانیش بەهۆی ئاگادارییان لەهەمان ناوەڕۆك توانای لێکدانەوەیان دەبێت و تێگەیشتن دروستدەبێت. بەڵام کاتێك قسەکەران دەیانەوێت بیرە ئەبستراکتە نوێیەکانی خۆیان کۆنکرێت بکەن و لەهەندێك باری وەك مێتافۆڕ و مێتۆنیمیدا بۆ گەیاندنیان ئەوا دەبێت ستراتیژێکی نوێی زمانی/واتایی پەیڕەوبکەن، تابەهۆیەوە بەرهەمهێنانێکی دروستیان هەبێت. "مرۆڤ بۆگەیاندنی نیازە نوێکانی خۆی پێویستی بەفۆڕمی نوێ هەیە، کە ئەویش لەڕێگای گۆڕانکاریی واتایی لەوشەکاندا دابینیدەکات"[١]. بەپێی ئەم ستراتیژە قسەکەران بەبەردەوامی توانای گوزارشتی نوێیان بەدروستەی نوێ، بەڵام بە وشە هەبووەکان دەبێت. واتە بارکردنی واتای نوێ بەکەرەستە هەبووەکان بەڵام بەهۆی گۆڕانکاریی واتایی، کە ڕێگەپێدراوە لەسەر هەموو ئاستەکان، ئەویش بەهۆی گۆڕانکاریی لەسیما واتاییەکانی ئایتمە فەرهەنگییەکان. بۆنموونە سەرنجیان سەبارەت بەمێتافۆڕ و مێتۆنیمی و ئەوانەشی وەك ئەمان ناتوانرێت بەلێکدانەوەی وشەیی واتا بدەن بەدەستەوە ئەوەیە، کە تێیدا ئەو یاسا واتاییانەی، کە ناوەڕۆکی واتایی پێکدەهێنن یان دەگۆڕرێن یان دەهێنرێنە پێشەوە. لەمێتۆنیمیدا ڕووخسارەکانی دیار و سەرەکی چالاکناکرێن، بەڵکو یەکێکی دیکە لەپێکهێنەرەکانی ناوەڕۆکە واتاییەکانی وشەکە(جا چ نزیك بەسیمای سەرەکی یان دوور )چالاکدەکرێت، کە تاڕادەیەك سەرەکی نییە(وەك گشت/لەباری ئاسایدا) بەڵام لەپرۆسە و کردەی مێتۆنیمیدا دەبێت بەڕوخسار و لایەنی دیاری پێکهێنەری ناوەڕۆکی واتایی وشەکە. واتە لەکاتی ئاسایدا(**نۆکیا**) دیارترین ڕوخسار و سیماواتاییەکەی (+**کۆمپانیای بەرهەمهێنانی مۆبایل**)ە، بەڵام لەبەرکارهێنانی مێتۆنیمییانەی(نۆکیا)دا، بۆنموونە (+**مۆبایل**) دەبێتە ڕوخساری سەرەکی، لەکاتی دەربڕینی ڕستەیەکی وەك(٣٦)دا:

**(٣٦)–[نۆکیایەکم] بۆبکڕە.**

ئەم خاسیەتە لەتەواوی بەکارهێنان و ئاستەکانی بەکارهێنانی مێتۆنیمییانەی وشەکاندا بوونی هەیە، کە لەهەرجۆرێکی بەکارهێنانی مێتۆنیمییانەی وشەکەدا سیمایەکی واتایی پەسەندکراوە یان گۆڕاوە یان هێنراوەتە پێشەوە و کراوە بەسیمای سەرەکی، بۆنموونە لەڕستەیەکی وەك(٣٧)دا:

**(٣٧)– کۆمپانیای[نۆکیا] ڕایگەیاند....**

---

[١]– نەریمان حەسەن حەمەکەریم(٢٠١٥:٢٣).

وشەی (**نۆکیا**)مێتۆنیمییانە بەکارهاتووە، بەچالاککردنی یەکێکی دیکە لەسیما واتاییەکانی، کە (+**کارمەندەکانی پێکهێنەری کۆمپانیای نۆکیا**)ن و ئەم لایەنە لەناو تەواوی سیما پێکهێنەرەکانی تردا هەڵبژێرراوە. لەگەڵ خستنەڕووی سەرنج و تێڕوانینە تایبەتییەکان بەپێی قوتابخانە و سەردەمەکان، بەڵام تەواوی ناساندنە باوە زمانەوانییەکانی مێتۆنیمی لەخاڵێکی دیاریکراودا یەکدەگرنەوە بەوەی، کە مێتۆنیمی ئاماژەدانێکە بە (شت، بیر، کەس، ڕووداو، بابەت...هتد) بەفۆڕمێکی جیاواز لەو واتا دیاریکراوەی بۆی دانراوە و ئەمەش ناونراوە "پرۆسەی ناونانێکی سەرلەنوێ لەشتێك بەهۆی کۆمەڵێك ڕێگا و ئامراز و پەیوەندی، کەبەیەکترییەوە هەیانە"[١]. لەمڕوانگەیەوە مێتۆنیمی وەك دووبارە ناونانەوەی شتێك، کەسێك، ڕووداوێك...هتد دادەنرێت، کەخۆی ناوێکی هەیە بەڵام بەناوێکی تر ئاماژەی پێدەدرێت، کە هەریەك لەدەربڕراو و مەبەست(ناوی یەکەم و دووەم) هەمان سەرچاوەیان هەیە و یەك واتا دەگەیەنن. بۆنموونە کاتێك (**خانوی گڵ**) دەبیسترێت لەبری گەیاندنی بیرۆکەی(**هەژاریی**)، هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە (خانوی گڵ)شوێنی نیشتەجێی هەژارانە. یاخود (**تاج**) بەواتای (**دەسەڵات**)، لەکاتی بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکەی (تاج)دا، بەهۆی لەیەکچوونی ئەو نیشانانەی، کە چەمکێکی ئەبستراکتی وەك (دەسەڵات) لەخۆیدەگرێت، هەروەها یەکێك لەپێدراوەکانی (تاج)یش، کە (دەسەڵات)ە. ئەم تێڕوانینانە بەبێ ڕەچاوکردنی تەواوی ئەوهۆکارانەی، کە بەرهەمهێنانی پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییان لێدەکەوێتەوە و هەروەها قۆناغەکانی بونیادنانی و فەرامۆشکردنی ڕۆڵی لایەنە ئاوەزییەکە لەدروستە ناوازەییە واتاییەکاندا(ئەو دروستانەی لەڕووی واتاییەوە ناوازەن، بەنموونەی مێتۆنیمی))، هەموو ئەم بوارانەی تایبەت بەپێکهاتەیەکی مێتۆنیمی لەهەڵسەنگاندنە زمانەوانییە باوەکاندا بەهۆکاری لەیەکچوونی نیشانە و شوێن و کار و کات و نزیکی سیمانتیکییانە و ....هتد دانراوە.

### ٤-١/٢) بنەما زمانەوانییە درکپێکردنەکانی مێتۆنیمی

زانستی زمانی درکپێکردن لەتەواوی شیکردنەوە زمانەوانییەکاندا و بەدیاریکراویش لەسیمانتیکی درکپێکردندا، واتای زمانی هەمیشە لایەنی یەکەمی لێکدانەوەکان دەگرێت. بۆئەمە لەپێناو خستنەڕوویەکی زمانەوانییانەی تەواوی دیاردە زمانییەکان لەسیمانتیکی درکپێکردندا کۆمەڵێك تیۆری تایبەت و دیاریکراو (هەریەکێکیان بۆ خزمەتکردنی دیاردەیەکی زمانی) لەپێناو نەخشەکێشانێکی

---

[١]- فاروق عومەر صدیق، وانەکانی خوێندنی باڵا/ماستەر(٢٠١٤-٢٠١٥).

**زانستی زمانییانه و درکپێکردنانه بۆ زانستی زمان پێشنیازدەکات. هەر بەهۆی ئەمەشەوەیە، کە سیمانتیکی درکپێکردن وەك ڕێبازێکی لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت زیاتر لەوەی تەنیا تیۆرێکی دیاریکراوبێت بۆشرۆڤەی لایەنە پێکهێنەرەکانی تەواوی پەیکەری زمانی مرۆڤ. ئەم لایەنەی لێکۆڵینەوە لەزانستی زمانی درکپێکردندا لەلایەن هەریەکە لە(لیۆنارد تاڵمی"Leonard Talmy"، جۆرج لاکۆف"George Lakoff"، مارك جۆنسن"Mark Johnson"،چارلس فیلمۆر" Charles Filmor"،دیرك گیرارتس"Dirk Geeraerts")ەوە هێنرایە ئاراوە و گەشەپێدرا. ئەو تیۆرییانەش، کەلە سیمانتیکی درکپێکردندا شرۆڤەی ئاست و پێکهێنەر و دیاردە زمانییەکان دەکەن، بریتین لە (تیۆریی نەخشە وێنەییەکان، سیمانتیکی ئینسکلۆپیدی، پۆلکردن و مۆدێلە درکپێکردنە نموونەییەکان، سیمانتیکی درکپێکردنی فەرهەنگیی، مێتافۆڕی چەمکییانە، مێتۆنیمیی چەمکییانە، بۆشاییە ئاوەزییەکان، ئاوێتەبوون)[١]، کە کاری سەرەکیی ئێمە (تیۆریی ئاوێتەبوون)ە.**

---

[١]- ئەوەی سەبارەت بە تیۆرییەکان بێت، لەخوارەوە بەکورتی دەخرێنەڕوو:

١- تیۆری نەخشە وێنەییەکان" Image Schema Theory": ئەم تیۆرییە بەدیاریکراوی لەلایەن(مارك جۆنسن)ەوە لەکتێبێکیدا بەناوی (جەستە لەمێشکدا"The Body in the Mind") لەساڵی(١٩٨٧)خرایەڕوو.

٢- سیمانتیکی ئینسکلۆپیدی"Encyclopaedic Semantic": وردەکاری و تێڕوانینەکانی خاسیەتی ئینسکلۆپیدی لە واتای زمانیدا، لەپاری دووەمی ئەم بەشەدا خرایەڕوو، بڕوانە لا (٤٥- ٥٢).

٣-پۆلکردن و مۆدێلە درکپێکردنە نموونەییەکان/م.د.ن"Categorization and Idealized Cognitive Model/ICM": ئەم تیۆرییە پەیوەندیدارە بەکارەکانی (جۆرج لاکۆف)ەوە، سەبارەت بە(مۆدێلی درکپێکردنە نموونەییەکان)، کەلە کتێبەکەیدا (ژن، ئاگر و شتە ترسناکەکان "Women, Fire and Dangerous Things") ئاماژەی پێداوە و لەساڵی (١٩٨٧) بڵاویکردوەتەوە.

٤- سیمانتیکی درکپێکردنی فەرهەنگیی"Cognitive Lexical Semantic": ئەمیش هەر گەشەپێدراوی کارەکانی (لاکۆف)ە سەبارەت بە سیمانتیکی فەرهەنگی.

٥- تیۆری مێتافۆڕی چەمکییانە"Conceptual Metaphor Theory":دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی(لاکۆف و جۆنسن). پەیوەست بەم تیۆرییەوە، دروستەی چەمکی بەهۆی نەخشەکێشانە مەودا_بڕەکانەوە ڕێکدەخرێن.

٦- تیۆری مێتۆنیمی چەمکییانە"Conceptual Metonymy Theory": بەهەمانشێوەی مێتافۆڕی چەمکییانە لەکارەکانی هەریەکە لە(لاکۆف و جۆنسن)ەوە سەرچاوەی گرتووە.

٧-تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان"Mental Space Theory": (گیڵس فۆکیونەر"Gilles Fauconnier") ئەم ڕێبازەی لەلێکۆڵینەوە درکپێکردنەکانی زماندا گەشەپێدا، لەدوان لەکتێبەکانیدا بەناوەکانی (بۆشاییە ئاوەزییەکان"Mental space") لە(١٩٨٥) و (نەخشەکێشانەکان لەزمان و بیردا" Mappings in Language and Thought") لە (١٩٩٧)دا.

٨- تیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانە"Conceptual Blending Theory"، کە ئەم تیۆرییەیان بنچینەی کارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەپەیوەست بە مێتۆنیمییەوە پێکدەهێنێت. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە تیۆرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن و مەبەست و هۆکاری هاتنەئارایان و چۆنییەتی شرۆڤە و لێکدانەوەکانیان بۆ لایەنی سیمانتیکیی زمان بڕوانە: a- Evans V. , Bergen B.K. and Zinken J. (2007:9-20) . ب- ڕێبوار ئەحمەد نەبی (٢٠١٥: ٣٣-٤١).

لەزانستی زمانی درکپێکردندا بۆلێکۆڵینەوە لەدیاردەی مێتۆنیمی و هاوشێوەکانی تیۆرییەکی تایبەت و دیاریکراو هەیە، کە شرۆڤەیەکی تەواو زمانییانەی درکپێکردنانە بۆ مێتۆنیمی دەکات بەناوی (تیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانە). هەروەها لە زانستی زمانی درکپێکردندا، هەر لەبنەڕەت و سەرەتاوە سێ گریمانە سەبارەت بە مێتۆنیمی دەخرێتەڕوو، کە تەواوی شرۆڤەکانی زانستی زمانی درکپێکردن سەبارەت بە مێتۆنیمی، لەم سێ گریمانەیەوە سەرچاوە دەگرن، کە سروشتێکی تەواو جیاواز لە ڕوانینە باوەکانی پێشوو بە مێتۆنیمی دەبەخشێت. ئەوانیش:

"– مێتۆنیمی دیاردەیەکی چەمکییە.

– مێتۆنیمی پرۆسەیەکی درکپێکردنانەیە.

– کارکردنی مێتۆنیمی، لە ناو یەك مۆدێلی درکپێکردنی نموونەییدایە/م.د.ن"[١].

ئەوە خرایەڕوو، کە زانستی زمانی درکپێکردن هەموو زمان وەك دیاردەیەکی لەخۆگرتووی چەمکیی وێنادەکات. هەربۆیە مێتۆنیمیش بەشێکی ئەو پێکهاتەیە لەخۆدەگرێت تا ئەوڕادەیەی لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا وەك پێکهاتوویەکی (فۆڕم/هێما) و (چەمك/ناوەڕۆك) ئەوا تەواوی هێما زمانییەکان و چەمکەکانی بەرانبەریان سروشتێکی مێتۆنیمییانەی هەیە. 'سروشتیترین خاسیەتی زمان لەسەر بنەمای پرەنسیپە مێتۆنیمییەکانە، لەپێناو پەیوەندیکردن و دەربڕینی چەمکەکاندا فۆڕمەکان بەکاردەهێنین، زمان سیستەمێکی پەیوەندییە بەم هۆیەوە و بەناچاری مێتۆنیمییانەیە'[٢]. چونکە ئێمە هەرگیز چەمك دەرنابڕین، بەڵکو کەرەستەیەکی هێمابۆکراوی چەمك دەردەبڕین، کە بە دەنگ/فۆنێم یان پیت کۆنکرێتکراوە. بۆنموونە فۆڕمی (**منالْ**) بۆئاماژەدان بەچەمکی (**منالْ**) شتێك دەگەیەنێت، کە خۆی نییە. واتە فۆڕمی (م+ن+ا+ڵ) ئاماژە بەلایەنی دووەم دەکات (**چەمکی منالْ**). بەمشێوەیە وشەی (منالْ) بۆ منالێکی ڕاستیی. ئەم لایەنەی مێتۆنیمی لەلایەن هەریەك لە (لاکۆف و تیورنەر)ەوە ناونراوە (مێتۆنیمی فۆڕم بۆ چەمك"Form for Concept").

یەکەمین لێکۆڵینەوەیەکیش لەهەریەك لە(مێتافۆڕ و مێتۆنیمی) لەمڕوانگەیەوە لەلایەن (جۆرج لاکۆف و مارك جۆنسن)ەوە پێشەکەشکرا، لەکتێبێکیاندا بەناوی (مێتافۆڕەکان، کە بەهۆیانەوە دەژین "Metaphors, We live By") لە (١٩٨٠)دا و لەلێکۆڵینەوەکانی دواتریاندا گەشەیان بەبیرەکەیاندا. تیۆری تایبەت بەم بوارە لەسیمانتیکی درکپێکردندا و ئەوەش، کە هەریەك لە (لاکۆف و جۆنسن)

---

[1]– Zhengling Fu (2016:37).

[2]– Panther K. and Radden G. (1999:24).

**خستیانەڕوو، سەرەتا بەناوی (تیۆری مێتافۆڕی چەمکییانە" Conceptual Metaphor Theory")بوو، چونکە لەسەرەتاوە گریمانەی ئەوە دەکرا، کە مێتۆنیمی وەك دیاردەیەکی قۆناغی دوای مێتافۆڕە و لەدایکبووی ئەوە، یان قۆناغی بەرەوپێشچوونی مێتافۆڕە. بەڵام دواتر بەوردبوونەوە لەسروشتی پێکهاتەی هەریەك لە مێتافۆڕ و مێتۆنیمی ئەوە ڕوونبوویەوە، کە هەرکام لەوان دووپێکهاتەی تایبەت بەخۆیان هەیە و لەدوو پرۆسەی درکپێکردنی جیاوازدا بونیاد دەنرێن. هەروەها دەرکەوتنی ئەو ڕۆڵە گرنگەی، کە مێتۆنیمی لەزمانی مرۆڤدا دەیگێڕێت، کە ئەمیش بەهەمانشێوە لەکردەیەکی درکپێکردنی تایبەتەوە سەرچاوەدەگرێت. هەربۆیە لێکۆڵینەوەکانی دواتر سروشتیببوونی مێتۆنیمییان چەسپاند و لەژێر ناوی (مێتۆنیمی چەمکییانە"Conceptual Metonymy")دا لەزانستی زمانی درکپێکردندا لێیدەکۆڵرایەوە، تائەو ڕادەیەی، کە مێتۆنیمی میکانیزمێکە زیاتر لەمێتافۆڕ پەیوەندیدار و بنچینەییە بەزمان و بیری مرۆڤ. هەروەها ئەو گریمانەیەش دەخرێتەڕوو، کە لەڕاستیدا مێتافۆڕەکان لەبنەمایەکی مێتۆنیمییانەوە سەرچاوە دەگرن. 'هاتنەئارای بانگەشەی (مێتافۆڕی چەمکییانە) لەلایەن تیۆریستانی وەك (لاکۆف و جۆنسن) و هاوبیرەکانیانەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەدووان لەبنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردنەوە هەیە[1]، ئەوانیش :**

**– تێزی زانینی بەرجەستەکراو، کە تێیدا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە چۆن داڕشتەی چەمکیی دەورە دراوە بەئەزمونی بەرجەستەکراو.**

**– ئەو تێزەیە، کەپێیوایە داڕشتەی سیمانتیکی ڕەنگدانەوەی داڕشتەی چەمکییە'[2]. بەمشێوەیە ئەم لایەنانە بوون بە بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی درکپێکردنانە لە سەر دیاردەیەکی زمانیی وەك (مێتۆنیمی).**

**سەرەکیترین هۆکاریش بۆ هاتنەئارا و پاشان چەسپاندن و بەتیۆری بوونی لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن سەبارەت بەمێتۆنیمی، بۆ کەموکوڕییەکانی لێکدانەوەکانی پێشتر دەگەڕێتەوە. کە بەشێوەیەکی گشتی باگراوندە درکپێکراوەکەی مێتۆنیمییان پشتگوێدەخست و دوور لەپرۆسە و بوونیادنانە ئاوەزییەکەی مێتۆنیمی دەیانخستەڕوو، کە تەنیا بریتییە لەشێوازێکی بەکارهێنانی زمان لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان وشەکان لەڕووی واتاوە، کە تێیدا ناوی شتێك بەکاردەهێنرێت لەبری ناوی شتێکی تر. یاخود مێتۆنیمی بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دوو یەکە، کە ئەم پەیوەندییەش هەمیشە بەهۆی نزیکی و هاوڕێیەتییەوە لەنێوانیاندا دروستدەبێت و گۆڕانی واتاش"Semantic Change"**

---

[1]– ئەو چوار بنەمایەی ،کە سیمانتیکی درکپێکردنی لەسەر دامەزراوە، لەپاری دووەمی ئەم بەشەدا خرانەڕوو، بڕوانە پاری دووەمی ئەم بەشە لا(٤٠–٥٥).

[2]– بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (Evans V. and Green M. (2006:286 –.

تاکە ڕوخساری دیار و سەرەکییە لەم دیاردەیەدا. بەڵام شرۆڤەکانی زانستی زمانی درکپێکردن لەڕوانگەیەکی قوڵتر و فراوانترەوە مێتۆنیمی دەخاتەڕوو و ئەویش لەڕوانگەی تیۆری تایبەت و شێوازی بوونیادنانێکی تایبەت و جیاوازتری لەبونیادنانە زمانییەکانی تری پێدەبەخشێت. کارەکانی (لاکۆف و جۆنسن) سەبارەت بەمێتۆنیمی سەرەتا لەشرۆڤەکانی تیۆری (بۆشاییە ئاوەزییەکان)ەوە سەرچاوەدەگرێت، کەلەڕوانگەیەکی درکپێکردنەوە لەبونیادنانە واتاییەکان دەڕوانێت، بۆئەم بونیادنانەش دوو پرۆسە بەشداریدەکەن:

"– بونیادنانی بۆشاییە ئاوەزییەکان،

– دامەزراندنی/دروستکردنی نەخشەکان لەنێوان ئەو بۆشاییە ئاوەزییانەدا"[1].

بیرۆکەی بنجی لەبۆشاییە ئاوەزییەکاندا بونیادنانی دوو بۆشایی ئاوەزییە بۆ گوزارشتەکان. بۆشاییەك، کەپەسنی ڕاستی و ڕاستەقینە دەکات. هەروەها بۆشاییەکی تری ئاوەزیی، کە گوزارشت لەپەسنی دونیابینی و گۆشەنیگای ڕوانین لەڕاستی و ڕاستەقینە دەکات. ئەم تیۆرییە واگریمانە دەکات، کە دەربڕینەکانمان بەبەردەوامی چوارچێوە_بۆدانراون. بۆشایی ئاوەزیی یەکەم تەنیا گوزارشتە لەتوانا و دەسەڵاتی دەربڕاوەکان، بەکاریگەریی دەوروبەر و کارلێکە ڕاستەقینە و دەرەوەییەکان. بەڵام بۆشایی ئاوەزیی دووەم گوزارشتە لەو بونیادنانە ئایدیایەی، کە قسەکەر ئاماژەی پێدەکات. ئەمەش بۆئەوەی دەروازەیەك بدۆزێتەوە، تالەڕێیەوە گوزارشتەکانی قبوڵکراوبێت، کە بۆشایی ئاوەزیی دووەم ئەم ڕێگەدانە فەراهەمدەکات. " فۆکیونەر پێناسەی بۆشاییە ئاوەزییەکان دەکات بەوەی، دروستەی (بەشی/جزئی)ن کە پەرەدەسەنن کاتێك بیردەکەینەوە یان دەدوێین، ڕێگەدەدەن بەدابەشکاریی توخمی پەسەند لەگوتار و دروستە کۆزانیارییەکانماندا. بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم تیۆرییە ئەوە دابیندەکات، کە بۆشاییە ئاوەزییەکان واتا دابەشدەکەن بەسەر ناوچە چەمکییە جیاوازەکاندا یان دەستەکاندا"[2]. مەبەست لەناوچە چەمکییە جیاوازەکانیش پێدانی ڕەوایەتییە بە بونیادنانی هەردوو ڕووبەری بەرهەمهێنانە ئاوەزییەکە بۆ گوزارشتەکانی قسەکەر:

– بونیادنانی ڕووبەری گوزارشت لەوەی، کە ڕاستییە ،

– بونیادنانی ڕووبەرێکی گوزارشتی تر، تا ببێتە بنەمای ڕاستیی بۆ گوزارشتەکانی قسەکەر لەڕاستیی.

---

[1]– Evans V. and Green M. (2006:368).

[2]– Evans V. , Bergen B.K and Zinken J. (2007:18).

هەرکام لەم ڕووبەرانەش جۆری تایبەت و جیاواز لەزانیاری لەخۆدەگرن، کە دەبێت هەموو ئەو زانیارییانەی تێدا ببینرێتەوە، کە بەهۆی هەرکام لەستراتیژە زمانییەکانی کاریگەر بەدەوروبەر و کلتور و ئایدیای قسەکەر دێنە ناو گفتوگۆکەوە. "فەزای بنەڕەتی وەسفی حەقیقەت دەکات، لەکاتێکدا فەزای بونیادنەر وەسفی دونیابینی لەواقیع دەکات"[١]. بەمپێیە ئەم تیۆرییە مەودایەك پێشنیازدەکات، کە تێیدا هەموو بەرهەمهێنانە واتاییە نوێ و هەمانکاتی"on-line"یەکان لەخۆدەگرێت، ئەو پانتاییە دەڕەخسێنێت بۆ واتا ئەگەرییەکانی لەدایکبووی هەر دەوروبەرێك. پوختەی بیرۆکەی بۆشاییە ئاوەزییەکان لەنموونەیەکی زمانی وەك (٣٨)دا شیدەکرێتەوە:

**(٣٨)- دەستم پێی بگات، ئەیکوژم.**

لەڕوانگەی بونیادنانی هەریەك لەبۆشاییە ئاوەزییەکان، شرۆڤەیەکی درکپێکردنانە بۆ واتای نموونەی(٣٨) دێتەئاراوە. لەمڕوانگەیەوە واتا تەنیا بەهۆی ڕستەکانەوە بەدەستناهێنرێت. هەروەها یەکەیەکی شرۆڤەکراویش نییە لەپەیوەندی بەجیهانی دەرەکی، چونکە لەگەڵ بیستنی ڕستەیەکی وەك(٣٨)، ڕاستەوخۆ چەند لێکدانەوەیەکی هەمانکاتیی چالاکدەبن، کەوەك بونیادنانی سیناریۆ بۆ ڕوودانی ڕستەی (٣٨) ڕۆڵدەگێڕن. بۆنموونە (**کوشتنی فیزیکی کەسێك/لێدانێکی بەئازار، بریندارکردنی بەقسەیەك(کە ئەگەر درۆشبێت)، ئامۆژگاریکردن**،...)هەروەها چەند سیناریۆیەکی تریش، کەتەنیا (کوشتنی فیزیکی) ڕۆڵی بۆشایی بنەڕەتی بۆنموونەی (٣٨) دەبینێت، تەواوی سیناریۆکانی تر نەخشەکێشانە لەنێوان بۆشایی بنەڕەتی و بۆشاییە بونیادنراوەکانی تردا، کەدەشێت (لێدانێکی بەئازار) لەسەرەتاوە نزیکترین نەخشەکێشانبێت لەنێوان بۆشایی بنەڕەتی و بۆشایی بونیادنراوی نموونەی(٣٨) و تەواوی سیناریۆکانی تریش هەمان ڕۆڵی نەخشەکێشان دەبینن تا ئەو ڕادەیەی، کە بۆشایی بونیادنەر توانای شیکردنەوە و گریمانەکردنی دەربڕاوی درۆ و هەڵە و گاڵتە و گەپیشی هەبێت. بەمشێوەیە واتا بەبەردەوامی لەپرۆسەیەکی جوڵاو"Daynamic"دایە، لەبونیادنانە واتاییەکاندا، کە پێیدەگوترێت بەچەمککردن "Conceptualization". ئەم بۆچوونە پشتگیری بونیادنانی واتای ڕاستەوخۆ دەکات لەدەوروبەری گوتندا، بەڵام زیاتر لەبۆچوونە پراگماتیکییەکان پێیوایە، کە واتا لەهەرکاتێکی دیاریکراودا بەرهەمدێت، بەشێوەیەك دەربڕاو خاڵی بونیادنانە بۆ ژمارەك لە شرۆڤەی جیاواز، کەهەریەکەیان ئەگەری بونیان هەیە بەهۆی نەخشەکێشان"Mapping"ی جیاواز لەنێوان ڕاستی و سیناریۆکانی ڕاستیدا. هەروەها ئەو واتایانەش دەخاتەڕوو، کە بەهۆی پرۆسە چەمکییانەکانەوە پەیوەندی نێوان ڕاستی و

---

[١]- کاروان عومەر قادر، وانەکانی خوێندنی باڵا/ماستەر(٢٠١٤-٢٠١٥).

بارودۆخی گریمانەکراو دروستدەکەن. تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان وەك بنەمایەك بۆ تیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانە ڕۆڵدەگێڕێت، تەنانەت هەندێك لەلێکۆڵەران (ئاوێتەبوونی چەمکییانە) بەدرێژکراوەی (بۆشاییە ئاوەزییەکان) دەبینن. ئەمەش بەهۆی خاسیەتی جوولاوی واتا لە بۆشاییە ئاوەزییەکاندا، تیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانە، کەهەندێك جاریش بە(تیۆری تەواوکاریی چەمکییانە" Conceptual Integration Theory"ناودەبرێت، لەدایکبووی هەریەکە لە(تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان) و (تیۆری مێتافۆری چەمکییانە)یە. ئەمەش بەهۆی ڕوانینە ئاوەزییەکان لەپرۆسە و دیاردەکانی وەك (مێتافۆر و مێتۆنیمی) لەڕوانگەی چەمکە ئاوێتەبووەکانەوە، ئەنجامدانی ئەمەش بەپێی ئەو تیۆریستانەی، کە پشتگیری بۆچوونی ئاوێتەبوون دەکەن پێیانوایە، کە کردەی ئاوێتەبوون یان تەواوکارییانە، کردەیەکی درکپێکردنی گشتی و بنەڕەتییە، کە دەبێتە بنەما و دیاریکردنی شێوازی بیرکردنەوەکان.

ناوەکیبونی هەریەکە لەدیاردە زمانییەکانی وەك مێتافۆر و مێتۆنیمی بۆیەکەمجار لەلایەن هەریەکە لە (لاکۆف و جۆنسن)ەوە خرایەڕوو، لەکتێبەکەیاندا (مێتافۆرەکان، کە بەهۆیانەوە دەژین ١٩٨٠)، ئاماژەیان بەوەداوە، کە ڕێکخراوەییەکی ناوەکی هەیە بۆهەرکام لەو دیاردە زمانییانە، بەڵام هەریەکەیان خاوەنی پرۆسەیەکی بونیادنانی جیاوازن. ئەوەی پەیوەستبێ بە مێتۆنیمییەوە، لاکۆف و جۆنسن پێیانوایە ئەمیش وەك مێتافۆر دیاردەیەکی چەمکییە. "چەمکە مێتۆنیمییەکان ڕێماندەدن بۆ بەچەمککردنی شتێك بەهۆی واتای ئەو پەیوەندییانەوەی،کە بەشتێکی ترەوە هەیانە،هەروەها ئەمانەش دەورە دراون بەئەزمونەکانمان"[1].

هەر لەمڕوانگانەوە بنەما زمانەوانییە درکپێکردنەکانی هەریەك لەمێتافۆر و مێتۆنیمی لەهەردوو تیۆری (مێتافۆری چەمکییانە و مێتۆنیمی چەمکییانە)دا بونیاد دەنرێن، کە دەتوانرێت بەتێڕوانینە بەراییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن سەبارەت بەهەریەك لەمێتافۆر و مێتۆنیمی دابنرێن و دواتر و لەقۆناغەکانی پاشتردا گەشەکردنی ئەم بیرانە سەبارەت بەهەردوو دیاردەکە و هێنانەئارای بۆشاییە ئاوەزییەکان و بەستنەوەی بەدیاردە زمانییەکانی وەك (مێتۆنیمی)یەوە شیکردنەوەیەکی درکپێکردنانەی نوێ لەڕوانگەی تیۆری (ئاوێتەبوونی چەمکییانە)وە دێتەئاراوە.

لەتێڕوانینە زمانەوانییە باوەکانی مێتۆنیمیدا، تەنیا بەئاماژەدان بەیەکەیەك بەهۆی یەکەیەکی ترەوە مێتۆنیمی دەخرایەڕوو. بەڵام زانا(لاتر برێدین"Later Bredin") مێتۆنیمی وەك گواستنەوەیەکی ورد و دیاریکراو لەنێوان یەکەکاندا دەخاتەڕوو، کە ئەم گواستنەوەیە بۆخۆی دەبێت لەڕوانگەی بیرکردنەوە و

---

[1]– Goossens L. , Pauwels P. , Rudzka-Ostyn B. , Simon-Vandenbergen A. and Vanparys J. (1995:177).

دونیابینی قسەکەرانەوە ئەنجامبدرێن/درابن. هەربۆیە مێتۆنیمی لەمڕوانگەیەوە هەڵگری باگراوندێکی درکپێکردنانەیە. بۆنموونە هەر ئەو هۆهاندەرانەی پشت پێکهاتە مێتۆنیمییەکان ناتوانرێت وەك شتی ئاسایی سەیربکرێن."کرۆکی مێتۆنیمی بریتی نییە لەگواستنەوەی(هەست/واتا) لەناوی شتێکەوە بۆشتێکی تر، بەڵکو لەبری ئەمە بریتییە لە گواستنەوەی "سەرچاوە Reference" لەشتێکەوە بۆ ئاماژەدان بەشتێکی تر"[١]. لەمڕوانگەیەوە ڕوانین لەمێتۆنیمی و فراوانکردنی ڕوبەری مێتۆنیمییە لەتەنیا دیاردەیەکی زمانییەوە بۆ دیاردەیەکی سەرچاوەداری هەستی. بۆنموونە لەڕێی لێکدانەوە مێتۆنیمییەکانەوە دەتوانرێت شرۆڤەی کۆمەڵێك لەئایدۆلۆژیا بارکراوەکان بکرێت، لەنموونەی هۆهاندەری هەڵبژاردنی شتێك بۆ ئاماژەدان بەشتێکی تر، کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی توانای درکپێکردنی نویێ. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە نموونەی (٣٩) دەهێنرێتەوە:

(٣٩)- [**دەستیانبگرە**].

ئەم ڕستەیە مێتۆنیمییانە بەکاربراوە بۆ یارمەتیدان، دەشێت یارمەتییەکە(**دەستگرتنبێت بۆ هەستانەوە**) یان (**هاوکاریی مادیی**) یان (**ڕێنمایی بۆ ژیان و هاوکاریکردن و سەرپەرشتیکردن**...)، پرسیارەکە لێرەدایە:

(بۆ دەست دەوەستێت لەبری (ئامۆژگاریکردن، سەرپەرشتیکردن، پارەپێدان...هتد؟))، کە دەشێت لەهیچکامیاندا (دەست) وەك پارچەیەکی لەشی مرۆڤ بەکارنەهێنرێت. ئەمە پاڵنەر و ئامانجی هەیە، کە تێیدا گەلێك لەلایەنەکانی زانینی مرۆڤ بەشداریدەکەن. لەمڕوانگانەوە زمانەوانانی سیمانتیکی درکپێکردن بەهۆی تیۆرییەکانەوە هەم هەوڵدەدەن چۆنییەتی بونیادنانی مێتۆنیمی پەیپێببەن، هەم هۆکارەکانی پشت ئەو چۆنییەتییانەش بخەنەڕوو. "مێتافۆڕ لەبنەڕەتدا هۆکارێکە بۆ وێناکردنی شتێك لەڕێی شتێکی ترەوە، کاری یەکەمی (تێگەیاندنە)، لەلایەکی ترەوە مێتۆنیمی بەشێوەیەکی بنەڕەتی کردەیەکی سەرچاوەییە، ئەوەیە کە ڕێماندەدات بۆ بەکارهێنانی یەکەیەك بۆ وەستان لەبری یەکەیەکی تر"[٢]. سەرەڕای پەسنکردنی مێتۆنیمی وەك دیاردەیەکی سەرچاوەدار، بەڵام کارتێکردنەکانی گۆڕینی ڕێچکەی سەرچاوە زمانییەکان لەداڕشتەیەکی ئاساییەوە بۆ داڕشتەیەکی مێتۆنیمییانە، ڕەهەندێکی ئۆنتۆلۆژی و ئیبستمۆلۆژییانەی هەیە، وەك نموونەی (٣٩)ی سەرەوە، کە چۆن تێیدا (دەست)

---

[1]– Al Sharafi A.G.(2004:49).

[2]– Lakoff G and Johnson M. (1980:36).

**بەکاردەهێنرێت بۆ کۆمەڵێك بۆنیادنانی واتایی نویٚ لەسەر بنەمای درکپێکردن. بۆنموونە بەکارهێنانی (بەش) لەبری (گشت) وەك لەنموونەی (٤٠)دا دەخرێتەڕوو:**


**(٤٠)– چەند[دەموچاو/وەجهێکی] تازە ئەبینم.**

**بەکارهێنانی (دەموچاو/وەجە/"Face") لەبری (تەواوی لەش، هەڵسوکەوت و ڕەفتار، بیرکردنەوە و پڕۆژە، مێژوو،...هتد)ی کەسێك یان چەند کەسێك لەو درکپێکردنەوە دێت، کە تواناى بڕیاردانی لۆژیکییانەی مرۆڤ پەیوەندی بە(سەر/مێشك)ەوە هەیە. هەروەها (ئەگەر کەسێك داوای وێنەی منالێك بکات و من تەنیا دەموچاوی پیشانبدەم، ئەوا داواکەیم بەجێهێناوە، لەکاتێکدا ئەگەرهاتوو وێنەی هەموو گیانی پیشانبدەم بەبیٚ دەموچاوی، هێشتا داواکەی جێبەجێنەکراوە)، چونکە ئەوە(دەموچاو)دەبێتە دیارترینی ئەو بەشانەی، کە بەبەردەوامی و ڕۆژانە مرۆڤەکانمان بیردەخاتەوە.**

**دیارترین جیاوازیش لەڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە لەنێوان هەریەکە لەمێتافۆڕ و مێتۆنیمیدا لەسروشتی بونیادنانیانەوە دێت، چونکە مێتافۆڕ سروشتێکی (مەودابڕ)ی هەیە، لەکاتێکدا مێتۆنیمی پێکهێنراوە لەچێوەی (یەك مەودا)دا. ئەم تێڕوانینەش لەسروشتی هەریەك لەمێتافۆڕ و مێتۆنیمی لەزانستی زمانی درکپێکردندا لەلایەن هەریەك لە (لاکۆف و جۆنسن)ەوە، لە(١٩٨٠)دا خرایەڕوو، لەسەر ئەم بنەمایە زانا (کرۆفت"Croft") ئەوە دەخاتەڕوو "مێتافۆڕ نەخشەکێشانە لەنێوان دوو مەودادا، کەبەشێکنین لەهەمان داڕشتە(دوومەودای خاوەن دوو داڕشتەی جیاوازن)، لەکاتێکدا مێتۆنیمی، نەخشەکێشانە لەچێوەی یەك مەودای داڕشتەدا"[1]، ئەو پەیوەندییەشی، کە نەخشەکێشانەکانی لەسەر بونیاددەنرێت، لەسەر بنەمای ئەو مەبەستەیە، کە لەنێوان مەوداکاندا هەیە. بۆنموونە (لێکچوون) دەبێتە بنەما بۆنەخشەکێشان لەنێوان دوو مەودادا، کە مێتافۆڕی لەسەر بونیاد دەنرێت، لەکاتێکدا (کەوتنەبری"Stand for") دەبێتە بنەما بۆ نەخشەکێشان لەنێوان دووچەمکی داڕشتەی یەك مەودادا، کە مێتۆنیمی لەسەر بونیاد دەنرێت. هەمیشە لەنێوان مەوداکانیشدا (سەرچاوە"Source") و (مەبەست"Target") بونییان هەیە، کە قسەکەر بەگۆڕانکاریی لەنێوان سەرچاوەکاندا(لەسەرچاوەکانەوە بۆ مەبەستەکان) پرۆسەکان بونیاد دەنێت. کورتەی ئەم بیرە لەهێڵکاریی (١٢)دا دەخرێتەڕوو:**


---

[1]– Geeraerts D. and Cuyckens H. (2007:238-239).




**مێتافۆڕی چەمکییانە**

**نەخشەکێشانی مەودابڕ لەنێوان سەرچاوە و ئامانجدا**




**مێتۆنیمی چەمکییانە**


**نەخشەکێشان لەمەودایەکی تاکدا لەنێوان چەمکی سەرچاوە و چەمکی مەبەستدا**

**هێڵکاریی(١٢)**

**بەراورد لەنێوان مێتافۆڕ و مێتۆنیمیدا**[١]

**نموونەکانی (٤١،٤٢) بۆهەریەك لەمێتافۆڕ و مێتۆنیمی زیاتر نەخشەکێشان و سروشتی نەخشەکێشانەکان لەنێوان مەوداکاندا ڕووندەکەنەوە.**

**(٤١)– شێرەکەم هات.** شێر←سەیوان




---

[1] - Evans V. and Green M. (2006:313).

(٤٢)- **خەریکی لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر[بەختیار عەلی].** بەختیار عەلی ←—— بەرهەمەکانی

| **بەختیار عەلی** | **بەختیار عەلی** |
|---|---|
| + مرۆڤ<br>+ نێر<br>+ نووسەر<br>+ کۆمەڵێك بەرهەم | + مرۆڤ<br>+ نێر<br>+ نووسەر<br>+ بەرهەم |

**لەنموونەی (٤١)دا هێنانی (شێر) مێتافۆڕییانە بەکاربراوە بۆ تێگەیشتن لەخاسیەتێك، کە لە(سەیوان)دا هەیە. بەهۆی بوونی کۆمەڵێك نیشانە، کە لەمەودای (شێر)دا هەیە و بوونی کۆمەڵێك نیشانەی تر لەمەودای (سەیوان)دا، پاشان گواستنەوەی یەکێك لەنیشانەکانی (سەیوان) بۆ نیشانەیەکی (شێر) و نەخشەکێشانێك لەنێوان هەردوو مەودای (سەیوان) و (شێر)دا مێتافۆڕەکە بونیاد دەنرێت. لەکاتێکدا (بەختیار عەلی) لەنموونەی (٤٢)دا مێتۆنیمییانە بەکاربراوە لەبری (بەرهەمەکانی(ی بەختیار عەلی))، لەم بارودۆخەدا (بەختیار عەلی) دەکەوێتە بری بەرهەمەکانیشی، کەلەهەمانکاتدا چەمکی (بەرهەم)، یەکێکە لەو نیشانانەی، کە مەودای چەمکی (خودی بەختیار عەلی) پێکدەهێنێت. بەمشێوەیە گواستنەوەکە/نەخشەکێشانەکە لەناو هەمان مەودا چەمکییانەکەی (بەختیار عەلی)دا ڕوویداوە. نەك وەك سروشتی مێتافۆڕ، کە گواستنەوەکە/نەخشەکێشانەکە لەنێوان دوو مەودادا ڕوودەدات. بەکورتی دیارترین جیاوازی لەنێوان مێتافۆڕ و مێتۆنیمیدا بەمشێوازە دەخرێتەڕوو:**

**لەمێتافۆڕدا : تێکردەکان پێکهێنەر/سەر بە دوو مەودای دوو چەمکن،**

**لەمێتۆنیمیدا: تێکردەکان پێکهێنەر/سەر بە مەودای یەك چەمکن.**

**گەشەپێدان بەم بیرۆکانە و سەلماندن و بەڵگەهێنانەوەی کارەکیی لەتیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان، بوونە هۆی سەرهەڵدانی تیۆری (ئاوێتەبوونی چەمکییانە)، تا پێکەوە و لەسەر بنەمای نەخشە و سنوری نەخشە و سروشتی ئاوێتەبوونی نەخشە ئاوەزییەکان، لێکدانەوە بۆهەریەك لەمێتافۆڕ و مێتۆنیمی بکرێت. بەڵام ئەوەی گرنگبێت، خستنەڕووی مێتۆنیمی و سروشتی پێکهاتن و لێکدانەوەکانییەتی لەڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانەوە. ئاوێتەبوونی چەمکییانە* ڕووبەرێکی فراوان لەتواناکانی**

---

* ئاوێتەبوونی چەمکییانە یەکێکە لەتیۆرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، کەلەلایەن هەریەکە لە (مارك تیورنەر و گێڵس فۆکیونەر)ەوە لە دوو بابەتیاندا بەناوەکانی: (تۆڕی تەواوکاریی چەمکییانە"Conceptual Integration Network"-١٩٩٨-) و (ڕێگای بیرکردنەوەمان"The Way We think"- ٢٠٠٢-)هێنراوەتە ئاراوە و گەشەپێدراوە.

ئاوەزی مرۆڤ نەك تەنیا لەزماندا، بەڵكو لە(هونەر، ئەدەب، بیركاری، زیرەكیی دەستكرد، یارییە ئەلیكترۆنییەكان، داهێنانە ئاوازەییە مۆسیقییەكان، سایكۆلۆژیای دركپێكردن، مرۆڤناسیی،.......هتد) شرۆڤەدەكات و ئاوێتـەبوونیش بەهۆكاری سەرەكی ڕوودانیان و پێشكەوتنی بیر و زمان و ڕەفتاری مرۆڤایەتی و داهێنانەكان دادەنێت. هەركام لەداهێنەرانی ئەم تیۆرییە "ئامانجیان دیاریكردنی هەژمار"Account"ێك بوو بۆ مێتۆنیمی وەك فۆڕمێكی دیاریكراوی نەخشەكێشان لەنێوان بۆشاییە ئاوەزییەكاندا بۆ یەكخستنی تەواوكارییەكی چەمكییانە لەبۆشاییەكی نوێدا بەناوی ((ئاوێتەبوون))"[1].

پێشتر بۆشاییە ئاوەزییە پێشنیازكراوەكانی تیۆری(بۆشاییە ئاوەزییەكان) خرایەڕوو لەئامادەبوون و داهێنانە واتاییەكانی واتای هەمانكاتیی. بەڵام تەواوی كاركردنەكانی تیۆری ئاوێتەبوونی چەمكییانە لەسەر ئەو خاڵەیە، كە تێیدا ئەم بۆشاییانە ئاوێتەدەبن و سەرەڕای بەهەندوەرگرتنی واتا گریمانەییەكانی بۆشایی بونیادنەر، لەكاتی ئاوێتەبوونی بۆشاییەكانیشدا، كە بەنەخشەكێشانەكان ئاماژەیپێدەدرێت دیاردەكانی وەك (مێتافۆڕ ، مێتۆنیمی) پێكدێن.


لە (مێتافۆڕ و مێتۆنیمی چەمكیانە)دا و بۆ پێكهێنانی پێكهاتەیەكی وەك (مێتافۆڕ یان مێتۆنیمی) زیاتر لەڕوانگەی كۆزانیارییە ڕێكخراو و پێشتر ئامادەكان بوون/دەركەوتنیان دەبوو، لەكاتێكدا لەبۆشاییە ئاوەزییەكاندا زیاتر جەخت لەسەر كۆزانیارییە هەمانكاتییە ئامادەكان دەكرێتەوە، كە لە پڕۆسەی بونیادنانە واتاییەكاندا گەشەدەكەن. سەرەكیترین خاسیەتی تیۆری ئاوێتەبوونی چەمكییانەش لەسەر بنەمای بەشدارپێكردنی هەركام لەكۆزانیارییە ئەزمونییەكان و كۆزانیارییە هەمانكاتییەكانە، كە بەهۆی بەشێك لە بونیادنانە واتاییەكانی قسەكەر لەشێوەی نەخشەی ئاوەزیدا بەهۆی تێكردەكانی هەركام لەكۆزانیارییەكانەوە دروستدەبن. "سەرنجی سەرەتایی/بایەخی بەرایی لەتیۆری ئاوێتەبووندا بۆ ڕوونكردنەوەی بونیادنانە واتاییە ناوچەیی و جۆڵاوەكانبوو"[2]. كەواتە ئاوێتەبوون لەشێوەی نەخشەكێشانێكی تەواوكاریی لەسەر بنەمای تێكردەكان(مەبەست لەتێكردەكان ئەو كۆزانیارییە هەبوو و هەمانكاتییانەیە، كە تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەكان پێشنیازیان دەكات) دێتەئاراوە، نەك تەنیا لەسەر پەیوەندییەكی سادەی نێوان دوو یەكە یان دوو تێكردە. بەڵكو نەخشەیەكی تەواوكاریی لەبونیادنانی واتایەكی نویٚ بەهۆی ئاوێتەبوونی چەمكەكانەوە، كە ئەمانیش پێشتر تێكردەن، دروستدەبێت. بەمشێوەیە نەخشەی تەواوكاریی لەتیۆری ئاوێتـەبووندا بەڕووبەری ئاوێتەبوونەكە ئەژماردەكرێت، كە

---

[1]– Othman S.K.(2013:49).

[2]– Evans V. and Green M. (2006:313).

پڕۆسەکەی تێدا جێبەجێدەبێت و یەکەکانی بۆشاییە هەمەلایەنەکان، کە هەڵگری زانیارییە هەمەجۆرەکانن لەخۆدەگرێت، هەر لەبەر ئەمەشە، کە هەندێکجار تیۆرییەکە بە(تەواوکاریی چەمکییانە)ش ناودەبرێت. "ئاوێتەبوون ڕێگەماندەدات بۆ ئاوێتەبوونی دوو بۆشایی ئاوەزیی بۆ دروستکردنی سێیەم، کەتەنیا پێکهاتەکانی یەکەم و دووەم نییە، بەڵکو لەبری ئەوان دروستەی دەرکەوتووی خۆی هەیە"[١]. ئەو بۆشاییە ئاوەزییانەی، کە تیۆری ئاوێتەبوون پێشنیازیاندەکات بۆ نەخشەکێشانێکی تەواوکارییانەی پڕۆسە زمانییەکانە، لەوانە (مێتافۆڕ، مێتۆنیمی ، ڕێزمان...). هەرکام لەبۆشاییەکانیش ڕۆڵێکی دیاریکراو دەگێڕن بۆ کردە ئاوێتەبوونەکان. بۆنموونە بۆشاییە ئاوەزییە تێکردەکان، کە ڕۆڵی هەرکام لەبۆشایی بنەڕەتی و بۆشایی بونیادنەر دەگێڕن. لەهەمانکاتدا (بۆشایی گشی"Generic Space") هەرکام لەبۆشاییە تێکردەکان و هەموو ئەو زانیارییە فراوانانەی تریش لەخۆدەگرێت، کە شیانی ڕوودانیان هەیە زیاد لە هەرکام لەبۆشاییە تێکردەکان. "بۆشایی ئاوەزیی گشتی نەخشەکێشانە بۆ هەموو تێکردەکان و هاوبەشییەکانی هەموو تێکردەکانیش لەخۆدەگرێت"[٢]. لەپێش پڕۆسە ئاوێتەبوونەکان هەرکام لەبۆشاییە تێکردەکان و بۆشایی گشتی ڕۆڵێکی گشتگیر لەبونیادنانی واتایەکی دروستدا دەگێڕن، تائێرە پڕۆسەکە هاوشێوەی تێڕوانینەکانی تیۆری (سیمانتیکی چوارچێوە)ی (فیلمۆر)ە بۆ سیمانتیك. هێڵکاریی (١٣) پوختەی بۆشاییە ئاوەزییەکان بەبێ بۆشایی ئاوێتەبوون دەخاتەڕوو.




هێڵکاریی (١٣)
بۆشاییە ئاوەزییەکان[٣]

1– Panther K. and Radden G. (1999:77).


2– Fauconnier G. and Turner M. (2002:41).

٣– سەرچاوەی پێشوو (٤٢).

**هەریەکە لە فۆکیونەر و تیورنەر ئەم بۆشاییانە ناودەنێت (یەکەکانی ئاوێتەبوون). پەیوەندییەکانی هەریەك لە بۆشایی (١، ٢) بەهۆی (بۆشایی گشتیی)ەوە دروستدەبێت. بەواتایەکی تر ئیلهامە بنەڕەتییەکەی خۆیان لە (بۆشایی گشتیی)ەوە وەردەگرن. "بۆشایی گشتی زانیارییە ئەبستراکتەکان دەستەبەر دەکات، کە پێویستن بۆ هەردوو یان (گشت) تێکردەکان"[1]. ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە لەنموونەیەکی زمانیی وەك (٤٣)دا دەخرێتەڕوو.**

**(٤٣)– شیرین دایکی کاوەیە.**

**بەپێی نەخشەی تەواوکاریی لەتیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانەدا(بەبێ بۆشایی ئاوێتەبوون)، نموونەی (٤٣) لەڕوانگەی هەرسێ بۆشایی (تێکردەکان (١) و (٢) و بۆشایی گشتیی) لەهێڵکاریی (١٤)دا ڕووندەکرێتەوە.**




**هێڵکاریی (١٤)**

**بۆشاییە گشتی و تێکردەکان**


**بۆشایی گشتی زانیاریی گشتی تێدایە،کە بەهۆیەوە ڕێگە بە نەخشەکێشانی (بۆشایی_بڕ "Cross_Space") دەدرێت لەنێوان تێکردەکاندا. هەموو نەخشەکێشانەکە پێکهاتووە لەتۆڕێکی تەواوکاریی، کە دوو یان زیاتر لەبۆشایی تێکردە لەخۆدەگرێت، ئەم بۆشاییانەش بەهۆی زانیارییەکان لەمەودا درکپێکردنە جیاوازەکانەوە داڕێژراون. هەروەها بۆشاییەکی ئاوەزیی گشتی، کە دروستەیەکی یەکگرتووی هەیە بۆ هەموو بۆشاییەکان لەتۆڕەکەدا و نەخشەکان بەهۆی بۆشایی گشتییەوە دەکێشرێن. "بۆشایی گشتی هاوبەشییەکانی نێوان تێکردەکان لەخۆدەگرێت"[2]. لەنموونەی (٤٣)دا هەریەکە لە (دایك، کوڕ) تێکردەکانی بۆشایی (١) پێکدەهێنن و پەیوەندییەکەیان لەگەڵ تێکردەکانی بۆشایی**

---

[1]– Evans V. and Green M. (2006:404).

[2]– Fauconnier G. and Turner M. (1998:137).

دووەمدا بەهۆی (**شیرین** ، **کاوە**)وە دروستبووە. هەرکام لەیەکەکانی (**دایك** ، **شیرین**) بەهۆی (**مێ**)وە لەبۆشایی گشتیدا پەیوەندییان دەبێت(هاوبەشن لەو خاسیەتەی، کەلەبۆشایی گشتیدایە) و (**کوڕ** ، **کاوە**)ش بەهۆی (**نێر**)ەوە پەیوەندیدەکەن و نەخشەکێشانی ئەم تۆڕە لەنێوانیاندا دروستدەبێت. بەڵام پەیوەندی ئاوێتەبوون بەهۆی بۆشایی چوارەمەوە(بۆشایی ئاوێتەبوون) دروستدەبێت و تیایدا یەکەکان ئاوێتەدەبن و نموونەیەکی وەك (٤٣) پێکدەهێنرێت، چونکە بۆشایی ئاوێتەبوون لایەنە دیار و دەرکەوتوو و ئاوێتەبووەکانی تەواوی تۆڕەکەی تێدایە. هێڵکاریی(١٥) نموونەیەك لەتۆڕی تەواوکاریی چەمکییانە لەتیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانەدا دەخاتەڕوو.





هێڵکاریی (١٥)
ئاوێتەبوون[1]

لەمڕوانگەیەوە شیکاری نموونەی (٤٣) بەپێی تۆڕی تەواوکاریی چەمکییانە بەوشێوەیە دەبێت، کە لە هێڵکاریی (١٦)دا دەخرێتەڕوو.

---

[1]– Fauconnier G. and Turner M. (1998:143).




**هێڵکاریی (١٦)**

**ئاوێتەبوونی چەمکییانە**

**بەمشێوەیە تەواوکاریی چەمکییانە تۆڕەکانی پەیوەندی لەنێوان بۆشاییە ئاوەزییەکاندا دروستدەکات بەبۆشایی ئاوێتەبوونیشەوە، کەمەبەستی سەرەکی و شوێنی بەرهەمهێنانی واتای نوێ و دەرکەوتووە و ئەو خاڵەیە، کە تێیدا خاسیەتی جوڵاویی بەواتای زمانیی دەدات و بەراییەکانی مێتۆنیمیش هەر لەم ڕوانگەیەوە لەتیۆری ئاوێتەبووندا شیدەکرێتەوە. چونکە ئاوێتەبوون بەتاکە هۆکاری پێکهێنانی مێتۆنیمی دادەنرێت، کەلەلایەن تێکردەکانی پێکهێنەرێکی مێتۆنیمییەوە ڕێکدەخرێت. هەریەکە لە فۆکیونەر و تیورنەر سێ کردە/هەنگاو دەخەنەڕوو، کە لەپڕۆسەیەکی ئاوێتەبووندا جێبەجێدەکرێن، ئەوانیش:**

"– **پێکهاتن** Composition

– **تەواوکردن** Completion

– **ئامادەکردن** Elaboration"[١].

---

[1]– Fauconnier G. and Turner M. (2002: 48).

بەهۆی جێبەجێکردنی ئەم سێ کردەیەوە، تۆڕی تەواوکاریی پێکدەهێنرێت و ئاوێتەبوونەکە تەواودەبێت. هەرکام لەمانیش لەقۆناغە جیاوازەکانی پێکهێنانەکەدا جێبەجێدەبن و بەهۆی ئەمانەوەیە، کە دروستە نوێکان دەردەکەون.

– پێکهاتن/ ئاوێتەبوونەکە یەکەکان پێکدەهێنێت لەبۆشاییە تێکردنەکانەوە بۆ ئامادەکردنی پەیوەندییەکان، کە لەهیچکام لەتێکردەکاندا نییە(ئەو پەیوەندییانەی، کەلەتێکردەکاندا نییە)، "قۆناغی یەکەم دیاریدەکرێت و جیادەکرێتەوە لەڕێگەی دابەزاندن"Set-up"ی ئاوێتەکردنەکە لەکەرەستە زمانییەکانەوە"[١]. بۆنموونە پێکهێنانی پەیوەندییەك لەنێوان (**پیاڵە**) و (**چا**) لەڕستەیەکی وەك (**سێ پیاڵەم خواردەوە**)دا.

– تەواوکردن/ کردەی دابەزاندنەکە تەواودەکرێت هاوتا بەکاریگەرییەکانی کۆزانیاریی پاشخانی یەکەکان، کە ئاوێتەکراون. "ئاوێتەبوونەکان ڕێژەیەکی زۆر لەواتای پاشخان دێننە ناوەوە/بەشدارییپێدەکەن"[٢]، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە تەواوی ئەو کۆزانیارییانەی هەریەك لە(پیاڵە) و (چا) وەك پاشخان هەیانە لەکردەی تەواوکاریی ئاوێتەبوونەکەدا ڕۆڵیان هەیە.

– ئامادەکردن/ زیاتر مامەڵە و لاسایی لۆژیکییانە دەگرێتەوە لەگەڵ ئاوێتەبوونەکاندا بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەکە بۆ داڕشتنی بێهاوتای ئاوێتەبوون. "هەندێکجار بەم پرۆسەیە دەگوترێت(کارپێکردنی ئاوێتەبوون)"[٣]،[٤].

تیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانە بەهۆی ئەم خاسیەتانەوە زیاتر لەهەریەك لە تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان و سیمانتیکی چوارچێوەیی جەخت لەسەر پرۆسەی بونیادنانی واتا و ڕوانینێکی فراوان لەواتای زمانی دەکاتەوە و هەرکام لەپێکهێنەرەکانی ئاوێتەبوون ڕۆڵێکی بەشی دەگێڕن لەم بونیادنانە واتاییانەدا، کە بەپێی تیۆرییەکە نموونەیترین نموونەی توانای داهێنانی مرۆڤە. "هەندێك لەبۆشاییە ئاوەزییەکان وەك تێکردەن بۆ دانە نوێکان و بۆشاییە ئاوەزییە ئاوێتەبووەکانیش نموونەییانە گەشە بەواتا دەرکەوتووەکان دەدەن"[٥]. مەبەستیش لەواتا دەرکەوتووەکان ئەوانەن، کەلەتێکردەکاندا نین، بەڵکو لە پێکهێنانی

---

[١]– کاروان عومەر قادر، وانەکانی خوێندنی باڵا/ماستەر(٢٠١٤–٢٠١٥).

[2]– Fauconnier G. and Turner M. (2002: 48).

[3]– Evans V. and Green M. (2006:410).

[٤]– بۆزانیاریی زیاتر سەبارەت بەهەرسێ پرۆسەکە، بڕوانە :

**a**- Fauconnier G. and Turner M. (2002). **b**- Fauconnier G. and Turner M. (1998).

[5]– Dirven R. and Porings R. (2003:469).

هەردووكیاندا و لەبۆشایی ئاوێتەدا دروستدەبێت و درێژە بەبەردەوامی و داهێنانی واتا دەدات، چونكە كرۆكی ئاوێتەبوونی چەمكییانە جەختكردنەوەیە لەسەر دووخاڵ:

"– نیشانەی ناوازەی مرۆڤ، كە جیایدەكاتەوە لەبوونەوەرەكانی تر، بریتییە لەتوانای داهێنانی واتای نوێ لە واتا_هەبووە كۆنەكان،

– ڕێگای سەرەكی بۆجێبەجێكردنی ئەم توانایە بریتییە لە ئاوێتەكردنی دوو مەودا"[1].

داهێنانی واتا تا ئەوڕادەیەی، كە ڕێگا بۆ واتا ئەگەری و ناڕاستەكانیش بكرێتەوە، كە یەك ناگرنەوە لەگەڵ ڕاستیدا. بۆنموونە ڕستەیەكی وەك(٤٤):

**(٤٤)– جەلال تاڵەبانی، سەرۆك كۆماری توركیا...**

ئەوە تەنیا لەتیۆری ئاوێتـەبوونی چەمكیانەدا و بەهۆی ئاوێتەبوونی تێكردەكانی وەك(جەلال تاڵەبانی) و (سەرۆك كۆمار) و (توركیا) ، ڕێگە بە نموونەیەكی وەك (٤٤)دەدرێت، كەبەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ڕاستیدا نایەتەوە. چونكە "ئاوێتـەبوون گەشە بەدروستەی دەركەوتوو دەدات، كەلەتێكردەكاندا نییە"[2]. باشترین نموونەش لەمەیدانی كارەكییانەی داهێنان لە زمانی مرۆڤدا پێكهاتەكانی وەك مێتافۆڕ و مێتۆنیمییە، كەڕەنگدانەوەی تواناكانی مرۆڤە لە داهێنانی واتایدا بەهەمان كەرەستە هەبووەكان، بەڵام بە ئاماژەی نوێ.

تەواوی شیكردنەوەكانی پێشتر بۆهەر پێكهاتەیەكی مێتۆنیمی لەڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونی چەمكییانەوە بەهەند وەردەگیرێت و هەموو پێكهاتە مێتۆنیمییەكان بەتەواوی ئەو پرۆسە ئاوەزییانەدا دەڕوات كردەیەكی تەواو دركپێكردنانەی زمانییانەی ڕێكخراوە، كە ڕۆڵێكی فراوان لەگەیاندنی بیر و بیرۆكەكان و واتای ئامادە لەقسەكردنەكانماندا دەگێڕێت. تەواوی شیكردنەوەكانی پێشتر لە دەربڕاوێكی وەك (٤٥)دا زیاتر ڕووندەكرێتەوە.


**(٤٥)– دوو[دەوریم]خوارد.**

لەسەر بنەمای نەخشەی تەواوكاریی لەتیۆری ئاوێتەبوونی چەمكیدا شیكردنەوەی نموونەی (٤٥) پێویستی بەبڕینی سەرجەم قۆناغەكانی بەرهەمێنانە ئاوەزییەكە هەیە و سەرجەم یەكەكانیش لە تۆڕێكی پەیوەندیی ئاوەزیدا نوێنراون. وەك لە هێڵكاریی (١٧)دا دەخرێتەڕوو:

---

[1]– كاروان عومەر قادر، وانەكانی خوێندنی باڵا/ماستەر (٢٠١٤–٢٠١٥).

[2]– Fauconnier G. and Turner M. (2002: 42).




**هێڵکاریی (١٧)**

**ئاوێتەبوونی چەمکییانە**

**پەیوەندییەکانی نێوان یەکەکان بەمشێوازەی خوارەوەیە:**

– (**دەوری**)/ **تێکردەی**(١)، **هەروەها پەیوەندییەکەشی لەگەڵ بۆشایی گشتیدا بەهۆی** (**شت**/**بابەت**)**ەوەیە**.

– (**برنج**)، **تێکردەی**(٢)، **هەروەها پەیوەندییەکەشی لەگەڵ بۆشایی گشتیدا بەهۆی** (**خواردن**)**ەوەیە**.

**پاشان ئاوێتەبوونی چەمکییانە لەنێوان** (**دەوری**) **و** (**برنج**)**دا لەبۆشایی ئاوێتەبووندا ڕوویداوە. بەهۆی ئەم ئاوێتەبوونەشەوە، ڕێگە بە**(**دەوری**) **دراوە، کە ڕۆڵی هەریەك لە**(**دەفر**/**هەڵگر**"Container") **و** (**برنج**/**تێدابوو** "Content") **بگێڕێت**.


**هەریەکە لە فۆکیونەر و تیورنەر لەتیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانەدا ئاماژە بەخاڵێکی دیکە دەدەن و بە** (**دەرکەوتنی هەڵبژاردەیی**"Selective Projection") **ناویدەبەن، کەلەبۆشایی ئاوێتەبووندا یەکە ئاوێتەبووەکان دەگرێتەوە. چونکە ئەوە ئەو خاڵەیە، کەتێیدا بەهۆی ئاوێتەبوونی یەکەکانەوە واتای مەبەست و دەرکەوتوو**"Emergent" **بونیاد دەنرێت، کە بەچوارگۆشەیەك لەناو بۆشایی ئاوێتەبووندا**

ئاماژەی پێدەدەن و ئەو ڕووبەرەیە، کە تێیدا لوتکەی ئاوێتەبوونەکە لەخۆدەگرێت. "هەموو یەکە و پەیوەندییە هاتووەکانی تێکردەکان لەئاوێتەبووندا دەرناکەون"[1].

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی تیۆرییەکە لەڕوانگەی تەواوی پێکهێنەرەکانییەوە با سەرنج لەنموونەی (٤٦)بدرێت.

**(٤٦)–[فەرمانگەکانی سلێمانی] مانیانگرن.**

**نموونەی (٤٦) لە هێڵکاریی (١٨)دا دەنوێنرێت:**




**هێڵکاریی (١٨)**

**ئاوێتەبوونی چەمکییانە**

لەنموونەی (٤٦)دا، دەربڕاوی (**فەرمانگە**) مێتۆنیمییانە بەکاربراوە لەبری (**فەرمانبەرانی فەرمانگەکان**)، بەمشێوەیە (**فەرمانگە**) تێکردەی (١) و (**فەرمانبەران**)یش تێکردەی (٢) پێکدەهێنن و ئەو زانیارییەش، کە

---

[1]– Fauconnier G. and Turner M. (2002: 42).

**هاوبەشە لەنێوانیاندا و گشتییە بۆ هەرکام لەتێکردەکان، لەبۆشایی گشتیدایە و هەردوو تێکردەکە لە (کارگێڕی، مرۆڤ)دا، کە پڕۆسەیەکە تێیدا (فەرمانگە، فەرمانبەر، کاروبار، سەردانکەر...) هاوبەشدەبن.**
**ئەو چوارگۆشەیەش، کەلەبۆشایی ئاوێتەبووندا دیاریکراوە، ئەو خاڵەیە، کە تێدا چەمکی (فەرمانگە)ئاوێتەی چەمکی (فەرمانبەر) دەبێت لەیەك مەودای چەمکیدا و دەربڕاوێکی مێتۆنیمییانە پێکدەهێنن.**
**بەمشێوەیە پێکهاتە مێتۆنیمییەکان لەپڕۆسەیەکی ئاوێتەبووندا بونیاد دەنرێن و لەڕوانگەی ئاوێتەبوونی چەمکییانەشەوە، جیاوازی لەنێوان پێکهاتەکانی مێتافۆڕ و مێتۆنیمی لەسروشتی تێکردەکاندایە، کەلەمێتۆنیمیدا هەرکام لەتێکردەکان لەمەوداکانی یەك چەمکدان، لەکاتێکدا لەمێتافۆڕدا تێکردەکان لەدوو مەودای چەمکیی جیاوازەوە هاتوون. بۆنموونە (فەرمانگە)، (فەرمانبەر)یش دەگرێتەوە، بەواتایەکی تر، لەناو خودی مەودا چەمکییەکانی (فەرمانگە)دا (فەرمانبەر)یش دەبینرێتەوە، لەکاتێکدا لەمێتافۆڕدا بۆنموونە (گوڵەکەم هات)، هەرکام لە (گوڵ) و (یار) پێکهێنەری دوو مەودای چەمکیی جیاوازن، کە هەرکامیان خاوەنی دروستە و مەودای تایبەتی خۆیەتی، بەڵام لەخاڵێکدا، کە (جوانی) یان (ناسکی)یە لەبۆشایی ئاوێتەدا یەکدەگرن و بەهۆیەوە (گوڵ) ئاماژە بە (یار) دەدات.**
**بەمشێوەیە لەکۆتایدا بەهۆی زانیارییەکانی تێکردەکان و بۆشایی گشتی و جێبەجێکردنی سێ پڕۆسەی (پێکهێنان، تەواوکردن، ئامادەکردن)دەتوانرێت مەزەندەی واتای دەرکەوتوو/بەرهەمهاتوو لەبۆشایی ئاوێتەبووندا بکرێت و بونیادی پڕۆسەی بەرهەمهێنانی واتا بەشێوەیەکی بەردەوام بکرێت.**

## ٢/٢) مێتۆنیمیی زمانیی

هونەرەکانی بەکارهێنانی زمان وەك ئامرازی نێوەندی بۆ گوزارشتکردن لە ئاوەزی قسەکەران ڕۆڵدەگێڕن. لەنموونەی بەکارهێنانە مێتافۆڕی و مێتۆنیمییەکانی زمان، کە بەهۆیانەوە ستراتیژێکی زمانییانە و درکپێکردنانە لەواقیع و ویست و ئایدیا و پەیپێبردنەکانی مرۆڤ بۆ شت و ڕووداوەکانی چواردەوری بەگەڕدەخەن و ئەو ڕێگایانەش دیاریدەکەن، کە بەهۆیانەوە بیردەکەینەوە(بۆ نموونە بیرکردنەوە و ئاخاوتن لەستراتیژێکی مێتافۆڕییانە، یان مێتۆنیمییانەوە)، بەهۆشیانەوە لایەن و بوارەکانی دیکەی وەك ئاستی پەیپێبردن و گرنگیدان و باری سەرنج دەخرێنەڕوو. لەمڕوانگانەوە قسەکەران کاتێك لەبەکارهێنانە ئاساییەکانی زمان لادەدەن مەبەستێکی ئامانجداریان هەیە، لەکاتی شرۆڤەکردنی چۆنییەتی و شێواز و هۆکاری لادانەکاندا کلتور و ئایدۆلۆژیا و ئاوەزدارێتی دەخرێنەڕوو. پێکهاتە مێتۆنیمییەکان بەشێکی سەرەکی لەگوزارشت و دەربڕینە ڕۆژانەکانمان(بەبابەتە نووسراوەکانیشەوە) پێکدەهێنن. بەجۆرێك، کە بەکارهێنانیان هێندە سادە بووەتەوە، کە هیچ بەکارهێنەرێك گرنگی بەقۆناغەکان و چۆنییەتی بونیادنان و هێنانەبەرهەمی پێکهاتەیەکی مێتۆنیمی نادات یان بیری لێناکاتەوە. بەڵام ئەمە لە ئاستە درکپێکراوییەکەی مێتۆنیمی و خستنەڕووی توانای ئاخێوەران بۆ هەڵهێنجانی جیاواز و بەکاربردنی ئەندێشە و خەیاڵ لە بونیادنانە زمانییەکاندا کەمناکاتەوە. لەکاتێکدا زمانەوانان بەپێی قوتابخانە و تیۆرییە جۆراوجۆرەکانی زانستی زمان شیکردنەوە و لێکدانەوەکانیان بۆ ڕوونکردنەوە و چۆنییەتی و ئاست و قۆناغەکانی پێکهاتە مێتۆنیمییەکانە. لەسیمانتیکی درکپێکردندا لەڕوانگەی تیۆریی (ئاوێتەبوونی چەمکییانە)وە شرۆڤەیەکی ئاوەزییانە بۆ گوزارشتە مێتۆنیمییەکانی قسەکەران دەخرێتەڕوو، کە تەواوی پرۆسەکانی پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە بەچەند قۆناغێکی درکپێکراوی ئاوەزییانەی یەك لەدوای یەك دادەنێت. واتە تەنیا بەشێك نییە لەشێوازێکی بەکارهێنانی ڕەوانبێژییانەی زمان(کە لەشیکردنەوە باوەکانی پێشتردا وا گریمانە دەکرا)[١]، بەڵکو بەگەرخستنی توانای خەیاڵکردن و ئەندێشەی مرۆڤە بۆ دەربڕاوێکی گونجاو و لەبار. ئامانجی تیۆرییەکەش، ئاواکردنی هەژمارێکە بۆ هەندێك لەلایەنە چەمکییە شاراوەکانی بونیادنانی واتا لەهەردوو ڕوانگەی (ئاوەز و ئاوێتەبوون" Mental and Blending")و داڕشتنەوەیان لەپێکهاتەیەکی زمانیدا بەناوی (مێتۆنیمی).

---

[١]- لەتەواوی شیکردنەوە و لێکدانەوە باوەکانی مێتۆنیمیدا (بەتایبەتی شرۆڤەکانی پێش سیمانتیکی درکپێکردن)، مێتۆنیمی وەك شێوازێکی بەکارهێنانە ڕەوانبێژییەکانی زمان دەخرایەڕوو. بۆ زانیاریی زیاتر لەمڕوانگەیەوە، بڕوانە:
**a**- Jakobson R. and Halle M. (1956:80). **b**- Al Sharafi A. G. (2004). **c**- Arata L. (2005).

ئەم ئامانجەش لەسەرەتاوە لەلایەن هەریەکە لە(لاکۆف و جۆنسن)ەوە خرایەڕوو و دواتریش بوو بەیەكێك لە تیۆرییە بنەماییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن لەناو زانستی زمانی درکپێکردندا، تا بەهۆیەوە ئەوە بخرێتەڕوو، کە چۆن بیردەکەینەوە؟ داهێنان دەکەین؟ چۆن لەجیهانی دەوروبەرمان تێدەگەین و دایدەڕێژینەوە؟ تا ئەوڕادەیەی، کە شرۆڤە بۆ تەواوی داهێنانە زمانی و نازمانییەکانیش بکرێت بەهۆی تیۆری ئاوێتەبوونەوە، کە مێتۆنیمی لەوڕوانگەیەوە(ئاوێتەبوون)دەخرێتەڕوو. بەمپێیەش "چەمکە مێتۆنیمییەکان ڕێماندەدەن بۆ بیرکردنەوە لەشتێکی دیاریکراو لەڕوانگەی ئەو پەیوەندییەی، کە بەشتێکی ترەوە هەیەتی"[1]. خستنەڕووی جۆری ئەو پەیوەندییانەش، کەلەنێوان دوو یەکەکەدا هەیە(کە بە یەکەکانی سەرچاوە و مەبەست ئاماژەیان پێدەدرێت)، جۆر و سروشتی پەیوەندییەکەی نێوانیان ڕووندەبێتەوە و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش چەشن و جۆرەکانی مێتۆنیمی دیاریکراوە و جیاکراونەتەوە. دەستنیشانکردن و دابەشکردنی مێتۆنیمیش لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی، کە بەیەکەوەیان دەبەستێت لەلایەن هەریەکە لە(لاکۆف و جۆنسن)ەوە لە کتێبی(مێتافۆڕەکان، کە بەهۆیانەوە دەژین، ١٩٨٠)دا خرایەڕوو. هەر لەوێدا مێتۆنیمییان دابەشکردووەتە سەر چەند جۆرێك* ئەویش لەڕوانگەکانی هەریەك لەیەکەی سەرچاوە و یەکەی مەبەستەوە، چونکە کاتێك مێتۆنیمی بەوە دەناسێنن، کە: "کردەیەکی

---

[1]– Geeraerts D. (2010:214).

* بەهۆی ئەوەی، کە پێکهاتە مێتۆنیمییەکان بەڕێژەیەکی زۆربەرچاو لەقسەکردنەکانی ڕۆژانە و زمانی سیاسەت و ڕاگەیاندن و ....هتد و زۆرێك لەبوارەکانی ژیاندا بەکاردێن، لەلایەن زمانەوانانی زانستی زمانی درکپێکردنەوە دەستنیشانی چەندان چەشن و جۆر و بەشی جیاوازی مێتۆنیمی کراوە. هەرکام لەدابەشکارییەکانیش بەپێی ڕێباز و تیۆری و شیکردنەوەی تایبەت و گۆشەنیگای ڕوانینی جیاواز لە دیاردەکە بووە. هەر بۆنموونە (مێتۆنیمی) لەڕوانگەی دوان لەتیۆرییە سەرەکییەکانی سیمانتیکی درکپێکردنەوە(تیۆری ئاوێتەبوون) و (تیۆری مۆدێلی درکپێکردنە نموونەییەکان"م.د.ن-Idealized Cognitive Mode-")ەوە شیکراوەتەوە و خراوەتەڕوو. یەکەم پۆلێنکردنی مێتۆنیمی لەڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، لەلایەن(لاکۆف و جۆنسن)ەوە کراوە لە کتێبی(مێتافۆڕەکان، کە بەهۆیانەوە دەژین) و دواتریش چەندان دابەشکاریی و پۆلێنی دیکەش کراوە. بەڵام دیارترین و فراوانترینیان ئەو پۆلێنکردنەی هەریەکە لە زانایان(Günter Radden and Zoltán Kövecses)ە، لەبابەتێکیاندا بەناوی(بەرەو تیۆریی مێتۆنیمیی"Towards a Theory of Metonymy") لەڕوانگەی تیۆری(مۆدێلی درکپێکردنە نموونەییەکان)ەوە دایانڕشتووە و تێیدا (٤٩) چەشن و جۆر لە مێتۆنیمی دەستنیشاندەکەن. دیاریکردنەکەشیان لەسەر چەند ئاستێکە لەوانە(وشەسازیی، ڕستەسازیی، سیمانتیك)ەوەیە. بەڵام بەهۆی دیاریکراوی و سنوری لێکۆڵینەوەکەوە، لێرەدا بەشێوازێکی چڕ تەنیا ئەو پێنج چەشنەی مێتۆنیمی دەخرێنەڕوو، کە ئەوانیش مێتۆنیمییەکانی(ڕووداویی، دامەزراوەیی، هەمەکیی، هەندەکیی، ئەنجامیی)ن. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەدابەشکاریی زانایان(Radden and Kövecses) بڕوانە:

– Panther K. and Radden G.(1999:24-44).

هەروەها سەبارەت بەدابەشکارییەکانی تری مێتۆنیمی بەپێی زۆرێك لەبۆچوونە درکپێکردنەکان بڕوانە:

**a**- Dirven R. and Porings R. (2003). **b-** Geeraerts D. (2007:236-259). **c-** Lakoff G. and Johnson M.(1980:29-34). **d-** Littlemore J. (2015).

سەرچاوەدارییە، کە ڕێماندەدەن بۆ بەکارهێنانی یەکەیەك تا بوەستێت لەبری یەکەیەکی تر"[1]. هەرکام لەیەکەکانیش کردەیەکی تەواوکارییانە لە پرۆسەیەکی مێتۆنیمییانەدا بەجێدەگەیەنن. مەبەست لەیەکەی سەرچاوە"Source Entity" ئەو دەربڕاوەیە، کە دەبێتە یەکەیەکی چەمکیی و ڕۆڵی گەیشتن بە یەکەیەکی چەمکیی تر دەگێڕێت، کە ئەمەی دواییان بەیەکەی مەبەست"Target Entity" ناو دەنرێت و قسەکەرانیش لەپێناو یەکەی مەبەستدا پێکهاتە مێتۆنیمییەکان بونیاد دەنێن. (لاکۆف و جۆنسن) مێتۆنیمی دەناسێنن بەوەی "دووەم جۆری بنەڕەتییە لە زمانی هێمایدا، کە زیاتر لەسەر بنەمای پەیوەندیدارییەتی/نزیکایەتیی وەك لە لێکچوون دروستدەبێت"[2]. ئەم سەرنجانە دەتوانرێت وەك تێڕوانینە بەراییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن لەمێتۆنیمی ببینرێت. بەڵام لە دواتردا و پاش فراوانبوونی سەرنجەکان و هاتنەئارا و پێشکەوتنی تیۆری تایبەت بە مێتۆنیمی، بوونە هۆی دەرکەوتنی ئەو ڕۆڵە بنچینەیی و سەرەکییەی دیاردە زمانییەکە(مێتۆنیمی) لەبەچەمککردندا و گوزارشتکردن لەبیر و مەبەستەکان لەڕوانگەیەکی مێتۆنیمییانەوە. ئەویش زیاتر بەهۆی تیۆری ئاوێتەبوون و مۆدێلی درکپێکردنە نموونەییەکانەوە، مێتۆنیمی وەك دیاردەیەکی زمانیی_درکپێکردن سەرنجی ڕاکێشا و بوو بەیەکێك لە بابەتە لێکۆڵراوە نێوەندییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن. بەمشێوەیە لەم پارەدا لەسەر بنەمای (تیۆری ئاوێتەبوونی چەمکییانە و مۆدێلی درکپێکردنی نموونەییانە) و بە وردبوونەوە لە چەمکە سەرچاوە و چەمکە مەبەستدارەکان لەناو چەمکە ئاوێتەبوەکانی زمانی کوردیدا، ئەم چەشنانەی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا شرۆڤە دەکرێن:

### ٢/٢–١) مێتۆنیمیی ڕووداویی

لەسەر بنەمای هەمەجۆریی دروستە زمانییەکان لەڕوانگەی سیمانتیکییانەوە، مێتۆنیمی دیاردەیەکی دەرکەوتووی تەواوی زمانە سروشتییەکانە. لەمڕوانگەیەوە مێتۆنیمی دەبێتە پێکهاتەیەکی خورتییانە بۆ بەکارهێنەران و ناتوانن دەستبەرداری بن. هەمەجۆریی لەپێکهاتە مێتۆنیمییەکاندا لەسەر بنەمای پێکهێنەرەکانی دێتەئاراوە و هەر لەمڕوانگەیەشەوە دابەشی سەر چەشن و جۆرەکانی مێتۆنیمی دەکرێت. لەم وەچە پارەدا یەکێك لە چەشنەکانی مێتۆنیمی(مێتۆنمیی ڕووداویی) دەخرێتەڕوو، کە ئەویش لەڕوانگەی سروشتی سیمانتیکییانەی ئەو کەرەستەیەی، کە مێتۆنیمییانە بەکاربراوە دێتەئاراوە.

---

[1]– Lakoff G. and Johnson M.(1980:30).

[2]– Simpson J. (2011:618).

لەدەربڕاوە ڕۆژانەکاندا قسەکەران بەبەردەوامی پێکهاتە مێتۆنمییەکان بونیاد دەنێن، ئەم پێکهاتانەش هەرکامیان بەخواستن لەسروشتە ئینسکلۆپیدییەکەی وشە و دەربڕاوەکان و بوونی چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی فراوان، چەندان لایەن و بوار و واتای جیاواز لەخۆیاندەگرن. بۆیە وشەیەك، دەربڕاوێك، ڕستەیەك دەشێت لەناوەڕۆکە چەمکییەکەی خۆیدا ئاماژە بەڕووداوێکیش بدات. واتە ئەو دەربڕاوە سەرەڕای واتای فەرهەنگی و ئاسایی خۆی، لەچوارچێوە سیمانتیکییەکەشیدا ڕووداوێك بدۆزرێتەوە، کە لەباری بەکارهێنانە مێتۆنمییەکەیدا ئەم لایەنە(ڕووداوەکە) چالاکدەکرێت و مەبەستبێت. وەك لەنموونەی (٤٧)دا دەخرێتەڕوو:

**(٤٧)-[هەڵەبجەی] زامدار، هەڵەبجەی جاران نییە.**

وشەی (**هەڵەبجە**) لەنموونەی(٤٧)دا مێتۆنیمییانە بەکاربراوە، چونکە جگە لەگەیاندنی واتای یەکێك لەشارەکانی کوردستان، ئەگەر لەناوەڕۆکی چەمکیی وشەکەش بڕوانرێت (**ڕووداوێك**) لەخۆدەگرێت و لەنموونەی(٤٧)دا زیاتر مەبەست لەم لایەنەی پێکهێنەرە چەمکییەکەی وشەی (هەڵەبجە)یە. چونکە لەیادەوەریی هەموو کوردێکدا هاوتا بەناوهێنانی وشەی (هەڵەبجە، کە وشە سەرچاوەییەکەیە و هەڵگری چەمکی سەرچاوەییە)، ڕاستەوخۆ ڕووداو و کارەساتی (١٩٨٨/٣/١٦) زەقدەکرێتەوە(کە چەمکە مەبەستەکەیە). لێرەشدا چەمکی سەرچاوەیی، ناوێك هێمایەتی، بەڵام چەمکی مەبەست ڕووداوێك. بەمەش ئاوێتەبوونی ناوەکە و ڕووداوەکە، مێتۆنیمیی ڕووداویی لێبەرهەمهێنراوە. بەمشێوەیە وشەی (هەڵەبجە) وەك مەودای سەرچاوە"Source" یان هۆکاری گەیشتن بە مەودای مەبەست"Target"ە، کە ڕووداوی (کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیە)، کە چەمکی مەبەستە. لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەی، کە مێتۆنیمی دەخرێتەڕوو بەوەی "پرۆسەیەکی درکپێکردنە، کە تێیدا یەکەیەکی چەمکیی (سەرچاوە) گەیشتنێکی ئاوەزییانە دابیندەکات بۆ یەکەیەکی چەمکی تر (مەبەست) لەناو هەمان مۆدێلی درکپێکردندا"[1]. لەمڕوانگەیەوە نموونەی (٤٧) لەباری بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکەیدا توانای درکپێکردنی لەخۆگرتنی ڕووداوێکە لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندا، کە (هەڵەبجە)یە. لەهەمانکاتدا وشەی (هەڵەبجە) وەك یەکەیەکی چەمکیی ڕۆڵی مەودای سەرچاوە دەگێڕێت بۆ یەکێك لەناوەڕۆکە چەمکییەکانی ناو خودی چەمکی(هەڵەبجە) کە ڕووداوێکە و مێتۆنیمییانە بەکاربراوە بۆ ئاماژەدان بە ڕووداوەکە. لەم بارودۆخەدا وشەی (هەڵەبجە) بەهۆی لەخۆگرتنی ڕووداوی (کیمیاباران)ەوە، لەکاتی بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکەی (هەڵەبجە)دا ڕووداوەکە بەرزدەبێتەوە و دەبێتە لایەنی مەبەست و ئامانجی بەکارهێنانی وشەکە و

---


[1]– Panther K. and Radden G. (1999:21).

**لەوکاتەدا (ڕووداوی کیمیاباران) وەك زەقکەرەوەی ناوەڕۆکی چەمکیی (هەڵەبجە) ڕۆڵدەگێڕێت و جیاوازە لە نموونەی (٤٨):**

**(٤٨)- پێرێ لە هەڵەبجە بووم.**

**کە تێیدا هیچ پڕۆسەیەکی مێتۆنیمییانە بەکارنەبراوە و وشەی (هەڵەبجە) لەباری بەکارهێنانە ئاساییەکەی زماندایە و یەکەمین ناوەڕۆکە چەمکییەکەی (کە شارێکە) دەگەیەنێت.**

**ئەگەر هەمان نموونە لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونیشەوە بخرێتە ڕوو، کە چۆن تۆڕێکی تەواوکاریی هەم بۆ دەربڕاوەکە و هەم بۆ پڕۆسەی پێکهێنانە مێتۆنیمییەکە دروستدەکرێت، تا لەڕوانگەیەکی ئاوەزییانەی درکپێکردنانە و ئاوێتەبوونی یەکەکان و بونیادنانی دروستەیەکی نوێی درکپێکراو دیاردەکە بخرێتەڕوو، ئەوا دەتوانرێت لەهێڵکاریی (١٩)دا بنوێنرێت:**




**هێڵکاریی (١٩)**

**مێتۆنیمیی ڕووداویی(شوێن بکەوێتە بری ڕووداو) لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە**

لەمڕوانگەیەوە تێکردەی(١) کە (هەڵەبجە)یە وەك مەودای سەرچاوە و شوێنێکی جوگرافیی، هەروەها تێکردەی(٢)، کە (کیمیاباران)ە وەك (ڕووداو)ێك، بەهۆی زانیارییەکانی بۆشایی گشتییەوە بابەتێکی ناسراون. بەڵام بۆشایی ئاوێتەبوون بەدیاریکراویش لەخاڵی(دەرکەوتنی هەڵبژاردەیی" Selective Projection")دا ئەو شوێنەیە، کە تێیدا تێکردەی بۆشایی(١) (هەڵەبجە)، ئاوێتەی تێکردەی بۆشایی(٢) (کیمیاباران) دەبێت و پێکهاتە مێتۆنیمییەکە بەهۆیەوە بەرهەمدێت. ئەم پێکهێنانەش لەکردەیەکی ئاوەزییانەی درکپێکردنەوە بونیادنراوە، لەسەر بنەمای درکپێکردنی قسەکەران بەجێگرتنەوەی (هەڵەبجە) وەك (شوێن) بۆ (کیمیاباران) وەك (ڕووداو)، لەم خاڵەشەوە دەربڕاوە مێتۆنیمییەکە وەك مێتۆنیمیی ڕووداویی دەناسێنرێت.

چەشنی مێتۆنیمیی ڕووداویی بەڕێژەیەکی زۆر لە (قسەکردنە ڕۆژانەکانی ناو خەڵك، نووسراو و ڕۆژنامەکان و دەستگاکانی ڕاگەیاندن و هەواڵ....هتد)یەکاندا ئامادەییان هەیە و بەکاردەهێنرێن، بەجۆرێك تەنانەت لەناو یەك چەشنی مێتۆنیمیدا(ڕووداویی) دەشێت لەسەر بنەمای گرتنەوەی ڕووداوەکە بەهۆی شوێن(وەك لەنموونەی -٤٧- دا خرایەڕوو) یان کاتەوە ئاماژەی پێبدرێت، تەنانەت تا ڕادەی تێکەڵبوونیشیان بەیەکتر، بۆنموونە:

- شوێن بکەوێتە بری ڕووداو،
- ڕووداو بکەوێتە بری شوێن،
- کات بکەوێتە بری ڕووداو،
- ڕووداو بکەوێتە بری کات،
- کات بکەوێتە بری ڕووداو و شوێن...

**٢/٢-١-١) مێتۆنیمیی ڕووداویی(شوێن بکەوێتە بری ڕووداو)**

نموونەی (٤٧) و شیکردنەوەکانی ئاماژە بەم چەشنەی مێتۆنیمیی ڕووداویی(شوێن بکەوێتە بری ڕووداو)دەدەن. بەم سروشتەوە دەربڕاوە مێتۆنیمییەکان ئاماژە بەتوانای هەڵهێنجانی قسەکەران دەدەن لەڕوانگەی (لەبریدانان/گرتنەوە"Stand for")ی شتێك بۆ شتێکی تر. بەواتایەکی تر چۆن (X) بکەوێتەبری (Y) یان (X) بتوانێت (Y)یش بگرێتەوە. لەمێتۆنیمیی ڕووداویدا دەشێت (X) شوێنبێت و بکەوێتە بری (Y) کە ڕووداوە وەك لە نموونەی (٤٧)دا خرایەڕوو، هەروەها نموونەی (٤٩)یش هەمانجۆری مێتۆنیمیی ڕووداویی دەگەیەنێت.

(٤٩)- لەئێستادا کەس ناخوازێت[ڤێتنامێکی] تر ڕووبداتەوە.

لەپاشخان و کۆزانیاریی جیهانیدا (ڤێتنام) دوولایەن لەخۆیدا کۆدەکاتەوە:

**- یەکێك لەوڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.**

**- جەنگی خوێناویی ئەمریکا بۆ داگیرکاریی گەلی ڤێتنام.**

**بەڵام لەکاتی بەکارهێنانی مێتۆنیمییانەی (ڤێتنام)دا، کە ڕووداني کوشتارەکە بکرێتە مەودای مەبەست، مێتۆنیمیی ڕووداویی بونیاد دەنرێت لەسەر بنەمای بەکارهێنان و ئاماژەدان بەناوەڕۆکە چەمکییە ڕووداوییەکەی (ڤێتنام). ئاشکرایە، کە ڤێتنام وەکو شوێن(لەخاڵی یەکەمدا) و وەکو ڕووداو(لەخاڵی دووەمدا) بنەمای بونیادنانی پێکهاتە مێتۆنیمییەکەی نموونەی (٤٩)ن. بەمشێوە لەهەردوو نموونەی (٤٧، ٤٩)دا شوێن لەبری ڕووداو بەکارهاتووە و جۆرێکی مێتۆنیمیی ڕووداویی(شوێن بکەوێتە بری ڕووداو)ی لێپێکهاتووە.**

**٢/٢-١-٢) مێتۆنیمیی ڕووداویی(ڕووداو بکەوێتە بری شوێن)**


**شیکردنەوەکانی پێشتر بۆ جۆرێکی دیکەی مێتۆنیمی هەر لەناو چەشنی مێتۆنیمیی ڕووداویدا و بەدیاریکراویش کاتێك شوێن بکەوێتە بری ڕووداو، یان بەپێچەوانەوە ڕووداو بکەوێتە بری شوێن ڕاستدەردەچێتەوە. بەواتایەکی تر ئەگەر هاتوو لەچوارچێوەی (مێتۆنیمیی ڕووداویی)دا جارێکیتر دوانەی (شوێن_ڕووداو) پێچەوانە بکرێنەوە و لەبارێکی تری بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکەدا(ڕووداو بکەوێتە بری شوێن)، بەهەمانشێوە لەچەشنی مێتۆنیمیی ڕووداویدا ئاماژەیان پێدەدرێت، با لەنموونەی (٥٠)بڕوانین:**

**(٥٠)-[کیمیاباران]ئێمەی بەدنیا ناساند.**

**ڕاستە (کیمیاباران) وەك ڕووداوێك لەیادەوەریدا جێگیردەبێت، بەڵام لەکاتێکی دیاریکراو و سنورێکی جوگرافیدا ڕوودەدات و ڕوودانەکەشی دەشێت ببێتە هۆی ناسینەوەی شوێنی ڕوودانەکەی وەك نموونەی(٥٠)، کە چۆن بەهۆی (کیمیاباران)ەوە شوێنی ڕووداوەکەش دەهێنرێتەوە و دەتوانێت بیگرێتەوە. ئەمەش بەهۆی مێتۆنیمییانە بەکارهێنانی (کیمیاباران)ەوە. هەروەکوچۆن دەتوانرێت لەبری(کیمیاباران) (هەڵەبجە) بەکاربهێنرێت، بەوشێوەیەش (کیمیاباران) وەك (ڕووداو)، (هەڵەبجە/کوردستان)یش دەگرێتەوە وەك (شوێن). کەواتە نموونەی (٥٠) بەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەی ڕووداویی_شوێنیی بەکارهێنراوە و نموونەی (٥١) دەگرێتەوە:**

**(٥١)-[هەڵەبجە]ئێمەی بە دنیا ناساند.**

**هێڵکاریی (٢٠) مێتۆنیمیی ڕووداویی(ڕووداو بکەوێتە بری شوێن) لە تیۆریی ئاوێتەبووندا ڕووندەکاتەوە:**




هێڵکاریی (٢٠)

میتۆنیمیی ڕووداویی شوێنیی(ڕووداو بکەوێتە بری شوێن) لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە

**٢/٢-١-٣) میتۆنیمیی ڕووداویی(کات بکەوێتە بری ڕووداو)**

دەشێت میتۆنیمیی ڕووداویی لەڕوانگەی جوتەی(کات_ڕووداو)یشەوە بونیاد بنرێت، کەتێیدا جارێك (کات) دەبێت بە مەودای سەرچاوە و گەیشتن بە مەودای مەبەست، کە دەبێت (ڕووداو)ێك بێت. جارێکیتر (ڕووداو)ێك دەبێت بە مەودای سەرچاوە و گەیشتن بە مەودای مەبەست، کە دەبێت (کات)ێك بێت.

میتۆنیمیی ڕووداوی لەڕوانگەی جوتەی(کات_ڕووداو)ەوە، کە تێیدا (کات) ببێتە مەودای سەرچاوەو بەهۆی هاتنییەوە ئاماژە بەڕووداوێك بکرێت، لەنمونەکانی (٥٢)دا دەخرێنەڕوو:

(٥٢) ا- [یانزەی سێپتێمبەر]ئەمریکای داخ کرد.

ب- [هەشتی مارس]ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی جیاوازیی ڕەگەزیی.

پ- [١٤ ی چوار]برینێکی قوڵە.


ت- خەریکە[٣١ ی ئابمان] لەبیر ئەچێتەوە.

هەرکام لەو (کات)انەی، کە لەنموونەکانی (٥٢)دا هێنراونەتەوە، ئاماژە بەڕووداوێك دەدەن. بەو واتایەی هەرکام لەکاتەکان جگە لەوەی ئاماژە بە ڕۆژ یان مانگ یان ساڵێکی دیاریکراو دەدەن، هاوکات ڕووداوێکیش لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە و لەکاتی بەکارهێنانە مێتۆنیمییە ڕووداوییەکەی ئەو (کات)انەدا، ئەوا ڕووداوێك مەبەستدەبێت و هێنانەوەی ئەو(کات)انەش بۆ ئاماژەدانە بەو ڕووداوانەی، کە لەناوەڕۆکە چەمکییەکەی خۆیاندا و لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندا دەیگرنەوە و لەبەکارهێنانە مێتۆنیمییەکەیاندا، نەخشەکێشانێك لەنێوان مەودای سەرچاوە و مەودای مەبەستی دوو وەچە پێکهێنەری چەمکیدا دەکێشرێت، کە هەرکام لە مەوداکان لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندان.

بۆ نموونە لەڕۆژی (١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١)دا دوو تاوەری بازرگانی لەئەمریکا تەقێنرانەوە. لەدوای ئەو ڕووداوەوە قسەکەران لەکاتی ویستی باسکردنی ڕووداوەکەدا، ئاماژە بە ڕووداوەکە و چۆنییەتی و وردەکارییەکانی نادەن، بەڵکو تەنیا هێنانەوەی کاتی ڕوودانەکەی، بۆ ئاماژەدانیشە بەڕووداوەکە. کەواتە بەهۆی ڕوودانی ڕووداوی تەقینەوەکە لەو ڕۆژەدا، ئیدی (ڕۆژ/کات)ی ڕوودانەکەی مێتۆنیمییانە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕووداوەکەش. بەکورتی ئەو کاتە دیاریکراوە لەدوای ئەو ڕووداوەوە بەچەمککراوەتەوە و مێتۆنیمییانە بەکاردەهێنرێت. چونکە لەناو مۆدێلی درکپێکردنی ئەو کاتەدا(١١ی سێپتەمبەر)، ڕووداوێکیش لەخۆیدەگرێت و لەدوایدا و بەهۆی ئاوێتەبوونی یەکەکانەوە، لە تیۆری ئاوێتەبووندا مەوداکان ئاوێتەدەبن و پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە پێکدەهێنن. ئەمە بەچەمککردنی کاتە لەگەیاندنە مێتۆنیمییەکاندا. بەهەمانشێوە بۆ نموونەی (٥٢-ب)، کە خۆپیشاندانی کچان و ژنان لەو ڕۆژەدا بووەتە هۆی دروستبوونی پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەی ڕووداویی و بەئاماژەدان بە کاتەکەی، ڕووداوێکی دیاریکراو بەبیردادێت و قسەکەران و گوێگرانیش ئاماژەدانیان بەکاتەکە لەپێناو ڕووداوەکەیە و لەو درکپێکردنەوە دێت، کە بەشداربووانی ئاخاوتن بەهۆی ئاوێتەبوونی مەوداکانی (کات، ڕووداو)ەوە پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە بونیاد دەنێن. بەکورتی هێنانەوەی کات بۆ گەیشتن بە ڕووداوێکە.

نموونەی (٥٢-پ)یش هەمان ڕاستی دەیگرێتەوە، بۆ نموونە (١٤ ی چوار) وەك (کات)ێك و مەودای سەرچاوە بۆ ئاماژەدانە بە ڕووداوی (ئەنفال) وەك (ڕووداو)ێك و مەودای مەبەست. هەروەها (٥٢-ت)ش کاتێك هێنراوەتەوە بۆ ئاماژەدان بە ڕووداوی (شەڕی ناوخۆ). بەمشێوەیە تەواوی نموونەکانی (٥٢) ڕووداوێك لەخۆیاندەگرن و هێنانەوەشیان بۆ ئاماژەدانە بەو ڕووداوانە تاوەکو مەبەست لە خودی(کات/ڕۆژ)ە هاتووەکان بێت و بەمهۆیەشەوە جۆرێکی مێتۆنیمیان لەناو مێتۆنیمیی ڕووداویدا پێکهێناوە و دەتوانرێت بە مێتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی(کات بکەوێتە بری ڕوودا) ئاماژەیان پێبدرێت.

هێڵکاریی (٢١) ئاماژە بە مێتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی، کاتێك (کات بکەوێتە بری ڕووداو) دەدات بۆ نموونەی (٥٢-پ) لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە:




هێڵکاریی (٢١)

مێتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی(کات بکەوێتە بری ڕووداو) لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە

**٢/٢-١-٤) مێتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی(ڕووداو بکەوێتە بری کات)**

هەر لەناو هەمان چەشنی مێتۆنیمیی ڕووداویدا، دەتوانرێت ئاماژە بەجۆرێکی دیکە بکرێت و بە مێتۆنیمیی (کاتیی_ڕووداویی)ناوببرێت. بەڵام جیانەکردنەوەیان وەك دوو جۆری سەربەخۆ، لەو ڕوانگەیەوەیە، کە هەموو جۆرەکان لەژێر چەترێکی گشتیی(چەشنی مێتۆنیمیی ڕووداویی)دا بخرێنەڕوو. کەواتە هەر لەڕوانگەی مێتۆنیمیی ڕووداویدا، ئەگەر هاتوو هەمانجۆری مێتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی لەڕوانگەی مەودای سەرچاوە و مەودای مەبەستەوە بگۆڕرێن و پێچەوانە بکرێنەوە بەو واتایەی، ئەگەرهاتوو مەودای سەرچاوە (ڕووداوێك)بێت، بەهۆشییەوە ئاماژە بە مەودای مەبەست (کاتێك) بکرێت،

ئەوا بەهەمانشێوە جۆرێکی تری مێتۆنیمیی ڕووداویی بونیاد دەنرێت و هەر لەسەر بنەمای ئاوێتەبوونی مەوداکانی کات و ڕووداوەوە دەبێت و دەتوانرێت پێیبگوترێت(مێتۆنیمیی کاتیی_ڕووداویی). وەك لەنموونەکانی (٥٣)دا دەخرێنەڕوو:

(٥٣) ا- پێش[ڕاپەڕین] لەدایکبووە.


ب- سەرەتای[شەڕی ناوخۆ] خوێندکاری سەرەتایی بووم.

پ- سالی[بەفرە سورەکە] مردووە.

ت-[ڕۆژە شومەکە]ی بەردەرکی سەرا لەبیرناکرێت.

ئەوەی لەنموونەکاندا هێنراوەتەوە (ڕووداوێکە)، بەلام مەبەستی قسەکەران لەهێنانەوەی ڕووداوەکاندا بۆ ئاماژەدانە بەکاتی ڕووداوەکان و بەم هۆیەشەوە جۆرێکی تری مێتۆنیمی لەچەشنی مێتۆنیمیی ڕووداویی دەخرێتەڕوو. ئەگەر سەرنج لەنموونەی (٥٣-ا) بدرێت، سەرەڕای ئەوەی (ڕاپەڕین) وەك ڕووداوێکی گەورە و مێژوویی لەیادەوەری و ئاوەزی ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا جێی خۆی دەگرێت، بەلام لەم نموونەیەدا مێتۆنیمییانە بەکاربراوە و بۆ ئاماژەدان بەکاتی ڕوودانەکەی هێنراوەتەوە، نەك خودی ڕووداوەکە. کەواتە (پێش ڕاپەڕین) لەنموونەی (٥٣-ا)دا مەبەست لە (پێش ١٩٩١)ە. بەهەمانشێوە لەنموونەی (٥٣-ب)دا (سەرەتاکانی شەڕی ناوخۆ)، مەبەست لەڕوودانی شەڕەکە نییە، هێندەی مەبەست لەسەرەتاکانی (١٩٩٤)ە. بەمشێوەیە (ڕاپەڕین)و (شەڕی ناوخۆ) وەك (ڕووداو) دەبن بە سەرچاوە و بەهۆیانەوە دەگەین بە کاتەکانیان.

ڕووداوەکانی (بەفرە سورەکە، ڕۆژە شومەکە) وەك مەودای سەرچاوە مێتۆنیمییانە بەکاربراون بۆ ئاماژەدان بەکاتی ڕوودانی هەرکام لەو ڕووداوانە. بۆنموونە سالێك، کە تێیدا بەفرێکی سور باریوە، یاخود لە (٥٣-ت)دا، کە مەبەست لە (٦ی ئەیلولی ١٩٣٠)ە، بەلام لەکاتی بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکەی ئەم کاتەدا(٦ی ئەیلولی ١٩٣٠)، ئەوا ئاماژە بەو ڕووداوە دەکرێت، کە لەو ڕۆژەدا ڕوویداوە، زیاتر لەوەی، کە مەبەست لە خودی ڕۆژەکەبێت. هێلکاریی (٢٢) ئاماژە بە تۆڕی پەیوەندیی تەواوکارانە لە تیۆری ئاوێتەبووندا دەکات بۆ چەشنی مێتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی لە جۆری(ڕووداو بکەوێتە بری کات):




هێڵکاریی (٢٢)

**مێتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی(ڕووداو بکەوێتە بری کات) لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە**

**٢/٢-١-٥) مێتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی(کات بکەوێتە بری ڕووداو و شوێن)**


**هەر لەناو چوارچێوەی مێتۆنیمیی ڕووداویدا دەتوانرێت ئاماژە بەجۆرێکی تریش بدرێت، کەلەسەر بنەمای سیانەی (کات_شوێن_ڕووداو)پێکهاتبێت و تێیدا (کات) مێتۆنیییانە بەکاربهێنرێت و بکەوێتەبری هەرکام لە(ڕووداو و شوێن)، وەك لەنموونەی (٥٤)دا دەخرێتەڕوو.**

**(٥٤)-[١١ی سێپتەمبەر]بووە هۆی داگیرکردنی ئەفغانستان.**

**(١١ی سێپتەمبەر) وەك (کات) لەبری هەرکام لە (تەقینەوەی تاوەرە بازرگانییەکان) وەك ڕووداو و (ئەمریکا)ش وەك شوێن بەکارهاتووە. بونیادنانی گشتیی پێکهاتە مێتۆنیمییەکە لە سێ هەنگاودا شیدەکرێتەوە:**

- **(١١ی سێپتەمبەر) وەك کات،**
- **(١١ی سێپتەمبەر) وەك ڕووداو و هێرشێکی تیرۆرستی،**
- **(١١ی سێپتەمبەر) وەك ئاماژەدان بە ئەمریکا.**

بەڵام لە نموونەی (٥٤)دا هەر سێ لایەنەکە ئاوێتەبوون و لەپێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەدا نوێنراون، کە تێیدا لەهەنگاوی یەکەمدا (کات) دەبێتە مەودای سەرچاوە و بەهۆشییەوە ئاماژە بەڕووداوێك لەو ڕۆژەدا دەکرێت. لەهەنگاوی دووەمیشدا بەهەمانشێوە بەهۆی ئەوەی، کە(١١ی سێپتەمبەر) (ئەمریکا)ش دەگرێتەوە وەك (شوێن)، جارێکیتر مێتۆنیمییانە بەکاربراوەتەوە لەبری (ئەمریکا ئەفغانستانی داگیرکرد). بەمشێوەیە لەنموونەی (٥٤)دا ئاوێتەبوونی سێ مەودای(کات، شوێن، ڕووداو) درکپێدەکرێت و تێگەیشتنیش هەر لەم درکپێکردنەوە دێت، کە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە مێتۆنیمییانە بونیادیان ناوە. لەڕوانگەی ئاوێتەکردنەکەشەوە، سێ بۆشایی ئاوەزیی بونیان هەیە، کە ڕۆڵی تێکردە دەبینن بۆ بۆشایی ئاوێتەبوون، چونکە بۆشایی تێکردەی یەکەم ڕۆڵی بنەڕەت دەگێڕێت و بۆ واتای نامێتۆنیمییانەی (١١ی سێپتەمبەر)دەگەڕێتەوە. هەروەها هەرکام لە بۆشاییەکانی دیکەش ڕۆڵی تێکردەکانی(٢، ٣) وەك بۆشایی بونیادنەر دەگێڕن. بەڵام بەهۆی گرتنەوەی هەرکام لەڕووداو و شوێنەکانی وەك (تەقینەوە، ئەمریکا) لەلایەن (١١ی سێپتەمبەر)ەوە لەبۆشایی ئاوێتەبووندا، پێکهاتە مێتۆنیمییەکە بونیادنراوە. وەك لە هێڵکاریی (٢٣)دا مێتۆنیمیی ڕووداویی لە جۆری (کات بکەوێتە بری ڕووداو و شوێن) دەخرێتەڕوو:




هێڵکاریی (٢٣)

میتۆنیمیی ڕووداویی کاتیی(کات بکەوێتە بری ڕووداو و شوێن) لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە

بەمشێوەیە لە میتۆنیمیی ڕووداویدا ئەوە دەخرێتەڕوو، ئەو خاڵەی، کە تێیدا پرۆسە میتۆنیمییەکە بونیاد دەنرێت ڕووداوێك لەخۆدەگرێت و ئەو ڕووداوە یان دەبێت بە مەودای سەرچاوە یان دەبێت بە مەودای مەبەست، ئەویش لەسەر بنەمای بەکارهێنانەکەی. لەهەر بوارێکی بەکارهێنانی میتۆنیمیی ڕووداویشدا گرێی نێوان هەرکام لە مەوداکان ڕووداوێك لەخۆدەگرێت. بەمشێوەیە تۆڕێکی پەیوەندی بۆ پێکهاتە میتۆنیمیی_ڕووداوییەکان لەنێوان پێکهێنەرەکانی تۆڕەکەدا(مەوداکانی سەرچاوە و مەبەست) دەکێشرێت و بەهۆی توانای داهێنانی ئاوەزیی مرۆڤەوە، مەودای چەمکەکان ئاوێتەدەبن و پێکهاتەی نوێ (بۆ نموونە میتۆنیمی)بەرهەمدەهێنن و ئەمەش گوزارشت لەلایەنی درکپێکردنی ئاخێوەران دەکات.

## ٢/٢-٢) مێتۆنیمیی دامەزراوەیی

ئەو پڕۆسە درکپێکراوەی لەپشتی بونیادنانی پێکهاتە مێتۆنیمییەکاندایە، تەنیا نەخشەکێشان و گواستنەوەی سەرنجەکان نییە لەنێوان مەوداکانی سەرچاوە و مەبەستدا. بەڵکو هۆهاندەر"Motive"ی پشت هەڵبژاردەکانی پێکهاتە مێتۆنییمەکان لەڕوانگەیەکی درکپێکردنی ئاوەزییانەوە دێت، کە زانستی زمانی درکپێکردن ئەم لایەنەی دیاردەکە دەخاتەژێر سەرنج و لێکدانەوەوە. چونکە تەنیا خستنەڕووی نەخشەکێشانی نێوان دوو مەوداکە پرۆسەکە تاڕادەیەك شێوازگەرییانەیە، ئەگەر ئەو ڕەهەند و هۆکارانە نەخرێنەڕوو، کە ڕێگە بەنەخشەکێشانەکە دەدەن و گونجان لەنێوانیاندا دروستدەکەن و ئەو هۆکارەش دەخرێتەڕوو، کە بۆچی ئەم کەرەستەیە هەڵبژێرراوە تا لەبری ئەویتر بەکاربهێنرێت، کە لەبنەڕەتدا خۆشی نییە؟ بەڵکو ئاماژە بە مەودا و سەرچاوەیەکی دیکە دەدات و ئاخێوەرانیش هەموو کۆکن لەسەری، بۆچی کەرەستەیەکی دیکە هەڵنەبژێرراوە تا ئەو ڕۆڵە بگێڕێت؟ بەڵام ئەوە ڕوونە، کە پێویستە لە سۆنگەی یەکێك لە دیاردە و لایەنێکی پێکهێنەری زمان سەرنج لەو بوارە نازمانییانەی تر بدرێت، کە ڕۆڵیان هەیە لە ناوەڕۆکە زمانییەکاندا.

خستنەڕووی ڕوانگە و سەرنجەکانی زانستی زمانی درکپێکردن لەیەکێك لە دیاردە زمانییەکانەوە (مێتۆنیمی) شیدەکرێتەوە، کە ئەمیش(مێتۆنیمی) بەپێی مەبەست و واتا و چۆنییەتی پێکهێنانی لەڕوانگەی پێکهێنەرەکانییەوە چەشن و جۆرە جیاوازەکانی دەخرێتەڕوو، کە دەشێت مێتۆنیمی (ڕووداویی، دامەزراوەیی، هەمەکیی...هتد)بێت.

یەکێکی دیکە لە توانا درکپێکراوە مێتۆنیمییەکانی ئاخێوەران، بەمێتۆنیمیکردنی دامەزراوەییە، کە چۆن تێیدا نەخشەکێشانەکە لەنێوان مەوداکاندا بەبەشداریی دامەزراوەیەك یان زیاتر دەکرێت و چەشنێکی دیکەی مێتۆنیمی لەڕوانگەی یەکە بەمێتۆنیمیکراوەکەوە بونیاددەنرێت و هەر لەڕوانگەی یەکە پێکهێنەرەکانی پێکهاتە مێتۆنیمییەکەشەوە، چەند جۆرێك لە مێتۆنیمیی دامەزراوەیی دەخرێتەڕوو.

### ٢/٢-٢-١) مێتۆنیمیی دامەزراوەیی(دامەزراوە بکەوێتە بری ئەندامەکانی)

لەمجۆرەی مێتۆنیمیدا، دامەزراوەیەك دەبێت بە مەودای سەرچاوە و ئەو ئەندامانەشی، کە پێکهێنەری ئەو دامەزراوەیەن، دەبن بە مەودای مەبەست. بەواتایەکی تر، ناوی دامەزراوەکە مێتۆنیمییانە ئاماژە بەپێکهێنەرەکانی خودی دامەزراوەکە دەکات، کە هەرکام لە مەوداکانیش لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندان(کە دامەزراوەکەیە) بەڵام بەهۆی ئاوێتەبوونی یەکەکانەوە، یەکێك لەمەوداکان(دامەزراوە)، مێتۆنیمییانە ئاماژە بە یەکەیەکی دیکەیان دەدات(ئەندامەکانی دامەزراوە). بەمشێوەیەش جۆرێك

**لەمێتۆنیمی، لەناو چەشنی(مێتۆنیمیی دامەزراوەیی)دا پێکدەهێنێت و بە (مێتۆنیمیی دامەزراوەیی- کاتێك دامەزراوە بکەوێتە بری ئەندامەکانی-) ناودەبرێت. وەك لەنموونەی(٥٥)دا دەخرێتەڕوو:**

**(٥٥)-[ناتۆ] بڕیاریدا هێرشی ئاسمانی بۆ سەر داعش بەردەوامبێت.**

**وشەی (ناتۆ) لەنموونەی (٥٥)دا مێتۆنیمییانە بەکاربراوە و تەنیا مێتۆنیمییانەش دەبێت بیری لێبکرێتەوە تا تێگەیشتن بێتە ئاراوە. چونکە لێرەدا ئاماژەدانە بە دامەزراوەیەکی سەربازیی و لەبری ئەو بەکاربراوە.**

**مێتۆنیمیبوونی نموونەی (٥٥) لە سێ ئاستی مێتۆنیمیانەدا دەخرێتەڕوو:**

- NATO **مێتۆنیمیی زمانییە و کورتکراوەی(**North Atlantic Treaty Organization**)ە و (ناتۆ) ئەم دامەزراوەیە دەگرێتەوە.**

**- لە ئاستی دووەمدا (ناتۆ) لە نموونەی (٥٥)دا جارێکیتر مێتۆنیمیی زمانییە و ئاماژەدانە بە ئەندامانی ئەم دامەزراوەیە، کە (ئەمریکا، بەلجیکا، تورکیا....هتد)ن.**

**- لەئاستی سێیەمدا و دوای ئەوەی مێتۆنیمییانە ئاماژەدانە بە ئەندامانی ئەم دامەزراوەیە، لەناو ئەندامەکانیشدا ئاماژەدانە بە (دامەزراوە حکومی و سەربازییەکانی ئەندامانی دامەزراوەی ناتۆ). لەناو دامەزراوە حکومییەکانیشدا ئاماژەدانە بەکەسەکانی ناو دامەزراوەکان. بەم سروشتەوە ڕوانین لە مێتۆنیمی پێیدەگوترێت(مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە)، کە چەشنێکی تری مێتۆنیمی پێکدەهێنێت و پێیدەگوترێت (مێتۆنیمیی درکپێکراو)[١].**

**ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە (ناتۆ) بۆخۆی دامەزراوەیەکی سەربازییە. کە مێتۆنیمییانە بەکاردەهێنرێت، ئەوا بۆ ئاماژەدانە بەم دامەزراوەیە و ئەو ئەندامانەی، کە ئەم دامەزراوەیە پێکدەهێنن و بەڕێوەی دەبەن. بەمشێوەیە کاتێك وشەی (ناتۆ) لەنموونەی (٥٥)دا دێت، ئەوا مەبەست لە دامەزراوەیەکە، بەهۆی پەیوەندی گرتنەوەوە، واتە کاتێك ناوی (ناتۆ) بەکاردەهێنرێت، ئەوا بۆ ئاماژەدانە بەوانەی، کە ئەم ناوە دەیانگرێتەوە. هەر لەمبارەیەوە (لاکۆف) پێیوایە، کە "مۆدێلی مێتۆنیمییانە، ئەو مۆدێلەیە، کە چۆن تێیدا (A) و (B) لەپەیوەندیدان لە دروستەیەکی چەمکیدا، پەیوەندییەکەش دیاریکراوە بەهۆی ئەو کردەیەی، کە لە (A)یەوە بۆ (B)یە"[٢]. لەنموونەی (٥٥)دا مۆدێلی مێتۆنیمییانە بەهۆی (ناتۆ)وە کێشراوە، کە تێیدا ( A- وشەی ناتۆ) پەیوەندیدارە بە (B-پێکهێنەرەکانی دامەزراوەی**

---

[١]- مێتۆنیمیی درکپێکراو بەتەواوی چنراوی سەرەکیی پاری سێیەمی ئەم بەشە پێکدەهێنێت، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە لا (١٤٠-١٦٦).

[2]- Lakoff G. (1987:85).

**ناتۆ). بەواتایەکی تر (A)ی (B)ی دەگرێتەوە، چونکە (ناتۆ) دامەزراوەیەکە و مەبەست لە پێکهێنەرەکانی ئەم دامەزراوەیەیە، کە چەشنێکی مێتۆنیمیی دامەزراوەییان پێکهێناوە و لەم گرتنەوەشدا، کردەی نێوانی (A) و (B)یش بەهۆی پێکهێنانی دامەزراوەکە بەهۆی پێکهێنەرەکانییەوە دیاریدەکرێت و (ناتۆ) کەوتووەتە بری(ئەندامەکانی ئەم دامەزراوەیە). بەهۆی ئەم گرتنەوەشەوە جۆرێکی مێتۆنیمیی دامەزراوەیی(دامەزراوە بکەوێتە بری ئەندامەکانی) پێکدێت.**

**٢/٢-٢-٢) مێتۆنیمیی دامەزراوەیی (شوێن بکەوێتە بری دامەزراوە)**


**لەمجۆرەی مێتۆنیمیدا، شوێنێك وەك مەودای سەرچاوە ڕۆڵدەگێڕێت بۆ ئاماژەدان بە دامەزراوەیەك. وەك لە نموونەکانی(٥٦)دا دەخرێتەڕوو، کە چۆن ئاماژە بەمێتۆنیمیی دامەزراوەیی دەدەن(کاتێك شوێن بکەوێتە بری دامەزراوە).**

**(٥٦) ا-[هەولێر و بەغداد] هەرگیز لەگەڵ یەك ڕێك ناکەون.**

**ب-[کۆشکی سپی] نیگەرانە لەڕووداوەکانی ناوچەکە.**

**پ-[قەندیل] چاوەڕێی دەستپێشخەرییە.**

**لەمێتۆنیمیی دامەزراوەیدا و لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە لەسیمانتیکی درکپێکردندا، ئاوێتەبوونێك لەنێوان مەودایەك و مەودایەکی تردا ڕوویداوە. بۆ نموونە لەڕستەی (٥٦-ا) ئاوێتەبوونەکە لەنێوان (هەولێر) وەك(شار) و تێکردەی (١) و (دامەزراوەی حکومیی هەولێر) وەك تێکردەی (٢) ڕوویداوە، جۆرێکی مێتۆنیمی پێکهێناوە(مێتۆنیمیی دامەزراوەیی، کە تێیدا شوێن بکەوێتە بری دامەزراوە) و هەمان ئاوێتەبوونیش بۆ (بەغداد) و (حکومەتی بەغداد). لە نموونەی (٥٦-ب)دا (کۆشکی سپی) وەك شوێن، ڕۆڵی ناوەندی بڕیاردانی ئەمریکا دەبینێت وەك دامەزراوە، هەروەها (قەندیل) لە نموونەی(٥٦-پ)دا مێتۆنیمییانە بەکاربراوە بۆ ئاماژەدان بە دامەزراوەیەکی حیزبی، کە (پارتی کرێکارانی کوردستان)ە. کورتەی ئەمجۆرەی مێتۆنیمیی (شوێن بکەوێتە بری دامەزراوە) لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە بۆ نموونەی (٥٦-ا) لە هێڵکاریی (٢٤)دا دەخرێتەڕوو:**




**هێڵکاریی (٢٤)**

**مێتۆنیمیی دامەزراوەیی(شوێن بکەوێتە بری دامەزراوە) لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە**

**نموونە مێتۆنیمییەکان ڕۆڵی ئاوەز و ئەندێشە لە بونیادنانە نوێکاندا ڕووندەکەنەوە، کە چۆن تێیدا بۆ نموونە (قەندیل) وەك (شوێن)، یەکێك لە خاسیەتە مرۆییەکانی دەخرێتە پاڵ(چاوەڕوانی)، لەبری پارتێکی سیاسیی، کە ناوهێنانی(قەندیل) مەبەست لە پارت/دامەزراوەیەکی سیاسی بێت و بەم هۆیەوە پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەی بونیادناوە.**

**٢/٢-٢-٣) مێتۆنیمیی دامەزراوەیی (کەس بکەوێتە بری دامەزراوە)**

**مێتۆنیمی کۆپەیوەندییە لەنێوان چەمکەکاندا (بوونی پەیوەندی لەنێوان چەمکەکاندا مێتۆنیمی دەهێنێتە ئاراوە). دروستبوونی ئەو پەیوەندییانەش لەسەر بنەمای شارەزایی و ئەزمون و درکپێکردنی ئاخێوەرانە و بەهەردوو بنەمای (شارەزایی و درکپێکردن) دەورەدراوە. بەهۆی ئەمەشەوەیە، کە دەتوانرێت (ڕووداو لەبری شوێن، شوێن لەبری دامەزراوە، کەس لەبری دامەزراوە...هتد) بەکاربهێنرێت. لەم ڕوانگەیەوە**

پێکهاتە مێتۆنیمییەکان گەنجینەی تۆمارکردنی هۆشیاری و کۆزانیاریی و ئاگاییەکانی قسەکەرە و لەکاتی شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی ئەم پێکهاتە مێتۆنیمییانەدا دەتوانرێت پەی بەلایەنە شاراوەکەی وەك کۆزانیاریی لە بونیادنانە مێتۆنیمییەکاندا ببرێت. نموونەی (٥٧) مێتۆنیمیی دامەزراوەیی دەخاتەڕوو(کە تێیدا (کەس) مێتۆنیمییانە بەکاربراوە لەبری دامەزراوە):


**(٥٧)–[سەدام] هەڵەبجەی کیمیابارانکرد.**

بەهۆی بوونی ئەزموونمان سەبارەت بە ڕووداوەکە و کاراکتەری ڕووداوەکە، کە لەبنەڕەتدا (**حکومەتەکەی سەدام**)ە، بەڵام ئەو پەیوەندییەی، کە هەبووە لەنێوان (سەدام) وەکو (کەس)، (حکومەتی ئەوکاتی عێراق) وەك (دامەزراوە و هۆکاری ڕووداوەکە) بووەتە هۆی مێتۆنیمییانە بەکاربردنی (سەدام) لەبری (دامەزراوەیەکی حکومی) و توانراوە مێتۆنیمییانە (سەدام) بەکارببرێت و ئەمەش توانای درکپێکردنی ئەو پەیوەندییەیە، کەلەنێوان بڕیاردەری ڕووداوەکە و جێبەجێکەری ڕووداوەکەدا هەبووە. بەمشێوەیە جۆرێکی تری مێتۆنیمی لەناو مێتۆنیمیی دامەزراوەییدا دەخرێتەڕوو، کە تێیدا (کەس) بکەوێتە بری (دامەزراوە).

نموونەی (٥٨) بەهەمانشێوە مێتۆنیمیی دامەزراوەیی دەخاتەڕوو:

**(٥٨) –[هەولێر] بەگۆڵێکی بێبەرانبەر لە[سلێمانی] بردەوە.**

لەنموونەی (٥٨)دا هەریەکە لە (**هەولێر، سلێمانی**) مێتۆنیمییانە بەکاربراون لەبوارێکی دیاریکراودا بۆ ئاماژەدان بە دامەزراوە وەرزشییەکانی وەك (**یانەی وەرزشی هەولێر و سلێمانی**). هەریەکە لە (هەولێر، سلێمانی) لەبواری سیمانتیکی و لەڕوانگەی سیمانتیکی چوارچێوەوە، هەرکام لە(شار، پایتەختەکانی سیاسیی و ڕۆشنبیریی، پارێزگا، بوونی یانەی وەرزشیی...هتد) لەخۆدەگرن. هەروەها لەکۆتا خاڵی ئاوێتەبوونەکەدا، مەبەست(یاریزانانی هەرکام لە یانەکانی سلێمانی و هەولێر)ە. هەموو ئەمانە کۆزانیارییەکان و سیمانتیکی چوارچێوەیی (هەولێر و سلێمانی) پێکدەهێنن. بەڵام یەکێك لەپێکهێنەرەکانی چوارچێوە سیمانتیکییەکە، ئەگەر تەنانەت پێکهێنەرێکی مەودا دووری ناوەڕۆکە سیمانتیکییەکەی وشەکەش بێت، لەکاتی بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکاندا ڕۆڵی واتایی لەسەریان جێبەجێدەبێت و دەبن بە ڕووخساری سەرەکی وشەکە. کورتەی ئەم جۆرەی مێتۆنیمیی(کەس بکەوێتە بری دامەزراوە) بۆ نموونەی (٥٧)لە ڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە لە هێڵکاریی(٢٥)دا دەخرێتەڕوو:




هێڵکاریی (٢٥)

**مێتۆنیمیی دامەزراوەیی(کەس بکەوێتە بری دمەزراوە) لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە**

لەبەکارهێنانە مێتۆنیمییە دامەزراوەییەکانی وشەکاندا، ئەو پێکهێنەرەی ناوەڕۆکە سیمانتیکییەکەی وشەکە مەبەستە، کە لەبری دامەزراوەیەکی (سیاسیی، ڕۆشنبیریی، وەرزشیی، ستافێك...هتد) بەکاردێت. وەکچۆن لە نموونەی (٥٩-ا)دا خراوەتەڕوو، کە تێیدا (**دەباشان**) بۆ ئاماژەدانە بە دامەزراوەیەکی سیاسیی(**یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان**) زیاتر لەوەی بۆ (شوێنێك، سەیرانگا، ...هتد) بەکارهێنرابێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە (دەباشان) لە چوارچێوە سیمانتیکییەکەی خۆیدا و لەڕووە سیاسییەکەیەوە، ترۆپکی دامەزراوەیەکی سیاسیی وەك (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لەخۆدەگرێت و لەکاتی بەکارهێنانە مێتۆنیمییە دامەزراوەییەکەی (دەباشان)دا، (دەباشان) ئامارژە بە(ترۆپکی دەسەڵاتی دامەزراوەیەك(سکرتێری گشتیی)دەدات، کە هەر لەناوەڕۆکە چەمکییەکەی خۆیدایە و نەخشەکێشانەکە لەسنوری یەك مەودای چەمکیدا ڕوویداوە، نەك وەك مێتافۆڕ نەخشەکێشانبێت لەسنوری دوو مەودای چەمکیی جیاوازدا.

**مێتۆنیمیی دامەزراوەیی بەڕێژەیەکی زیاتر لەبوارەکانی (ڕاگەیاندن، سیاسەت، ئابوریی، کارگێڕیی، سەربازیی...هتد)دا بەرچاودەکەون و تەواوی نموونەکانی (٥٩) بەهەمانشێوە مێتۆنیمیی دامەزراوەیی دەخەنەڕوو:**

(٥٩) ا- **[دەباشان] ڕۆڵی ئاشتەوایی نیشتیمانیی دەگێڕێت**.(دەباشان- دامەزراوەی سیاسیی)

ب-**[کوردستانی نوێ] نهێنی سەردانەکەی ئۆبامای ڕوونکردەوە**.(کوردستانی نوێ_ دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن).

پ-**[هۆڵیود] فلیمێکی نوێی بەرهەمهێنا**.(هۆڵیود_دامەزراوەی سینەمایی ئەمریکا).

ت-**[پنتاگۆن]هێرشی ئاسمانیی دەستپێکرد**.(پنتاگۆن_دامەزراوەی سەربازیی).

ج- **[ناسا] پێشبینی ڕوودانی کارەساتێکی جیهانیی دەکات**. (ناسا_دامەزراوەی گەردوونیی).

چ-**[عێراق] و[سعودیە] نیگەرانن لەبڕیارەکانی[ئۆپیك]**.(ئۆپیك_ دامەزراوەی ئابووریی).

خ-**[داعش] بەرپرسیاریەتی خۆی لەتەقینەوەکانی بەلجیکا ڕاگەیاند**.(داعش_دامەزراوەی تیرۆرستیی سەربازیی).

## ٣-٢/٢) مێتۆنیمیی هەمەکیی

**لەشیکردنەوەکانی مێتۆنیمیدا لەڕوانگەی پێکهێنەرەکانییەوە، مێتۆنیمی دابەشی سەر چەندین چەشن و جۆر کراوە.تا ئەو ڕادەیەی، کە سنوری مێتۆنیمی زۆر فراواندەکرێت. لەشیکردنەوە بەراییەکانی مێتۆنیمیدا وەك جۆرێك لە مێتافۆر دادەنرا، بەڵام لەدوای گەشەسەندنی قوتابخانە بیریی و زمانییەکان و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی دیاردە زمانییەکان بەئاشکرا و سەربەخۆ لەڕوانگە زمانەوانییەکانەوە، مێتۆنیمی وەك بەشێکی سەربەخۆ و دیاردەیەکی تایبەت و جیا لەهەریەك لە مێتافۆڕ و سینەکدیکی* و ئایرۆنی دەرکەوت. لەڕاستیدا هەندێك لە لێکۆڵەران پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە مێتۆنیمی زیاتر لە مێتافۆڕیش خاوەنی ناوەڕۆکێکی ڕێکخراوە. ئەم گریمانەیەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مێتافۆڕ زیاتر نەخشەکێشانێکی دەرەکییە(نەخشەکێشانەکەی لەدەرەوەی یەك مەودای چەمکییە)، لەکاتێکدا مێتۆنیمی نەخشەکێشانەکەی ناوەکییە،واتە(نەخشەکێشانەکەی لەناو یەك مەودای**

---

* جۆرێکی دیکەی بەکاربردنی سیتراتیژی بەچەمککردنی زمانییە لەگەڵ مێتافۆڕ و مێتۆنیمیدا، کە سینەکدیکی"Synecdoche"لە بنەڕەتێکی یۆنانییەوە وەرگیراوە و بە واتای (تێگەیشتنی هەمانکاتیی)دێت. بەگشتی دوومەبەست لەخۆدەگرێت: یان ئەوەی (بەشێك لە شتێك بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەدان بەهەموو شتەکە)، یاخود بەپێچەوانەوە (هەموو شتەکە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەدان بەبەشێك لەخۆی). لەمڕوانگانەوە دووجۆری سینەکدیکی، ا- بەش بۆ گشت "Part for Whole"، ب- گشت بۆ بەش "Whole for Part" پێکدەهێنن.

چەمکیدایە)[1]. هەروەها هەندێکجۆری مێتافۆڕیش هەن، مەبەست و واتای کۆتاییان سروشتێکی مێتۆنیمییانەی هەیە[2].

لەڕوویەکی تریشەوە و لەزۆرێك لەدابەشکارییەکاندا سینەکدیکی بەبەش و جۆرێك لە مێتۆنیمی دادەنرێت، چونکە لەمیشدا(سینەکدیکی) هەر شتێك دەگوترێت و مەبەستیش لە شتێکی ترە، ' لەناساندنە باوەکانی هەریەکە لە سینەکدیکی و مێتۆنیمیدا بەدوو دیاردەی چەمکییانەی جیاواز دادەنران و خستنەڕووی جیاوازییەکەشیان لەڕوانگەی(کاتیگۆریی"Category") بۆ سینەکدیکی و(یەکە"Entity")بۆ مێتۆنیمییە' [3] .

بۆنموونە سینەکدیکی گرتنەوەی کاتیگۆرییەکە بەهۆی یەکێك لەئەندامەکانی کاتیگۆرییەکەوە. بەواتایەکی تر چۆن کاتیگۆرییەك دەخرێتەڕوو بەهۆی (وەچە کاتیگۆریی"SubCategory") یەکەوە، بۆنموونە کاتیگۆریی (لەش"Body") ئاشکرایە، کە لەچەند ئەندامێك پێکدێت و پێکەوە کاتیگۆریی پێکهاتەی لەش تەواودەکەن. لەوانە (سەر، دەست، قاچ، پشت...هتد) بەڵام لەبەکارهێنانێکی سینەکدیکییانەدا (چاو) ڕۆڵی تەواوی کاتیگۆرییەکە دەگێڕێت، لەمبارەدا ("گشت "Whole") دەبێتە مەبەست وەك لەنموونەی (٦٠)دا دەخرێتەڕوو:

(٦٠)- چاوت لێیانبێت.

وشەی (چاو) وەك وەچەبەشی کاتیگۆریی (لەش) لەنموونەی (٦٠)دا سینەکدیکییە و لەبری هەموو (لەش) بەکارهاتووە. چونکە (چاو) لەنموونەی (٦٠)دا تەنیا مەبەست لەخودی (چاو)نییە. بەڵکو مەبەست لەهەموو ئەو لایەن و کردە و ڕەفتار و....هتدیانەیە، کە بەهۆیانەوە ئاگاداری بەرانبەر دەکرێت. دەشێت مەبەست لە (سەردانیکردن، یارمەتیدان، ئامۆژگاریکردن، سەرپەرشتیکردن، ئاگاداربوون..)هتد بێت، کە هەرکام لەمەبەستەکان بەبەشێکی لەش دەکرێن، نەك تەنیا بە (چاو)، بەڵام لەم بارەی بەکارهێنانی (چاو)دا، (چاو) وەك مەودای سەرچاوە و هەموو ئەو مەبەستانەی، کە نموونەی (٦٠)ی لەپێناودا بۆ پێکهێنراوە وەك مەودای مەبەست ڕۆڵدەگێڕن. ئەمەش لە درپێککردنی مرۆڤەوە دێت، کە (چاو) بەکاردێت بۆ بینین، هەربۆیە لەم بەکارهێنانەدا بۆ ئاگاداربوونە، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان(بینین

---

[1]- لەپاری یەکەمی بەشی دووەمدا، بەگشتی لەڕوانگەی زانستی زمان و بەدیاریکراویش زانستی زمانی درکپێکرن(سیمانتیکی درکپێکردن)ەوە، سەبارەت بە هەرکام لە (مێتافۆڕ) و (مێتۆنیمی) و سروشتی کارکردن و پێکهاتنیان خراوەتەڕوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە لا(٨٩-٩٥)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[2]- ئەم لایەنە لەپاری سێیەمی ئەم بەشەدا بەچڕی دەخرێتەڕوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، لا(١٤٣- ١٥٧).

[3]- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم بیرە بڕوانە : Panther K. and Radden G. (1999:92) –.

لەپێناو ئاگاداربووندا)هەیە، واتە لەنێوان (بینینی شتێك تا ئاگاداری بیت). ئەمجۆرەی بەکارهێنانی وەچەبەشەکانی کاتیگۆرییەکان لە سینەکدیکیدا پێیدەگوترێت (بەش بۆ گشت"Part for Whole")[١]. بەکورتی سینەکدیکی بەمجۆرە خراوەتەڕوو: "پەیوەندییەکە، کە تێیدا بەشێك لەبری گشتێك دەوەستێت، یان گشتێك لەبری بەشێك دەوەستێت"[٢]. ئەو دابەشکارییانەی سەرەوە لەڕوووەوەیە، کە هەرکام لە مێتۆنیمی و سینەکدیکی وەك دوو دیاردەی جیاواز و سەربەخۆ لێیان بڕوانرێت. بەڵام لەڕوانگەیەکی دیکەوە "لەزانستی زمانی درکپێکردندا مێتۆنیمی و سینەکدیکی نموونەی هەمان دیاردەی چەمکین"[٣]. ئەمەش ڕوانینە لەمێتۆنیمی لە ئاستێکی فراوانتردا و لەو درکپێکردنەوە هاتووە، کە سینەکدیکی و سروشتی کارکردنی زمان لەم ڕوانگەیەوە هەمان مەبەست و ناساندنەکانی مێتۆنیمی دەیگرێتەوە. بەم هۆیەشەوە سینەکدیکی دەبێتە یەکێك لەجۆرەکانی مێتۆنیمی لەڕوانگەکانی (گشت بۆ بەش) و (بەش بۆ گشت)ەوە دابەشی مێتۆنیمیی (هەمەکیی) و مێتۆنیمیی (هەندەکیی) دەکرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی "چەمکە مێتۆنیمییەکان ڕێماندەدەن بۆ بەچەمککردنی شتێك بەگوێرەی ئەو پەیوەندییەی، کە بەشتێکی ترەوە هەیەتی"[٤]، ئەو پەیوەندییەش، کەلەسینەکدیکیدا هەیە پەیوەندی (بەش بە گشتەوە) یان بە پێچەوانەوەیە. واتە خاوەنی هەمان ئەو تایبەتمەندییانەیە، کە وایلێبکات بین بەبەشێك لەمێتۆنیمی، تەنیا هۆکاری جیاکردنەوەیان ناونیشانی (گرتنەوە) و (نزیکی)بوو، کە سینەکدیکی لەسەر بنەمای (گرتنەوە) بونیاددەنرێت و مێتۆنیمی لەسەر بنەمای (نزیکی"Contiguity") بەڵام سەرنجەکانی درکپێکردن سەبارەت بە هەردوو دیاردەکە لەڕوانگەی ڕێگاکانی هەڵهێنجان و بەچەمککردنەوەیە، چونکە کاتێك بەشێك لەبری گشتێك بەکاردەهێنرێت، ڕێگایەکی دیکەی هەڵهێنجان و گوزارشتکردن و بەچەمککردنی گشتەکەیە. یان بەپێچەوانەوە کاتێك گشتێك لەبری بەشێك لەخۆی بەکاردەهێنرێت. ئەمەش ڕوانینێکی فراوانە لە مێتۆنیمی و بەهۆیەوە سینەکدیکی وەك بەشێك یان جۆرێکی مێتۆنیمی دەخرێتەڕوو. لەم وەچەپارەدا مێتۆنیمیی (هەمەکیی) دەخرێتەڕوو، کە تێیدا لەڕوانگەی مەوداکانەوە جیاکراونەتەوە، ئەویش مەودای مەبەست دەکرێت بەپێوەری بڕیاردان لەسەر چ جۆرێکی مێتۆنیمی، واتە پێکهاتەیەك

---

[١]- لە (٢/٢-٤)ی ئەم بەشە سەبارەت بە جۆری دووەمی سینەکدیکی(گشت بۆ بەش"Whole for Part") پەیوەست بە مێتۆنیمیی هەندەکییەوە دەخرێتەڕوو.

[2]– Panther K. and Radden G. (1999:92).

[3]– Geeraerts D. and Chycknes H. (2007:238).

[4]– Lakoff G. and Johnson M. (1980:31).


**مێتۆنیمیی هەمەکییە، ئەگەر هاتوو مەودای مەبەست هەمەکییبوو. نموونەکانی (٦١) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستی دەربڕاوە مێتۆنیمییە هەمەکییەکانی زمانە:**

**(٦١) ا-[دەستی] بەخوێنی گەل سورە.**

**ب-[دەستی] خستە ماڵی براکەیەوە.**

**پ-[دەستی] لەگەڵ دوژمندا تێکەڵکرد.**

**تەواوی بەکارهێنانەکانی (دەست) لەنموونەکانی (٦١)دا لەجۆری مێتۆنیمییانەی هەمەکین. چونکە (دەست)ی مێتۆنیمییانە بەکارهێنراو، هەمان ناوەڕۆکی بەکارهێنانە ئاساییە سیمانتیکییەکانی (دەست)نییە. بۆنموونە (دەستم دەشۆم)، بەڵکو وشەی (دەست) لەنموونەکانی (٦١)دا وەك یەکەیەك (لەڕووە زمانییەکەوە) هەروەها وەك بەشێك لە جەستە(لەڕووە فیسۆلۆژی و فیزیکییەکەوە) لەبری یەکەیەکی تر، کە تەواوی جەستە (لەهەردوو ڕووی کۆنکرێت و ئەبستراکت- هەستی و دەرهەست) ەوە دەگرێتەوە و بەکارهاتووە. مەبەست لەڕووە هەستییەکەوە بەشداربوونی خودی(دەست)ە لە کردەکاندا. لەڕووە دەرهەستییەکەشیەوە، ئەو لایەنە مەبەستە، کە پێکهاتە مێتۆنیمییەکانی لەپێناودا بونیادنراوە. لەنموونەکانیشدا زیاتر مەبەست لەم لایەنەی (دەست)ە ، چونکە دەشێت بکەری مەبەست لەڕستەی (٦١-ا)دا، نە بەدەست، نە بەجەستەش بەشداریی لە خوێنڕشتندا نەکردبێت. هەروەها (دەست) لەنموونەی (٦١-ب)دا مەبەست لە پیلانگێڕی و ئاژاوەنانەوەیە و بەجۆرێکی تریش (دەست) لە (٦١-پ)دا مەبەست لە کردەی ناپاکیکردن یان کاری نایاساییە، کە تەواوی کردەکان لەنموونەکانی(٦١)دا بەتەواوی جەستە و کەسێکی سەربەخۆ جێبەجێدەبێت، ئاماژەدانیان بە (دەست) تەنیا بەکارهێنانێکی هەمەکییانەی (دەست)ە وەك بەش لەبری گشت. دەتوانرێت وێنەی ئاوەزیی بۆ نموونەی(٦١-پ) لەڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە لە هێڵکاریی(٢٦)دا بخرێتەڕوو:**




**هێڵکاریی (٢٦)**

**مێتۆنیمیی هەمەکیی لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە**

**بەمشێوەیە مێتۆنیمییە هەمەکییەکان ئەو بارەی بەکارهێنانە زمانییەکەن، کە چۆن تیایاندا بەشێك لەشتێك وەك مەودای سەرچاوە، بەکاردەهێنرێن بۆ ئاماژەدان بەتەواوی شتەکە وەك مەودای مەبەست، کە لە بنەڕەتیشدا تەواوی شتەکە نییە، بەڵکو (بەشێکبوون لێی) تاکە هۆکاری بەستنەوەیانە پێکەوە. بۆیەکەمجاریش کردنی سینەکدیکی بەبەشێك لە مێتۆنیمی لەلایەن هەریەکە لە (لاکۆف و جۆنسن)ەوە خرایەڕوو. ئەویش بەپێی ڕوانینی پرۆسەی بەچەمککردنی شتێك بەهۆی شتێکی ترەوە جەختی لەسەر کرایەوە. (لاکۆف و جۆنسن) ئەوەیان خستەڕوو، کاتێك بەشێك لە شتێك بەکاردەهێنین بۆ ئاماژەدان بەتەواوی شتەکە، ئەمە بۆخۆی پرۆسەی بەچەمککردنێکی تایبەت و جیاوازە، کەلەڕێگەی بەکارهێنانی بەشێکەوە تەواوی شتەکە بەچەمکدەکرێت لەپرۆسەیەکی درکپێکردنانەدا، تا ڕێگە بدرێت بەم بەکارهێنانە. بۆنموونە لەکاتی بەکارهێنانی (بەش بۆ گشت)، کۆمەڵێك بەش هەن، کە دەتوانن لەبری**

گشتەکە بووەستن. کام بەش هەڵدەبژێررێت تا لەبری هەموو بەکاربهێنرێت؟ چ بەشێك لە گشتەکە زیاتر سەرنجڕادەکێشێت و لەبارە؟[1].

نموونەکانی (٦٢)زیاتر مەبەست دەخەڕوو:

(٦٢) ا- پرۆسەی دیموکراسی دژی تاك[ڕووخسارییە].

ب- ئەزمونی سیاسیی هەرێم پێویستی[بەخوێنی] تازە هەیە.

پ- [دەستدرێژییان]کردە سەر کچانی شەنگال.

لەنموونەکانی (٦٢)دا هەرکام لە (ڕوخسار، خوێن، دەست) وەك (بەش) پێکهێنەری لەشی مرۆڤن وەك (گشت) و هاوتا لەگەڵ چەندین بەش و پێکهێنەری دیکەدا (لەش) تەواودەکەن، لەکاتێکدا لەنموونەکانی (٦٢)دا لەبری هەموو لەشی مرۆڤ بەکارهاتوون.

ئەگەر سەرنج لەنموونەی (٦٢-ا)بدرێت (تاك ڕوخساری) مێتۆنیمییانە ئاماژە بە (تاکە کەسی) دەدات و لێرەدا (ڕوخسار) کە (بەش"Part")ە لەبری (کەس)، کە (گشت"Whole")ە بەکارهاتووە. هەڵبژاردنی ئەم بەشەش بۆ زیاتر دەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە وەك لە (دەست، قاچ، پشت...هتد) و سەرنجڕاکێشترە لەبەشەکانی دیکە، ئەمە جگە لەوەی (ڕووخسار) زیاتر سیمای مرۆڤ و ڕووکاری دەرەوەی دەخاتەڕوو، هەربۆیە قسەکەرانیش بەکارهێنانەکەیان لەم درکپێکردنەوە دێت و (ڕوخسار)یان مێتۆنیمییانە لەبری هەمەکیی(کەس) بەکارهێناوە و پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەی هەمەکییان بونیادناوە، کە (ڕوخسار) وەك مەودای سەرچاوە و خاڵی گەیشتن بە مەودای مەبەست(کەس) وەك هەمەکیی و لەخۆگری ڕوخسار پێکهاتە مێتۆنیمییەکەیان پێکهێناوە.

(خوێن) لەنموونەی (٦٢-ب)دا دیسان مێتۆنیمییانە بەکاربراوە بۆ (مرۆڤ). ئاشکرایە، کە خوێن بەشێکە لە خودی مرۆڤ، بەڵام لەبەکارهێنانە مێتۆنیمییە هەمەکییەکەدا(کاتێك بەشێك ئاماژە بە گشتێك)بدات، مێتۆنیمییانە لەبری (مرۆڤ) بەکارهێنراوە. ئەم بارەی بەکارهێنانی (خوێن) ڕێگایەکی نوێیە لەبەچەمککردنەوەی (مرۆڤ)دا بەوەی بەمێتۆنیمیکردنی بەشێك لە پێکهاتەی جەستەی (مرۆڤ)، کە (مرۆڤ) وەك (گشت)، (خوێن) وەك بەشیش دەگرێتەوە و ئاماژەدانە بە توانای هەڵهێنجانی قسەکەران بەڕێگەی لەبری دانراوەکان، کە مێتۆنیمی یەکێك لەو ڕێگایانە دەنوێنێت. بەڵام بەبەردەوامی بونیادنانی هەر پێکهاتەیەك لەسەر بنەمای ئەزمون و شارەزایی و بەرکەوتن و دەرکەوتن و درکپێکردنی قسەکەرانە بەم لایەنە نازمانییانە و بەهەندوەرگرتنی ڕۆڵیانە لەبونیادنانە زمانییەکاندا. چونکە ئەگەر سەرنج لەنموونەی

---

[1]- بۆ وردەکاری و زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: Lakoff G. and Jonson M. (1980:27-31) –

(٦٢–پ)بدرێت، دەبینرێت، کە (دەست) وەك بەشێك لەبری تەواوی جەستە بەکارهاتووە، ئەمەش لەڕوانگەی ئەو درکپێکردنەوە دێت، کە چالاکی (دەست) لەلەشی مرۆڤدا دەشێت بەبەراورد بەپێکهێنەرەکانی دیکە زیاتر و بەرچاوتربێت، کە لەخۆیدا ئەم بەشە(دەست)، توانای بزاوتنی و دەستدرێژیی هەیە. تەنانەت ئەگەر (دەستدرێژی) مەبەست لە (لاقەکردن/اغتصاب)یش بێت. بەڵام هەر (دەست) لەناو تەواوی پارچەکانی دیکەدا سەرنجی ڕاکێشاوە و پێکهاتەیەکی مێتۆنیمیی هەمەکیی بونیادناوە، کە تێیدا (دەست) لەبری تەواوی جەستە بەکارهاتووە، کە دەشێت (لێدان بەشەق، گوللە بارانکردن، لاقەکردن، برسی و تینوکردن...هتد)ی بووبێت و (دەست) هیچ ڕۆڵێکی نەبووبێت، یان لایەنی سەرەکی نەبێت لە کردارەکاندا.

لەنموونەی (٦٣)دا (سەر) لەبری تەواوی لەشی گیاندارێك بەکارهێنراوە، کەبەهەمانشێوە (هەندەك)، کە (سەر)ە ئاماژە بە (هەمەك)، کە (تەواوی لەش)ە دەکات.

(٦٣) A– چەند مەڕت هەیە؟

B– چل [سەر].

بەهەندوەرگرتنی (سەر) وەك هەستیارترین شوێنی لەشی گیاندارەکەیە، کە بوون و نەبوونی ژیانی بەڕێژەیەکی زۆر پەیوەستە بە (سەر)یەوە. هەر بۆیە لەنموونەی (٦٣)دا و بەهۆی ئەزمونی قسەکەران بەم لایەنە و درکپێکردنی ئەو ڕاستییەیە، کە دەتوانرێت (سەر) وەك (هەندەك) مێتۆنیمییانە لەبری (هەمەك) (تەواوی بوونی ئاژەڵەکە) بەکاربهێنرێت. لەم بارەی بەکارهێنانی (سەر)دا، (سەر) لەتەنیا پێکهێنەرێکەوە بەرزدەبێتەوە بۆ هەموو بوونەکە، چونکە لەبەکارهێنانی ئاسایدا (سەر) تەنیا پێکهێنەرێکی ئاژەڵەکەیە، بەڵام کاتێك بەشێوەی مێتۆنیمیی هەمەکییانە (سەر) بەکاردەبرێت، دەبێتە هێما بۆ ئاماژەدانی بە (گشت) و شوێنی تەواوی پێکهێنەرەکانی دیکەش دەگرێتەوە، بەمشێوەیە لەنموونەی (٦٣)دا (سەر) وەك سەرچاوە، کە (بەشە) خزمەتدەکات بۆ گەیشتن بە گیاندار، کە (گشتە) وەك مەبەست و ئەمەی دوایشیان مەبەستە، کە هەمەکیی گیاندارەکەیە و بە مێتۆنیمی هەمەکیی دەخرێتەڕوو.

### ٤–٢/٢) مێتۆنیمیی هەندەکیی

مێتۆنیمییەکانی (بەش بۆ گشت/مێتۆنیمیی هەمەکیی) و (گشت بۆ بەش/مێتۆنیمیی هەندەکیی) زۆرترین لێکدانەوەیان لەشیکردنەوە و شرۆڤە مێتۆنیمییەکاندا لەسەر دەکرێت. ئەمەش هەم بەو هۆیەوە، کە (بەش بۆ گشت، گشت بۆ بەش) وەك جۆرێکی تایبەتی بەکارهێنانی زمانی (سینەکدیکی) و جیاواز لەهەریەك لە مێتافۆڕ و مێتۆنیمی خراونەتەڕوو. هەم لەپاشتردا دەبن بەیەکێك لە جۆرەکانی مێتۆنیمی. هەروەها لە شرۆڤەکانی زانستی زمانی درکپێکردندا هەرکام لە سینەکدیکی و مێتۆنیمی وەك یەك ڕێگای

**هاوشێوە لە پرۆسەی بەچەمککردندا دەردەکەون و زیاتر لەژێر تایبەتی و خاسیەتەکانی مێتۆنیمیدا سینەکدیکیش دابەشدەکرێت و لێکدەدرێتەوە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕاستە سینەکدیکی خاسیەتی تایبەتی و شێوازی پێکهاتنی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام مەبەستی کۆتایی و ئامانجی پێکهێنانی پێکهاتە سینەکدیکییەکان ئامانجێکی مێتۆنیمییانەیە. بەواتایەکی تر تەواوی ئەو دیاردەیەی، کە پێیدەگوترێت سینەکدیکی مەبەستێکی مێتۆنیمییانە دەگەیەنێت، بەڵام خودی دیاردەکە لەناو مێتۆنیمیدا دەخرێتەڕوو، بەوەی: "دیاردەیەکی گواستنەوەی چەمکییە لەسەر بنەمای گرتنەوەی سیمانتیکیی لەنێوان کاتیگۆرییەکی گشتگیر و کاتیگۆرییەکی کەمتر گشتگیر"[1]، کە دەتوانرێت کاتیگۆرییە گشتگیرەکە لەبری کاتیگۆرییە کەمتر گشتگیرەکە یان کەمتر دەرکەوتوتر، کەبەشێکە لێی بەکاربهێنرێت. لەوکاتەیدا کە کاتیگۆرییە گشتگیرەکە لەبری کاتیگۆرییە کەمتر گشتیگیرەکە بەکاردەهێنرێت بەسینەکدکیی (گشت لەبری بەش" Whole stands for Part") ناودەبرێت. کاتێکیش کاتیگۆریی کەمتر دەرکەوتوو، کەلەهەمانکاتدا بەشێکە لە کاتیگۆرییە گشتگیرەکە لەبری تەواوی کاتیگۆرییەکە بەکاردێت، بە سینەکدیکیی( بەش لەبری گشت" Part stands for Whole") ناودەبرێت. بەڵام لەو دابەشکارییەدا، کە تەواوی دیاردەی سینەکدیکی بەچەشنێك لە مێتۆنیمی و جۆرێك لە پێکهێنەرە مێتۆنیمییەکان دابنرێت، هەرکام لەجۆرەکانی سینەکدیکی بەمێتۆنیمییەکانی (هەندەکیی و هەمەکیی) ئاماژەیان پێدەدرێت.**

**لە (٢/٢-٣)دا بەکارهێنانی مێتۆنیمییانەی (بەشێك) لەبری (گشتێك) لەژێرناوی (مێتۆنیمیی هەمەکیی)دا خرایەڕوو. لەم وەچەپارەشدا چەشنی بەکارهێنانی مێتۆنیمییانەی (گشت لەبری بەش) لەژێرناوی (مێتۆنیمیی هەندەکیی)دا شیدەکرێتەوە. ئەمەش لەو ڕاستییەوە دێت، کە سینەکدیکیی(گشت بۆ بەش) یان مێتۆنیمیی هەندەکیی یەك پرۆسەی بەچەمککردن دەنوێنن. هەربۆیە هەرکام لە نموونە و شیکردنەوەکان ڕاستەوخۆ هەردوو دیاردەکە دەخەنەڕوو. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مێتۆنیمیی هەندەکیی، با سەرنج لەنموونەی (٦٤) بدەین:**

**(٦٤)- [سەیارەکەم]شۆرد.**

**ئەوە ڕوونە، کە (سەیارە) لە نموونەی (٦٤)دا مەبەست لەبەشێکی سەیارەکەیە وەك(لاشەی سەیارەکە یان ئەو بەشانەی، کە شیانی شۆردنیان هەیە). بەڵام ئاشکرایە (سەیارەکە) وەك (گشت) و مەودای سەرچاوە**

[1] - Panther K. and Radden G. (1999:92).

**هێنراوەتەوە بۆ ئاماژەدان بە (بەشێك) لە (سەیارەكە) وەك مەودای مەبەست، چونكەی هەمان وشەی (سەیارە) لەنموونەی (٦٥)دا ئاماژە بە(سەیارە) بەتەواوی پێكهێنەرەكانییەوە دەكات.**

**(٦٥)- سەیارەكەم كڕی.**

**بێگومان وشەی (سەیارە) لەنموونەی (٦٥)دا مێتۆنیمییانە بەكارنەبراوە و بەكارهێنانێكی ئاسایی زمانە، چونكە كڕینی سەیارە بەهەموو بەش و پارچەكانییەوە دەگرێتەوە. بەڵام لەنموونەی (٦٤)دا وشەی (سەیارە) لەچەشنی مێتۆنیمیی هەندەكیدا بەكاربراوە لەبری بەشێك یان چەند بەشێك لە(سەیارەكە) نەك هەموو، هەروەها هیچكام لەقسەكەر و گوێگریش پرسیار لەبارەی پارچەكانی شۆرراوەوە ناكەن، چونكە ئەزمون و بەركەوتنیان هەیە لەگەڵ ئەو بەشانەی سەیارە، كە توانای شۆردنیان هەیە و هەمان ئەزمونیشیان هەیە لەپڕۆسەی كڕین و فرۆشتنی سەیارەدا بەتەواوی پێكهێنەركانی سەیارەوە(بەهۆی دركپێكردنیانەوە). لەمڕوانگەیەوە (سەیارە)ی (٦٤) مێتۆنیمیی هەندەكییە، هەرچەندە وەك هەمەكیش هێنراوەتەوە لەسەر بنەمای ئەزمونەكان (هەموو سەیارە) بۆ ئاماژەدان بە(هەندێك یان بەشێك لەپێكهێنەرەكانی سەیارە) بەچەمككراوە. لەمڕووەوە "مێتۆنیمیی دیاردەیەكی چەمكییە، كە كار لەسەر پەیوەندیی چەمكەكان دەكات، ئەو پەیوەندییانەی، كەلەسەربنەمای ئەزمونی ڕۆژانەی مرۆڤ بونیادنراون و ئەو ڕێگایانە دەخەنەڕوو، كە چۆن مرۆڤەكان مێتۆنیمییانە بیردەكەنەوە لەبارودۆخەكانی ژیانی ڕاستیدا"[1].**

**پەیوەندییە چەمكییەكانی نێوان كردەی (لێدان) و (هۆكارەكانی لێدان) لەنموونەی (٦٦)دا تەنیا بەمێتۆنیمیی هەندەكییانە ڕێكخراوە و ئاوەزی مرۆڤ لە دركپێكردنی (بەهۆكارێك) تا كردەی (لێدان) جێبەجێبكرێت ڕێكیخستووە:**

**(٦٦)-[ئاران]لە منداڵەكەی دا.**

**(ئاران) وەك تەواوی پێكهێنەرەكانی لەشی (ئاران) لە (دەست، چاو، سەر، پشت، قاچ...هتد) لەنموونەی (٦٦)دا مێتۆنیمییانە بەكاربراوە لەبری یەكێك لەپێكهێنەرەكانی لەشی (ئاران)، كە هۆكاربوبێت بۆ لێدانەكە(دەست، قاچ، سەر). ئاشكرایە، كە هێنانەوەی (ئاران)یش وەك گشت و مەودای سەرچاوە بۆ تەنیا یەكێك لە(دەست، قاچ، سەر)ە وەك بەش و مەودای مەبەست و دركپێكردنە بەتوانای لێدان بەیەكێك لەم هۆكارانە. بەم هۆیەوە (ئاران) لەنموونەی (٦٦)دا مێتۆنیمییانە بەكاربراوە لەبری بەشێك لەخۆی، كە دەشێت (دەست) بێت لەكاتی (زللە لێدان)دا یان تەنیا (قاچ)بێت لەكاتی (شەق لێدان)دا. بەمشێوەیە**

---

[1] - Othman S. (2013:58).

**قسەکەر لەنموونەی (٦٦)دا مێتۆنیمییانە بیری لە پڕۆسەی لێدان کردووەتەوە لەلایەن (ئاران)ەوە و (هەموو)ی لەبری (بەش) بەکارهێناوە و بەهۆی ئەم میکانیزمەی بیرکردنەوەوە مێتۆنیمیی هەندەکیی بونیادناوە و لەم ڕێگایەوە مەبەستی گەیاندووە.**

**لەڕوانگەی ناساندنەکانی مێتۆنیمیی هەندەکییەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە چەشنێکی ترە لە ستراتیژەکانی بەکارهێنانی مێتۆنیمییانە، کە تێیدا تەواوی شتێك بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەدان بەبەشێك لەپێکهێنەری خودی شتەکە، لەسەر بنەمای پەیوەندی گشت و بەش و پەیوەندییەکەش درستکراوە، نموونەی (٦٧) بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی مێتۆنیمیی هەندەکییە:**


**(٦٧)- عەیبە بۆ تۆ، چونکە[ پیاو] ناگری.**

**هێنانەوەی (پیاو) بەناوەڕۆکە گشتی و فراوانەکەیەوە، بۆ ئاماژەدانە بە کەسێك، کەلەڕووی ڕەگەزەوە نێرە. ئەم بەکارهێنانەی (پیاو) بەکارهێنانێکی مێتۆنیمییانەی هەندەکییانەی (پیاو)ە، چونکە مەبەست لەهەموو (پیاو)ەکان نییە، بەڵکو (پیاو) لەنموونەی (٦٧)دا وەك هەمەك و مەودای سەرچاوە ئاماژە یان لەبری (یەك پیاو) وەك مەودای مەبەست بەکارهێنراوە. بەهەمانشێوە نموونەکانی (٦٨) مێتۆنیمیی هەندەکیی دەخەنەڕوو:**

**(٦٨) ا- خەریکی خوێندنەوەی[ نیچە]**.(کتێبێك، نووسراوێك، ژیان...هتد)ی (نیچە)، نەك هەموو شتێکی پەیوەندیدار بە (نیچە)وە.

**ب- گوێ لە[عەدنان کەریم]دەگرم**. (تەنیا ئەو گۆرانییانەی، کەلەلایەن عەدنان کەریمەوە گوتراون).

**دەتوانرێت وێنەی ئاوەزیی بۆ نموونەی(٦٨-ب) لەڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە لە هێڵکاریی(٢٧)دا بخرێتەڕوو:**




هێڵکاریی (٢٧)

**مێتۆنیمیی هەندەکیی لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە**

**بەمشێوەیە مێتۆنیمییەکانی (هەمەکیی، هەندەکیی) هەمان دابەشکارییەکەی سینەکدیکین لە جۆرەکانی (بەش بۆ گشت، گشت بۆ بەش)، بەڵام هێندە هەیە لەمێتۆنیمیدا لەسەر بنەمای (پەیوەندیی یەکەکان" Relation/ E-relation"Entity) پۆلێندەکرێن، لەکاتێکدا لە سینەکدیکیدا لەسەر بنەمای (پەیوەندیی کاتیگۆرییەکان "Category Relation/ C-Relation") پۆلێندەکرێن. هەردوو جۆرەکەی سینەکدیکی پۆلێنکردنەوەی کاتیگۆرییەکانە(Recategorization) لەسەر بنەمای بەکارهێنانیان لەبری یەکتر. بۆنموونە بەشێك وەك وەچە کاتیگۆرییەك هەموو کاتیگۆرییەکە دەگرێتەوە، ئەمەش بەکاتیگۆریکردنەوەی وشەیەکە لەڕوانگەیەکی دیکەوە، هەمان پرۆسەش لە مێتۆنیمیدا لەبارە، بەڵام لەڕوانگەی یەکەکانی سەرچاوە و مەبەستەوە پۆلێندەکرێن. کەواتە هەرکام لەمێتۆنیمیی هەمەکیی و هەندەکیی ئەوانەن، کە چۆن تیایاندا بەشێك لەشتێك بەکاردەهێنرێت بۆ هەموو شتەکە یان بەپێچەوانەوە، بۆنموونە (ئەمریکا) کاتیگۆرییەکە/یەکەیەکە (یەکەی سەرچاوە)، مێتۆنیمییانە بەکاردەهێنرێت لەبری (ویلایەتە یەکگرتووەکان)، کە وەچە کاتیگۆرییەکە/یەکەیەکی دیکەیە (یەکەی مەبەست) لەناو کاتیگۆریی/مەودا چەمکییانەکەی (ئەمریکا)دا. بەمشێوەیە مێتۆنیمیی هەندەکیی هێناوەتە ئاراوە، کە تێیدا هەموو (ئەمریکا) لەبری تەنیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بەکارهێنراوە.**

## ٥-٢/٢) مێتۆنیمیی ئەنجامیی

قسەکەران لەبەکارهێنانی هەر ستراتیژێکی زمانیی یاخود هەڵبژاردنی هەر قاڵبێك تا بیرەکانی لەخۆ بگرێت و لەڕێیەوە بیگەیەنێت، پاڵنەر و هۆکاری سەرپشکی و بەخورتییان هەیە. بەم هۆیانەوە شێوازەکانی بەکارهێنانە زمانییەکان هەمەجۆرن، لەنموونەی بەکارهێنانە هێماییەکانی وەك (مێتافۆڕ و مێتۆنیمیی) بۆنموونە لەکاتی بەکارهێنانی ئیدیۆمەکاندا، قسەکەران دەیانەوێت وردترین ئاستی هەڵبژاردن و باشترین دیاریکردن(مارکەلێدان) لەپێناو ئاسانکردنی خێرا تێگەیشتن و گەیاندن بخەنەڕوو. لەمڕوانگەیەوە لەکاتی بەکارهێنانی (**لەگوێی گادا نوستوویت**) بۆ گەیاندنی بەرزترین پلەی بێئاگاییە، کە وردتر و کاریگەرترە وەك لە (**زۆر بێئاگایت**).

بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکان سەرەڕای بەهەندوەرگرتنی باگراوەندە درکپێکراوەکە لە بونیادنان و کات و شوێنی بەکارهێنانیان، مەبەستی تایبەتی(زمانیی، ئاوەزیی) لەبەکارهێنانیاندایە، کە خۆی لەدیاریکردنی ناسنامە و شێوازی ئاخاوتن و کات و وزەی کەم و واتای زۆردا دەبینێتەوە، چونکە لەکاتی ویستی ئاماژەدان بە (**بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنسا....هتد ئامادەییان دەربڕی**...)، دەربڕوای بارگاویی بە مێتۆنیمی لەچەشنی (**خۆرئاوا ئامادەیی دەربڕی**....) بەکاردەهێنرێت، بەهاوکاریی کۆزانیاریی هاوبەش و لەڕوانگەی شیکردنەوەکانی ئاوێتەبوونی چەمکەکانەوە لەسیمانتیکی درکپێکردندا سروشتی بونیادنانە ئاوەزییەکەشی دەخرێتەڕوو، کە مەبەست لە (خۆرئاوا) ئەو وڵاتانەیە، کە لەڕووی ئاڕاستەی جوگرافییەوە بەبەراورد بەسنوری جوگرافیی قسەکەران دەکەونە ڕێڕەوی خۆرئاوابوونەوە. ئەمە جگەلەوەی بەهۆی وشەی (خۆرئاوا)وە ناڕاستەوخۆ زەقکردنەوەی کلتوری جیاوازی ئەو وڵاتانەیە، کە مەبەستییەتی قسەیان لەسەر بکات. لەم درکپێکردنە ئاوەزییەوە و بەهۆی یەکە بەشداربووەکانی (وڵاتان) و (ئاڕاستەی جوگرافیی خۆرئاوا) ئاوێتەبوونێك ڕوویداوە و (خۆرئاوا) مێتۆنیمییانە ئاماژەی بەوڵاتانی (**بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئەمریکا**....)دەدات.

بەمشێوەیە بەهۆی شیاوی و گرتنەوە و نزیکییەوە و لەپاشاندا درکپێکردنی مرۆڤ بەم لایەنانە و ئاوێتەبوونیان، پێکهاتە و دەربڕاوی نوێ و داهێنراو لەچەشن و جۆرەکانی مێتۆنیمی بونیاد دەنێن. لەم وەچەپارەدا چەشنی (مێتۆنیمیی ئەنجامیی) بەنموونەی کارەکییەوە شیدەکرێتەوە.

لەو ڕاستییەوەی، کە مێتۆنیمی ستراتیژێکی ئاخاوتنە، بۆیە کاتێك قسەکەرێك لەبری گوتنی هۆکار و پێشەکی ڕووداوێك ڕاستەوخۆ ئاماژە بە خودی ڕووداو و پەسنەکە دەکات لەکۆتا خاڵی و بەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکار، بەبێ ئاماژەدان بە هەنگاو و هۆکارەکانی، کە ئەو ئەنجامەیان لێکەوتووەتەوە، ئەوا مێتۆنیمیی ئەنجامی بونیاد دەنێن. بەڵام بەهۆی شارەزایی و دەورەدانی ئاخاوتنەکان بە ئەزمونەکان، هەر

ئەنجامێك دەستپێك و هۆكاری تایبەتیی بۆ ڕوودانی هەیە، بۆیە كاتێك نموونەیەكی لەچەشنی(٦٩) دەبیسترێت:

(٦٩)-[شین و مۆرم]كردەوە.

ڕاستەوخۆ بەشدارانی ئاخاوتن پێشگریمانەكانی(شین و مۆركردنەوە)یان لەلا ڕوونە، بەم هۆیەشەوە (شین و مۆر) لەنموونەی (٦٩)دا، مێتۆنیمییانە ئاماژە بە (لێدانێكی زۆر)دەكات و تەنیا ئەنجامی تەواوی ڕووداوەكەش گوتراوە، كەمەبەست لە خودی خۆی واتە(شین و مۆر) نییە، بەڵكو مەبەست لەگەیاندنی (لێدانی زۆر و بەئازارە). لەمڕووەوە پرۆسەی (لێدان) ئەگەر تا ئاستێكی زۆر بەردەوامبێت لەئەنجامدا كاریگەرییەكانی دەردەكەوێت، كە لەنموونەی (٦٩)دا بە (شین و مۆر) ئاماژەی پێدراوە.

بەهەمانشێوە نموونەكانی (٧٠) ئاماژە بەمێتۆنیمیی ئەنجامیی دەدەن:

(٧٠) ا- خەریكە[ئەتەقێت] (لەخەفەتدا، زۆر خواردن).


ب- ڕەنگی[زەرد هەڵگەڕاوە].

لەنموونەكاندا یەكەكان مێتۆنیمییانە بەكاربراون، چونكە ئەنجامی چەند یەكەیەكی دیكەن و ئەوان هۆكاری دەبڕینی ئەم دەربڕاوە مێتۆنیمییانەن. بۆنموونە (تەقین) بەرئەنجامی زۆر (خەفەتخواردن، نان خواردن)ە و نموونەی (٧٠-ا) هۆكاری خۆی هەیە، كە ئاماژەیان پێنەدراوە، بەڵام بەهۆی خاسیەتی بونیادنانی (واتای هەمانكاتیی"Online Meaning"ەوە هەركام لە (خەفەت، نان)دەبن بە زانیارییە پێشگریمانەكانی، كە ئەنجامی (تەقین)ەكەن بەبێئەوەی لەڕستەكانیشدا ئاماژەیان پێدرابێت. بەڵام كۆزانیاریی زمانی و ئەزمونی بەكارهێنان و داهێنانە واتاییەكانی لەچەشنی ئاوێتەبوون و دركپێكردنی ئاخێوەران بەتەواوی ئەم لایەنە نەهاتووانە(بەڵام دركپێكراوانە)ی تر، ڕێگە بە بەكارهێنانێكی مێتۆنیمییانەی ئەنجامیی (تەقین) دەدەن لەبری هەركام لەهۆكار و ئەنجامەكانیش.

بەهەمانشێوە لەنموونەی (٧٠-ب)دا (زەردهەڵگەڕان) لەئەنجامی نەخۆشییەوە دێتەبوون، بەڵام مێتۆنیمی ئەو ڕێگایە دەخاتە بەردەم قسەپێكەران، تا لەڕوانگەی داهێنانە بێسنورەكانی توانای دركپێكردنەوە ئاوێتەبوونێك دروستببێت لەنێوان هۆكار و ئەنجامدا، بەڵام لەڕوانگەی ستراتیژییەتێكی زمانییەوە پێكهاتەیەكی مێتۆنیمییانەی لەچەشنی مێتۆنیمیی ئەنجامیی بونیاد نراوە، ئەمەش لەو دركپێكردنەوە دێت، كە ئەنجام لەبری كاریگەریی لەهێنانەئارای ئەنجامەكاندا بەكاربهێنرێت.

دەتوانرێت وێنەكێشانێكی ئاوەزییانە بۆ نموونەی (٧٠-ب) لەهێڵكاریی (٢٨)دا بنوێنرێت لەڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە، ئەویش بۆ خستنەڕووی پێكهێنەرەكانی تۆڕە تەواوكارییەكەی هەركام لە بۆشاییە

**تێکردەکان و شێواز و چۆنییەتی ئاوێتەبوونیان لە بۆشایی ئاوێتەدا. کە چۆن دوو بۆشایی تێکردە لە بۆشاییەکی ئاوەزیدا ئاوێتەدەبن و پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە بونیاد دەنێن:**




**هێڵکاریی (٢٨)**

**مێتۆنیمیی ئەنجامیی لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە**

**لەنموونەی (٧١)دا هەرکام لە(شەرم، درۆکردن، تەریقبوونەوە) هۆکارن بۆ (سوربوونەوەی دەموچاو)ی مرۆڤ. بەڵام بەبێ گوزارشتکردن لە هۆکارەکان، مێتۆنیمیی ئەنجامیی تەنیا بەخستنەڕووی ئەنجامی بارودۆخەکە گوزارشت لەهۆکارەکانیش دەکات. ئەمە ئەو بارەی بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکانە، کە بە مێتۆنیمیی ئەنجامیی دەناسرێت:**

**(٧١)– بۆ وا[سور]بوویتەتەوە؟**

**مێتۆنیمی لەڕێزمانی درکپێکردنیشدا، سەرنجێکی زۆر ڕادەکێشێت و لێکدانەوە و گفتوگۆکان لە زانستی زمانی درکپێکردندا سەبارەت بەباری بەکارهێنانە مێتۆنیمییە ڕێزمانییەکانی دەربڕاوەکان لێکدانەوەی**

**قولْ هەڵدەگرێت[*]. مێتۆنیمیی ئەنجامی لەسەر ئاستە ڕستەسازییەکەی و لەڕوانگەی ئاماژەدان بە ئەنجامی کۆتایی کردەکان، لەکاتێکدا چەندین پێشەکی و هۆکاری ڕوودانی ئەنجامەکان لەئارادان، جۆرێکی تری بەمێتۆنیمی دەربڕینی ئەنجامەکانە، هەر لەو ڕووەوە با سەرنج لەنموونەکانی (٧٢) بدەین:**

**(٧٢) ا- بەتەکسی گەیشتم.**

**ب- نانەکە بەپشتما چووە خوارەوە.**

**بەسەرنجدان لەنموونەی (٧٢-ا) دەردەکەوێت، کە قسەکەر ئاماژە بە (ئەو گەیشتووە بەهۆی ڕاگرتنی تەکسییەکەوە، پاشان سواری تەکسییەکە بووە، بەڕێکەوتووە بەرەو شوێنی مەبەست و لەدوایدا گەیشتووەتە خاڵی کۆتایی) نادات، بەڵکو تەنیا کۆتایی و ئەنجامی کردەی (گەیشتن) ئاماژەی پێدراوە، کە بەرئەنجامی کۆمەڵێك کردەی تری وەك:**

**ا- دەستڕاگرتن لەتەکسی ← (مەرجی پێشەکی)**

**ب- سواربوون ← (دەستپێکردن)**

**پ- بەڕێکەوتن ← (ناوەند)**

**ت- وەستان و دابەزین← (کۆتایی)**

**ج- گەیشتنە شوێنی مەبەست.**

**هەموو لایەنە ئاماژە پێنەدراوەکانی دیکەی وەك (ا-ج) بەهۆی ئەزمونی بەرجەستەکراو(" Emboded "Experience)وەبووە. بەواتایەکی تر، بەرجەستەکردنی ڕووداوەکانی (ا-ج)یە لە ئەزموندا، کە بەهۆیەوە ڕووداوی (گەیشتن)ی نموونەی (٧٢-ا) مێتۆنیمیی ئەنجامیی پێکهێناوە و تەنیا ئاماژە بەئەنجام و کۆتایی کردەکە دراوە.**

**بەهەمانشێوە لەنموونەی (٧٢-ب)دا (بێتاقەتی، توڕەبوون، بێزاریی، پەلەکردن...هتد) بوونەتە هۆی ئەنجامێك، کە قسەکەر لەنموونەی (٧٢-ب)دا دەریبڕیوە و بەشێوازێکی مێتۆنیمییانە تەنیا ئاماژەی بەئەنجامی کردەکە کردووە. بەمەش ڕۆڵی ستراتیژی مێتۆنیمییانەی لە بونیادنانە ڕێزمانی و واتاییەکانی ڕستەکاندا خستووەتەڕوو. بەوەی ڕستەکە مێتۆنیمییانە تەنیا ئاماژە بەخۆی نادات، بەڵکو لەگەڵیشیدا ئاماژە بەکۆمەڵێك هۆکار و کاریگەریی دیکە دەدات، کە ڕۆڵیان لەبەرهەمهێنانی نموونەیەکی وەك (٧٢-ب)دا هەیە.**

---

[*] لەبەشی سێیەمدا ڕێزمانی درکپێکردن و بونیادنانە ڕێزمانییەکان لەسەرنجە مێتۆنیمییەکەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە و بەتەواوی چنراوی بەشی سێیەم پێکدەهێنن.

بەمشێوەیە تەواوی جۆرەکانی مێتۆنیمی میکانیزمی کارکردنی ئاوەزی قسەکەران دەخەنەڕوو، کە چۆن کاردەکات؟ چۆن جیهان و ئەزمونەکانی لەسەر بنەمای درکپێکردنەکانی بەچەمکدەکات و لەپێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەدا دایاندەڕێژێتەوە و ئەوەش دەخرێتەڕوو، کە چۆن دادەڕێژرێنەوە؟ چونکە دەشێت لەڕوانگەکانی وەك مێتۆنیمیی (ڕوودایی، دامەزراوەیی، هەمەکیی، هەندەکیی، ئەنجامیی)ەوە بێت و هەرکام لەم جۆرانەی مێتۆنیمیش ئەو ڕێگایانە دەخەڕوو، کە قسەکەران بەهۆی ئامادەبوون و ڕۆڵی ئەندێشە و ئاوەز و داهێنانە بیری و زمانییەکانیانەوە گوزارشت لە مەبەستەکانیان دەکەن و پێکهاتە نوێیەکانی وەك مێتۆنیمی بونیاد دەنێن. لەڕوانگەیەکی دیکەشەوە، لەدوای خستنەڕووی چەشن و جۆرەکانی مێتۆنیمی، ئەگەر بەشێوازێکی ڕوومالیی، ئاستەکانی(چەندێتیی و چۆنییەتیی و شێواز و کات و شوێن)ی بەکارهێنانی چەشن و جۆرەکانی مێتۆنیمی وەربگیرێن، چەندان لایەنی دیکەی نازمانیی بەشداربوو لەپێکهێنانە زمانییەکانی وەك(مێتۆنیمی)دا ڕووندەبێتەوە. بۆنموونە ئاخێوەران زیاتر لەکام جۆری مێتۆنیمی بەکاردەهێنن؟ یاخود کام جۆری مێتۆنیمی زۆرترین ئامادەیی لە ئاخاوتنە ڕۆژانەکانماندا هەیە؟ ئەمە ڕاستەوانە بەواتای ئەوە دێت، کە کام جۆری مێتۆنیمی نەخشەکێشانە ئاوەزییەکانی ئاوەزی ئاخێوەران پێکدەهێنێت؟ کام جۆریان لە چ بوارێکدا زیاتر بەکاردێت؟ بۆچی ئاخێوەران جۆرێکی مێتۆنیمی زیاتر بەکاردەبەن و جۆرێکی تریان کەمتر؟ هۆکارەکانی بەکاربردنی جۆرەکانی مێتۆنیمی، چی دەگەیەنن؟... چەندان پرسیاری دیکە، کە دەتوانرێت لەڕێی وەڵامەکانیانەوە، شێواز و ستراتیژی بیرکردنەوەی ئاخێوەران ڕوونبکەنەوە. لەکۆتایدا مێتۆنیمیش لەگەڵ مێتافۆڕدا، دەبن بەدووان لەمیکانیزمە بنەڕەتییەکانی دیاریکردنی شێواز و ستراتیژی بیرکردنەوە و چۆنییەتی ئاخاوتنی قسەکەران دەخەنەڕوو.

### ٣/٢) مێتۆنیمی درکپێکراو

پێکهاتە مێتۆنیمییەکان هێمایەکی ڕوونن لە توانا درکپێکراوەکان و ئاستی پەیبردن و خەیاڵکردنی مرۆڤ. بەهۆی خەیاڵ و ئەندێشەوە توانای درکپێکردنی مرۆڤ بەردەوام لەنوێبوونەوە و داهێناندا دەبێت. بەمشێوەیە مێتۆنیمی دەبێتە بەرهەمی کارەکییانەی توانای (خەیاڵکردن"Imagination")و لە بونیادنانە زمانییەکاندا دادەڕێژرێتەوە. کەواتە مێتۆنیمی وەك بەرهەمی بیر و ئەندێشە و خەیاڵکردنەکانی مرۆڤ لێکدەدرێتەوە، کە بەهۆیەوە جیهان و بیرەکانی خۆیانی تێدا بەچەمکدەکەن، ئەم پرۆسانەش قۆناغەکانی بونیادنانی تایبەت بەخۆیان هەیە. شرۆڤەکانی هەرکام لەتیۆرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن لەپێناو شیکردنەوەی قۆناغەکان و چۆنییەتی بونیادنانی ئەم داڕشتنانەدایە.
مێتۆنیمیی درکپێکراو لەسەر بنەمای توانستی درکپێکردنی ئاخێوەرانە بە چ بەشێك لەکۆمەڵێك هەڵبژاردنی بەردەست(ئاخێوەران خاوەنداریی لە چەندین هەڵبژاردە(Option)دەکەن، کە بە مەوداکانی هەڵهێنجان[١] دەناسرێن)، تەواوی هەڵبژاردنەکان لە مەودایەکدان، کە لەسیمانتیکی درکپێکردندا لەڕوانگەی تیۆری (مۆدێلی درکپێکردنی نموونەیی/م.د.ن "Idealized Cognitive Model/ICM")یەوە دەخرێنەڕوو. بۆ هەر دەربڕاوێکی ئاخێوەران چوارچێوەیەکی فراوان لە زانیاریی بەشداردەبێت، کە (فیلمۆر) بە (سیمانتیکی چوارچێوە) دەیخستەڕوو، لەکاتێکدا لەپەیوەست بەپێکهاتە مێتۆنمییەکانەوە لەڕوانگەی (مۆدێلی درکپێکردنە نموونەییەکان)ەوە، (لاکۆف) ئاماژە بە خاڵی هەڵبژاردنەکانی ئاخێوەران دەدات لەپەیوەست بە مەوداکانی سیمانتیکی چوارچێوە و ئاوێتەبوونی چوارچێوە سیمانتیکییەکانی یەکەکان، هەروەها پەیوەست بە هەڵبژاردنێکی دیاریکراو لەناو مۆدێلە درکپێکراوەکەشدا.
تیۆریی مۆدێلی درکپێکردنە نموونەییەکان(م.د.ن) لەلایەن (لاکۆف)ەوە لە کتێبی (ژن، ئاگر و شتە ترسناکەکان، ١٩٨٧)دا خراوەتەڕوو، کە ڕوانینێکی گشتی و فراوان بۆ دیاردە زمانییەکان پێشنیازدەکات زیاتر لەوەی، کە دەربڕاوە زمانییەکان تەنیا ڕاستی و مەبەستەکانی ئاخێوەریان بارکردبێت، بەڵکو مەودایەکی بەرفراوان بۆ دەربڕاوەکان دەخاتەڕوو، کە بوار بۆ هەر لەخۆگرتنێکی ئایدیایی بۆ هەر دەربڕاوێك دەڕەخسێنێت، تا ڕادەی دەرچوون لەکۆزانیارییە ئینسکلۆپیدییەکانی قسەکەرانیش. "مۆدێلی درکپێکردنە نموونەییەکان/م.د.ن تەنیا کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیی مرۆڤەکان لە مەودایەکی دیاریکراودا ناگرێتەوە، بەڵکو مۆدێلە کلتورییەکانیش، کە بەشێکن لێیی دەگرێتەوە"[٢]. تەواوی ئەمانەش لەپێناو

---

[١]– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە"هەڵهێنجان Construal"، بڕوانە پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لا (٥٥– ٦٣).
[2]– Panther K. & Radden G. (1999:20).

بونیادنانی جیهانێکی گریمانەکراوە بۆ دەربڕاوەکان، بۆئەوەی شیانی وەرگرتنیان هەبێت، تا ڕادەی بونیادنانی سیناریۆکانیش. چونکە لە (م.د.ن)دا زیاد لە مەوداکان و سیمانتیکی چوارچێوەیی پێکهاتەکان بەهەند وەردەگیرێت. ئەویش ئاوێتەبوونی مەودا و چوارچێوەکانە لەبونیادنانەکاندا بۆ تەواوی ئەو بارودۆخانەی، کە قسەکەران ویستیانە لەبارەیانەوە بدوێن. "م.د.ن نواندنە ئاوەزییە وەستاو و جوڵاوەکانە بۆ بارودۆخە بنچینەییەکان لە ژیاندا و یەکە بنچینەییەکانی ئەو بارودۆخانە"[1]، کە مرۆڤەکان بەهۆی توانستی درکپێکردنیانەوە دەتوانن مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا بکەن. بەمشێوەیە م.د.ن تۆڕێکی پەیوەندی چەمکیی لە گواستنەوە واتاییەکاندا لەناویشیدا (مێتۆنیمی) بونیاد دەنێت، کە تەواوی ئەمانەش لەئاستێکی درکپێکراو و چەمکییانەدا ڕوودەدەن.


'هەرکام لە تیۆرییەکانی م.د.ن و مەوداکان بەشێوازێکی سروشتی دەتوانن گریمانە بنەڕەتییەکانی مێتۆنیمی لێکبدەنەوە، بەوشێوەیەی، کە مێتۆنیمی کۆپەیوەندییە لەنێوان یەکە چەمکییە نزیکەکان' [2].

ئەم ڕوانینە لەمێتۆنیمی هەر لەقۆناغەکانی سەرەتا و بونیادنانی و زەمینە و شێواز و شوێنی پێکهێنانی تەنانەت تەواوی پێکهاتە مێتۆنیمییەکان، ڕوانینێکی ئاوەزییانەی درکپێکراوە، کە لەکۆتایدا پێکهاتەیەکی تەواو درکپێکراوانە(Pure Cognitively) بەرهەمدەهێنێت و مێتۆنیمی لە دیاردەیەکی سادەی زمانییانەوە، کە تەنیا (گرتنەوە، گۆڕانی سیمانتیکیی، نزیکیی یەکەکان لەیەکترەوە، پێویستیی زمانیی ئاخێوەران،...هتد) هۆکارەکانی بونیادنانی بێت، دەباتە ئاستێکی بەرزتری بونیادنان، کە خۆی لەکردە و ڕێکخستنی پرۆسە ئاوەزییەکان بەهۆی توانای درکپێکردنەوە دەبینێتەوە. بەمپێیە بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکان دەبنە ئاستی بەکارهێنانی سروشتییانەی زمان، کە خودی زمانیش توانستێکی درکپێکراوە. لەم مەودا درکپێکراوە گشتییەی مرۆڤەکاندا(زمان)، کاتێك یەکێك لەپێکهاتەکان، کە لەسەر بنەمای درکپێکردنی مرۆڤ بونیادنرابێت(مێتۆنیمی) و بەهۆی توانستی درکپێکراوەوە(زمان) بخرێتەڕوو، ئەو خاڵەیە، کە تێیدا زمان لەسروشتیترین بارودۆخی بەکارهێنانیایەتی. شیکردنەوەکانی سەرەوە لەهێڵکاریی(٢٩)دا دەخرێنەڕوو:

---

[1]– Guan J. (2009:181).

[2]– Othman S. (2012:48).




**هێڵکاریی(٢٩)**

**مێتۆنیمی وەك وەچە بەشی توانایەکی درکپێکراو**

**"زمانەوانانی سیمانتیکی درکپێکردن ئەوە دەخەنەڕوو، کە مێتۆنیمی وەك مێتافۆڕی چەمکییانە، تەنیا ئامڕازێکی زمانییانەی بێگەرد(Pure Linguistic)نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی ناوەندیی لەبیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا دەگێڕێت"[1]، چونکە ئەگەر تەنیا بە ئامڕازێك یان دیاردەیەکی جیاواز لەبەکارهێنانە ئاساییەکەی زمان دابنرێت، ئەوا قۆناغی دووەمی توانای درکپێکردنی مرۆڤ لە بونیادنانە زمانییەکاندا فەرامۆشکراوە، کە مێتۆنیمی بەرهەمی ئەمەی دووەمیانە، مێتۆنیمیش بەم سروشتەوە لە ژینگەیەکی زمانییانە و درکپێکردنانەدا بەرهەمهاتووە.**

**تەواوی ئەو شیکردنەوانەی سەرەوە لێکدانەوەکانی تیۆری م.د.ن پێکدەهێنێت، کە مەودایەکی فراوان بۆ شیکردنەوەی زمان و دیاردە زمانییەکانی وەك مێتۆنیمی دەڕەخسێنێت و بونیادنان و بەدەستهێنان و بەکارهێنانی ئەمانەش بەشێوەیەکی تەواو و ڕاستەوانە پەیوەستە بە بارودۆخەکان و کەڵەکەبوونی ئەزمونەکانی مرۆڤ. بەمشێوەیە "ناوەڕۆکی م.د.ن لەسەر ئەزمونە ڕۆژانەکانی مرۆڤ و کۆزانیاریی جیهانیی مرۆڤەکان وەستاوە. (بوون، شتەکان، پرۆسەکان، کردەکان)، کە بەشێوەیەکی گشتی یان بەشێوەیەکی ئایدیایی پێکەوە ڕوودەدەن و لەئاوەزدا وەك مۆدێلێکی درکپێکردنی ئایدیایی دەنوێنرێن"[2]، ڕوودان و بەرهەمهاتنی هەر کردەیەکی زمانیش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو درکپێکردنە ئایدیاییەوە، کە مرۆڤەکان هەیانە، چونکە لەکاتی هێنانەوەی مەودای هەر یەکێك(Figure) لەپێکهێنەری هەرکام لەئایدیاکان، ڕاستەوخۆ پێکهێنەرەکانی دیکەش ئامادەییان دەبێت، بەڵام بەهۆی درکپێکردن بە هەڵبژاردنەکان و هەڵهێنجانە جیاوازەکان لە بونیادنانە نوێکاندا لەتەواوی هەڵبژاردە هێنراوەکانی مۆدێلەکە ئەوەیان**

---

[1]– Evans V. and Green M. (2006:314).

[2]– Othman S. (2012:65).

دەردەبڕێت، کە لەسەر مەودای درکپێکردنی ئاوەزیی خۆی باشترین هەڵبژاردەیە بۆ واتای هەمانکاتیی( Online Meaning) و مێتۆنیمی بەرهەمی ئەم هەڵبژاردنەیە لە هەر (م.د.ن)دا.

لەمڕوانگانەوەبوو، کە (لاکۆف و جۆنسن ۱۹۸۰) ئەوەیانخستەڕوو، کە یەکێکی دیکە لەمیکانیزمە چەمکییەکانی تری زمان و بیری مرۆڤایەتی، مێتۆنیمییە. لەکاتێکدا لەتەواوی شرۆڤە باوەکانی دیکەی مێتۆنیمیدا دیاردەکەیان زیاتر لەڕوانگەکانی (نزیکی و پێکەوەهاتن لەجیهانی ڕاستیدا)* لێکداوەتەوە. بەڵام مێتۆنیمی و پلەکانی پێکهاتن و یەکەکانی پێکهێنەری لەڕوانگەی لێکدانەوەکانی سیمانتیکی درکپێکردندا بەرزدەکەنەوە بۆ ئاستێکی چەمکیی و ئاوەزیی. بەمشێوەیە ئاخێوەران کاتێك نموونەیەکی وەك (٧٣) دەردەبڕن لەڕوانگەی دووئاستی درکپێکردنەوە بونیادیان ناوە، لەخاڵی یەکەمدا توانستێکی درکپێکراوی خۆیان(زمان)، کە لەسەر بنەمای ئەزمونیان بونیادیان ناوە بەکاردەهێنن، لەخاڵی دووەمدا بەهۆی درکپێکردن بەوەی ئابوریتر و ئاسانتر و خێراترە بڵێی:

(٧٣)- [مەحوی] ئەخوێنمەوە.

وەك لەوەی هەمان ڕستە بەنموونەی(٧٤) دەربڕن:

(٧٤)- ئەو شیعر و بەرهەم و نووسراوانە ئەخوێنمەوە، کە مەحوی دایناون/نووسیون.

ئەمە سەرەڕای بارکردنی شرۆڤەکانی هەرکام لەتیۆریی ئاوێتەبوونی چەمیکییانە و تیۆریی م.د.ن لەڕوانگە ئاوەزییەکەوە لەبونیادنانی پێکهاتە مێتۆنیمییەکاندا. بەمشێوەیە ئەم توانستی درکپێکردنە لە ئاستی باڵا و سروشتی بەکارهێنانیدایە، کە بەهۆی بونیادنانی پێکهاتەیەکی مێتۆنیمیی هەندەکییانەوە، ئاخێوەران مەبەستەکانی خۆیان دوای بەپرۆسەبردنێکی درکپێکردنانەدا دەربڕیوە.

## ۱-۳/۲) مێتۆنیمیی مێتافۆڕیی(مێتافتۆنیمی- Metaphtonymy)

کارکردنی سیستەماتیکییانەی ئاوەزی مرۆڤ لەبەرهەمهێنانی دروستە نوێکاندا لەسەر بنەمای توانستی درکپێکردن، هەریەکە لە مێتافۆڕ و مێتۆنیمی لەخۆدەگرێت. لەشیکردنەوەکانی پێشتردا ئەوە خرایەڕوو، کە هەرکام لەمێتافۆڕ و مێتۆنیمی دوو دیاردەی چەمکین. لەمڕوانگانەوە شیکردنەوەی هەرکام لەمێتافۆڕ

---

* لەشیکردنەوە باوەکانی مێتۆنیمیدا، مێتۆنیمی بە بەرهەمی هاوڕێیەتی و پێکەوەهاتن دادەنرا. واتە کاتێك لە نموونەیەکی وەك (خوێندنگاکانی سلێمانی ڕۆشتن بۆ سەیران)دا، کە (خوێندنگا) لەبری (خوێندکار) مێتۆنیمییانە بەکارهێنراوە، زیاتر بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکەی (خوێندنگا) لەبری (خوێندکار) بۆ نزیکی یان هەمیشە پێکەوەهاتنی ئەو دووانە دانراوە، کە وەك جووت_وشەی هاوڕێیەتی مامەڵە دەکرێن. بەکورتی (خوێندنگا) و (خوێندکار)، لەجیهانی ڕاستیدا دووانەی نزیکن و هەمیشە پێکەوە دێن، هەربۆیە توانراوە مێتۆنیمییانە یەکێکیان لەبری ئەویدیکەشیان بەکاربهێنرێت.

و مێتۆنیمی بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکان و سروشتی کارکردنی ئەو پرۆسە سیستەماتیکییانەیە، کە ئەمانی لێبەرهەمهاتووە. بەم پێیە پێکداچوونی هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی هەرکامیان و کارلێککردنیان لەو هەنگاوانەدا و دروستبوونی پێکهاتەی نوێ لەئەنجامی ئەو(کارلێککردن"Interaction")ەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە.

سەرەڕای خستنەڕووی جیاوازی قۆناغەکانی بونیادنانی پێکهاتە مێتۆنیمی و مێتافۆڕییەکان و ئاماژەدان بەو ڕێگایانەی، کە ئاخێوەران بەهۆیانەوە پێکهاتە مێتۆنیمی و میافۆڕییەکان بونیاد دەنێن، بەڵام لەچەند بارودۆخێکدا هەرکام لەمێتۆنیمی و مێتافۆڕ لەیەك داڕشتەدا پێکەوە دێن. بۆنموونە دەشێت بونیادی پێکهاتنەکە مێتافۆڕییانەبێت، بەڵام ئامانج و مەبەستی کۆتایی بەسروشتێکی مێتۆنیمییانە بخرێتەڕوو. یان بەپێچەوانەوە، کە ناونانی جۆرەکانی ئەو کارلێککردنانەش هەر لەمروانگەیەوە دەبێت.

لەدوای فراوانبوون و گەشەسەندنی بیر و لێکدانەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن سەبارەت بەسروشتی پێکهاتنی هەرکام لەمێتۆنیمی و مێتافۆڕ، زمانەوانانی ئەم قوتابخانەیە وەك دوو دیاردەی جیاواز و سەربەخۆ خستیانەڕوو، هەرچەندە "هەندێك زانا پەیدابوون پێشنیاز و گریمانەی ئەوە دەکەن، کە مێتۆنیمی زیاتر لە مێتافۆڕ بنچینەییترە بۆ دامەزراوەی چەمکیی، هەروەها هەندێکی تریان زۆر زیاتر دەڕۆن و بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە خودی مێتافۆڕ بنەمایەکی مێتۆنیمییانەی هەیە"[1]. ئەم سەرنج و تێڕوانین و گفتوگۆیانە لەسەر هەرکام لەمێتۆنیمی و مێتافۆڕ و بانگەشەی سروشتیبوون و زیاتر زمانیبونی هەرکامیان، زانایانیان بەو خاڵە گەیاند، کە بیر لەپەیوەندی و کارلێك و ئاستی تێکەڵاوبوونیان بکەنەوە و دەستنیشانی چۆنییەتی و شێواز و مەبەستی ئاوێتەبوونەکانیان بکەن.

بۆ ئەم مەبەستەش (لیوس گۆسێنز"Luis Goossens" ١٩٩٠) لەبابەتێکدا بەناونیشانی: (مێتافتۆنیمی/ کارلێککردنی مێتافۆڕ و مێتۆنیمی لەدەربڕاوەکاندا بۆ کردەی زمانەوانی. " Metaphtonymy/ The Interaction of Metaphor and Metonymy in Expressions for Linguistic action")، بۆیەکەمجار تیشکی خستە سەر پەیوەندی و کارلێککردنی مێتۆنیمی و مێتافۆڕ و لەئەنجامی ئەم کارلێکەشدا دروستبوونی پێکهاتەیەکی نوێ بەناونیشانی (مێتافتۆنیمی)خستەڕوو، کە ئەمەش بۆخۆی قۆناغێکی باڵاتری نواندنی توانای درکپێکردنی مرۆڤە لەپەیپێبردن بەمیکانیزمێکی نوێی زمانەوانی بۆ گوزارشتکردن لەئەزمونە ڕۆژانەکان. لەکاتێکدا هەرکام لەمێتۆنیمی و مێتافۆڕ و پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکانیش خۆیان بەئەزمونە ڕۆژانە و بەردەوامەکانی مرۆڤ

---

[1]– Evans V. and Green M. (2006:314).

دەورەدراون و لەهەناوی ئەمانەوە دێنە دەرەوە. لەمڕوانگەیەوەیە، کە مێتافتۆنیمی بەجۆرێك لەو مێتۆنیمییانە دادەنرێت، کە لەسەر بنەمای درکپێکردنی ئاستێکی باڵاتر لەمێتۆنیمییە ئاساییەکانی زمان دروستبوون و بەمێتۆنیمی درکپێکراو ئاماژەیان پێدەدرێت، ئەمەش بەهۆی بەشداربوونی مێتۆنیمی لەبونیادەکانیاندا هاوشان بە مێتافۆڕ.

بەمشێوەیە مێتافتۆنیمی ئەو خاڵەیە، کە تێیدا هەرکام لەمێتۆنیمی و مێتافۆڕ پێکەوە دەبن بەیەك پێکهاتە و یەکێکی دیکەیە لەهەڵبژاردنەکانی بەردەم ئاخێوەران بۆ گوزارشتکردن. جارێکیتر ئاماژە بە توانای هەڵهێنجان لەلای مرۆڤ دەدات سەرەڕای تواناکانی هەڵهێنجان بەهەرکام لە پێکهاتە مێتۆنیمی و مێتافۆڕییەکان. لەمڕوانگەیەوە مێتافتۆنیمی "ئەو بارەیە، کە تێیدا هەردوو پرۆسە مێتافۆڕی و مێتۆنیمییەکان لەپێکهاتەیەکی نوێدا هاتوون بۆ هەڵهێنجانی لێکدانەوە و شرۆڤەیەك"[١]. ئەوە خرایەڕوو، کە مێتۆنیمی لەڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە وەك یەکێك لە ڕێگاکان بۆ بەچەمککردنی جیهانی ڕاستیی لێیدەڕوانرێت، بەهەمانشێوە بۆ مێتافۆڕیش. کەواتە تەواوی بەچەمککردنەکانی ئاخێوەران لەپێناو بەدەرخستنی شێواز و ئاستی پەیپێبردنی مرۆڤە بۆ دەوروبەر، ئەو خاڵەی، کە تێیدا هەرکام لە مێتافۆڕ و مێتۆنیمی ناتوانن تەواوی/بەرزترین ئاستی پەیپێبردنی مرۆڤ بنوێنن، ئاخێوەران باڵاترین ئاستی درکپێکردنیان بەکارخستووە بۆ پیشاندانی توانای درکپێکردنیان. ئەویش بە بونیادنانی پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکان، کە دەبێتە یەکێکی دیکە لەڕێگاکانی بەچەمککردنی جیهان، دوایئەوەی بەپاڵێوەری بەچەمککردنی مرۆڤ و کلتورەکاندا تێپەڕدەبێت. هەربۆیە بەپێکهاتە مێتۆنیمییە درکپێکراوەکان ناوبراون. ئەمەش بەهۆی ئەوەی تەنیا فۆڕمێکی زمانیی ڕووت نین، یان ئاستێکی سادەی درکپێکردن بەکارنەبراوە، بەڵکو ئاخێوەران ئاستی دووەمی توانای درکپێکردنی خۆیان، کە بونیادیانناوە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانیان(چونکە کۆزانیاریی زمانیی، لەسەر بنەمای بەکارهێنانی زمانییەوە بەدەستدەهێنرێت)[٢] بەکارهێناوە. ئەویش بە دروستبوونی کارلێککردن و تێهەڵکێشێك لەنێوان مێتۆنیمی و مێتافۆڕدا، کە بەهۆی کارەکانی (گۆسینز)ەوە ئاشکراکران و لەئەنجامی کۆمەڵێك هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە شاراوەیەی، کەلەنێوان مێتۆنیمی و مێتافۆڕدا هەیە. ئەمە سەرەڕای خستنەڕووی جیاوازییان و ناساندنیان وەك دوو دیاردەی بەچەمککردنی جیاواز.

---

[1]– Croft W. & Crouse A. (2004:218).

[٢]– بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە تیۆریی سێیەمی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن، لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لا (٢٤–٣١).

بەگشتی مێتافتۆنیمی دووجۆر کارلێك یان پێکەوەهاتنی مێتۆنیمی و مێتافۆڕ لەخۆدەگرێت، کە ئامادەییەکی بەرچاویان لەزماندا هەیە و ئاخێوەران ڕۆژانە بەکاریاندەهێنن، هەروەك زانا (گۆسینز) خستونییەتەڕوو، ئەوانیش:

" – مێتافۆڕ لەمێتۆنیمییەوە Metaphor form Metonymy

– مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا Metonymy within Metaphor"[1].

هۆهاندەری هەرکام لە ناونانەکانی جۆرە جیاوازەکانی مێتافتۆنیمی، مەودای مەبەستە. هەروەکچۆن دابەشکردن و جیاکردنەوە و ناونانی جۆرەکانی مێتۆنیمی لەسەربنەمای مەودای مەبەست بوو، کە تێیدا مەبەستی کۆتایی پێکهاتە مێتۆنیمییەکان بڕیاریاندەدا، کە سەر بە چ جۆرێکی مێتۆنیمی بن. بەهەمانشێوە بۆ جۆرەکانی مێتافتۆنیمیش، بەڵام ئەوەی گرنگە لەئەنجامی هەرکام لە کارلێککردنەکانەوە پێکهاتەیەکی نوێ (مێتافتۆنیمی) دروستدەبێت.

ئەوەی سەبارەت بە جۆری یەکەمبێت(مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوە)، مەبەست لەو دەربڕاوانەی ئاخێوەرانە، کە هەرچەندە بنەمایەکی مێتۆنیمییانەیان هەیە، بەڵام مەبەست و تێگەیشتنی کۆتایی لای بەرانبەر مێتافۆڕییانەیە. بەواتایەکی تر، مەبەست لەو دەربڕاوە مێتافۆڕییانەیە، کە لەسەر بنەمای پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە بونیادنراون. (گۆسینز) لەڕوانگەی مەبەستی کۆتایی پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکانەوە جۆری مێتافتۆنیمییەکە (مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوە، مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا) دیاریدەکات. نەك مەوداکانی مەبەستی هەرکام لە پێکهاتە مێتۆنیمی یان مێتافۆڕییەکانی بەشدار لەپێکهاتە مێتافتۆنیمییەکان. بەواتایەکی تر، دیاریکردنی جۆری مێتافتۆنیمییەکە وەستاوەتەسەر مەبەستی کۆتایی دەربڕاوە مێتافتۆنیمییەکان. بەمشێوەیە لەو پێکهاتە مێتافتۆنیمییانەدا، کە مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوەیە، مەبەستی کۆتایی پێکهاتە مێتافۆڕییەکە دەیگەیەنێت، کە لە بنەما و بناغەکەیدا پێکهاتەیەکی مێتۆنیمی دەبینرێت و لەدوایشدا پێکەوە پێکهاتەیەکی مێتافتۆنیمییان بونیادناوە.

لەڕوانگەیەکی دیکەوە، ئەو پەیوەندی و کارلێکەی، کە بە مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوە ناسراوە، مەبەست لێی ئەو دەربڕاوە مێتافۆڕییانەیە، کە لەناواخنیاندا سروشتی مێتۆنیمی بوونی هەیە. هەرچەندە مەبەستی کۆتایی مێتافۆڕییانەیە، ئەم ئاستەی بەکارهێنانیش بەسروشتیترین قۆناغی بەکارهێنانە زمانییەکان دادەنرێت. هۆی سروشتیبوونی ئەو جۆرانەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە تەواو زمانییانە و درکپێکراوانەیە. تەنانەت قۆناغە سەرەتاییەکانی درکپێکردنی ئاخێوەرانیشی بڕیوە و لەئاستێکی

---

[1]– Goossens L.(1990:323).

**دركپێكردنی باڵادا، كه خۆی له ئاوێتەكردنی دوو توانای دركپێكراو(مێتافۆڕ و مێتۆنیمی) لەیەك پێكهاتەدا (مێتافتۆنیمی) دەبینێتەوە لەناو مەودا فراوانە دركپێكراوەكەی مرۆڤدا، كه زمانە.**

**بەكورتی مەبەست لەمجۆرەی مێتافتۆنیمی ئەوەیە، كه كۆپەیوەندییە مێتۆنیمییەكان، بنەمای مێتافۆڕیان پێكهێناوە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر باسەرنج لەنموونەی (٧٥) بدەین:**

**(٧٥)- ئەوەندە قسەیكرد، تا[دەمیانداخست].**


**دەربڕاوی (دەمیانداخست) لەنموونەی (٧٥)دا پێكهاتەیەكی مێتافتۆنیمییانەیە و لەئەنجامی كارلێكی هەركام لەمێتافۆڕ و مێتۆنیمییەوە هاتووەتەئاراوە، چونكە لەكاتێكدا و لەڕوانگە مێتۆنیمییەكەوە ئاشكرایە، كه مەبەست له (بێدەنگكردن)ە و لەهەمانكاتیشدا وێناكردنی بارودۆخی كەسێكە، كه (هیچ وتەیەك لەدەمی نایەتە دەرەوە لەئەنجامی داخرانی دەمییەوە)، ئەمەیان تێگەیشتنێكی مێتافۆڕییانەیە، كه لەسەر بنەمایەكی مێتۆنیمییانە بونیادنراوە. كەواتە لەڕوانگە مێتۆنیمییەكەوە (داخستنی دەم) واتە (بێدەنگی)، كه (داخستنی دەم) وەك مەودای سەرچاوە و (بێدەنگی)ش وەك مەودای مەبەست ڕۆڵیانگێڕاوە. لەلایەكی دیكەوە تێگەیشتنێكی مێتافۆڕییانە خۆی دەسەپێنێت، كه لەسەر بنەمای مەبەستی گەیاندن بونیادنراوە، بەواتایەكی تر چواندنێكە لەنێوان (دەمداخرانی كەسێك) و (نەبوونی قسەكردن)، ئەو خاڵەی نێوانیان، كه لەسەر بنەمای چواندن بونیادنراوە تێگەیشتنێك بەگوێگران دەگات، كه مێتافۆڕییانەیە و لەبنچینەكەیدا و لەكاتی دەربڕینی (دەمیان داخست)دا مەبەستیش له (بێدەنگكردن)ە. بەمشێوەیە لەنموونەی (٧٥)دا تێگەیشتنێكی مێتافۆڕییانە تێدەگەین، كه لەناواخنەكەیدا مێتۆنیمی بوونی هەیە. هەربۆیە بە (مێتافۆڕ لەمێتۆنیمییەوە) ناونراوە و پێكیشەوە بەهۆی ئەو كارلێكەوە به (مێتافتۆنیمی) گوزارشتیان لێدەكرێت. بەراوردكردنی نموونەی (٧٥) به نموونەی (٧٦) مەبەستەكە ڕوونتردەكاتەوە:**

**(٧٦)- لەدەمی ئەشكەوتەكە نانمانخوارد.**

**لەكاتێكدا لەنموونەی (٧٦)دا وشەی (دەم) بەشێوەیەكی مێتافۆڕییانەی بێگەرد(Pure Metaphoric) بەكارهاتووە. لەڕووی مەبەست و گەیاندنیشەوە جیاوازیی لەگەڵ هەمان (دەم)ی نموونەی (٧٥)دا هەیە. ئەمەش لەوڕوانگەیەوە، كه مێتافۆڕ گواستنەوەی سەرچاوەدارییە لەنێوان دوو چەمكدا، كه لەلایەنێك یان چەند لایەنێكەوە لەیەكدەچن. بۆنموونە لەیەكچوونی(بارودۆخی داخرانی دەمی كەسێك) و (دەرنەبڕینی هیچ دەربڕاوێك بەهۆی بارودۆخی یەكەمەوە) وەك لەنموونەی (٧٥)دا خرایەڕوو لەڕوانگە مێتافۆڕییەكەوە. لەكاتێكدا، كه مێتۆنیمی گواستنەوەی سەرچاوەدارییە لەبەشێكی مەودایەكەوە بۆ بەشێكی دیكە یان وەچە بەشێكی دیكەی هەمان مەودا لەناو یەك مۆدێلی دركپێكردندا، وەك گەیاندنی**

بیرۆکەی (بێدەنگی)ی مەودای مەبەست بەهۆی مەودای سەرچاوەیی (دەمداخستن)ەوە، کە لەهەمانکاتدا (دەمداخستن) لەناو مەودا درکپێکراوەکەی خۆیدا خاسیەتی (بێدەنگی)ش دەگرێتەوە.

ئەم بوارانەی بەکارهێنانی زمان دەبن بەئاست و قۆناغە درکپێکراوەکان، کە زمان جارێکیتر خۆی تیایاندا دەنوێنێتەوە، بەواتایەکی تر ( سەرلەنوێ خستنەڕووی زمان"Manifestation of Language")، ئەمانە و بنەماکانیان توانای درکپێکردنی مرۆڤە بەدیمەن و دیاردە و سروشتی دەوروبەریان و ئەو ئەزمونەی، کە ڕۆژانە لەگەڵ ئەمانەدا هەیەتی لە ئاوەزیدا دایاندەکات و بەهۆی توانستی درکپێکردن و توانای هەڵهێنجانەوە، جارێك مێتۆنیمییانە و جارێك مێتافۆڕییانە و جارێکیش مێتافتۆنیمییانە ئەزمونە بەرجەستەکراوەکانی دەگەیەنێت. تەواوی شیکردنەوەکانی سەرەوە بۆ پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکانی لەجۆری (مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوە) لەهێڵکاریی (٣٠)دا دەخرێتەڕوو:




هێڵکاریی (٣٠)

مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوە

**بازنەی یەکەم ئەو تاکمەودایە دەنوێنێت، کە هەرکام لە مەودای سەرچاوە و مەبەستی لەخۆگرتووە و سروشتە مێتۆنیمییانەکەی نموونەی (٧٥)ی خستووەتەڕوو. لەکاتێکدا بازنەکانی دووەم مەوداکانی سەرچاوە و مەبەستی بۆ پێکهاتە مێتافۆڕییەکە لەخۆگرتووە، کە نەخشەکێشانیشە لەنێوان دوو مەودای جیاواز و پێکهێنەری دوو مۆدێلی درکپێکردنی جیاواز دەنوێنن. لەڕوانگەی تیۆری (م.د.ن)یشەوە بازنەی یەکەم مەودا گشتییەکەی توانای درکپێکردنی نموونەیی بۆ (دەمداخستن) دەنوێنێت، کە هەرکام لە (دەمداخستن) و (نەبوونی هیچ گوتەیەك بەهۆی دەمداخرانەوە) دەخاتەڕوو. ئەوەش پیشاندراوە، کە پێکهاتە مێتۆنیمییەکە لەناو یەك(م.د.ن)دا ڕوویداوە. لەکاتێکدا پێکهاتە مێتافۆڕییەکە لەمەودایەکی درکپێکردن(م.د.ن)ەوە پەڕیوەتەوە بۆ مەودایەکی تر و نەخشەکێشانەکە لەنێوان دوو (م.د.ن)دا ڕوویداوە.**

**بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مێتافتۆنیمیی (مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوە) با سەرنج لەنموونەی (٧٧) بدەین:**

**(٧٧) ا- چ[زماندرێژێکە].**

**ب-[زماندرێژیی] مەکە.**

**(زماندرێژ) لەنموونەکانی (٧٧)دا مێتافتۆنیمییانە بونیادنراوە و هەر بەم سروشتەشەوە درکپێکراوە و دەکرێت، تا تێگەیشتنی تەواوەتی دروستببێت. بەو واتایەی، کە تێگەیشتنەکەی مێتافۆڕییانەیە و لەسەر بنەمایەکی مێتۆنیمییانە بونیادنراوە. چونکە ئەگەر لەخاڵی کۆتایی بونیادنانەکەوە بەرەو سەرەوە بگەڕێینەوە، ئەوا دەردەکەوێت، لەچوار قۆناغی یەك لەدوای یەکدا بۆ هەرکام لە مێتافۆڕ و مێتۆنیمیی پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکە بونیادنراوە. لەقۆناغی یەکەمدا چواندنەکە لەنێوان (زماندرێژ)ە بۆ (مرۆڤ) و ئەو (ئاژەڵ)انەی، کە زمانیان بەبەراورد بە زمانی مرۆڤ درێژترە و زۆرجار لەدەمیانەوە دێتە دەرەوە لەنموونەی (سەگ)، کە ئەمە دەبێتە یەکەم قۆناغی بونیادنانی لایەنە مێتافۆڕییەکە. لەقۆناغی دووەمدا چواندنەکە لەنێوان (زماندرێژ) و (وەڕین، دەنگی بەرز)دایە لەکاتی (قسەکردن بە بێئەدەبانەوە). ئەوەی سەبارەت بە لایەنە مێتۆنیمییەکەی پێکهاتەی مێتافتۆنیمیی (زماندرێژ)بێت، ئەویش بەهەمانشێوە بەدوو قۆناغی بونیادناندا ڕۆشتووە. لەقۆناغی یەکەمدا (زماندرێژ) وەك مەودای سەرچاوە و یەکەیەکی چەمکیی لەپرۆسەیەکی درکپێکردنانەدا تێگەیشتنێکی ئاوەزییانەی دابینکردووە بۆ گەیشتن بە یەکەیەکی چەمکیی تر (دەمهار و بێڕەوشت)، وەك مەودای مەبەست لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندا. جارێکیتر (زماندرێژ) لەنموونەکانی (٧٧)دا مێتۆنیمییانە بونیادنراوە و وەك مێتۆنیمیی هەمەکیی، کە بەشێك (زمان) بکەوێتە بری گشت (مرۆڤێك) بەکارهاتووە. لەڕوانگەیەکی دیکەشەوە لەبونیادی مێتافۆڕی (١)دا پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەی دیکە درکپێکراوە، چونکە لەناو مۆدێلی درکپێکردنی(سەگ)دا (وەڕین)هەیە. بەمپێیە سەرەڕای بەراوردکاریی لەنێوان(زماندرێژ) و (وەڕین)دا کە مێتافۆڕی (٢)یان**

پێکهێناوە، ئەوا هەر لەخودی ناواخنی مێتافۆڕی(١)دا بونیادی مێتۆنیمییانە دەبینرێتەوە، کورتەی پێکهاتنەکە لە هێڵکاریی (٣١)دا دەنوێنرێت:




**هێڵکاریی(٣١)**

**مێتافۆڕ لەمێتۆنیمییەوە**

ئەوەی تائێستا خرایەڕوو سەبارەت بەنموونەی (٧٧)، شیکردنەوەی سروشتی ناوەڕۆك و ئاماژەدانبوو بەیەکە پێکهێنەرەکانی پێکهاتەی مێتافتۆنیمیی (زماندرێژ). کەواتە (زماندرێژ) لەنموونەی (٧٧)دا مێتافتۆنیمییانە بەکاربراوە و لەجۆری (مێتافۆڕ لەمێتۆنیمییەوە)یە.چونکە مەبەستی کۆتایی مێتافۆڕییانەیە و لەناو ئەم پێکهاتە مێتافۆڕییەشدا پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە بونیادنراوە. بەمشێوەیە (زماندرێژ) لەنموونەی (٧٧)دا وەك چواندنێك لەنێوان (مرۆڤ)ێك و ئاژەڵێکی وەك (سەگ)دا بەکارهاتووە. لەکاتێکدا لەناو مەودای درکپێکردنی خودی (زماندرێژ)یشدا پەسنی (بێڕەوشت)ی (مرۆڤێك) بەدیدەکرێت، کە ئەمەی دواییان پێکهێنانێکی مێتۆنیمییانەیە.

(زماندرێژ) لەنموونەی (٧٧)دا بەراوردبکە بە نموونەکانی (٧٨):

(٧٨) ا-[زمان لەدەمیدا نییە].

ب- بەستە زمانە/ زمانم بەسترا.

**که بەگشتی بارودۆخێکی وشەی (زمان) پەسندەکەن، کە بەتەواوی جیاوازە لە بارودۆخی هەمان (زمان)ی پێکهاتەی مێتافتۆنیمیی(زماندرێژ) لە نموونەی(٧٧)دا. چونکە نموونەکانی(٧٨) ڕاستەوخۆ مێتافتۆنیمییانە لەلایەکەوە ئاماژە بە (بێدەنگیی)دەکەن لەڕوانگە مێتۆنیمییەکەوە و لەلایەکی دیکەشەوە بەراوردکردن و چواندنی بارودۆخی کەسێکە، کە لەڕووی فیزیکییەوە/بەسروشتی زمانی بەسترابێت، لەگەڵ ئەو دۆخەی، کە ئەگەر کەسێك زمانی ببەسترێت، ئەوا ناتوانێت هیچ دەربڕێت.**

**جۆرێکی دیکەی مێتافتۆنیمی بونیادنراوە لەسەر بنەمای کارلێکی مێتۆنیمی و مێتافۆر و بە (مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا"Metonymy within Metaphor") ناودەبرێت. بەهەمانشێوە ئەمیش جۆرێکی دیکەیە لەو مێتافتۆنیمییانەی، کە زانا(گۆسێنز) ئاماژەی پێداوە و بنەمای ناونانەکەشی(مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا) بەهۆی مەبەست و ئامانجی کۆتایی دەربڕاوە مێتافتۆنیمییەکانەوەیە، کە تێیدا مەودای مەبەست مێتۆنیمییانەیە، لەکاتێکدا لەخودی پێکهاتەکەدا سروشتی مێتافۆر ئامادەیی ڕوونی هەیە. ئەم کارلێك(تفاعل/"Interaction")انە ڕێگاخۆشکەرن بۆئەوەی سەرەڕای جیاوازییە چەمکییەکانی هەرکام لە مێتافۆر و مێتۆنیمی، بەڵام لەهەندێك باردا هەرکامیان دەتوانن ڕۆڵێکی زیندوو لەپێکهاتە و بونیادی ئەویتریاندا ببینێت. وەك لەپێشتردا ڕۆڵی مێتۆنیمی لەناو پێکهاتە مێتافۆڕییەکاندا خرایەڕوو. بەهەمانشێوە ئەو مێتافۆڕانەش، کە بەشدارییەکی چالاکانەیان لە بونیادی پێکهاتە مێتۆنیمییەکاندا هەیە، جۆرێکی دیکەی دەربڕاوە مێتافتۆنیمییەکانی زمان پێکدەهێنن و بە (مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا) دەخرێنەڕوو. پوختەی ئەم بیرە لە خوارەوە دەخرێتەڕوو:**

**مەودای سەرچاوە= مێتافۆڕییە**

**مەودای مەبەست= مێتۆنیمییە**

**بەکۆی هەردووکیان، مێتافتۆنیمی لەجۆری (مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا) پێکدەهێنرێت. باسەرنج لە نموونەی (٧٩) بدەین:**

**(٧٩)– {هیچ لە دەمیدا ناوەستێت}**

**لەسەر ئەو بنەمایەی، کە "دەبێت بەلایەنی کەمەوە هەندێك لە نواندنە مێتۆنیمییەکان پۆلێنبکەین، کە پشت بە بنەمای لێکچوون دەبەستن، ئەمەش وایانلێدەکات، کە لەهەمانکاتدا بن بە مێتافۆڕ"[1] نموونەی (٧٩) شیدەکرێتەوە، کە چۆن تێیدا مەبەستی دەربڕینی مێتۆنیمییانەیە، لەکاتێکدا سروشتێکی مێتافۆڕییانە لە ناواخن و سروشتی پێکهاتنی (هیچ لەدەمیدا ناوەستێت)دا دەبینرێتەوە. چونکە ئەوە**

[1]– Bernden J. A. (2010:14).

ڕوونە، کە مەبەستە مێتۆنیمییەکە لەنموونەی (٧٩)دا لەچەند خاسیەتێکی وەك (نهێنی ناپارێزێت، هەموو قسەیەك دەکات، شوێن و کاتی قسەکردن نازانێت،...هتد)دایە، لەکاتێکدا هاوشان بەگەیاندنی ئەم خاسیەتانە، لەڕوانگە مێتافۆڕییەکەشەوە لەسەر بنەمای لێکچوونی (نەوەستانی شت لەناو دەمدا، کاتێك هەمیشە کراوەبێت) و (نەوەستانی قسە لەدەمی کەسێکدا، کە نهێنی ناپارێزێت و ئاشکرایدەکات) بونیادنراوە. هەرکام لە مەبەستە مێتۆنیمییەکە و چواندنە مێتافۆڕییەکە لەنموونەی (٧٩)دا پێکەوە هاتوون. ئەم کارلێککردنەشیان سروشتێکی (مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا)ی هەیە. ئەوەش لەسەر بنەمای مەوداکانی سەرچاوە و مەبەستی نموونەی (٧٩)ە، کە مەودای سەرچاوەی یەکەم و مەبەستی کۆتایی مێتۆنیمییانەیە و مەودای سەرچاوەی دووەم مێتافۆڕییانەیە. بەڵام مەبەستی کۆتایی دەربڕاوە مێتافتۆنیمییەکە، لەسروشتێکی مێتۆنیمییانەدا دەگەیەنرێت، هەربۆیە ناونراوە مێتافتۆنیمیی(مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا). لەکاتێکدا مێتافتۆنیمیی (مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوە) لەڕوانگەی مەبەستی کۆتایی و پێکهێنەری پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکەوە، بەتەواوی پێچەوانەی ئەم شیکردنەوەیەیە. چونکە مەبەستی کۆتایی لە مێتافتۆنیمییەکانی(مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوە) مێتافۆڕییانەیە و مێتۆنیمی وەك بەشداربوویەکی پێکهێنانی پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکە ئامادەیی هەیە.

"لەڕاستیدا زۆرێك لە مێتۆنیمییەکان دروستە هاوشێوەبوون/لێکچوونەکان لەنێوان مەودای سەرچاوە و مەودای مەبەستدا بەشدارییپێدەکەن، کە ئەمەش دەتوانرێت وەك مێتافۆڕ سەیربکرێت"[1]. بەو واتایەی هەرکام لە مەودا پێکهێنەرەکانی (سەرچاوە و مەبەست) لەمێتۆنیمیدا بوونیان هەیە و مەبەستەکەش تەنیا لەڕوانگە مێتۆنیمییەکەوە دەبێت بیری لێبکرێتەوە تا تێگەیشتن بێتەئاراوە. بەڵام لەگەڵ ئامادەبوونی ئەمانەشدا و لەنێوان مەوداکاندا سروشتێکی (چواندن/بەراوردکردن) بەدیدەکرێت، کە خاسیەتەکانی مێتافۆڕ بەسەر دەربڕاوەکەدا دەسەپێنێت. بەمشێوەیە و لەڕوانگەی ئەم شیکردنەوانەوە، لەپێکهاتە مێتافتۆنیمییەکاندا هەمیشە دوولایەن جێگای سەرنجن:

– مەبەستی پێکهاتن،
– سروشتی پێکهاتن.


کە دیاریکردنی جۆری مێتافتۆنیمییەکەش لەسەر بنەمای مەبەستی پێکهاتنەکەیە. واتە ئەگەرهاتوو مەبەستەکە مێتافۆڕییانەبوو، ئەوا مێتافتۆنیمیی (مێتافۆڕ لە مێتۆنیمییەوە) بونیادنراوە، کە لەجۆری یەکەمی مێتافتۆنیمیدا خرایەڕوو. بەڵام ئەگەر مەبەستەکە مێتۆنیمییانەبوو، ئەوا مێتافتۆنیمیی

---

[1]– Littlemore J. (2015:133).

**(مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا) پێکهێنراوە، هەروەك لەنموونەی (٧٩)دا ڕوونکراوەتەوە، کە مەبەستی پێکهاتنەکە مێتۆنیمییانەیە، ئەمە سەرەڕای سروشتی پێکهاتنە مێتۆنیمی و مێتافۆڕییەکەش. واتە سروشتی پێکهاتنی هەرکام لەجۆرەکانی مێتافتۆنیمی، بەبەشداری هەرکام لەبونیادە مێتۆنیمی و مێتافۆڕییەکان دەبێت، بەڵام مەبەستی پێکهاتنەکە تەنیا لەپێناوی یەکێکیانە و هەر لەمڕوانگەیەشەوە جۆرەکەی دیاریدەکرێت.**

**تەواوی شیکردنەوەکانی پێشوو بۆ نموونەی (٧٩) لەهێڵکاریی (٣٢)دا کورتدەکرێتەوە:**




**هێڵکاریی (٣٢)**
**مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا**


**لەڕوانگەی نموونەکان و شیکردنەوەکانیانەوە دەردەکەوێت، کە پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکان دەبن بەیەکێکی دیکە لە میکانیزمەکانی توانای ئەندێشە و خەیاڵکردنەکانی مرۆڤ و تەنیا جۆرێك لەقسەکردنە ئاساییەکان پێکناهێنن، بەڵکو ئامرازێکی گرنگ و بەهێزن بۆ بەچەمککردنەکانمان، کە وەك یەکێکی دیکە**

لەئەزمونە بەرجەستەکانی بەردەم ئاخێوەران شیدەکرێنەوە، کە لەزانستی زمانی درکپێکردندا ئەم دیاردە زمانییانە لە ئاستێکی ئاوەزیدا لێیاندەڕوانرێت و بەچەند قۆناغێکی درکپێکردندا ڕۆیشتوون و وەك دیاردەیەکی درکپێکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لەکاتێکدا لەشیکردنەوە باو و شێوازبەندییەکانی پێشتردا وەك جۆرێك لەبەکارهێنانی هێماگەرایی و ئەدەبییە باڵاکانی زمانی نووسین سەیردەکران و وەك داهێنانێکی تەنیا کەسە دەستە بژێرەکان لەقەڵەمدەدرا. بۆنموونە مێتافۆر (چواندنە لەنێوان دوو یەکەدا)، یان مێتۆنیمی (گرتنەوەی یەکەیەکە لەلایەن یەکەیەکی دیکەوە بەهۆی پەیوەندی نزیکایەتی). ئەمە بەبێ شیکردنەوە ئاوەزیی و چەمکییەکانیان و دوور لەخستنەڕووی ئەو باگراوەندە کۆزانیاریی و ئەزمونییەی، کە دەبن بەهۆکارەکانی چۆنییەتی بونیادنانیان، هاوشان بەلەبەرچاوگرتنی توانای ئەندێشە و خەیاڵکردنەکانی مرۆڤ. هەموو ئەمانەش بەهۆی سروشتیترین دەسەڵاتی مرۆڤ(توانستی درکپێکردن) لەڕووە زمانییەکەوە دەتوانرێت پێکبهێنرێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مێتافتۆنیمیی (مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا) نموونەی (٨٠) دەخرێتەڕوو:

(٨٠)–[بەر لوتی خۆی نابینێت].

وەك پێشتر خرایەڕوو (مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا) لەڕوانگەی سروشتی پێکهاتن و مەبەستی پێکهاتنەوە بڕیار لەسەر جۆرەکەی دراوە، لەمڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنج لەنموونەی (٨٠) بدرێت دەردەکەوێت، کە مەبەستی پێکهاتنەکەی مێتۆنیمییانەیە، کە تێیدا بۆ ئاماژەدانە بە کەسێك، کە (بێئاگا، کورتبین، سادە، ..هتد)بێت، کە لەنموونەی (٨٠)دا (بەرلوتی خۆی نابینێت) وەك مەودای سەرچاوە لەپێکهاتە مێتۆنیمییەکەدا هاتووە و مەبەستەکانی (بێئاگایی، سادەیی، کورتبینی..هتد) وەك مەودای مەبەست دێن و پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە بونیاد دەنێن. بەڵام سەرەڕای ئەم سروشتەی پێکهاتن، نموونەی (٨٠) تەنیا پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەی بێگەرد (Pure Metonymy)نییە، بەڵکو ئەو بارودۆخە هاوشێوەیەی، کە لەنێوان (مرۆڤێك، کە نەتوانێت لوتی خۆی ببینێت لەڕووە فیزیکی و واقیعییەکەوە )، هەروەها (بێئاگایی ئەم مرۆڤە) سروشتێکی مێتافۆڕییانەی بۆ نموونەی (٨٠) بونیادناوە، کە لەناوەڕۆکی پێکهاتە مێتۆنیمییەکەی نموونەی (٨٠)دا بەدیدەکرێت. بەمشێوەیە و پێکەوە لەنموونەی (٨٠)دا پێکهاتەیەکی مێتافتۆنیمییانە لەجۆری (مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا) پێکهێنراوە. کەواتە لەنموونەی (٨٠)دا لەنێوان مەوداکانی سەرچاوە و مەبەستی پێکهاتە مێتۆنیمییەکەدا، سروشتی هاوشێوەبوون و لێکچوون ئامادەیە. ئەمەش ئەو خاسیەتەیە، کە مێتافۆڕی لەسەر بونیاد دەنرێت، بەڵام لە پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکاندا بەشێوەیەکی سەربەخۆ هیچکام لە مێتافۆڕ و مێتۆنیمی ناتوانن نەخشەکێشانە مێتافتۆنیمییەکە تەواوبکەن، بەڵکو هەرکامیان لەناوەڕۆکی ئەویتریاندا ڕۆڵێك دەبینێت و پێکەوە

**پێکهاتەیەکی مێتافتۆنیمییانەی درکپێکراو لەسەربنەمای پێکهێنەرەکانی دەهێننەئاراوە. شیکردنەوەی زیاتری نموونەی (٨٠) لەهێڵکاریی (٣٣)دا دەبینرێتەوە:**




**هێڵکاریی (٣٣)**

**مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا**

**کەواتە پێکهاتە پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکان بەشداریپێکردنی دوو سروشتی پێکهاتنە (مێتۆنیمی و مێتافۆڕ) بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەکی نوێ. هەرچەندە هەرکام لە مێتۆنیمی و مێتافۆڕ سروشتی نەخشەکێشانەکانیان (Mappings) لەنێوان مەوداکاندا جیاوازە، بەڵام لەچێوەی یەك نەخشەدا (مێتافتۆنیمی) هەردوو نەخشەکێشانەکەی مێتافۆڕ و مێتۆنیمی دەبینرێت. لەمڕووەوە زانا (لاکۆف) ئاماژە بە سروشتی نەخشەکێشانی هەریەکێك لەمێتۆنیمی و مێتافۆڕ دەدات، کە مێتافۆڕ نەخشەکێشانێکی بەشی(جزئی)یە لەنێوان دوو مەودای درکپێکردنی ئایدیایی جیاوازدا، لەکاتێکدا مێتۆنیمی نەخشەکێشانەکەی گشتییە و**

لەنێو یەك مەودای درکپێکردندا ڕوویداوە[1]. بەڵام لەپێکهاتە مێتافتۆنیمییەکاندا و لەیەك مۆدێلی درکپێکردندا دوو نەخشەکێشان دەبینرێت، کە هەریەکێك لە نەخشەکانیش تایبەتن بەدیاردەیەکی دیاریکراو، هەرچەندە لەناو مەودا درکپێکراوەکەی مێتافتۆنیمیدا نەخشەکێشانی مەودابڕ بەرچاودەکەوێت، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە نەخشەکێشانە مێتافتۆنیمییەکەوە، لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندا ڕوودەدات، کە تایبەتە بەخۆی. هەروەکچۆن نەخشەکێشانی مەودابڕی مێتافۆڕییانە تایبەتبوو تەنیا بەمێتافۆڕەوە، بەهەمانشێوەش سەرەڕای بەشداربوونی نەخشەکێشانی مەودابڕ لەپێکهاتەی نەخشەکێشانە مێتافتۆنیمییەکاندا، بەڵام مەودای درکپێکردنی پێکهاتەیەکی مێتافتۆنیمی لەسنوری یەك مەودای درکپێکردندایە. بەهەمانشێوە نموونەی (٨١) ئاماژە بەپێکهاتەیەکی مێتافتۆنیمییانە لەجۆری (مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا) دەدات:

(٨١)- چاوی پیادا هەڵنایەت.

ئەوەی، کە مەبەستە لەنموونەی (٨١)دا (خۆشنەویستن و ڕقلێبوونەوە)یە لەڕوانگە مێتۆنیمییەکەوە، کە نموونەی (٨١) وەك مەودای سەرچاوە ڕۆڵیگێڕاوە و پێکهاتە مێتۆنیمییەکەیان بونیادناوە، لەهەمانکاتدا و لەڕوانگە مێتافۆڕییەکەوە (کاتێك مرۆڤ حەز بەبینینی شتێك ناکات، چاوەکانی دادەخات). کە تەواوی پێکهاتە مێتۆنیمییەکە بەمەوداکانی سەرچاوە و مەبەست و بەو نەخشەکێشانەشی، کە لەنێوانیاندا ڕوویداوە دەبن بە مەودای سەرچاوە بۆ پێکهاتە مێتافۆڕییەکە و بەراوردکردنی بە(داخستنی چاو لەکاتی حەزنەکردن بەبینینی شتێك)یش وەك مەودای مەبەست ڕۆڵیانگێڕاوە.
کەواتە مێتافتۆنیمییەکانی (مێتۆنیمی لەناو مێتافۆڕدا) مەبەست لەو مێتافۆڕانەیە، کە بە مەبەستە مێتۆنیمییەکان دەورەدراون، وەك ئاماژەشی پێدرا، ئەمە باڵاترین ئاستی بەکارهێنانە زمانییەکەیە "مێتافۆڕەکان، کە بە مێتۆنیمی دەورەدراون زیاتر بنەمایتر و سروشتیترن وەك لەوانەی تر، کە وانین، یان تەنانەت بنەمایەکی مێتۆنیمییانەیان نییە"[2].
بەمشێوەیە پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکان هەڵبژاردنێکی دیکەن لەبەردەم ئاخێوەراندا بۆ بەچەمککردنی دەوروبەر و جیهانی ڕاستی لەسەر بنەمای درکپێکردن، کە لەبونیادنانی پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکاندا سروشتی درکپێکردنەکە بەهۆی ئەزمون و بەرجەستەکردنی ئەزمونەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ

---

[1]- زانیاریی زیاتر سەبارەت بە نەخشەکێشانە مێتۆنیمی و مێتافۆڕییەکان لەڕوانگەی(لاکۆف)ەوە دەبینرێتەوە لە: Lakoff G.(1987:288)–
[2]– Dirven R. & Pörings R. (2003:412).

بارودۆخەکاندا ڕووندەبێتەوە، کە تیایاندا لەسەر سروشتی ئامادەبوون و پێگەی مێتافۆڕ لەناو مێتۆنیمی یان ڕۆڵی مێتۆنیمی لەناو پێکهاتە مێتافۆڕەکاندا دیاردەیەکی نوێی درکپێکراوی زمانییانە (مێتافتۆنیمی) بونیاد دەنرێت و لەکۆتایشدا وەك یەکێك لەڕێگاکانی هەڵهێنجان هاوتا بەڕێگاکانی تر بەگشتی، ڕەهەندەکانی بەچەمککردن بۆ بیرو ئایدیاکان و نواندنیان لەڕێگەی زمانەوە دەخەنەڕوو.

## ٢-٣/٢) مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە

سروشتی بیرکردنەوە و ئاخاوتن لەتەنیا فۆڕمێکی بیری و زمانیدا قەتیس نابێت، ئاخێوەران بەبەردەوامی تواناکانی خۆیان بۆ هەڵهێنجان و هەڵبژاردن و بەچەمککردنە جیاوازەکان بەکارەکی دەکەن و لەزانستی زمانی درکپێکردندا ڕوودانی هەموو ئەمانە لەئاستێکی ئاوەزیدایە.
بەهۆی ئەو مەودا فراوانەی، کە سیمانتیکی درکپێکردن بۆ کۆزانیاری و چوارچێوەی سیمانتیکیی یەکەکان دایدەڕێژێت، بەچەمککردنەکانی ئاخێوەران جارێك مێتافۆڕییانە و جارێك مێتۆنیمییانە و جارێکیش مێتافتۆنیمییانەیە، کە دەرفەتی ئەو پێکهێنانانەش بەهۆی گرتنەوەکان لەسنوری درکپێکردنە نموونەییەکانی دەربڕاوەکان و ئاوێتەبوونی یەکەکان ڕوودەدەن لەپێناو دروستەیەکی نوێ، تا ببنە هاوێنەیەکی ڕوونی بیری ئاخێوەران، کە زمان لە زانستی زمانی درکپێکردندا ئەو ڕۆڵە دەبینێت. هەرکام لە مێتافۆڕ و مێتۆنیمی و کارلێککردنەکەی نێوانیشیان (مێتافتۆنیمی) دەبن بەشێوازێکی تری بەکارهێنانە زمانییەکە لەپێناو گەیاندنی چەمکی مارکەلێدراو(Marked)، واتە دیاریکراوترین ئاستی چەمکیی ئاخێوەران. وەك لە(١/٢) و دواتریشدا خرایەڕوو، کە سروشتی هەرکام لەمێتافۆڕ و مێتۆنیمی خۆی لەئاوێتەبوونی مەوداکاندا دەبینێتەوە، کە لاکۆف بە نەخشەکێشانی مەوداکان دەیخستەڕوو بەوەی، کە مێتۆنیمی نەخشەکێشانی دوو مەودایە (سەرچاوە و مەبەست) لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندا. لەکاتێکدا مێتافۆڕ نەخشەکێشانەکەی لەمۆدێلێکی درکپێکردنەوە دەپەڕێتەوە بۆ مۆدێلێکی دیکە، بەڵام زانا (کرۆفت) زیاتر بەدیاردەی (مەودا دیاریکردن"Domain Highlighting") دەیخاتەڕوو، ئەوەی گرنگبێت ڕۆڵ و سروشتی بەشداریی مەوداکانە لەبونیادنانی پێکهاتەکاندا.

لەناو مۆدێلی درکپێکردنە نموونەییەکاندا(م.د.ن)، چەندین مەودا و (وەچە مەودا"SubDomain") بوونیان هەیە، کە بە نەخشەکێشان لەنێوانیاندا پێکهاتە مێتافۆڕی و مێتۆنیمییەکان بونیاد دەنرێن. سروشتی نەخشەکێشانەکانیش جۆر و چەشنەکان دیاریدەکەن. بۆنموونە لەپێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەدا دەشێت نەخشەکێشانەکە لەنێوان دوو مەودای پێکهێنەری یەك مۆدێلی درکپێکردن بێت، یان لەنێوان مەودایەك و وەچەمەودایەکی تردابێت لەناو هەمان مۆدێلدا. تەنانەت ڕوودانی ئاوێتەبوون و

نەخشەکێشان دەشێت لەنێوان دوو وەچەمەودای پێکهێنەری یەك مەودادا بێت لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندا، هەندێکجار بەیەك نەخشەکێشان پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە بونیاد دەنرێت. وەك لەنموونەی (٨٢)دا دەخرێتەڕوو:

(٨٢)– [پاسەکانی]ناوشار مانیانگرت.

وشەی (پاس) لەنموونەی (٨٢)دا لەناو مۆدێلە درکپێکراوەکەی خۆیدا (بەپێی لاکۆف)/ مەودا کۆزانیارییەکەی(پاس) (بەپێی کرۆفت)[١]، کۆمەڵێك مەودا و وەچەمەودا لەخۆدەگرێت، یەکێك لەوانە (شۆفێر)ە کە (پاس) لەنموونەی (٨٢)دا مێتۆنیمییانە لەبری (شۆفێری پاسەکان) بەکارهاتووە و نەخشەکێشانەکە لەنێوان (پاس) وەك مەودای سەرچاوە و (شۆفێرەکان) وەك مەودای مەبەست کێشراوە لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندا. بەواتایەکی تر مەودا دیاریکردنەکە لەنێوان (پاس) و (شۆفێری پاسەکان)دا ڕوویداوە، کە زانا (کرۆفت) بەمەودای (پاس) دەڵێت: (قاڵبی مەودا"Domain Matrix")، کە کۆمەڵێك وەچەمەودای دیکە لەخۆدەگرێت، بەڵام پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، کە "کۆمەڵەی مۆدێلی درکپێکردنە نموونەییەکان، کە (لاکۆف) ناویلێنا، لەبنەڕەتدا هەر بریتییە لە قاڵبی مەودا"[٢]. کەواتە هەرکام لە مۆدێلەکەی (لاکۆف) و (کرۆفت) یەك مەبەست دەگەیەنن، بەڵام بە داڕشتنی جیاواز.

بەمشێوەیە لەنموونەی (٨٢)دا (پاسەکان) مەودایەکە و لەناو قاڵبەکەی خۆیدا/مۆدێلە درکپێکراوەکەی خۆیدا وەچەمەودای (شۆفێرەکان)ی دیاریکردووە و پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەی بەهۆی یەك نەخشەکێشانەوە لەنێوان مەوداکاندا پێکهێناوە.

"کرۆفت ئەوە شیدەکاتەوە، کە مێتۆنیمی نموونەیەکە لە(دیاریکردنی مەودا"Domain Highlighting"، واتە دیاریکردنی (وەچەمەودایەکی دووەمی"Secondary Sub domain") لەناو (قاڵبی مەودادا" Domain Matrix")، کە بونیادنراوە بەهۆی کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیی قسەکەر بۆ واتای دەربڕاوی زمانەوانی"[٣].

کەواتە هەرکام لە مەودا و وەچەمەوداکان لەناو کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیی ئاخێوەراندا بوونیان هەیە (کە زانا فیلمۆر بە سیمانتیکی چوارچێوەیی یەکەکان ئاماژەی پێدەدا). لەپێکهاتە مێتۆنیمییەکانیشدا نەخشەکێشانەکە لەنێوان پێکهێنەرەکانی کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیی ئاخێوەراندا ڕوودەدات.

---

١– بۆ زانیاریی تەواو سەبارەت بە مۆدێلی درکپێکردنی نموونەیی/م.د.ن بڕوانە: (Lakoff G.(1987:288–. هەروەها سەبارەت بە مەوداکان لەڕوانگەی زانا (ولیام کرۆفت)ەوە بڕوانە : (Crouse A. & Croft W. (2004–.

2– Crouse A. & Croft W. (2004).

3– Othman S. (2012:71).

**تەواوی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە بۆ نموونەی (٨٢) ئاماژەدانە بە پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە، کە بەهۆی یەك نەخشەکێشانەوە لەمەودای سەرچاوەوە بۆ مەودای مەبەست پێکهاتووە. بەڵام جۆرێکی تری مێتۆنیمی لەناو چەشنی مێتۆنیمیی درکپێکراودا بەدیدەکرێت، کە بەهۆی زیاد لەهەنگاوێك/زیاد لەنەخشەکێشانێکی مێتۆنیمییانەوە پێکهێنراوە و پێیدەگوترێت (مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە). ئەمەش لەئەنجامی هاتنی دوو مێتۆنیمییە پێکەوە لەیەك پێکهاتەدا، کەبەهۆی دوو نەخشەکێشانەوە لەنێوان مەوداکانی سەرچاوە و مەبەستدا پێکهاتووە. بەگشتی ئەمجۆرەی مێتۆنیمی لەناو زانستی زمانی درکپێکردندا بەدوو ناونیشان ئاماژەی پێدراوە:**

**– مێتۆنیمیی بێگەرد**"Pure Metonymy"،

**– جووت مێتۆنیمی**"Double Metonymy".


**کە هەردووکیان ئاماژە بەیەك دیاردەی چەمکیی دەدەن و لێرەدا بە (مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە) ئاماژەیان پێدەدرێت.**

**زانا (فرانچیسکۆ ئیبانییێز**"Francisco Ibáñez"**) ئاماژە بەکارلێکی یەکە پێکهێنەرەکانی پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە دەدات لەناو هەمان مەودای درکپێکراودا. بەجۆرێك لەیەك پێکهاتەی مێتۆنیمییانەدا دوو نەخشەکێشان بوونیان هەیە (سەرچاوە– مەبەست)، کە جارێکیتر مەودای (مەبەست)ی نەخشەی یەکەم دەبێتەوە بە مەودایەکی (سەرچاوە) و ئاماژە بەمەودایەکی (مەبەست)ی دیکە دەدات. بەواتایەکی دیکە، یەك پێکهاتەی مێتۆنیمییانە لەدوو پێکهێنەر پێکدێت، کە هەرکام لەپێکهێنەرەکانیش بۆخۆیان مێتۆنیمین و خاوەنی سەرجەم یەکە پێویستییەکانی پێکهاتەیەکی مێتۆنیمیانەن، بەڵام پێکەوە پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە بونیاد دەنێن. "کاتێك دوو مێتۆنیمی لەیەك کۆمەڵەدان/یەکیانگرتووە، دیاردەیەکە، پێیدەڵێین (جووت مێتۆنیمی**"Double Metonymy"**)"**[1].

**ئەوەی گرنگە، کە هەرکام لەمێتۆنیمییەکانی پێکهێنەری پێکهاتەی مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە، خاوەنی مەوداکانی سەرچاوە و مەبەستی خۆیانن و هەموویان لەیەك نەخشەکێشاندا پێکەوە هاتوون. ڕوونکردنەوەکانی پێشتر لە هێڵکاریی (٣٤)دا کورتدەکرێتەوە:**

---

[1]– Ibáñez F. J. R. M. & Campo J. L. O. (2002:70).




**هێڵکاریی (٣٤)**

**مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە**

**لەهێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت، کە پێکهاتەیەکی تەواو مێتۆنیمییانە لەسەر بنەمای دوو پێکهاتەی مێتۆنیمیی تر پێکهێنراوە، هەربۆیە بە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە ناودەبرێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مێتۆنیمیی درکپێکراو لەجۆی (مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە) باسەرنج لەنموونەی (٨٣) بدەین:**

**(٨٣)- [ئەڵمانیا] یاسای نوێی لەبارەی پەنابەرانەوە دەرکرد.**


**ئەگەر توانای درکپێکردن جارێك مێتۆنیمییانە و جارێکیش مێتافۆڕییانە پێکهاتە مێتافتۆنیمییەکانی بونیاد نابێت، ئەوا لە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانەدا بەدوو قۆناغی بونیادنانی مێتۆنیمییانە درکپێکراوە و بونیادنراوە و تەنیا بەهەمان درکپێکردنیش دەتوانرێت تێگەیشتن بێنێتە ئاراوە. نەبوونی کۆزانیاریی سەبارەت بە تەنیا یەك مەودا یان وەچەمەودای پێکهێنەری مۆدێلە درکپێکراوەکە(ئیدی لەیەکەم هەنگاوی پێکهێنانەکەوە تا دواین هەنگاو)، تێنەگەشتن دروستدەکات. چونکە (ئەڵمانیا) لەنموونەی (٨٣)دا و لەهەنگاوی یەکەمدا(پێکهاتەی مێتۆنیمیی یەکەم) وەك مەودای سەرچاوە ئاماژە بە (حکومەتی ئەڵمانیا) دەکات وەك مەودای مەبەست و یەکەم نەخشەکێشانی مێتۆنیمییانە لەنێوان (ئەڵمانیا، وەك وڵات) و (حکومەتی ئەڵمانیا، وەك دەستگای یاسایی وڵات و یەکێك لەپێکهێنەرەکانی ناوەڕۆکی (ئەڵمانیا)) پێکهێنراوە. جارێکیتر نەخشەکێشان لەنێوان (حکومەتی ئەڵمانیا) وەك مەودای سەرچاوە(کە پێشتر ڕۆڵی مەودای مەبەستی بۆ پێکهاتەی مێتۆنیمیی یەکەم دەگێڕا) بۆ (ئەندامانی ناو حکومەتی ئەڵمانیا) وەك مەودای مەبەست کێشراوە و پێکهاتەی مێتۆنیمیی دووەمیش بونیادنراوە. بەمشێوەیە لینکێکی ناڕاستەوخۆ دەبینرێت لەنێوان یەکەم مەودای سەرچاوەی ناو پێکهاتە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانەکە و دواین مەودای مەبەستی ناو پێکهاتەکە. بەڵام بەهۆی گەیەنەرێکەوە، کە جارێك مەودای مەبەستە و جارێکیش مەودای سەرچاوە، تەواوی بونیادەکە پێکهێنراوە.**

**بەمشێوەیە بۆ پڕاوپڕکردن و بونیادنانی پێکهاتەیەکی مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە، پێویستمان بە دوو نەخشەکێشان دەبێت، تا پێکەوە پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەی بێگەرد بونیاد بنێن. کە هەم سروشتی بونیادنانەکەیان مێتۆنیمییانەبێت و هەم تەنیا مێتۆنیمییانەش دەبێت بیریان لێبکرێتەوە. هۆکاری ناونانی ئەو پێکهاتانەش بە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە بۆ سروشتی بونیادنان و مەبەستی کۆتایی ئەو دەربڕاوانە دەگەڕێتەوە، چونکە سەرەڕای بەشداریی دوو پێکهاتەی مێتۆنیمییانە لەناو یەك نەخشەکێشاندا ، هاوکات مەبەستی تەواوی دەربڕاوەکەش هەر مێتۆنیمییانەیە. لەڕوانگەی تیۆریی (سیمانتیکی چوارچێوەیی "Frame Semantic")، کە زانا (فیلمۆر) لەناو سیمانتیکی درکپێکردندا ئاماژەی پێداوە ئەم کردانە شیانی ڕوودانیان هەیە. بۆنموونە (ئەڵمانیا) لەنموونەی (٨٣)دا چوارچێوەیەکی سیمانتیکی لە کۆزانیاریی دەهێنێتەوە و بەهۆی ئاوێتەبوونی ئەم چوارچێوەیە لەگەڵ چوارچێوە سیمانتیکییەکانی هەرکام لە (حکومەتی ئەڵمانیا) و (بەرپرسانی ئەو حکومەتە) پێکهاتە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانەکەیان بونیادناوە[١].**

**لەنموونەی (٨٣)دا مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە سروشتێکی پەیوەندی دێنێتەوە لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندا(ئەڵمانیا). پەیوەندییەکەش لەهەنگاوی یەکەمدا لەنێوان (ئەڵمانیا) و یەکێك لەمەوداکانی پێکهێنەری مۆدێلەکەیە، کە (حکومەتی ئەڵمانیا)یە، وەك مەودایەك و (ئەندامان/بەرپرسانی حکومەتی ئەڵمانیا) وەك وەچەمەودایەك لەناو مۆدێلە درکپێکراوەکەی (ئەڵمانیا)دا. ئەگەر لەگۆشەنیگایەکی دیکەشەوە لەنموونەی (٨٣) بڕوانرێت، ئەوا مێتۆنیمی لەجۆری (هەندەکیی) بونیادنراوە، بەوەی (ئەڵمانیا) هەمەکییانە و وەك مەودای سەرچاوە هێنراوەتەوە بۆ ئاماژەدان بەکەمینەیەك، کە (بەرپرسانی ناو حکومەت)ن وەك مەودای مەبەست. لەڕوانگەیەکی دیکەشەوە، لەنموونەی (٨٣)دا مێتۆنیمی لەجۆری (شوێن لەبری دامەزراوە لەبری کەس) بونیادنراوە، چونکە لەهەنگاوی یەکەمدا(پێکهاتەی مێتۆنیمیی یەکەم)، (ئەڵمانیا) وەك (شوێن) لەبری (حکومەتی ئەڵمانیا) وەك (دامەزراوە) و لەهەنگاوی دووەمیشدا(پێکهاتەی مێتۆنیمیی دووەم)، (ئەڵمانیا) لەبری (بەرپرسانی دامەزراوەی حکومیی ئەڵمانیا) وەك (کەس) بەکارهێنراوە. بەمشێوە (ئەڵمانیا) لەنموونەی (٨٣)دا یەکەیەکی تەواو مێتۆنیمییانەیە لەهەموو ڕووەکانەوە. زانا (ئیبانییز) مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە لەنەخشەکێشانێکی وەك (٣٥)دا دەخاتەڕوو:**

---


[١]– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەسیمانتیکی چوارچێوەیی، بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لا (٤٥– ٥١).




**هێڵكاریی (٣٥)**

**مێتۆنیمیی شوێن بۆ دامەزراوە بۆ کەس(پەیوەندیدار بە دامەزراوەکەوە)[١].**

**ئەگەر نموونەی (٨٣) بەپێی هێڵكاریی (٣٥) بخرێتەڕوو، بەشێوەی هێڵكاریی (٣٦) پێکهاتە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانەکە بونیاد نراوە:**




**هێڵكاریی (٣٦)**

**مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە(شوێن بۆ دامەزراوە بۆ کەس)**

**شیکردنەوەی هەنگاو و ئاستەکانی پێکهێنانی پێکهاتەیەکی مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە، خستنەڕووی ئەو لایەنە درکپێکراوەی ئاخێوەرانە، کە بەهۆیەوە چەندان دروستەی جیاواز لەپێناو گەیاندنی بیرەکانیاندا بونیاد دەنێن و بارودۆخەکان بەڕێگای جیاواز بەچەمکدەکەن. کە لەهەندێك لە دەربڕاوەکاندا زیاد**

---

[1]– Ibáñez F. J. R. M. & Campo J. L. O. (2002:73).

لەئاستێکی درکپێکردن و ئاوێتەبوون ڕۆڵیان لە دروستە نوێکاندا هەبووە، بەنموونەی (مێتافتۆنیمی و مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە).

هەندێکجار مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە سنورێکی فراوان بۆ نەخشەکێشان لە مەوداکانی سەرچاوەوە بۆ مەوداکانی مەبەست لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردندا لەنێوان مەودا و وەچەمەوداکاندا لەخۆدەگرێت. بەواتایەکی تر، مەرج نییە لەپێکهاتە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییەکاندا تەنیا دوو پێکهاتەی مێتۆنیمی لەناوەڕۆك و نەخشەکێشانە گشتییەکەی پێکهاتە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانەکەدا بوونیان هەبێت، بەڵکو دەشێت زیاد لەچەندجارێك سروشت و دەرکەوتنە هەمەجۆرەکانی مێتۆنیمی، وەك مێتۆنیمییەکانی (هەندەکیی، دامەزراوەیی، مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە) لەتەنیا یەك پێکهاتەدا پێکەوەبێن و نەخشەکێشانێکی گشتیی هەموویان پێکەوە بگرێتەوە و هەموو دەرکەوتنەکان لەپێناو یەك مەبەستی مێتۆنیمییانەدابێت. بۆڕوونکردنەوەی زیاتر با سەرنج لەنموونەی (٨٤) بدەین:

(٨٤)–[ئەمریکا] پارە بۆ پێشمەرگە دەنێرێت.

(ئەمریکا) لەنموونەی (٨٤)دا لەچەند نەخشەکێشانێکی مێتۆنیمییانە پێکهاتووە، کە تەواوی مەوداکانی (سەرچاوە، مەبەست)ی پێکهاتە گشتییەکەی مێتۆنیمییە مێتۆنیمییانەکە لەناو (م.د.ن) ی (ئەمریکا)دایە و نەخشەکێشانەکانیش لەنێوان مەودا و وەچەمەوداکانی یەك مۆدێلی درکپێکردندا ڕوویداوە. چونکە (ئەمریکا) بۆخۆی مۆدێلێکی درکپێکردن/مەودایەك لەکۆزانیاریی پێکدەهێنێت و لەناو مۆدێل/مەوداکەدا چەند نەخشەکێشانێکی مێتۆنیمییانە بوونیان هەیە. لەخوارەوە مۆدێلە درکپێکراوەکەی (ئەمریکا) بەمەودا و وەچەمەودا پێکهێنەرەکانییەوە دەخرێتەڕوو:

| –ئەمریکا | –ئەمریکای باکور | – ویلایەتە یەکگرتووەکان | –حکومەت |
| --- | --- | --- | --- |
| +سنورێکی جوگرافیی | + کەنەدا | + سنورێکی جوگرافیی | + دامەزراوەیەکی یاسایی |
| +دوو کیشوەر | + ویلایەتە یەکگرتووەکان | + بوونی هاوولاتیی | + وەزارت |
| +سیاسەتی نێودەوڵەتیی | +مەکسیك | + حکومەت | + وەزیر |
| ... | .... | + هەڵبژاردەی وەرزشیی | ..... |
| | | ...... | |


مێتۆنیمیی (ئەمریکا) لەنموونەی (٨٤)دا لەفراوانترین دیاریکردنەوە بۆ وردترین دیاریکردن نەخشەکێشراوە و ئەم ستراتیژەش (وردی و دیاریکراوی)[١] لە زانستی زمانی درکپێکردندا لە کردەی هەڵهێجاندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە. کە درکپێکردنەکەش هەر لەو ڕوانگەیەوە هاتووە و پێکهاتە

---

[١]– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە ڕۆڵی(وردیی و دیاریکراویی)لە کردە و پرۆسەی هەڵهێنجاندا، بڕوانە پاری دووەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە،لا(٥٧– ٥٨).

مێتۆنیمییەکەی لەسەر بونیادنراوە. چونکە (ئەمریکا) وەك فراوانترین دیاریکردن ڕۆڵی مەودای سەرچاوەی گێڕاوە و (ئەمریکای باکور) سنورەکەی دیاریکراوترە وەك لە (ئەمریکا)، پاشان (ویلایەتە یەکگرتووەکان) دیاریکراوترە لەهەریەك لە (ئەمریکا و ئەمریکای باکور)یش، لەکۆتایشدا (حکومەت) بە وەچە مەوداکانییەوە، دەبێتە وردترین دیاریکردنی پێکهاتە مێتۆنیمییەکە لەپێناو بەچەمککردن و هەڵهێنجانێکی تایبەتدا(مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە). کەواتە (ئەمریکا) لەنموونەی (٨٤)دا لەچەندان نەخشەکێشانی مێتۆنیمییانەی جیاواز پێکهاتووە. بۆنموونە یەکەم نەخشەکێشان، کە (ئەمریکا) وەك (گشت) و مەودای سەرچاوە بەکارهێنراوە لەبری تەنیا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، کە مێتۆنیمیی هەندەکییە. لەپاشاندا لەناو خودی مەودای مەبەستی یەکەم نەخشەکێشانیشدا جارێکیتر چەند پێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانە هەن. بۆنموونە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) وەك وەچەمەودای (ئەمریکا) چەند وەچەمەودایەکی دیکەش لەخۆدەگرێت، کە هەرکام لە(سنورێکی جوگرافیی، حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان...هتد)ن، بەهەمانشێوە لەناو (حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان)یشدا، وەچەمەودای (بەرپرسانی حکومەت) بوونی هەیە، کە دەبێتە مەودای مەبەسی تەواوی پێکهاتە مێتۆنیمییانەکە. جارێکیتر مێتۆنیمیی هەندەکییانەی (ئەمریکا) وەك مێتۆنیمی بەکارهێنراوەتەوە بۆ ئاماژەدان بە دامەزراوەیەك، لەڕوانگەیەکی دیکەشەوە نەخشەکێشانی نێوان (ویلایەتە یەکگرتووەکان، حکومەت، بەرپرسانی حکومەت) پێکهاتەیەکی مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانەیان پێکهێناوە و وەك مەودای مەبەست ڕۆڵدەگێڕن بۆ مەودای سەرچاوە، کە (ئەمریکا)یە.

بەمپێیە نەخشەکێشانی گشتیی پێکهاتەی مێتۆنیمییانەی (ئەمریکا) لەنموونەی (٨٤)دا، لەنێوان مەودا و چەندین وەچەمەودای پێکهێنەری مۆدێلە درکپێکراوەکەی (ئەمریکا)دایە. پوختەی نەخشەکێشانە مێتۆنیمییە مێتۆنیمییانەکەی (ئەمریکا)ی نموونەی (٨٤) لەهێڵکاریی (٣٧)دا دەخرێتەڕوو:




**هێڵکاریی (٣٧)**

**مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە**

**پێویستە ئەوەش بزانرێت، کە لەڕوانگەی سیمانتیکییەوە، لەباردابوونی واتایی یەکەکان لایەنێکی گرنگە، کە بەهۆیەوە ڕێگە بە پێکهێنانی پێکهاتە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانەکان بدرێت یان نا. بە واتایەکی تر، لەبەرچاوگرتنی تەسکیی و فراوانیی چوارچێوەی سیمانتیکیی یەکەکان ڕاستەوانە ڕۆڵی هەیە لە بونیادنانی پێکهاتە مێتۆنیمیی مێتۆنیمییەکان. بۆنموونە چ یەکەیەکی زمانیی خاوەنی چوارچێوەیەکی فراوانی سیمانتیکی بوو، ئەوا سەرەڕای یەکەم نەخشەکێشانی مێتۆنیمییانە لەنێوان وەچە مەوداکانی یەك مەودادا، ڕێگە بە نەخشەکێشانی دووەمیش دەدرێت لەنێوان دوو وەچەمەودای دیکەی پێکهێنەری ناوەکیی هەمان مەودا، کە بۆ یەك چوارچێوەی سیمانتیکی دەگەڕێنەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بیرە نموونەی (٨٥) بەنموونەی (٨٤)ی سەرەوە بەراورد دەکرێت:**

**(٨٥)–[کۆلێژی زمان]، یادی مامۆستایانی کۆچکردووی کردەوە.**

**(کۆلێژی زمان) لە نموونەی (٨٥)دا مێتۆنیمییانە بەکارهێنراوە، کە (کۆلێژی زمان) وەك مەودای سەرچاوە و (مامۆستایان و خوێندکارانی کۆلێژی زمان)، وەك مەودای مەبەست بۆ پێکهاتە مێتۆنیمییەکە ڕۆڵدەگێڕن. ئەوەی، کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت، بەراوردکردنی چوارچێوەی سیمانتیکیی (کۆلێژی زمان)ە، بە چوارچێوەی سیمانتیکیی(ئەمریکا) لەنموونەی (٨٤)دا، کە چۆن بەهۆی فراوانیی چوارچێوەی سیمانتیکیی (ئەمریکا)، توانراوە وەك پێکهاتەیەکی مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە بەکاربهێنرێت و چەند نەخشەکێشانێکی مێتۆنیمییانە لەنێوان مەودا و وەچەمەودا**

پێکهێنەرەکانی یەك مۆدێلی درکپێکردنی وەك (ئەمریکا)دا بکێشرێت. ئەمەش بەهۆی فراوانیی چوارچێوە سیمانتیکییەکەی (ئەمریکا)وە لەنموونەی (٨٤)دا. بەڵام (کۆلێژی زمان) لە نموونەی (٨٥)دا، بەهۆی دیاریکراویی لە ڕوانگەی چوارچێوە سیمانتیکییەکەیەوە، تەنیا یەك نەخشەکێشانی مێتۆنیمییانە لە نێوان وەچەمەودا پێکهێنەرەکانیدا کێشراوە و پێکهاتەیەکی تاك مێتۆنیمییانەی پێکهێناوە. بە واتایەکی تر، (ئەمریکا) لە نموونەی (٨٤)دا خاوەنی زۆرترین وەچەمەودایە لە چوارچێوە سیمانتیکیەکەی خۆیدا و هەر ئەمەش ڕێگەی داوە، کە وەك پێکهاتەیەکی مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە بەکاربهێنرێت، کە ئەمەش زۆرترین شیانی بۆ بەکارهێنانی مێتۆنیمییانە هەیە. لەکاتێکدا (کۆلێژی زمان) لەنموونەی (٨٥)دا، تەنیا یەك وەچەمەودا لەچوارچێوە سیمانتیکییەکەیدا لەخۆدەگرێت. ئەمەش وایکردووە، کە یەك نەخشەی مێتۆنیمییانە لە نموونەی (٨٥)دا بکێشرێت، لەنێوان مەودا و وەچەمەوداکاندا. بەمشێوەیە ئەو یەکانەی، کە چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی فراوانیان هەیە و خاوەنی زۆرترین وەچە مەودان، دەتوانرێت چەندین پێکهاتەی مێتۆنیمییانەیان تێدابکرێت(خزن بکرێت). کەواتە ئەو پێکهاتە مێتۆنیمییانەی، کە سەرەڕای یەکەم نەخشەکێشان، خاوەنی چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی فراوانن، ئەوا ڕێگە بەنەخشەکێشانی دووەم و سێیەمی مێتۆنیمییانە دەدەن و بەمەش جۆری مێتۆنیمیی(مێتۆنیمیی مێتۆنیمییانە) پێکدەهێنن.

لەشیکردنەوەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە ئاستی درکپێکردنەکانی ئاخێوەران، بوار بۆ هەڵهێنجان و بەچەمککردنەکان لەپلەیەکی باڵادا دەڕەخسێنێت، تا ئەو ڕادەیەی، کە لە یەك پێکهاتەی درکپێکراوی ئاوەزیدا چەندین پێکهاتەی درکپێکراوی دیکە بونیادنرابن و ئاخێوەران بەخواستن لەچوارچێوەی سیمانتیکیی یەکەکان، کە مەودایەکی درکپێکردنی فراوان دەڕەخسێنێت، چەندین هەنگاوی درکپێکراوی نەوتراو لەیەك پێکهاتەدا کۆبکەنەوە وەك لە پێکهاتە مێتافتۆنیمی و مێتۆنیمیی مێتۆنیمییەکاندا خرایەڕوو.

# بەشی سێیەم

## ڕەهەندی مێتۆنیمییانە لەڕێزمانی کوردیدا

### ١/٣ ) داڕشتەی مێتۆنیمییانەی وشە

شیکردنەوە و لێکدانەوەی پێکهاتەی گشتیی زمان لە ڕوانگە و گۆشەنیگای درکپێکردنەوە، بوارێکی درکپێکراوی فراوان بۆ تەواوی یەکە و لایەنە پێکهێنەرەکانی زمان دەڕەخسێنێت، ئەمەش ڕێگەدەدات، کە دیاردەیەکی درکپێکراوی زمانییانەی وەك مێتۆنیمی لە زانستی زمانی درکپێکردندا (بەتایبەتی ڕێزمانی درکپێکردن، لەپەیوەست بەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەوە) لە تەنیا دیاردەیەکی زمانییەوە وردتربکرێتەوە بۆ تەواوی پێکهێنانە زمانییەکانی وەك بونیادنانی (یەکە هێماییەکان"Symbolic Units")ی زمان و هەمان ڕۆڵی درکپێکراو بەسەر یەکە فەرهەنگییەکانیشدا بگێڕێت، هەر وەکچۆن لە پێشتریشدا ڕۆڵی مێتۆنیمی لەهەرکام لە دەربڕاوەکان و پێکهێنانە ڕێزمانییەکاندا خرایەڕوو. لەمڕوانگانەوە مێتۆنیمی وەك بوار و ستراتیژێکی گەشەپێدەری میکانیزمە ڕێزمانییەکان لێیدەڕوانرێت(بەواتای ڕەنگدانەوەی سروشتی مێتۆنیمییانە لەتەواوی پێکهێنانە ڕێزمانییەکاندا) زیاتر لەوەی، کە تەنیا دیاردەیەکی هێماگەرایانەی بەکارهێنانی زمانیی بێت.

زمان لە زانستی زمانی درکپێکردندا، دۆزەرەوە و ئافرێنەری واقیعە، نەك خودی واقیع، بەڵام لەسەر بنەما و تێکردەی تایبەتێتییە زمانییەکان و بەلەبەرچاوگرتنی پلە و سروشتی بەچەمککردنەکانی ئاخێوەر، کە لەکاتی ڕوانینێکی فراوان لە مێتۆنیمی، تەواوی پێکهاتەی زمان بە کردەیەکی مێتۆنیمییانە لەقەڵەمدەدرێت (ئەوەی پەیوەستبێت بەم پارەوە، لایەنی مۆرفۆلۆژی زمانە، کە بێگومان ئەویش هەمان ڕاستیی دەیگرێتەوە). بۆنموونە ئاخێوەران فۆڕمەکان لەپێناو ئاماژەدان بەچەمکەکان بەکاردەهێنن، کە لە گۆشەنیگای مێتۆنیمییەوە ئەم کردەیە(بەکارهێنانی فۆڕمە زمانییەکان لەپێناو ئاماژەدان بەچەمکەکان) بەچەشنێکی مێتۆنیمی (فۆڕم بۆ چەمك) ناودەبرێن، بۆنموونە بەکارهێنانی فۆڕمەکانی (دۆلار، دینار، درهەم...) بۆ (پارە/دراو)[١]. بەو واتایەی، کاتێك فۆڕمێك بەکاردەهێنین، بۆ ئاماژەدانە بەشتێکی تر(وەستانی شتێك لەبری شتێکی تر). بۆنموونە، وشەی (مێز)، خودی (مێز)ی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو بەچەمککردنییەتی لە فۆڕمی (مێز)دا لەلایەن ئاخێوەرانەوە لەهەموو ڕووە زمانییەکانی وەك(فۆنۆلۆژیی، مۆڕفۆلۆژیی، سینتاکس.....)لە زماندا. لەو ڕوانگەیەوە، کە هەرکام لە فەرهەنگ و ڕێزمان لەپەیوەندییەکی بەردەوام و لێکنەپچڕاودان، ئەوا سروشتێکی درکپێکراو دەسەڵاتی بەسەر تەواوی ئاست

---

[١]- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەخستنەڕووی فۆڕم و چەمکەکانی زمان لەمڕوانگە مێتۆنیمییەوە، بڕوانە: Panther K. and Radden - G. (1999:24-26).

**و لایەنە پێکهێنەرەکانی هەرکامیاندا هەیە. بەوهۆیەوە، کە فەرهەنگ یەکە بەکارهێنراوەکان لەناوەڕۆکی ئاخاوتنەکاندا دەگرێتەوە، کەواتە تەواوی پرۆسە و کردە ڕێزمانییەکان لەهەمان مەودای فەرهەنگیدا دەنوێنرێن. "هەمو جۆرەکانی پەیوەندییە فەرهەنگییە ڕاستەقینەکان لەنێوان یەکە فەرهەنگییەکانی هەر زمانێکدا دەستدەکەون"[1]، یەکە فەرهەنگییە بەکارهێنراوەکانی ئاخێوەرانیش لەهەر فۆڕمێکی بەکارهێناندابن(سادە، داڕێژراو، لێکدراو) لەسەرچاوەیەکی سەرەکییەوە(فەرهەنگ) هاتوون، بەتەواوی بەش و پێکهێنەرەکانییانەوە. "(وشە پێکهێنان"Word Formation")یش یەکێکە لەو چەندان دیاردەیەی، کە لەژێر ئەم چەترەدایە"[2]، کە فەرهەنگە. پەیوەندییە ڕاستەقینەکانی نێوان یەکە فەرهەنگییەکانیش، پەیوەندییەکانی (ڕەگ"Root") و پێکهێنەرەکانی دەگرێتەوە، کە وەك لاگرەکان دەناسێنرێن. بۆنموونە پەیوەندی (خواردن)ی بناغە بە (ەوە)ی لاگرەوە وەك مۆرفێمی بەردەوامی/دووبارە یان داڕشتن، کە ئەرکەکەیان ڕێزمانییە. لەکاتێکدا دوو یەکەی فەرهەنگین و هەرکام لەفەرهەنگ و ڕێزمانیش وەك دوو پێکهاتەی لەیەکنەپچڕاو و بەردەوام لەپەیوەندی و تەواوکاریدا دەخرێنەڕوو، کە وشەی (خواردنەوە) دادەڕێژن و وەك یەکەیەکی دیکەی فەرهەنگیی ڕۆڵدەگێڕێت و چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی لە کۆزانیاریی بۆ (خواردنەوە) پێکدەهێنن.**

**بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی ڕێزمانیی هەر زمانێك، کە لەتەواوی پلە و ئاستەکانیدا لەڕوانگەی بەچەمککردنەکانی ئاخێوەرانی ئەو زمانەوە پێکدەهێنرێن، یاسا ڕێزمانییەکانیش لەداڕشتنی وشەدا لەڕوانگەیەکی درکپێکراوەوە دەخرێنەڕوو. بەو واتایەی، یاساکانی داڕشتنی وشە لەهەر زمانێکدا ڕەنگدانەوەی پلەی درکپێکراوی ئاخێوەرانە. ئەم ڕاستییەش لەچەند ڕوویەکەوە خۆیدەنوێنێت، ا- جارێك لەبونیادنانی ڕستەکاندا دەخرێتەڕوو، ب- جارێکیتر لەپێکهاتە و سروشتی داڕشتنی وشەکاندا و لەهەردوو حاڵەتەکەشدا (ڕێزمان سیستەمی بەچەمککردنە) دەسەلمێنن. سەرەڕای ئەوەی، کە تەواوی پێکهاتەی زمان وەك توانستێکی درکپێکراو پێشنیاز دەکرێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستە بخرێتەڕوو، ئامادەبوون و ڕۆڵ و سروشتی کارکردنی مێتۆنیمییانەی وشەداڕشتنە. بەواتایەکی تر، خستنەڕووی لایەنە مێتۆنیمییەکەیە لەپرۆسەی داڕشتنی وشەدا وەك لایەنێکی دیکەی پێکهێنەری ڕێزمانیی. چونکە لەشیکردنەوەکانی پێشتردا زیاتر لەڕووە فەرهەنگییەکەوە پێکهاتە مێتۆنیمییەکان ئاماژەیان پێدەدرا،**

---

1– Wanner L. (1996:38).

2– Janda L. A. (2011:360).

کەچی لەڕوویەکی دیکەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە "زنجیرەی کۆپەیوەندییە مێتۆنیمییەکان، کە ئینکۆدکراون لە وشەدارشتندا، زیاتر و فراوانترە لەوەی، کە لە فەرهەنگدا دۆزراوەتەوە/دەرکەوتووە"[١].

ئاشکرایە، کە سیستەمی ڕێزمانیی لە زمانی کوردیدا بۆ دارشتنی وشە لە هەردوو ڕووی، ا- داڕێژراو (بەهۆی لاگرەکانەوە) و ب- لێکدراو(بەهۆی دوو پێکهاتەی سەربەخۆوە یان دوو پێکهاتەی سەربەخۆ بەیارمەتی ناوبەند و لاگرەکان)[٢] کاردەکات. لەمڕوانگەیەوە مێتۆنیمی و سروشتی لێکدانەوەی وشەدارشتن بەشێوازی جیاواز ڕۆڵی خۆی هەیە لەهەرکام لەفۆڕمە داڕێژراویی و لێکدراوییەکانی وشەکاندا. بەمشێوەیە ستراتیژە مێتۆنیمییەکەش لە وشەدارشتنەکاندا دابەشی سەر دووجۆر دەکرێت:

١- ڕۆڵی مێتۆنیمی لە فۆڕمە داڕێژراوەکاندا،

٢- ڕۆڵی مێتۆنیمی لە فۆڕمە لێکدراوەکاندا.

## ١-١/٣) ڕۆڵی مێتۆنیمی لە فۆڕمە داڕێژراوەکاندا

ئەوەی سەبارەت بەمجۆرەبێت، خۆی لەسروشتی پێکەوەهاتنی بەشەکانی وشەداڕێژراوەکاندا بۆ دارشتنی وشەیەکی نویْ دەبینێتەوە، کە بەبەشەکانی (ڕەگ"Root") و (لاگرەکان"Affixes") دەناسرێن. لاگرەکان لە ڕێزمانی کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دارشتنی یەکەی فەرهەنگیی نوێدا. لەڕوانینی ڕێزمانی درکپێکردندا و بەدیاریکراویش مێتۆنیمی، لاگرەکان لەکاتی هاتنیان لەگەڵ ڕەگەکاندا سروشت و کارکردنێکی مێتۆنیمییانە لەچوارچێوە سیمانتیکییەکەی وشەداڕێژراوەکەدا دەسەپێنن. بەو واتایەی لاگرەکان چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی بەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە بۆ وشە داڕێژراوەکە دروستدەکەن، کە جیاوازە لە چوارچێوە سیمانتیکییەکەی وشە بنەڕەتییەکە(ڕەگەکە). بەمشێوەیە وشە بنەڕەتییەکە وەك پرۆسەیەکی بەردەوام ڕۆڵدەگێڕێت، بەڵام بەهۆی سروشتی کارکردنی ڕێزمانیی و سیمانتیکیی لاگرەکانەوە لە ڕێزمانی کوردیدا واتای تایبەت و دیاریکراو دەگەیەنن، "ڕەگ یان بنچینەکان، شتەکان دەنوێنن، لەکاتێکدا پاشگرەکان پەیوەندییە کاتییەکان دەنوێنن"[٣]. لێرەدا مەبەست لە نواندنی پەیوەندییە کاتییەکانە بەهۆی لاگرەکانەوە لەسروشتێکی مێتۆنیمییانەدا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیرە، باسەرنج لە پاشگری وشەداڕێژی (-ەر) بدەین لەنموونەکانی (٨٦)دا:

---

[١] - سەرچاوەی پێشوو(٣٧٢).

[٢] - بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە یاساکان و پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی وشەدارشتن لەڕێزمانی کوردیدا بڕوانە: ا- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧) و (١٩٧٩). ب- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠).

[3] - Fatah A. H. (2012:13).

**(٨٦) ا- نووس+ەر ← نووسەر**

**ب- خوێن+ەر ← خوێنەر**

**پ- بێژ+ەر ← بێژەر**


**ت- بین+ەر ← بینەر**

**ج- لێکۆڵ+ەر ← لێکۆڵەر**

**لەنموونەکانی (٨٦)دا یاسای جێبەجێکراوی وشەداڕشتن بریتییە لە (بناغە+ەر)[١]. ئاشکرایە، کە بناغەکان هەرکامیان خاوەنی چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی تایبەت بەخۆیانن، پاشگری (-ەر)یش بەهۆی ڕۆڵی لە داڕشتنی وشەیەکی نوێدا، دەبێتە هۆی بەخشینی چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی تایبەت بە وشەداڕێژراوەکە. ئەگەر سەرنج لەنموونەی (٨٦-ا) بدەین، دەردەکەوێت، کە پاشگری وشەداڕێژی (-ەر) لەمۆدێلێکی درکپێکراوی فراوانی وەك پڕۆسەی (نووسین)دا، مێتۆنیمییانە ئاماژە بە بەشێك لە مۆدێلەکە دەدات، کە کەسی بکەرە لە پڕۆسەکە و مۆدێلەکەدا، کە (نووسین) وەك (شت/پڕۆسەی بەردەوام) ڕۆڵیگێڕاوە، لەکاتێکدا (-ەر) لەم پڕۆسە بەردەوامەدا، تەنیا بەشێك لەپڕۆسەکەی خستووەتەڕوو لەکاتێکی دیاریکراودا، چونکە پێشگری (پێ-) لەناو هەمان پڕۆسەدا و لەکاتێکی دیکەدا ئاماژە بەپێکهێنەرێکی دیکە(پێنووس) لەهەمان مۆدێل و پڕۆسە(نووسین)دا دەکات. دەتوانرێت بەم پڕۆسە داڕێژراوییە(کە لە ئاستە مۆرفۆلۆژییەکەدا ڕوویداوە) بەمێتۆنیمیی (کردە بۆ کارا" Action for Agent")ناوببرێت. کە بەهۆیانەوە ئەم مۆرفێمە وشەداڕێژانە لینکێکی درکپێکردنانەی سروشتی بۆ کارای کردەیەك لە پڕۆسەیەکدا بۆ ئاخێوەران دابیندەکەن، تا لەمەبەستی هێنانەوەی مۆرفێمە مۆرفۆلۆژییەکە بگەن، کە ئەویش بەهۆی لاگری وشەداڕێژی (-ەر)ەوەیە، کە لەناو چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی فراوانی کۆزانیاریدا، تەنیا مەبەست لە توانای ئەنجامدانی پڕۆسەیەکە بەبێ ئامازەدان بەلایەنەکانی دیکەی پێکهێنەری چوارچێوە سیمانتیکییەکە. لێرەدا و مێتۆنیمییانە ئێمە ئاماژە بەتاکێك دەکەین، کە هەندێك پەیوەندی دەیبەستێتەوە بە پڕۆسەی (نووسین)ەوە. واتە بەهۆی (-ەر)ەوە ئاماژە بەچەند چالاکی و پەیوەندییەك دەکەین، کە کەسێك دەبەستێتەوە بە پڕۆسەی (نووسین)ەوە. نەخشەکێشانی مۆدێلی درکپێکردنی (نووسین) و هەڵبژاردنی تەنیا کارای مۆدێلەکە بەهۆی لاگری (-ەر)ەوە لە هێڵکاریی (٣٨)دا دەخرێتەڕوو:**

---

**[١]- لێکدانەوەیەکی زمانییانەی درکپێکردنانە سەبارەت بە پاشگری وشەداڕێژی (-ەر) لە ڕێزمانی درکپێکردندا، دەبینرێتەوە لە: -کاروان عومەر قادر (٢٠١٢: ٩٣).**




**هێڵکاریی (٣٨)**

**کارکردنی مێتۆنیمییانەی (-ەر) لەناومۆدێلی درکپێکردنی (نووسین)دا**


**ئەوەی لەنموونەی (٨٦-ا)دا دەردەکەوێت، ئەوەیە، کە بەهۆی لاگری وشەداڕێژی (-ەر)ەوە لەناو مۆدێلی درکپێکراوی نموونەیی(م.د.ن) (نووسین)دا، تەنیا ئاماژە بە کارای مۆدێلەکە کراوە، بەبێ هێنانەوەی لایەنەکانی دیکەی پێکهێنەری مۆدێلەکە، کە هەموویان پێویستن لەپرۆسەی (نووسین)دا بۆ کەسی (نووسەر). بەکورتی لە مۆدێلی درکپێکردنی (نووسین)دا، لاگری (-ەر) بەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە، تیشکدەخاتەسەر تەنیا بەشێکی مۆدێلەکە[٢]. بەهەمانشێوە لەنموونەی (١-ب)دا، (خوێنەر) لەپرۆسەی (خوێندن و خوێندنەوە)دا، دەرکەوتووی هەڵبژاردەیی کەسی کارایە بەهۆی لاگری (-ەر)ەوە. ئەمەش بەواتای دیاریکردنی کارا بەهۆی (-ەر)ی لاگرەوە لەڕێگەی پرۆسەیەکی کردارییەوە (خوێندن/خوێندنەوە)، " X دیاریدەکرێت بەهۆی پرۆسەیەکی کردارییەوە"[٣]. بەمشێوەیە لەنموونەی (١-ب)دا (خوێنەر دیاریکراوە [بەهۆی(-ەر)ی لاگری داڕشتنەوە] لەناو پرۆسەیەکی کرداریی وەك (خوێندن/خوێندنەوە))دا، کە وەك بەشی بناغە و بنەڕەت ڕۆڵدەگێڕێت و (-ەر)یش لەپەیوەندییەکەیدا بە بناغەوە مێتۆنیمییانە ئاماژە بە یەکێك لە پێکهێنەرەکانی چوارچێوە سیمانتییکەکەی (خوێندن/خوێندنەوە) دەدات و گوزارشتە لە ئاماژەدان بە پێکهێنەرەکانی دیکەش بەبێ ئامادەبوونیان و بەهۆشییەوە درك بەواتا و ناوەڕۆکی سیمانتیکیی (خوێنەر) دەکرێت. تەواوی مۆدێلی درکپێکردنی نموونەیی (خوێندن) لەهێڵکاریی (٣٩)دا دەخرێتەڕوو:**

---

[١]- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە(دەرکەوتنی هەڵبژاردەیی"Selective Projection") لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە، بڕوانە پاری یەکەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لا(١٠١-١٠٣).

[٢]- بۆ زانیاریی و شرۆڤەی زیاتر سەبارەت بەم لایەنە، بڕوانە: Dirven R. and Pörings R. (2003:285-286)–

[3]– Panther K. , Thornburg L. L. and Barcelona A. (2009:101).( X Characterized by the Verbal Process).




**هێڵکاریی (٣٩)**

**کارکردنی مێتۆنیمییانەی (–ەر) لەناومۆدێلی درکپێکردنی (خوێندن)دا**

**هەرکام لەنموونەکانی (٨٦–پ، ت، چ)یش، بەهۆی پاشگری (–ەر)ی وشەداڕێژەوە لەناو مۆدێلێکی درکپێکردن و پڕۆسەیەکی کرداریدا کەسێك دیاریدەکەن(X، کە کەسێکە، دیاریکراوە)، کە لە (٨٦–پ)دا (کەسی بێژەر)ە و لە (٨٦–ت)دا (کەسێکە، کە دەبینێت)، هەروەها لە (٨٦–ج)دا، لەناو مۆدێل و پڕۆسەی لێکۆڵینەوەدا، (–ەر) مێتۆنیمییانە ئاماژە بە کارای مۆدێل و پڕۆسە کردارییەکە دەکات، کە هەرکام لە (خوێندنەوە، ڕێباز، کەرەستەی لێکۆڵینەوە، سەرچاوە....هتد)ی لەخۆدەگرێت و بەهۆی (–ەر)ی دیاریکەری کارای پڕۆسەکەوە، پوختەیەك بۆ بنەما، کە پڕۆسەی (لێکۆڵینەوە)یە دیاریکراوە. "لەبنچینەدا، هەر دەربڕاوێك وەك پوختەیەکی سەپێنراو دیاریکراوە لەبنەما چەمکییانەکەی خۆیدا"[1]. کەواتە (لێکۆڵەر) وەك پوختەیەك بەهۆی (–ەر)ەوە لەناو بنەما چەمکییانەکەی خۆیدا (لێکۆڵینەوە) دیاریکراوە. ئامادەبوونی ستراتیژە مێتۆنیمییەکە لەم نێوانەدا، خۆی لەو کردە و چالاکییانەدا دەبینێتەوە، کە تاکێك (لێکۆڵەر) بە پڕۆسەیەکەوە (لێکۆڵینەوە)وە هەیەتی و بەهەموویانەوە چوارچێوەی سیمانتیکی بۆ پڕۆسەی (لێکۆڵینەوە) دادەڕێژن. دەتوانرێت چوارچێوەیەکی سیمانتیکی بۆ (لێکۆڵینەوە) لە خشتەی (٢)دا بخرێتەڕوو:**

---

[1] - Langacker R. (2000:45).

**لێکۆڵینەوە**

| پێویستی | کەس | بابەت | کردە | کەرەستە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| خوێندنەوە، حەز و خولیا، باگراوەند.. | لێکۆڵەر | بۆنموونە(مێتۆنیمی) | سەرنجدان و شیکردنەوە و بەراورد و هەڵهێنجان... | کتێب، پەڕە، پێنووس... |

**خشتەی (٢)**

**چوارچێوەی سیمانتیکیی (لێکۆڵینەوە)**

**بەکورتی بەهۆی هێنانەوەی (-ەر)ەوە ئاماژەیەکی مێتۆنیمییانە بەهەندێك ڕۆڵ و ئەرکی پەیوەندیدار بەواتای وشە بنەڕەتییەکەوە دەکرێت. بەو واتایەی، ئەو خاسیەت و کردە و چالاکییانە دەگرێتەوە، کە (لێکۆڵەر) بە (لێکۆڵینەوە)وە دەبەستێتەوە و تێگەیشتنیش لەنێوان ئاخێوەراندا لە درکپێکردن بەم لایەنە نادیارانەوە دێت، کە تێیدا پاشگرێکی وشەداڕشتن، مێتۆنیمییانە ڕۆڵی هەیە لە بونیادنانە مۆرفۆلۆژییەکاندا و ئەمەش ڕاستەوخۆ بەکاربردنی میکانیزمێکی دیکەی درکپێکراوی زمانییانەیە(مێتۆنیمی) لەبوارێکی دیکەی ڕێزمانی زماندا (مۆرفۆلۆژیی).**

**لەپرۆسەی وشەداڕشتندا لە ڕێزمانی کوردیدا یاسای (ناو+انە)[1]، ڕۆڵێکی فراوان لە داڕشتنی یەکەی نوێدا دەگێڕێت و پاشگری (-انە)ش بەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە، چوارچێوە سیمانتیکییەکان بۆ وشەداڕێژراوەکانی دروستدەکات. باسەرنج لەنموونەکانی (٨٧)بدەین:**

**(٨٧) ا- مناڵ + انە ⟵ منالأنە، (ژنانە، پیاوانە، کەرانە...)**

**ب- ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانە، سالأنە...**

**بەسەرنجدان لەنموونەکانی (٨٧-ا) دەبینرێت، کە(-انە) لە (منالأنە، ژنانە، پیاوانە، کەرانە)دا، لەبری کۆمەڵێك خاسیەت و سیفات هاتووە، کە لە(منال، ژن، پیاو، کەر)دا هەن و (-انە) بەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە لەبری ئەم خاسیەتانە هاتووە و بەهۆی واتای هەمانکاتییەوە، خاسیەتی دیاریکراو و مەبەست ڕووندەبێتەوە. کەواتە (-انە) پاشگرێکی وشەداڕێژە و بەسروشتێکی مێتۆنیمییانەوە لەسەر وشە داڕێژراوەکان خۆیدەسەپێنێت. لەمڕوانگەیەوە، کە (-انە) لەناو مۆدێلی درکپێکردن (چوارچێوەی سیمانتیکی)ی (منال، ژن، پیاو، کەر)دا، ئاماژە بەخاسیەتەکانی هەرکامیان دەدات، کەواتە سروشتێکی**

---

[1]- ئەوڕحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٢٤).

مێتۆنیمییانە پەیڕەوکراوە لە پڕۆسەکەدا. بۆڕوونکردنەوەی زیاتر و بەکاربردنی پۆژانەی (–انە) لەئاخاوتنەکاندا، باسەرنج لەنموونەکانی (٨٨) بدەین:


(٨٨) ا– ئیشێکی منالأنەیە.

ب– جلەکانت زۆر ژنانەن.

پ– هەڵوێستێکی پیاوانەی هەبوو بەرانبەرمان.

ت– ڕەفتارێکی کەرانەی نواند.

درکپێکردن بە وەستانی (–انە) و هاتنی لەبری کۆمەڵێك خاسیەتی پەیوەست بەناوە بنچینەکانییەوە، کە دەچێتە سەریان، بۆنموونە لە (٨٨–ا)دا (لەڕووی تەمەنەوە، بیرلێنەکردنەوە، سادە و ئاسان..هتد)ی (ئیشەکە) ئەو خاسیەتانەی تێدایە، کە لەگەڵ (مرۆڤێکی هەرزە)دا بگونجێت. گرتنەوەی هەموو ئەو واتایانە لەلایەن مۆرفێمێکی وشەداڕێژی وەك (–انە)وە، بۆخۆی لەسروشتێکی مێتۆنیمییانەوە هەڵقولاوە و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە سەرنجی لێدەدرێت. بەهەمانشێوە (–انە) لە (ژنانە)ی (٨٨–ب)دا لەبری کۆمەڵێك خاسیەت هاتووە، کە پەیوەستن بەهەڵبژاردنەکانی جلی ژنانەوە. (ژن) لەچوارچێوە سیمانتیکییەکەی خۆیدا کۆمەڵێك پێکهێنەری وەك (ناسك، دڵنەرم، هەست و سۆز، دەستڕەنگین...) لەخۆدەگرێت، هەربۆیە ئەو وشەیەشی، کە بۆیدەگەڕێتەوە/پەسنی –ژن– دەکات، بۆنموونە (ژنانە) ئاماژە بەم لایەنانەی پێکهێنەری چوارچێوە سیمانتیکییەکەی (ژن) دەدەن، کە دەبن بە وەچە مەودا پێکهێنەرەکانی چوارچێوەی سیمانتیکیی(ژن). لەکاتی داڕشتنی وشەیەکی نوێی وەك (ژنانە)دا، (انە) ڕووبەرێکی درکپێکردنی نوێ بۆ خاسیەتە پێکهێنەرەکانی (ژن) دەڕەخسێنێت، کە هەر لەناو چوارچێوە سیمانتیکییەکەی (ژن)دان، بۆنموونە خاسیەتەکانی (جلی ژنانە) لە (٨٨–ب)دا، کە هەرکام لە (ڕەنگاڵەیی، کورت و تەسکیی، ناسکیی، تەنکیی..هتد)ی جلوبەرگێك لەخۆدەگرێت، کە (–انە) لەسەر وشەی بنچینەیی (ژن)، هەرکام لەو خاسیەتانە بەپێی هاتنیان لەبارودۆخی گوتراودا دەگرێتەوە. دەتوانرێت ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە لەڕوانگەی چوارچێوەی سیمانتیکیی بۆ هەرکام لە (ژن) و (جلی ژنانە) لە هێڵکاریی (٤٠)دا بنوێنرێت:




هێڵكاریی (٤٠)

ڕەفتاریی مێتۆنیمییانەی (–انە) لە وشەداڕشتندا

وەك لە هێڵكاریی (٤٠)دا دەردەكەوێت، ئەوە بەكاركردنی (–انە)یە لەستراتیژێكی مێتۆنیمییانەوە، كە بەهۆیەوە توانراوە درك بەپێكهێنەرێكی/خاسیەتێكی دووەمی بۆ وشەی (ژن) بكرێت، كە وەك وەچە مەودا بووتە پێكهێنەری چوارچێوە سیمانتیكییەكەی (ژن).

هەر بەوشێوازە (–انە)ی (٨٨–پ)ش مێتۆنیمییانە ئاماژە بەهەندێك خاسیەت دەدات، كە بۆ وشەی بنەڕەتی(پیاو) دەگەڕێنەوە لە (ئازایەتیی و چاونەترسیی، ڕێزلێگرتن، بڕیاردان....هتد). ئەو كۆمەڵە خاسیەتەش، كە بۆ (كەر) دەگەڕێتەوە، لەكاتێكدا بمانەوێت مێتۆنیمییانە و بەهۆی پرۆسەیەكی مۆڕفۆلۆژییەوە ئاماژەیان پێبدەین، ئەوا بەزیادكردنی پاشگری (–انە) بۆسەر ناوە بنەڕەتییەكە(كەر)، دەتوانێت لەبری تەواوی ئەو خاسیەتانەی سەرەوە بوەستێت. دەتوانرێت بەمجۆرەی وشەداڕشتن لەڕووە مێتۆنیمییەكەوە، بە مێتۆنیمیی (بوون بۆ تایبەتمەندێتیی"Entity for Characteristic") ناوببرێت، كە هەركام لە (منداڵ، ژن، پیاو، كەر) وەك بوون لەبنچینەدا ، بەڵام بەهۆی پرۆسەیەكی وشەداڕشتنەوە ئاماژە بەتایبەتمەندییەكانی بوونەكان دەدرێت، ئەم پاشگرە داڕشتنە بەهۆی پەیڕەوكردنی ستراتیژی مێتۆنیمییانەوە، توانیویەتی ئاماژە بەو خاسیەتانە بدان، كە لە ناوە بنچینەكاندا هەیە. بەمشێوەیە ڕەگی وشەكان (منداڵ، ژن، پیاو، كەر)، چوارچێوەیەكی سیمانتیكیی تایبەت بەخۆیان هەیە و ئاماژە بەشتی دیاریكراو دەدەن، بەڵام (–انە) خاسیەتێك دەبەخشێت بە ڕەگەكان و پوختەی ڕەگی وشەكان دیاریدەكات و ڕوانینێكی دیاریكراو بەسەر وشە بنچینەییەكەدا دەسەپێنێت. كەواتە (–انە) لە (منداڵانە، ژنانە، پیاوانە، كەرانە)ی نموونەكانی (٨٨)دا خزمەتدەكات بۆ ئاماژەدان بەیەكێك لەخاسیەتەكانی هەركام لە (منداڵ، ژن، پیاو، كەر) وەك ڕەگ و (–انە)ش نیشاندەری چوارچێوەیەكە بۆ ڕەگەكان.

**بەکورتی (-انە) وەك پوختە و دیاریکەر ڕۆڵدەگێڕێت بۆ وشە بنچینەییەکان وەك بنەما[١]، بەڵام ئەم ڕۆڵگێڕانەی لەڕوانگەیەکی مێتۆنیمییانەوە جێبەجێدەکات و ئەمەش دەسەڵات و بەکاربردنی ستراتیژی مێتۆنیمییە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی زماندا، کە لە کۆتایدا و بەپەیڕەوکردنی هەمان ستراتیژی لە سینتاکسی زماندا، دەبن بە پێکهێنەری ڕێزمانێکی مێتۆنیمییانە. بەهەمانشێوە نموونەکانی (٨٧-ب) بەهۆی کردەیەکی مۆرفۆلۆژییانەوە(وشەدارشتن)، ئاماژە بەو خاسیەت و لایەنە پەیوەندیدارانە دەکات، کە بۆ ناوی بنچینە دەگەڕێنەوە. بۆنموونە (-انە) لەسەر (ڕۆژانە) بۆ کۆمەڵێك لایەنی پەیوەندیدار بە (ڕۆژ)ەوە دەگەڕێتەوە، نەك ئاماژەدانبێت بەخودی (ڕۆژ) وەك ماوەیەکی کاتیی. دەتوانرێت ئەم ڕۆڵە مێتۆنیمییانەیەی (-انە) لەسەر هەرکام لەنموونەکانی (٨٧-ب) بەجۆری مێتۆنیمیی (کات بۆ تایبەتمەندێتیی"Time for Characteristic") ناوببرێت. چونکە پرۆسە داڕێژراوییەکە هەرکام لە ناوە کاتییەکانی وەك (ڕۆژ، هەفتە، مانگ، ساڵ)ی لە ئاماژەدان بە کاتەوە گۆڕیوە بۆ ئاماژەدان بەتایبەتمەندییە کاتییەکانی وەك (ڕۆژ، هەفتە، مانگ، ساڵ). بۆنموونە دەشێت (-انە) لەسەر (ڕۆژانە)دا، بۆ ئاماژەدان بێت بە کردەیەك، کە ڕۆژانە ڕوودەدات، وەك (نانخواردن، خەوتن، گەڕان، خوێندنەوە...). یان (انە) لەسەر وشەی بنەڕەتیی (مانگ)دا، ئاماژە بە خاسیەتێکی پەیوەست بە (مانگ[وەك ماوەیەکی ٣٠ ڕۆژیی]) بدات، بۆنموونە (کرێ خانوو، موچە، ...).**

**یەکێکی دیکە لە یاساکانی دارشتنی وشە لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا لە (ناو+ ایەتی) پێکدێت[٢]، کە ئەم پرۆسەی بونیادنانە مۆرفۆلۆژییەش، بەهەمانشێوە لەڕوانگە مێتۆنیمییەکەوە سەرنجی لێدەدرێت و دەبێت هەر لەو ڕوانگەیەشەوە(مێتۆنیمییانە) بیری لێبکرێتەوە، چونکە خودی (-ایەتی) لە گۆشەنیگا و بەسروشت و ستراتیژی مێتۆنیمییەوە واتای خۆی دەگەیەنێت. بەکاربردنی کارەکییانەی (ایەتی)لەڕوانگە مێتۆنیمییکەوە لەنموونەکانی (٨٩)دا دەخرێتەڕوو:**

**(٨٩)- باوك+ ایەتی←باوکایەتی، (دایکایەتی، خزمایەتی، ئازایەتی، نەتەوایەتی، پاشایەتی..)**

**پاشگری مۆرفۆلۆژییانەی وشەدارشتنی (-ایەتی)، ڕۆڵی بەخشین و دیاریکردنی کۆمەڵێك خاسیەت دەبینێت، کە مێتۆنیمییانە ئاماژەیان پێدەدات، بێگومان دوای پرۆسەی وشەدارشتن و بەهاوبەشی لەگەڵ ڕەگ یان وشەی سەرەکیدا. بۆنموونە (باوك) خاوەنی چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی دیاریکراوە،**

---

[١]- شیکردنەوەی زیاتر لەمڕووەوە دەبینرێتەوە لە : (Fatah A. H (2012:13-14 -

[٢]- ا- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٠٠). ب- سازان زاهیر سەعید (٢٠١٣: ٢٣).

لەکاتێکدا لەپرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانەدا و لەگەڵ (–ایەتی)دا وشەیەکی نوێی وەک (باوکایەتی) دادەڕێژن، کە تێیدا و بەهۆی پاشگرەکەوە مەبەست لە چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی تایبەت و دیاریکراوترە لەو چوارچێوە سیمانتیکییەی، کە پێشتر وشە بنەڕەتییەکە(باوک) هەیبووە، بەهۆی ئەم پاشگرەشەوە ئاماژە بە کۆمەڵە خاسیەتێکی وەک (گەورەی ماڵ، خاوەنی هەست و سۆز، خەمخۆریی، بەرپرسیارییەتی، بەخێوکردن و چاودێریکردن...) دەدات، کە پەیوەستن بەپرۆسەی (باوکایەتی)یەوە. مەبەستەکان یەکسانن بە پاشگرە وشەداڕێژەکەوە و بەهۆشیەوە (–ایەتی) مێتۆنیمییانە ئاماژە بە مەوداکانی مەبەست دەکات، کە (خاسیەتەکانە) و پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکە لەپێناویدا پێکهێنراوە و بەپاڵپشتی و لەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە واتاکان دەگەیەنێت. "لێکدانەوەی مێتۆنیمییانەی وشەداڕشتن، تیشکدەخاتەسەر پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نێوان وشەی سەرچاوە، وشەی داڕێژراو وەک مەبەست و لاگر وەک ڕووبەرێك بۆ مێتۆنیمی"[1]. کەواتە ڕووبەرە مێتۆنیمییانەکان لەپرۆسەی وشەداڕشتندا، لاگرەکان دەیرەخسێنن و لەکۆتایشدا واتای مەبەست لە ستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە دەگەیەنرێت. لەخوارەوە هاوکێشەکە ڕووندەکرێتەوە:


باوك ←—— وشەی سەرچاوە

باوکایەتی ←—— وشەی داڕێژراو(وشەی مەبەست، لەپرۆسە داڕێژراوییەکەدا مەبەستە، نەك لەپرۆسە مێتۆنیمییکەدا. بە واتایەکی تر، لە ڕووە ڕێزمانییەکەوە، وشەی داڕێژراو دەبێت بەمەبەست، بەڵام لەڕووە سیمانتیکییەکەوە، ئەو واتایانە دەبن بە مەبەست، کە پاشگرە داڕێژراوەکە لەپێناویاندا دەهێنرێتەوە و ئاماژەیان بۆ دەکات ).

–ایەتی ←—— ڕووبەرێك/ مەودایەك بۆ نواندنە مێتۆنیمییەکە و ڕۆڵی لەپێکهاتەی وشەداڕێژراوەکەدا، کە خۆی لە سەلماندنی بەکاربردنی ستراتیژی مێتۆنیمیدا دەبینێتەوە لە بونیادنانە مۆرفۆلۆژییەکەدا. هێڵکاریی (٤١) چوارچێوەی سیمانتیکیی بۆ هەرکام لە (باوك) و (باوکایەتی) دەخاتەڕوو:

---

[1] - Janda L. A. (2011:366).




**هێڵکاریی (٤١)**

**ڕەفتاریی مێتۆنیمییانەی (-ایەتی) لە وشەداڕشتندا**

کەواتە (-ایەتی) لەنموونەی (٨٩)دا لەپێناو کۆمەڵێك خاسیەت هێنراوەتەوە، کە کەسێك دەکەن بە (باوکێك)ی ڕاستەقینە و بۆ ئەو خاسیەتانە دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندییان بە ئەو جۆرە لە باوك، یان (دایك، خزم، ئازا، نەتەوە، پاشا)ی نموونەکانی (٨٩)وە هەیە و نیشاندەرەی خاسیەتەکانی پەیوەست بەو جۆرانەوەیە لەمرۆڤ و (-ایەتیی) ئەو ڕووبەرە دەرەخسێنێت بۆئاماژەدان و درکپێکردن بە لەبری هاتووەکان (کە خاسیەتەکانە). بەمشێوەیە مەوداکانی مەبەست سەرجەمیان پەیوەستن بەپاشگرە وشەداڕێژەکەوە و ئەمیش لەپرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانەی وشەداڕشتندا، کە وشە داڕێژراوەکە بەهۆی (-ایەتی)یەوە دەبێت بە مەودای سەرچاوە و ئەو خاسیەتانەش، کە بۆ وشەی بنچینە دەگەڕێنەوە دەبن بە مەودای مەبەست.

مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا ڕۆڵێکی چالاکدەگێڕن و کارکردنی سیمانتیکییانەی ئەمانیش لەگۆشەنیگای مێتۆنیمییانەوەیە. بەو واتایەی، سروشتی مێتۆنیمییانەیە، کە واتای مۆرفیمە وشەداڕێژەکانی بچوککردنەوە تێدەگەین. بۆنموونە ئێمە ناتوانین تێگەیشتنێکی دروستمان سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرکی واتایی مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە هەبێت، ئەگەر تێگەیشتنێکی ئەزمونکراوی بەرجەستەکراوی پێشترمان سەبارەت بە ڕووبەرەکانی (قەبارە [گەورە، مامناوەند، بچوك]) نەبێت. بەواتایەکی تر، بۆنموونە (باخچە، دەریاچە، تەپۆڵکە، جامولکە، مێرولە، مێشولە، جۆگەلە)، لەپرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانەی وەك (ناو+مۆرفیمی بچوککردنەوە)وە داڕێژراون و بۆ تێگەیشتن لەواتای وشە داڕێژراوەکان پێویستە، هەم ئاگاداری ڕووبەر و قەبارە بەگشتیی بین، هەم ئاگاداری ڕووبەر و قەبارەی ناوە بنچینەییەکانی وشە داڕێژراوەکان بین. پاشان ئەو ڕۆڵەی، کە مۆرفیمە بچوککردنەوەکە

**دەیگێڕێت، ئاماژە بە ڕووبەر و قەبارەیەکی جیاوازتر بە ڕووبەر و قەبارە زانراوەکانی لای ئێمە دەدات و لە مەودای درکپێکردنی فراوانی (قەبارە)دا، یەکێك لەڕووبەرەکان ئاماژەپێدەدات، کە بچوکترە لەڕووبەری ناوە بنچینەییەکە. دەتوانرێت بەمجۆرەی مێتۆنیمی بگوترێت، مێتۆنیمیی (شوێن بۆ قەبارە" Place for Size").**

**ئەگەر دیارترین و کورتترین ناساندن بۆ مێتۆنیمی (وەستان لەبری"Stand for")بێت، ئەوا مۆرفیمە وشەدارێژەکان هەموویان لەبری واتایەکی دارێژراوی دیاریکراو لەناو مۆدێلێکی فراواندا دەوەستن، کە لەسەر بنەمای سیمانتیکیی ڕەگی وشە دارێژراوەکە بونیادنراوە. بۆ نموونە مۆرفیمی وشەدارێژی (–ەوان) لەهەرکام لەنموونەکانی (٩٠)دا:**

**(٩٠)– ئاشەوان، شاخەوان، دارەوان، باخەوان، زمانەوان....**

**دەستنیشانکەری کارای ناوێکن لەناوەکانی (ئاش، شاخ، دار، باخ، زمان...) و مۆرفیمە وشەدارێژەکە لەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە لەناو مۆدێلێکی فراوانی بۆ نموونە وەك (باخ)دا، لەبری تەنیا (کەسێك، کە ئیشی باخداریی بێت) وەستاوە. کە ئەمجۆرەی مێتۆنیمی، دیاریکراوە بەهۆی ناوێکەوە، واتە بنچینەی وشە دارێژراوەکە ناوێکە و ناوێکی دیکەی لەپرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانە و لەسروشتێکی مێتۆنیمییانەدا دیاریکردووە و بۆیدەگەڕێتەوە*.**

**کەواتە مۆرفێمە وشەدارێژەکان، واتاکانی خۆیان بەسروشتێکی مێتۆنیمییانەوە دەگەیەنن، ئەویش بەهۆی ئاماژەدان بەیەکەیەکی تایبەت و دیاریکراو لەناو مۆدێلێکی فراوانی درکپێکردندا. یاخود خستنەڕووی کۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندیی وشە بنەڕەتییەکە بەهۆی مۆرفێمە وشەدارێژەکەوە بەبێ ئامادەبوونی خودی خاسیەتەکان، یاخود خاسیەتەکان بەجۆرێك پەیوەندیدارن بە تایبەتێتییەکانی وشە بنەڕەتییەکەوە و ئەم مۆرفێمە وشەدارێژانە لە مۆدێلێکی فراواندا تەنیا ئاماژە بە پێکهێنەرێکی مۆدێلەکە دەکەن. بۆ نموونە ئاخێوەران لەڕۆڵ و ئەرکە مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکییەکەی مۆرفێمی وشەدارێژی (–یی) لە وشەکانی نموونەی (٩١) تێناگەن، ئەگەر پێشتر تێگەیشتنیان سەبارەت بە مۆدێلی درکپێکراوی (تەمەن) نەبێت:**

**(٩١)– منالّیی، لاویی، گەنجیی، پیریی....**

**لەدواتریشدا (–یی) لەناو مۆدێلەکەدا ئاماژە بەو خاسیەت و تایبەتمەندییانە دەدات، کە پەیوەندییان بە تەمەنەکانی (منالّ، لاو، گەنج، پیر)ەوە هەیە و بۆیاندەگەڕێنەوە. بەمشێوەیە ئەم مۆرفێمە وشەدارێژە**

---

* (X دیاریکراوە بەهۆی ناوێکەوە"X Characterized by Noun").

(–یی) هەڵبژێرەر و دیاریکەری پوختەیەکی دیاریکراوە لەناو بنەمایەکی فراوان(مۆدێلێکی درکپێکردنی نموونەیی) وەك (تەمەن)دا، کە ئەمەش سروشتێکی مێتۆنیمییانە بە ڕۆڵگێڕانی مۆرفۆلۆژییانەی (–یی) دەدات لە وشە دارِشتندا، بەوەی ئاماژە بەیەکێك لە پێکهێنەرەکانی ناو مۆدێلێکی درکپێکردن دەدات.

ئاشکرایە، کە لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا و سەبارەت بە وشە دارِشتن، جگە لە پاشگرەکان، پێشگرەکانیش ڕۆڵی دارِشتنی یەکەی نویٚ دەگێرِن و ئەمانیش بەهەمانشێوە واتاکانیان لە سروشتێکی مێتۆنیمییانەوە دەگەیەنن. سروشتی دارِشتنی یەکەکان بەهۆی پێشگرەوە بەپێی یاسای (پێشگر+ڕەگ) جێبەجێدەبێت، کە ڕەگی وشە دارِێژراوەکە خاوەنی چوارچێوەی سیمانتیکی تایبەت بەخۆیەتی، بەڵام لە قاڵبی وشە دارِێژراوەکەدا مێتۆنیمییانە و بەهۆی پێشگرەکەوە واتاکەی خۆیان دەگەیەنن. کە بێگومان چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی تەواو جیاواز لە وشە بنەڕەتیەکە بۆ وشە دارِێژراوەکە دروستدەکات، کە هەر ئەمەش ئامانجی پرِۆسە مۆرفۆلۆژییەکەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەرنج لە وشەکانی نموونەی (٩٢) بدەین، کە بەپێی یاسای (پێشگر (بە/بیٚ) + ناو) پێکهاتوون:

(٩٢) ا– بەڕەوشت، بەشەرم، بەهێز، بەجەرگ....

ب– بێڕەوشت، بێشەرم، بێهێز، بیٚ حەیا...

هەرکام لەنموونەکانی (٩٢–ا) بەهۆی مۆرفیٚمی وشەدارِێژی (بە–)وە ئاماژە بەتایبەتمەندییەك دەدەن، کە پەیوەستە بە وشەی بنچینەوە. بۆنموونە لە (بەڕەوشت)دا مەبەست لەو خاسیەتانەیە، کە بەهۆیەوە کەسێکی پیٚ پەسندەکرێت بە (خاوەنی ڕەوشت). بۆنموونە (ڕێزگرتن، ئیماندار، هاریکار...)، کە هەرکام لەم خاسیەتانە پێناسەی وشەی (ڕەوشت) دەکەن، کە لەکاتی بەکارهێنانی پێشگری (بە–) یاخود (بیٚ–)، کە لەنموونەکانی (٩٢–ب)دا هێنراوەتەوە، هەرچەندە کردەکە مۆرفۆلۆژییانەیە(لەڕووی ڕێزمانییەوە)، بەڵام مەبەستە واتاییەکەیان بۆ ئاماژەدانە بەکۆمەڵێك لایەنی دیکەی پەیوەندیدار  بە وشە بنچینەکەوە. بۆنموونە (بێشەرم) لە (٩٢–ب)دا، وشەی بنەڕەتیی(شەرم)، بۆ کۆمەڵێك خاسیەت دەگەڕێتەوە(ئاماژە بە کۆمەڵێك خاسیەت دەدات)، بەڵام لەکاتی دارِشتنیدا لەگەڵ پێشگری (بیٚ)دا، ڕاستەوخۆ بۆ ئاماژەدانە بە نەمانی ئەو(خاسیەتانە)ی، کە بۆ وشە بنەڕەتییەکە دەگەڕانەوە. هەروەکچۆن لە پرِۆسەیەکی دارِێژراویی دیکەدا(شەرم) لەگەڵ مۆرفیٚمێکی وشەدارِێژی وەك(–ن)دا وشەیەکی نوێی وەك (شەرمن) دادەڕێژن و بەهۆشیەوە بۆ پەسنکردنی کەسێکە، کە خاوەنداریی لەو خاسیەتانە بکات، کە بۆ (شەرم) دەگەڕێنەوە، لە (بێدەنگیی، ڕێزگرتن، کەمدویی...). لەنموونەیەکی دیکەی (٩٢–ب)دا (بێهێز) دارِێژراوە بەهۆی پێشگری وشەدارِێژی (بیٚ–)وە، لەپێناو ئاماژەدان بەچەند لایەنێکی دیکەی وەك (نەخۆشیی، لاوازیی، برسێتیی، نەبوونی دەسەڵات...)، کە ئەم چوارچێوە سیمانتیکییە بەهۆی پرِۆسە دارِێژراوییەکە و مۆرفیٚمی

وشەداڕێژی (بێ–)وە پێکهێنراوە. کەواتە پێشگرەکانیش بەهەمانشێوە وەك پرۆسەیەکی داڕێژراویی، واتا و مەبەستەکانی خۆیان لە سروشت و ستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە دەگەیەنن*.

### ٢–١/٣) ڕۆڵی مێتۆنیمی لە فۆرمە لێکدراوەکاندا

میکانیزمی دووەمی وشەداڕشتن لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، بریتییە لە لێکدانی دوو وشە/بناغە(بنچینە)، کە هەرکام لە بنچینەکان خاوەنی چوارچێوەی سیمانتیکیی تایبەت بەخۆیانن، بەڵام لە پرۆسەی داڕشتن(لێکدان لە پێناو داڕشتنی یەکەی نوێ)دا پێکەوە چوارچێوەیەکی تایبەت دیاریدەکەن. مێتۆنیمی وەك یەکێك لە میکانیزمە درکپێکراوە بڵاوەبووەکانی تەواوی ڕێزمان، لەپێکهاتەی فۆرمە لێکدراوەکانیشدا وەك ستراتیژێك بۆ گەیاندنی واتا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. بەهەمانشیوە ڕێبازی لێکدان لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە لە بونیادنانی یەکە نوێکاندا. لەو بونیادنان و داڕشتنانەشدا لەڕووە سیمانتیکییەکەوە، چوارچێوەیەکی جیاواز بەبەراورد بە چوارچێوە سیمانتیکییەکانی یەکە پێکهێنەرەکان دروستدەبێت و بەستراتیژێکی میتۆنیمییانەوە واتاکان دەگەیەنن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر باسەرنج لەنموونەکانی (٩٣) بدەین:

(٩٣) ا– بەخت ڕەش، دەموچاو، تەختەسڕ...

ب– قۆڵبڕ، چوارچاو، چاوپیس، ڕووڕەش...

(بەخت ڕەش) لە (٩٣–ا)دا لەدوو پێکهاتەی سەربەخۆ و بەهۆی یاسای (ناو+ئاوەڵناو)ەوە پێکهاتووە. هەرکامیان خاوەنی چوارچێوەی سیمانتیکی تایبەت بەخۆیانن. لەڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە، هەردوو چوارچێوە سیمانتیکییەکە ئاوێتەبوون و چوارچێوەیەکی نوێ بەهۆی پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانەوە پێکهێنراوە، کە ئەم چوارچێوەیە کۆمەڵێك لایەنی پەیوەستی نەهاتوو بە پێکهێنانە نوێکەوە دەگرێتەوە و ئەم پرۆسە لێکدراوییەش لەپێناو ئاماژەدان بەم لایەنە نەهاتووانە پێکهێنراوە، کە (بەخت ڕەش) لەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە واتاکەی دەگەیەنێت و ئاماژە بە چەند خاسیەت و لایەنێکی

---

* لەڕاستیدا ژمارەیەکی زۆری یاسای وشەداڕشتن لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا لەپێناو داڕشتنی یەکەی نوێدا بەکارن. بەڵام بەهۆی ئەوەی، کە لێرەدا زیاتر مەبەست و تیشك لەسەر ستراتیژە مێتۆنیمییەکە و سروشتی دەسەڵات و بەکاربردنییەتی لە پرۆسەی وشەداڕشتندا، هەربۆیە ناتوانرێت ئاماژە بەتەواوی یاساکان بدرێت. بەواتایەکی تر، مەبەست لێرەدا مێتۆنیمییە، وشەداڕشتن وەك بەڵگە و ئامڕاز هێنراوەتەوە بۆ سەلماندنی بەکاربردنی ستراتیژی مێتۆنیمی لەم ئاستەی ڕێزمانیشدا. ئەمە بەهەمانشێوە بۆ شیکردنەوەی فۆرمە لێکدراوەکانیش ڕاستە. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە یاساکانی وشەداڕشتن لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، بڕوانە: ا– ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧) و (١٩٧٩). ب– محەمەدی مەحویی (٢٠١٠). پ– ڕەفیق شوانی (٢٠١١).

نەهاتووی وەك (سەرنەكەوتن لەكاردا، زیانكردنی مادی، لەدەستدانی كەسوكار، بەسەرهاتی ڕووداوی ناخۆش بەگشتی...) دەدات، كە لەبنچینەدا ئەم خاسیەتانە دەبنە هۆی پێكهێنانی چوارچێوەی سیمانتیكیی (بەخت ڕەش) و پرۆسە لێكدراوییەكەش لەپێناو ئەمانەدا پێكهێنراوە. بەو واتایەی، كە (بەخت ڕەش) لە هەر بەكارهێنانێكی تایبەتیدا و بەهۆی واتای هەمانكاتییەوە ئاماژەدانە بەیەكێك لە پێكهێنەری چوارچێوە سیمانتیكییەكەی خۆی، بۆنموونە پەسنكردنی كەسێك بە (بەخت ڕەش)، لەكاتی (بەسەرهاتی ڕووداوی ناخۆش)دا. بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی كاركردنی مێتۆنیمییانەی (بەخت ڕەش)، بەراورد دەكرێت بە نموونەكانی (٩٤):

**(٩٤)- چاوشین، باڵابەرز، سەرزل**

كە بەهەمانشێوە بەپێی یاسای (ناو+ئاوەڵناو) پێكهاتوون، بەڵام واتایەكی نا مێتۆنیمیانەیان هەیە و لەبری هیچ خاسیەت یان لایەنێكی نەهاتووی ناو چوارچێوە سیمانتیكییەكەی خۆیان نەهاتوون. بو نموونە (چاوشین) لە (٩٤)دا، نامێتۆنیمییانە بۆ هەركام لە (چاو) و (شین) دەگەڕێتەوە. هەروەها (باڵابەرز)، ئاماژە بەمەوداكانی هەركام لە (باڵا) و (بەرز) دەدات و (سەرزل)یش ڕاستەوخۆ بۆ ئاماژەدانە بە هەركام لە ناوی(سەر) و ئاوەڵناوی (زل). لەكاتێكدا (بەخت ڕەش)، بۆئاماژەدانە بەچەند لایەنێكی دیكەی نەهاتوو، كە چوارچێوە سیمانتیكییەكەی پێكدەهێنن. بەواتایەكی تر، لە (بەخت ڕەش)دا، ئاماژە بەشتی دیكە دەدرێت، زیاتر لەوەی مەبەست لە هەركام لە(بەخت) و (ڕەش) بێت.

لەڕوانگەیەكی دیكەشەوە بەهۆی خاسیەتی (وەستان بۆ"Stand for")ی مێتۆنیمییەوە، (دەموچاو) هەر لەنموونەی (٩٣-ا)دا، كە لەڕووی پێكهاتنەوە لە (ناو + و + ناو) پێكهاتووە، لەبری چەند پێكهێنەرێكی دیكەش دەوەستێت، وەك لەنموونەی (٩٥)دا دەخرێتەڕوو:

**(٩٥)- دەموچاوت بشۆ.**

گرتنەوەی تەواوی پێكهاتەكانی وەك (لوت، دەم، ناوچەوان، چەناگە، ڕوومەت، چاو) بەهۆی پێكهێنان و لێكدانی (دەم)و(چاو)ەوە لە(دەموچاو)ی نموونەی (٩٥)دا، بۆخۆی پەیڕەوكردنی سروشتێكی مێتۆنیمییانەیە لەگەیاندنی واتادا. چونكە مەبەست لە (دەموچاو)ی نموونەی (٩٥)، تەنیا هەركام لە (دەم) یان (چاو) نییە، بەڵكو مەبەست لە (ڕووخسار/وجە"Face")ە. كەواتە لە (دەموچاو)دا، بەكاربردنی ستراتیژی مێتۆنیمییە لە گەیاندنی واتادا، كە خودی پێكهاتەكە(دەموچاو)، لەپرۆسەیەكی مۆرفۆلۆژییانەی وشەدارشتندا پێكهێنراوە، بەڵام لەڕووانگە واتاییەكەوە، سروشتێكی دركپێكراوانەی زمانییانەی پەیرەوكردووە، ئەویش بەهۆی دركپێكردن بە گرتنەوەی تەواوی ڕووی مرۆڤ، تەنیا بەهۆی پێكەوەبەستنی هەركام لە (دەم) و (چاو) لەیەك پێكهاتەی لێكدراودا. كەواتە (دەموچاو) لە دوو قۆناغی

بەکاربردنی مێتۆنیمییانەدایە، بەوەی جارێك لەبری(ڕووخسار) بەکاردەهێنرێت و جارێکیش لەبری تەواوی مرۆڤ(وەك لەنموونەی -٤٠-دا خراوەتەڕوو) بەشێوەی مێتۆنیمیی هەمەکیی(بەوەی بەشێك ڕۆڵی گەیشتن بە گشت دەبینێت). چوارچێوەی سیمانتیکیی(دەموچاو) لەهەر بەکارهێنانێکی مێتۆنیمییانەیدا، لە خشتەی (٣)دا دەخرێتەڕوو:

**دەموچاو**

| | | |
|---|---|---|
| دەم، چەناگە، ڕوومەت، ناوچەوان، لوت، چاو | بەکارهێنانی مێتۆنیمییانەی (دەموچاو) لەجۆری مێتۆنیمیی هەمەکیی (بەش بکەوێتە بری گشت) | بەکارهێنانی مێتۆنیمییانەی (دەموچاو) لەجۆری مێتۆنیمیی هەمەکیی (بەش بکەوێتە بری گشت) |
| | ڕوو | مرۆڤ * |

**خشتەی (٣)**

**چوارچێوەی سیمانتیکیی (دەموچاو)**

بەهەمانشێوە (تەختەسڕ) هەر لەنموونەی (٩٣-ا)دا، بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك کەرەستەی پێکهێنەری تەواوی ئامێرەکە(تەختەسڕ) بوونیان هەیە، لە (پارچە تەختەیەك، دەسکێك، ئیسفەنج...)، بەڵام لەپرۆسەی پێکهێنانە مۆرفۆلۆژییەکەدا بە یاسای (ناو+ڕەگی کار)، (تەختەسڕ) پێکهێنراوە و لەبری تەواوی پێکهێنەرەکانی دیکەش دەوەستێت و هەموو پرۆسەکە(سڕینی تەختە) لەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە دەگرێتەوە.

سەرەڕای ئەو پێکهاتە لێکدراوانە، هەندێك پێکهاتەی دیکەش لەپرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانەی، هەم لێکدراو هەم داڕێژراودا پێکهێنراون و ئەمانیش بەهەمانشێوە بەڕەهەندێکی مێتۆنیمییانەوە پەیوەستن. بەواتایەکی دیکە، یاساکانی پێکهاتنیان هەم لێکدراوییە و هەمیش بەیاریدەی پاشگرێکی داڕشتن تەواوی بونیادەکەیان پێکهێناوە و لەڕووە سیمانتیکییەکەشەوە، مێتۆنیمییانە دەستنیشانی واتای کۆتایی و گەیەنراو و مەبەست دەکەن. نموونەکانی (٩٦) یاساکانی پێکهاتنیان لە (ناو+ڕەگی کار+ەر) پێکهاتووە:

(٩٦)- ڕاوکەر، شەڕکەر، نوێژکەر، یاریکەر، سواڵکەر...

---

* بۆ ئەم جۆرەی بەکارهێنان، بڕوانە نموونەی (٦٠) و شیکردنەوەکانی لە (٢/٢-٣)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لا (١٢٤-١٣٠).

لەنموونەکانەوە دەردەکەوێت، کە ئەم پێکهاتانە ئاماژە بە سێ لایەنی بەشداربووی بونیادەکە دەکەن. بەڵام مەبەستە مێتۆنیمیيانەکە لێرەدا، جارێکیتر خۆی لە دیاریکردندا دەبینێتەوە. بەو واتایەی لە (ڕاوکەر)دا، (کەسێك، کە خەریکی کردەی ڕاوکردن بێت) دیاریدەکەن، ئەمەش ئاماژەدانە بە ئەو کردە و چالاکییانەی، کە بەهۆی پاشگری وشەداڕێژی (-رە)ەوە بۆ پیشەکە (ڕاو) دەگەڕێنەوە و کردەکان، کە لە (ڕەگی کاری کردن)دا تواونەتەوە، بەهۆی (-ەر)ەوە، بۆ پیشەکە (ڕاو) دەگەڕێنەوە و بەجۆرێك پەیوەستن پێوەی. پوختەی ئەم بیرە لە هێڵکاریی (٤٢)دا دەخرێتەڕوو:

ڕاوکەر

(کەسێك، کە خەریکی کردەی ڕاوکردنبێت)

ەر

دەستنیشانکەری کارای پیشەگەر

پیشە، کردە/چالاکیی

ڕاو ، کردن

شەڕ، کردن

نوێژ، کردن،

یاری، کردن،

سواڵکردن، نانکردن....

**هێڵکاریی (٤٢)**

**دەستنیشانکەری پیشە بە هۆی پاشگری (-ەر)ەوە**

لەلایەکی دیکەشەوە، چەندان پێکهاتەی دیکە هەن، وەك لەنموونەکانی (٩٣-ب)دا خراونەتەڕوو، کە بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی بەربڵاوە و لەسەر هەمان یاساکانی وشەداڕشتن لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا پێکهاتوون. بۆنموونە (قۆڵبڕ)، کە لە (٩٣-ب)دا خراوەتەڕوو و لەسەر یاسای (ناو+ڕەگی کار) پێکهاتووە، بەڵام واتاکەی ئیدیۆمانە دەگەیەنرێت و بەهۆی بەربڵاوی و زۆریی بەکارهێنانیانەوە، واتاکانیان لەواتای پێکهێنەرەکانییانەوە پێشبینی ناکرێت[١]. بۆنموونە وشەی لێکدراوی (قۆڵبڕ)ی (٩٣-ب) لەڕووی بەکارهێنان و ئاخاوتنەوە لە نموونەی (٩٧)دا دەخرێتەڕوو:

---

[١]- لەڕووی گەیاندنی واتاوە، هەموو ئیدیۆمەکان سروشتێکی مێتۆنیمییانەیان هەیە و لەمڕووەوە بەبەش و جۆرێك لە مێتۆنیمی دادەنرێن. سەبارەت بە ئیدیۆم بڕوانە: - شیلان عومەر حسێن (٢٠٠٩).

**(٩٧)– پیاوێکی قۆڵبڕە.**

**لە (قۆڵبڕ)ی (٩٧)دا، نە (قۆڵێك) لەئارادایە، نە (بڕینێك). بەڵکو هەردوو بەشە پێکهێنەرەکەی وشە لێکدراوەکە لەقاڵبی ئیدیۆمێکدا، مێتۆنیمییانە ئاماژە بە (فرت و فێڵ و تەڵەکەبازیی) دەدەن و چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی تایبەت بە (قۆڵبڕ)یان پێکهێناوە، کە (قۆڵبڕ) دەبێت بە مەودای سەرچاوە و هەرکام لە (فرت و فێڵ و تەڵەکەبازیی و ساختەچییەتیی) دەبن بە مەوداکانی مەبەست و ئەمەش نموونەیترین و دیارترین سروشت و هۆهاندەرە مێتۆنیمییانەکەی پشت پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکەی زمانە لە دارشتنی وشەدا. لەڕوانگەیەکی دیکەشەوە، چەشنی پێکهاتنی مێتافۆرییانەیە (لەسەر بنەمای لێکچوون)، بەو واتایەی، کەسێك، کە ساختەچی و فێڵبازبێت، بەراورد دەکرێت بە کەسێك، کە بە فیزیکی (قۆڵ/باسك)ی کەسێکی تر ببڕێت و گەیاندنی واتای کۆتایش مێتۆنیمییانەیە و ئەم دیاردەیەش پێیدەگوترێت (مێتافتۆنیمی)[1]. بەهەمانشێوە نموونەکانی (چوارچاو، ڕووڕەش، چاوپیس)، کە لە (٩٣–ب)دا هێنراونەتەوە، گەیاندنی واتاکانیان مێتۆنیمییانەیە و لەپرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانەشدا دارێژراون(سروشتی پێکهاتن و دارشتنەکەیان لە مۆرفۆلۆژیدا)، بەڵام لەکاتیگۆرییەکی تایبەتی زمانیدا(ئیدیۆم) شوێنی خۆیاندەگرن. بەکورتی، لەڕوانگەی هێنانەوە و بەکارهێنانی چەمکێك لەبری چەمکێکی تر، ئەوا تەواوی ئیدیۆمەکانی زمان لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی درکپێکراوی مێتۆنیمییانەدا ئاماژەیان پێدەدرێت، چونکە ئەوەی ئاشکرایە لە ئیدیۆمەکاندا ئەوەیە، کە فۆڕمێك دەهێنرێتەوە و دەردەبڕرێت و لەهەمانکاتدا بەهیچ جۆرێك مەبەست لە واتا ناوەکییەکانی خودی فۆڕمە هێنراوەکان نییە، بەڵکو تەواوی پێکهێنەرەکانی پێکهاتە ئیدیۆمییەکە پێکەوە ئاماژە بەواتایەکی دیکە دەدەن. وەك لەنموونەکانی (٩٨)دا دەخرێتەڕوو:**

**(٩٨) ا– لەگوێی گادا نووستووە. بێئاگایی**

**ب– ئەسپێ لە باخەڵیا، سەوزەڵە خانم ئەڵێ. نەداریی لەڕووی ئابوورییەوە**

**هەروەکچۆن لە کاتی بەکارهێنانی(هەڵەبجە)دا، کاتێك مەبەست لە ڕووداوی (کیمیاباران)بێت، وەك ئەو بەکارهێنانەی (هەڵەبجە) لەنموونەی (٥١)دا، کە مێتۆنیمییانە بەکارهێنانی (هەڵەبجە)یە[2]. ئیدیۆمەکانیش هەمان سروشتی مامەڵەکردن دەیانگرێتەوە. واتە تێگەیشتنێکی مێتۆنیمییانە خۆیدەسەپێنێت بەسەر**

---

[1]– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە مێتافتۆنیمی، بڕوانە (٢/٣–١)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لا (١٤٣–١٥٧).

[2]– بۆ شیکردنەوەی زیاتر سەبارەت بەم جۆرەی بەکارهێنانە مێتۆنیمییەکان، بڕوانە (٢/١–١)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لا(١٠٦–١١٠).

ئیدیۆمەکاندا و لەو ڕوانگەیەوە، ئیدیۆمەکان مێتۆنیمییانە واتاکانی خۆیان دەگەیەنن. هەندێکجاریش پێکهاتە و فۆڕمی ئیدیۆمەکان لەسەر بنەما و یاسای مۆڕفۆلۆژییانە بونیادنراوە.
لەبەکارهێنانی زمانیدا هەندێك پرۆسەی دیکە بەرچاو دەکەون، لەوانە (کورتکردنەوەی وشە و کردنی بە هێما/ئەبریڤییەیشن)، کە دەتوانرێت بە کردەیەکی مۆڕفۆلۆژییانە لەقەڵەم بدرێت، چونکە خۆی لە وەرگرتنی پیتێکی دیاریکراوی وشەیەکدا دەبینێتەوە و وەك هێما بەکاردەهێنرێت لەبری تەواوی وشەکە. یان بەکارهێنانی بەشێك لەفۆڕمی وشەکانی شتێکە لە بری هەموو فۆڕمی وشەکانی شتەکە. کە ئەمەش لەڕوانگەی بەکارهێنانی شتێك بۆ شتێکی تر یان وەستانی شتێك لەبری شتێکی تردا دەتوانرێت ئاماژەی پێبدرێت. بۆنموونە (UN) لەبری (United Nation)، یاخود (ناتۆ)، کە کورتکراوە و وەرگیراوی پیتەکانی (North Atlantic Treaty Organization)ە.هەورەها (USA) لەبری ( United State Of America) بەکاربردنی ئەم ستراتیژە زمانییە (ئەبریڤییەیشن) لە زمانی کورردیدا، لە چەند نموونەیەکی وەك (٩٩)دا دەخرێنەڕوو:

(٩٩) ا- پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان)

ب- یا نون کاف (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، یاخود (ی.ن.ك) لە زمانی نووسیندا.

پ- پ.د.ك (پارتیی دیموکراتیی کوردستان).

هەرچەندە ئەم شێوازەی بەکارهێنان زیاتر لە زمانی نووسیندا بەکاردەهێنرێت و بەرچاو دەکەوێت، بەڵام مەبەست لێرەدا گەیاندنی واتاکەیەتی لە ڕووانگەیەکی مێتۆنیمییانەوە[١].
لەمڕوانگەیەوە و بەهۆی نموونە هێنراوەکان و شرۆڤەکانییانەوە، دەردەکەوێت، کە مێتۆنیمی ڕۆڵ و کاریگەرییەکی فراوانی لە پێکهێنانە مۆڕفۆلۆژییەکاندا هەیە. تا ئەو ڕادەیەی، کە "ناتوانرێت لە بونیادنانەکانی مۆڕفۆلۆژی تێبگەین، بەبێ پەنا بردن بۆ مێتۆنیمی"[٢]. ئەمەش خۆی لە ئامادەیی و پێگە و ڕۆڵی مێتۆنیمیدا دەبینێتەوە، وەك توانایەکی درکپێکراو و ستراتیژێکی بەربڵاوی زمانییانەی ئاخێوەران لەتەواوی بونیادنانە ڕێزمانییەکاندا، کە بەم هۆیانەوە ڕێزمان بە پرۆسەیەکی چەمکییانە دەناسرێت، کە لە چوارچێوەی توانایەکی دیکەی درکپێکراوی فراوانتردا(زمان)، تەواوی پێکهێنانە ڕێزمانییەکانیش

---

[١] - بۆ زانیاریی زیاتری بەکاربردنی زمان لەمڕوانگەیەوە(ئەبریڤییەیشن) و شیکردنەوەی لەڕوانگە مێتۆنیمییەکەوە، بڕوانە:
– Campo J. L. O. , Ferrando I. N. and Fortuño B. B. (2005:16-20).
[2]– Nesset T. (2010:263).

جێبەجێدەبن. بەمشێوەیە مەبەست لە ڕۆڵی مێتۆنیمی لە وشەدارشتندا، لێکدانەوە و شیکردنەوەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکانە لە خاسیەتە مێتۆنیمییەکەوە، کە هەم مێتۆنیمی و هەم تەواوی لایەنە زمانییەکانی دیکەش لەگۆشەنیگای توانای درکپێکردنی ئاخێوەرانەوە لێیاندەڕوانرێت لە بونیادنان و دارشتنی پێکهاتە نوێکاندا.

## ٢/٣) دارشتەی مێتۆنیمییانەی ڕستە

زانستی زمانی درکپێکردن وەك دامەزراوەیەکی فراوان زمان پێشنیازدەکات، کە جیاوازنییە لەزانینەکانی دیکەی مرۆڤ و دامەزراوەیەکی تایبەت و سەربەخۆنییە، بەڵکو بارگاوییە بە تەواوی بەرکەوتنەکانی دیکەی مرۆڤ و لەسەر ئەمان بونیاد دەنرێت و دواتریش زمان گوزارشیان لێدەکات. لەمپێناوەشدا بەچەند گریمانە و تیۆرییەك زمان و لایەنە پێکهێنەرەکانی زمان شیدەکاتەوە، کە پەیوەستدارییەتی ڕاستەوخۆیان بەتەواوی ڕەهەندە ناوەکیی و دەرەکییەکانی زمانەوە هەیە.
زانستی زمانی درکپێکردن، کە لە (سیمانتیکی درکپێکردن و ڕێزمانی درکپێکردن)[١] پێکدێت، شرۆڤەیەکی درکپێکردنانە بۆهەرکامیان بەپێویست دەزانێت، بەمشێوەیەش تەواوی زمان و پرۆسەکانی لەڕوانگەیەکی ئاوەزدارییی درکپێکردنانەوە شیدەکاتەوە. ئەوەش خرایەڕوو، کە ناوەڕۆکی جەختکردنەوەکانی ئەم قوتابخانەیە لەتەواوی لایەنە پێکهێنەرەکانی زماندا سەبارەت بە واتایە، تا ئەو ڕادەیەی، کە تەنانەت لقە ڕێزمانییەکەی زانستی زمانی درکپێکردنیش وەك سیستەمێکی بەچەمککراو لێیدەڕوانرێت و بەرهەمی ئەم سیستەمەیە. "ڕێزمان تەنیا بەشێکی بنچینەیی نییە لە زانین"Cognition"، بەڵکو دەبێتە کلیلێکیش بۆ تێگەیشتن لێی"[٢]. ئەم گریمانە و تێڕوانینانە لەڕێزمانی زمان، تیۆریی (ڕێزمان سیستەمی بەچەمککردنە)ی لە زانستی زمانی درکپێکردندا لێکەوتەوە[٣].
ئەم لقەی زانستی زمانی درکپێکردن (ڕێزمانی درکپێکردن)، لەلایەن (ڕۆناڵد لانگەکەر)ەوە خرایەڕوو و گەشەپێدرا و تائێستاش سەرنج و تێڕوانینی تازەی لەمڕووەوە لەچێوەی قوتابخانەکەدا دەخاتەڕوو. بەگشتی (لانگەکەر) لەڕێزمانی درکپێکردندا بەتەواوی بۆ خستنەڕووی یاسا و ڕێساکانی ڕێزمانێکی درکپێکراوە و پەیوەندیدارییی و نەپچڕاوی ئەم ڕێزمانەیە بە لایەنە گشتییەکانی دیکەی زانینی مرۆڤەوە.

---

[١]– لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەچڕی سەبارەت بە هەرکام لەلقە پێکهێنەرەکانی زانستی زمانی درکپێکردن خرایەڕوو. بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە لا(١٥–٥٥)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[2]– Langacker R. (2008:4).

[٣]– بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم تیۆرییەی قوتابخانەکە، بڕوانە پاری یەکەمی بەشی یەکەم، لا ( ١٥– ٢٤).

"زمان پەنا بۆ زۆرێك لەسیستەمە درکپێکردنە گشتییەکان و توانا ئاوەزییەکان دەبات و ناتوانرێت بەوردی و دیاریکراوی لەوان جیابکرێتەوە"[1]، بۆنموونە ڕێکخستنی یەکە و قاڵبی ڕێزمانیی یەکەکانی ڕستەیەك، لەڕوانگەی چەندان لایەنی دیکەی درکپێکردنی مرۆڤەوە بونیاد دەنرێت،باسەرنج لەنموونەکانی(١٠٠) بدەین:

(١٠٠) ا- **باڵندەکە لەناو قەفەزەکەدایە.** نموونەی بنچینەیی ڕستەی زمانی کوردیی.

ب- **قەفەزەکە باڵندەکەی تێدایە.** یەکێك لە خواست و توانای هەڵهێنجانە جیاوازەکانی نموونەی(١٠٠-ا).

پ- * **قەفەزەکە دەوری باڵندەکەی داوە** لەسەر بنەمای درکپێکردنێکی لاواز بونیاد نراوە، چونکە کاری قەفەز دەورەدانە.

ت- **کۆترەکە لەئاسماندایە.**

ج- * **ئاسمان بەدەوری کۆترەکەدایە** (ئاخێوەران لەڕوانگەی بەهەندوەرگرتنی قەبارە و سروشتی هەرکام لە (ئاسمان) و (کۆتر)ەوە دەربڕینیان نەبووە، چونکە بونیادی ڕێزمانیی پەیوەست دەبێتەوە بە زۆرێك لە لایەنە نازمانییەکانی دیکەش و لەڕوانگەی ڕێزمانی درکپێکردنەوە، درکپێکردنێکی گشتی ڕۆڵی لە داڕشتن و بونیادنانە ڕێزمانییەکاندا دەبێت. کە یان ئەو درکپێکردنە هەیە و سەرئەنجام ڕستەکان واتا و ڕێزمان ڕاستدەبن. یاخود هەر لەبنەڕەتەوە ئەو درکپێکردنە گشتییە نییە و وەك نموونەی (١٠٠-ج) ڕستەیەکی نا لۆژیکیی بەرهەمدێت).

ئەوە درکپێکردنی ئاخێوەرانە(لەدەرەوەی تەواوی سیستەمی زمانیی) بەهەرکام لە (**قەفەز، باڵندە، کۆتر، ئاسمان**) و داڕشتنی قاڵبی ڕستەکان و دیاریکردنی جێکەوتە و پێش و پاشی یەکە پێکهێنەرەکان، کە هەر ئەو درکپێکردنەشە ڕێگا بە ڕستەکانی (١٠٠-ا، ب، ت)دەدات و ڕێگا بە گۆڕانکارییەکانی لەجۆری(١٠٠-پ) و (١٠٠-ج) نادات و ڕستەکان بە نالۆژیکیی دادەنرێن. ئەمەش لەڕوانگەی لەبەرچاوگرتنی تواناکانی بەشداربوانی ئاخاوتن، کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە (ا)-دەرکردە زمانییەکانی نموونەی(١٠٠) و(ب)- شێواز و قاڵبی ڕێزمانیی ڕستەکان. ئەگەر سەرنج لە نموونەی(١٠٠-ا) بدەین، ئەوا لەدەرەوەی زانیارییە زمانییەکان، لۆژیکیی بوونی ڕستەکە، لەسەر بنەمای گونجاویی توانای درکپێکردنی ئاخێوەران بونیادنراوە. لەکاتێکدا نموونەی(١٠٠-ب) زیاتر بەهۆی درکپێکردن بە گرنگیی (قەفەز) وەك لە باڵندە بونیادنراوە. هەروەکچۆن لە (١٠٠-ت)شدا زیاتر گرنگی بە

---

[1]– Langacker R. (2009:40).

شوێنی (کۆترەکە) دراوە. بەڵام نالۆژیکیی بوونی هەرکام لە (١٠٠-پ، ج) بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەدەرەوەی سیستەمە گشتییەکەی درکپێکردنی مرۆڤ پێکهێنراون.

بەمشێوەیە سیستەمی درکپێکردنی مرۆڤ تەنیا لە دارشتنی هێماکان و بونیادە مێتۆنیمی و مێتافۆڕییەکاندا قەتیس نابێت، بەڵکو تەواوی بونیادە ڕێزمانییەکانیش دەگرێتەوە بەسەرجەم پێکهێنەرە ناوەکییەکانی ڕێزمانەکەشەوە، کە دەشێت لە بونیادە ڕێزمانییەکانیشدا (کە لەسەر بنەمای سیستەمێکی درکپێکراو بونیاد نراون) یەکە و پێکهێنەری درکپێکراوی دیکە (لەنموونەی مێتۆنیمی و مێتافۆڕ) بونیان هەبێت. بەڵام ئەو خاڵەی، کە تێیدا بەسەرنجێکی فراوانەوە لەمێتۆنیمی بڕوانرێت، گریمانەی هێنانەئارای ڕێزمانێکە، کە بەتەواوی بە ڕێزمانی مێتۆنیمییانە بناسرێت. واتە ئەو قۆناغەی، کە ڕێزمان سروشتێکی مێتۆنیمییانەی لەبونیادەکەیدا پەیڕەو کردبێت، ئەمەش ڕاستەوانە سەلمێنەری ئەو گریمانەیەیە، کە سیستەمی ڕێزمانیی، تەنیا لە ناوەڕۆکە زمانیی و ڕێزمانییەکان پێکنەهاتووە، بەڵکو (هۆهاندەر"Motive")ی دیکەی جیا لە تایبەتێتییە ڕێزمانییەکان بەتەنیا ڕۆڵیان هەیە لە نەخشاندن و بونیادنانی قاڵبە ڕێزمانییەکاندا، کە (جۆن تایلەر"John Taylor") بە (نواندنی درکپێکردن"Cognitive Representation/CR") ئاماژەیان پێدەدات. "یەکە ڕێزمانییەکانی ڕستەیەك زۆرێك لە دروستەی نواندنی درکپێکردن دیاریدەکەن، لەوکاتەیدا کە یەکە لێکسیکییەکان (فەرهەنگییەکان) پێکەوە زۆرینەی ناواخنی بونیادەکە دابیندەکەن"[١].

بەمشێوەیە دەشێت ڕێزمانی درکپێکردن بەهۆی نواندنێکی درکپێکردن(CR)ی وەك مێتۆنیمییەوە بونیاد بنرێت(ڕێزمانەکە سروشتێکی مێتۆنیمییانەی هەبێت) و لە دوایشدا ڕێزمانێکی مێتۆنیمییانە، کە لەسەر بنەمای تایبەتێتییەکانی مێتۆنیمی بێت، لەڕوانگەی شرۆڤەکانی زانستی زمانی درکپێکردنەوە هەم بۆ ڕێزمان و هەم بۆ مێتۆنیمیش دێتە ئاراوە.

لەسەر بنەمای تایبەتێتییەکانی مێتۆنیمی لەڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، لەڕێزمانی درکپێکردنیشدا، سروشتێکی مێتۆنیمییانە لەقاڵب و ڕێکخستنی ڕێزمانیی ڕستەکاندا بەدیدەکرێت بەجۆرێك، کە هەرکام لەمەوداکانی سەرچاوە و ئامانج بوونیان دەبێت و تەواوی ڕستەی دەربڕراو وەك مەودای سەرچاوە ئاماژە بەمەودایەکی دیکە دەدات، کە هەر لەناواخنی ڕستەکاندا درکپێکراوە و بەمەودای مەبەست ئاماژەی پێدەدرێت، کە ڕستەکان وەك مەودای سەرچاوە ئەرکە مێتۆنیمییەکە لە بونیادنانە ڕێزمانییەکاندا بەجێدەگەیەنن، بەڵام مەودای مەبەستی بونیادنانەکە دەشێت سەرتاپای

---

[1]– Geeraerts D. (2006:69).

**ڕستەکە یان بەشێکی بگرێتەوە، بەو واتایەی، کە لەبارێکدا ڕستەکە وەك گشت بۆ مەودای مەبەست بگەڕێتەوە، لەبارێکی دیکەدا و لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە (Blending Theory) تەواوی ڕستەکە ئاماژە بەپێکهێنەرێکی دیکەی بونیادنانەکە دەکات، کە بەشێکە لێی و لە قاڵبی ڕێزمانیی ڕستەکەشدا بوونی نییە، بەڵام بەهۆی ئاوێتەبوونی یەکەکان و بوونی کۆزانیاریی پاشخانی ئاخێوەران لەمڕوانگەیەوە(ئاوێتەبوون)، درك بە لایەنە نەهاتووەکانی ناو ڕستەکان لەسروشتێکی مێتۆنیمییانەوە دەکرێت[١]. بۆ ڕوونکردنەی ڕۆڵی ئاوێتەبوون لە بونیادنانە ڕێزمانییەکانی ڕێزمانی درکپێکردندا لەڕوانگە مێتۆنیمییەکەوە، با لەنموونەی (١٠١) بڕوانین:**

**(١٠١)- ئازاد باوکی کاروانە.**

**ڕێزمانی مێتۆنیمییانە لەڕوانگەی تیۆریی ئاوێتەبوونەوە بە (بونیادنانیX Y Z، "** X Y Z Construction") **ناسراوە. واتە "(X، Y)ە بۆ Z)/ Z X is Y for "**[٢]**. ئەگەر لەمڕوانگەیەوە نموونەی (١٠١) شیبکرێتەوە، ئەوا بەمشێوازەی خوارەوە دەبێت:**

**ئازاد باوکی کاروانە.**

X Y Z

(X) (Y)ە بۆ (Z)

(X= **ئازاد**)، (Y= **باوك**)، (Z= **کاروان**)، (W= **بانگهێشتنەکراو (کوڕ)**)

X **هاوتایە بە** Y، Z **هاوتایە بە** W

**کۆپەیوەندیی** (Y–W) **بەپڕۆژەکراوە لە ئاوێتەکەدا.**

**کۆپەیوەندیی** (X–Z) **دەرکەوتووە.**

**لەڕوانگەی شیکردنەوەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە ئاوێتەبوونەکە لەنێوان (کوڕ، باوك)دایە و لەکاتی بەپڕۆژەکردنیاندا، تەنیا (باوك) هاتووە و بەهۆی ئەم ئاوێتەبوونەشەوە (باوك) مێتۆنیمییانە واتای (کوڕ)یش دەگەیەنێت، بەو واتایەی، کە نموونەی (١٠١) ڕاستەوانە و مێتۆنیمییانە واتای (کاروان کوڕی ئازادە)ش دەگەیەنێت، کە لەم نموونەیەیاندا (کوڕ) واتای (باوك)یش دەگەیەنێت بەهۆی ئاوێتەبوونەوە و**

[١]- بۆ زانیاریی زیاتر لە ڕوانگەی ئاوێتەبوونی مێتۆنیمییانە لەڕێزمانی درکپێکردندا بڕوانە:

**a**- Fauconnier G. and Turner M. (2002: 139-170). **b**- Evans V. and Pourcel S. (2009:161-181).

[2]– Fauconnier G. and Turner M. (2002: 142).

بەشێوازێکی مێتۆنیمییانە، لەکاتێکدا لە نموونەی (١٠١)دا هیچ ئاماژە بە (کوڕ) نەکراوە، بەڵام (ئازاد) وەك بەها و نرخی (باوك) و (کاروان) وەك بەها و نرخی (کوڕ) ڕۆڵدەگێڕن و چوارچێوەیەکی سیمانتیکی بۆ نەخشەکێشانێك لەجۆری(باوك–کوڕ) دروستدەکەن و بەهۆی ئاوێتەبوونی چوارچێوە سیمانتییەکەی (باوك، کوڕ) لە خاڵی (دەرکەوتنی هەڵبژاردن)دا تەنیا (باوك) بەپڕۆژە کراوە. بەجۆرێکی تر، ئەگەر لەهەمان ڕستەدا (کوڕ) بەپڕۆژە بکرێت، ئەوا (کاروان کوڕی ئازادە) بونیاد دەنرێت. مەبەستە مێتۆنیمییەکە لەنموونەی (١٠١)دا ئاماژەدانە بە (کوڕ)یش وەك پێکهێنەرێکی نەهاتووی ناواخنی نموونەی (١٠١).

بەمشێوەیە "ئەوە هەڵهێنجانی مێتۆنیمییانەی (Y)ە، کە دیاریکراوە لە لایەن هەڵهێنجانێکی قوڵتری (W)ەوە و ئەو پەیوەندییەی، کە لەنێوانیاندایە"[1]. ئەم ڕوانینە لەڕێزمان سروشتێکی مێتۆنیمییانەی درکپێکردنانە بە بونیادە ڕێزمانییەکان دەبەخشێت، کە بەهۆشیەوە شرۆڤە ڕێزمانییەکان تەنیا ناوەڕۆکی ڕستەکان و بونیادنانەکان ناگرنەوە، بەڵکو ئەو هۆکارەشی، کە دروستەیەکی بەوشێوەیەی لێدەکەوێتەوە، ڕەهەندێکی لێکدانەوەکان پێکدەهێنێت. بەواتایەکی تر، ڕێزمان لە داڕشتنیدا مێتۆنیمییانەیە، هەر بۆیە لە تێگەیشتنیشماندا بۆی جارێکیتر مێتۆنیمییانە دەبێت. بەمەش ئاوێتەبوون هەم بنەمای داڕشتنە و هەم لێکدانەوە و هەم ئەنجامەکەشی ئابوریکردنە لە زماندا.

لەو ڕوانگەیەوە، کە تەواوی زمان وەك دیاردەیەکی درکپێکراو بۆ ئاخێوەران ڕۆڵدەگێڕێت، هەربۆیە دەبێت ڕەگەز و یەکە پێکهێنەرەکانی زمانیش (لەنموونەی ڕێزمان) لەم خاسیەتە بێبەش نەبێت. هەر ئەم سەرنجەشە وایدەکرد، کە ڕێزمان وەك سیستەمێکی چەمکیی بخرێتەڕوو، کە لەیەکێك لەڕووەکانییەوە مێتۆنیمییانەیە. ئەم سروشتەی ڕێزمانیش(مێتۆنیمییانە)، لەزۆرێك لە هەڵویستە زمانییەکاندا بەرچاودەکەوێت و ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە لە بونیادە ڕێزمانییەکانی دەربڕاوەکاندا. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕێزمانی مێتۆنیمییانە با سەرنج لەنموونەی (١٠٢) بدەین:

(١٠٢)– کچەکە زۆر دەترسا.

فرێزی ناویی پێکهێنەری نموونەی (١٠٢) (**کچەکە**)، مێتۆنیمییانە هێنراوەتەوە و ئەرکێکی ڕێزمانی لەبری کۆمەڵێك شت دەبینێت، کە لەبنەڕەتدا پەیوەندییان بە (کچەکە)وە هەیە، بۆنموونە (تەندروستی کچەکە، ئایندەی، نەشتەرگەریی، تاریکیی...هتد)، کە لەڕاستیدا و مەبەست لەهێنانەوەی فرێزی ناویی (کچەکە) لەپێناو ئەمانەیە، واتە مەبەست لەوەیە، هەندێك (شت) هەن، کە دەربارەی (کچەکە)ن و (کچەکە)

---

[1]– Evans V. and Pourcel S. (2009:164).

**بەهۆی ئەوانەوە دەترسا، لەکاتێکدا لەبونیادی نموونەی (١٠٢)شدا هیچکام لەبابەتە سەرەکییەکان، کە دەبوونە هۆکاری ترسی (کچەکە) نەهێنراونەتەوە، بەڵکو (کچەکە) مێتۆنیمییانە ئاماژە بەهۆکاری (ترسەکە)ی دەکات، کە بەشێکن لە (کچەکە) و پەیوەندیدارن پێوەی. هەربۆیە (بکەر/ فرێزی ناویی بکەری) ئەم ڕستەیە مێتۆنیمییانە تێیدەگەین، چونکە (کچ)ی (بکەر) لەبری چەند شتێك بەکارهێنراوە، کە دەرنەکەوتوون.**

**بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ڕۆڵە مێتۆنیمییانەیە لە بونیادی ڕێزمانیی ڕستەکاندا، باسەرنج لەنموونە و شیکردنەوەی نموونەکانی (١٠٣) بدەین:**

**(١٠٣) ا- ئازاد لەخۆی ڕازییە.**

**ب- ئازاد لەدایکی ڕازییە.**

**پ- چاوی منداڵەکەتان جوانە.**

**ت- خانووەکەتان خۆشە.**

**هەردوو فرێزی پێشناویی لەنموونەکانی (١٠٣-ا و ب)دا، (لەخۆی، لەدایکی) بونیادنانێکی ڕێزمانییانەی مێتۆنیمییانەیە و ئاماژە بەشتێك دەدەن، کە دەبوو ئەو شتەی دیکە ڕۆڵە ڕێزمانییەکەی ببینیایە. بۆنموونە لەڕستەی (١٠٣- ا)دا بەمەبەستێکی مێتۆنیمییانەوە، (ئازاد) لە (شتێك) ڕازییە، کە هەر خۆی خاوەنداری لێدەکات و بۆخۆی دەگەڕێتەوە، دەشێت (ئازاد) لە (ماڵوسامان، کەسایەتیی، مێژوو و ڕابردوو، دەستپاکیی...هتد)ی خۆی ڕازیبێت، کە فرێزی پێشناوی (لەخۆی) لەنموونەی (١٠٣- ا)دا مێتۆنیمییانە ئاماژە بە شتێکی دیکە دەدات و لەبری ئەو بەکارهێنراوە، بۆنموونە (ئازاد لەمێژووی خۆی ڕازییە).**

**بەهەمانشێوە لەنموونەی (١٠٣- ب)دا، فرێزی پێشناویی (لەدایکی) مێتۆنیمییانە بەکارهێنراوە لەبری شتێك، کە بۆ (دایکی) دەگەڕێتەوە و (دایکی) خاوەنداریی لێدەکات. کەواتە (لەدایکی) مێتۆنیمییانە ئاماژە بە شتێکی دیکە دەدات، بەڵام پەیوەستە بە (دایکی)یەوە، بۆنموونە (ئازاد لە ماڵ/بێدەنگیی/مسوڵمانێتیی...ی دایکی ڕازییە). کەواتە لەنموونەکانی (١٠٣- ا و ب)دا (لەخۆی، لەدایکی) وەك فرێزێکی پێشناوی و مەودای سەرچاوە لەڕێزمانی مێتۆنیمیانەدا هێنراونەتەوە بۆ ئاماژەدان بەچەند لایەنێکی دیکە وەك مەودای مەبەست.**

**بەهەمانشێوە نموونەی (١٠٣- پ) بونیادێکی مێتۆنیمییانەی هەیە، (چاوی منداڵەکەتان) لەدرکپێکردن بەچەند لایەنێکی پەیوەست بە (چاوی منداڵەکە)وە هێنراوەتەوە، بۆنموونە (شێوەی، ڕەنگی، قەبارەی...چاوی منداڵەکە)، لەکاتێکدا خودی بابەتە سەرەکییەکان نەهێنراونەتەوە، بەڵکو (چاو) وەك**

مەودای سەرچاوە ئاماژە بەو لایەنانەی دیکە دەدات، کە پەیوەستن پێوەی لە (ڕەنگ، قەبارە،..هتد) وەك مەودای مەبەست بۆ فریزی ناویی نموونەی (١٠٣- پ). بەهەمانشێوە سەبارەت بە نموونەی (١٠٣- ت)، کە ئەو هۆکارانەی وایانکردووە ئاخێوەر دەربڕاوێکی وەك (١٠٣- ت) دەربرێت لەبونیادی ڕستەکەدا نەهاتوون، بەڵام بڕیاردان بە (**خۆشیی خانووەکە**) مێتۆنیمییانە ئاماژە بە (قەبارە، شێوە، شوێن...هتد)ی (خانووەکە) دەدات.

لەنموونەکانەوە ڕۆڵ و پێگەی مێتۆنیمی لەبونیادنانە ڕێزمانییەکاندا ڕووندەبێتەوە، کە چۆن یەکەیەك(بە واتا و ئەرکی ڕێزمانییەوە) وەك مەودای سەرچاوە لەبری یەکەیەکی دیکە وەك مەودای مەبەست دەوەستێت، کە تەواوی قاڵبی ڕێزمانیی دەربڕاوەکە بەمشێوەیە بونیادنراوە و دروستەیەك پێکهێنراوە، کە لەڕێزمانی درکپێکردندا لەژێر ناونیشانی (ڕێزمانی مێتۆنیمییانە)دا شیدەکرێتەوە.

لەڕێزمانی درکپێکردندا و لەڕوانگە مێتۆنیمییەکەوە، تەواوی ئەو ڕستەیەی، کە هێنراوەتەوە و دەربڕراوە وەك مەودای سەرچاوە( سەرەڕای ئەوەی، کە لەهەمان کاتدا خودی ڕستەکە لەسەر بنەما و سیستەمی بەچەمککردن بونیادنراوە (لەڕوانگە گشتییەکەوە)) مێتۆنیمییانە ئاماژە بە مەودایەکی نەهاتوو و نادیار (مەودای مەبەست) دەکات، کە لە خودی قاڵب و ناواخنی ڕستەکاندا بوونی نییە، بەڵام ئاخێوەر و گوێگر مێتۆنیمییانە درك بەلایەنی نەهاتووی ناو بونیادەکە دەکەن. لەڕوانگەی مەوداکانی سەرچاوە و ئامانجەوە لەڕێزمانی مێتۆنیمییانەدا، دووجۆر لەدەربڕاوی مێتۆنیمییانە دەستنیشاندەکرێن، کە زیاتر لەسەر بنەمای مەودای سەرچاوە(وەك دەربڕاوەکە) و مەودای مەبەست(وەك مەبەستە مێتۆنیمییانەکەی دەربڕاوەکە) جیاکراونەتەوە، ئەوانیش:

١- ڕێزمانی مێتۆنیمییانەی ناویی-کرداریی،

٢- ڕێزمانی مێتۆنیمییانەی ئاوەڵناویی-کرداریی.

مەبەست لەجۆری یەکەم ئەوەیە، کە لە پێکهاتەی ڕستەکەدا ناوێك هێنراوەتەوە و وەك مەودای سەرچاوە ئاماژە بە کردەیەك دەکات، هەربۆیە بە (ناویی-کرداریی) دەخرێتەڕوو. مەبەست لەمجۆرەی ڕێزمانی مێتۆنیمییانە ئەوەیە، کە تەواوی ڕستەکە مێتۆنیمییانە ئاماژە بە (کردە"Action")ێك دەکات و ڕستەکە وەك مەودای سەچاوە و هەروەها مەودای ئاماژەپێکراوی کرداریی نەهاتوو وەك مەبەست ڕۆڵدەگێرن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕێزمانی مێتۆنیمییانەی ناویی-کرداریی، باسەرنج لەنموونەی (١٠٤) بدەین:

(١٠٤)- **ئاراس جگەرەکەی تەواوکرد.**


**نموونەی (١٠٤) بەتەواوی مێتۆنیمییانە بەکاربراوە بۆ ئاماژەدان بە کردەی (کێشان)، چونکە ئەوەی مەبەستە لەنموونەی (١٠٤)دا (تەواوبوونە لەکێشانی جگەرەکە)، کەواتە نموونەی (١٠٤) مێتۆنیمییانە ئاماژە بە دەربڕاوی (١٠٥)دەدات:**

**(١٠٥)- ؟ئاراس کێشانی جگەرەکەی تەواوکرد.**

**بەمشێوەیە نموونەی (١٠٤) وەك ڕستەی دەربڕراو و مەودای سەرچاوە، مێتۆنیمییانە ئاماژە بەمەودایەکی دیاریکراو (کێشان) دەدات وەك مەودای مەبەست و لەم گۆشەنیگایەوە ڕستەکان مێتۆنیمییانە بەکاربراون و مێتۆنیمیش ئەو خاسیەتەی خۆی دەسەپێنێت بەسەر دەربڕاوەکاندا، کە (ئەوەی مەبەستە، هەمیشە زیاترە لەوەی، کە گوتراوە). چونکە لەنموونەی (١٠٤)دا بەبێ ئاماژەدان کردەی (کێشانی جگەرە) ڕستەکە دەربڕاوە و لەهەمانکاتیشدا ئاخێوەران هەر ئەمەیان مەبەستە. کەواتە نموونەی (١٠٤) لەڕوانگەی مەوداکانەوە بەمشێوەیە دەخرێتەڕوو:**

| | |
|---|---|
| **(ئاراس جگەرەکەی تەواوکرد)** | **(کێشان)** |
| **مەودای سەرچاوە** | **مەودای مەبەست** |

**بەهۆی هاتنی (جگەرە) لەبەشەئاخاوتنی (ناو)، ئاماژە بە کردەی (کێشان) لەبەشەئاخاوتنی (کرداریی) دەکرێت. بەمشێوەیە مەبەست لە (جگەرە) بۆ (کێشان)ە و لەنموونەی (١٠٤)دا ناو لەبری کردە مێتۆنیمییانە قاڵبی ڕێزمانیی ڕستەکەی بونیادناوە. دەتوانرێت وێنەکێشانێکی ئاوەزییانە لە هێڵکاریی (٤٣)دا لەڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە بۆنموونەی (١٠٤) بکێشرێت:**




**هێڵکاریی (٤٣)**

**دارشتەی مێتۆنیمییانەی ڕستە لەڕوانگەی تیۆری ئاوێتەبوونەوە**

**بەهەمانشێوە نموونەکانی (١٠٦) ئاماژە بەڕێزمانێکی مێتۆنیمییانەی کرداریی دەدەن:**

**(١٠٦) ا- چێژمان لە فلیمەکە وەرگرت.**

**ب- دوێنێ نیوەڕۆ مریشکمان هەبوو.**

**پ- سارا کتێبی دووەمی تەواوکرد.**


**ئەگەر سەرنج لەنموونەکانی (١٠٦) بدرێت، دەردەکەوێت هەرکامیان مێتۆنیمییانە ئاماژە بە کردەیەك دەدەن، کە لەڕاستیدا و لەناو خودی ناوەڕۆکی ڕستەکاندا نەهاتووە. بۆنموونەی لەڕستەی (١٠٦- ا)دا ئەوەی مەبەستە و ڕستەکەی لەپێناودا هێنراوەتەوە، (بینین)ە، چونکە ئاشکرایە، کە (فلیم) بەهۆی (بینین)ەوە (وەك دیاردەیەکی گشت) چێژی لێوەردەگیرێت. هەرچەندە کردەی (بینین)نەهاتووە، بەڵام ڕستەی (١٠٦- ا) نموونەیەکە لە ڕێزمانی مێتۆنیمییانە و هەر بەم پێودانگەش مێتۆنیمییانە ئاماژەی بە مەودای (بینین) کردووە.**

هەروەها نموونەی (١٠٦– ب) بەهەمانشێوە وەك پێکهاتەیەك و مەودای سەرچاوە هاتووە بۆ ئاماژەدان بە مەودای مەبەست لەسروشتێکی مێتۆنیمییانەدا. بەجۆرێك، کە مەودای مەبەست لەناو خودی ناوەڕۆکە ڕێزمانییەکەی نموونەی (١٠٦– ب)دا ئاماژەی پێنەدراوە، لەکاتێکدا درکپێکردنی ئاخێوەران لەو ئاستەدایە، کەمەبەست لەهێنانی نموونەی (١٠٦– ب) بۆ ئاماژەدانە بە مەودای کردەی (**خواردن**)، کە مەودای (خواردن) هەر لەناو قاڵب و ناواخنە ڕێزمانییەکەی ڕستەکەدا درکپێدەکرێت و تەواوی بونیادنانەکەش لەناو یەك مۆدێلی درکپێکردنی ڕستەیەکدا ڕوویداوە لەنێوان دوو مەودادا، کە بە (مەودا) و (وەچەمەودا) ئاماژەیان پێدەدرێت.

لەنموونەی (١٠٦– پ)شدا (سارا **خوێندنەوە/نووسین/چاککردن**.......هتدی کتێبەکەی تەواوکرد). کە تێگەیشتن لەم نموونانە لەئاستێکی درکپێکراوی چەمکییانەدا ڕوودەدەن. چونکە خودی مەودای مەبەستی نموونەی (١٠٦– پ) نەهاتووە، لەکاتێکدا تەواوی ڕستەکە مێتۆنیمییانە ئاماژەی پێدەدات. بەڵام هەر لەناو مۆدێلە درکپێکراوەکەی نموونەی (١٠٦–پ)دا، هەرکام لە کردەکانی (خوێندنەوە، نووسین، چاککردن.....) دەبینرێت، کە نموونەی (١٠٦–پ) وەك مەودا، ئاماژە بەچەند وەچە مەودایەکی دیکەش دەدات. بۆنموونە:

(١٠٧)– یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ڕایگەیاند...

(یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) مۆدێلێکی درکپێکردن دەنوێنێت(بەدەر لەنموونەی (١٠٧))،لەهەمانکاتدا مەودایەك پێکدەهێنێت(لەنموونەی (١٠٧))دا لەو مۆدێلەدا و (گوتەبێژی یەکێتیی) وەچەمەودایە و هەرکام لە مەودا و وەچەمەوداکەش لەناو سنوری یەك مۆدێلی درکپێکردندان، کە مەودای (یەکێتیی نیشتیمانیی)یە و نەخشەکێشانەکەش لەنێوان مەودا و وەچەمەودای یەك مۆدێلدا ڕوویداوە. شیکردنەوەی زیاتری ئەم بیرە لە هێڵکاریی (٤٤)دا دەخرێتەڕوو.




هێڵکاریی (٤٤)

مۆدێلی درکپێکردن

بەمشێوەیە مەودای مۆدێلی درکپێکردنی (یەکێتیی نیشتیمانیی) وەك مەودایەکی گشتیی ڕۆڵی گێڕاوە، کە نەخشەکێشانەکەی تیادا ڕوویداوە. چونکە "مەودا دەشێت بناسرێنرێت بەوەی، هەر ڕێکخستنێکی کۆزانیارییە، کە چوارچێوەیەك بۆ بەچەمککردنی یەکە سیمانتیکییەکان دیاریدەکات"[1]، کە تەواوی چوارچێوە/مۆدێلە درکپێکردنەکە لەکاتی پێکهێنانی پێکهاتە مێتۆنیمی یان مێتافۆڕییەکاندا ئەو مەودایە دەڕەخسێنێت بۆ پێکهێنەرە ناوەکییەکانی، کە نەخشەکێشانەکە لەنێوان کام لە ناوەڕۆکەکاندا بکێشرێت. "مەودا چەمکییەکان لایەنە زۆر گشتییەکانن بۆ بەچەمککردن"[2]. (یەکێتیی نیشتیمانیی) لەنموونەی (١٠٧)دا مەودا چەمکییەکە پێکدەهێنێت، کە ڕووبەرێکی فراوان لە کۆزانیاریی لەخۆدەگرێت، بەڵام لەنموونەی (١٠٧)دا لەڕوانگەی یەکێك لە لایەنە پێکهێنەرەکانییەوە(گوتەبێژی یەکێتیی) بەچەمککراوە، کەواتە مەودا ڕووبەرێك لە گوزارشت لەخۆدەگرێت، کە دەربڕاوی قسەکەر لە هەرکاتێکدا بێت بەچەمککردنی یەکێك لەپێکهێنەرەکانی ناواخنی مەوداکەیە. لەمڕوانگەیەوەیە، کە سیستەمی ڕێزمانیی زمان وەك دیاردەیەکی چەمکیی لێیدەڕوانرێت، کە دەشێت لەهەر بارێکدا سروشتی بەچەمککردنەکە مێتۆنیمییانەبێت، وەك لەڕێزمانی مێتۆنیمییانەدا ڕووندەبێتەوە.

بەسەرنجدان لەنموونەکانی (١٠٦)، دەردەکەوێت، کە چۆن ئامانجی بابەتە هێنراوەکانی ناو ڕستەکان، کە بەهۆی ناوەکانەوە(**فلیم، مریشك، کتێب**) نیشاندراون، دەگونجێن و ڕێکدەکەون لەگەڵ کردەکان، بۆنمونە ئامانج لە (فلیم) بۆ (بینین)ە، ئامانج لە (مریشك) بۆ (خواردن)ە و هەروەها ئامانج لە (کتێب)یش بۆ (خوێندنەوە/نووسین...هتد)یە. بەواتایەکی تر، دەتوانرێت ئەمجۆرە بونیادە ڕێزمانیانە بە ڕێزمانی مێتۆنیمییانەی ناوی لەبری کرداریی ناوببرێن، چونکە دیارترین خاسیەتێك لە دیاردەی مێتۆنیمیدا زاراوەی (وەستان بۆ/هاتن لەبری"Stand for")یە، ئەمەش بەو واتایەی، کە یەکەیەك لەبری یەکەیەکی دیکە بوەستێت. لەمجۆرەی مێتۆنیمیشدا (ناویی-کرداریی)(ناو لەبری کردە وەستاوە)، ئەوە دەردەکەوێت، کە لەنموونەی (١٠٤)دا (جگەرە) وەستاوە لەبری (کێشان) و درکپێکردنی ئاخێوەران بە چالاکبوونی (کێشان)ە لەگەڵ (جگەرە)دا و هاتن و چالاکبوونی ئەم زانیارییەیە لەپێش هەموو ئەو زانیارییانەی دیکەوە، کە شیانی هاتنیان لەگەڵ (جگەرە)دا هەیە. لەنموونەی (١٠٦-ا)یشدا هەمان جووتبوون و هاتنیش لەنێوان (فلیم) و (بینین)دا دەردەکەوێت.

---

[1]– Taylor J. R. (2002:190).

[2]– Radden G. and Dirven R. (2007:11).

بەم فراوانییە ڕوانین لە مێتۆنیمی و ڕۆڵی لە بونیادە ڕێزمانییەکاندا، بەجۆرێك، کە لە دەربڕاوەکانی زمانی کوردیدا ڕستەیەکی وەك (؟ئاراس کێشانی جگەرەکەی تەواوکرد) نابیسترێت، بەڵکو ئاخێوەران تەنیا بە گوتنی (ئاراس جگەرەکەی تەواوکرد)، مێتۆنیمییانە مەبەستەکەی خۆیان دەگەیەنن، ئەم هۆکارانە وایانکرد، کە زانا (لانگەکەر) هەموو ڕێزمان وەك دیاردەیەکی درکپێکراوی مێتۆنیمییانە بخاتەڕوو، "ڕێزمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی مێتۆنیمییانەیە"[1]، بەوپێیەی، کە دەشێت لەڕوانگە سیمانتیکییەکەی هەر بونیادێکی ڕێزمانیدا، واتاگەلێکی ئاماژەپێکراوی نەهاتوو بوونیان هەبێت، کە لە شیکردنەوە باوە زمانەوانییەکاندا بە (گریمانە پێشینەکان/پێشگریمانەکان"Presupposition") ئاماژەیان پێدەدرێت.

بەو واتایەی، وەکچۆن لە نموونەکانی (١٠٦)دا کردەکانی (بینین، خواردن، خوێندنەوە) نەهاتوون، لەکاتێکدا هەر ئەم کردانەش مەبەستی قسەکەر و گوێگرانە لەدەبڕاوەکاندا.

بەهەمانشێوە نموونەکانی (١٠٨)یش ئاماژە بە خاسیەتە مێتۆنیمییانەکەی ڕێزمان دەدات لەناو ڕێزمانی درکپێکردندا:

(١٠٨) ا– **باوکم ئەم سەیارەیەی هەڵبژارد.** بۆ (کڕین، لێخوڕین، تاقیکردنەوە....).

ب– **سەیوان کراسەکەی لەبیرکرد.** بۆ (لەبەرکردن، کڕین، هێنان....).

'ئەم کردارانە هیچ چالاکییەك لەلایەن خۆیانەوە ناگەیەنن و خۆیان گوزارشت لەهیچ چالاکییەك ناکەن، بەڵکو هەڵویستی قسەکەر یان ڕێگای هەڵسوکەوتن بۆ چالاکییەکی دیاریکراو'[٢]. بەواتایەکی تر، کردارە هاتووەکانی ناو ڕستەکان ئەو مەبەستە ناگەیەنن، کە قسەکەر لەپێناویدا ڕستەکەی بونیادناوە، بەڵکو بەهۆی بونیادنانێکی ڕێزمانییانەی مێتۆنیمییانەوە، کرداری ناو ڕستەکان سست/ناچالاکن و ئاماژە بە چەند کردارێکی دیکە دەدەن، کە لەناو قاڵبی ڕستەکاندا نین، بەڵکو بەهۆی بونیادنانی واتای هەمانکاتییەوە لە ڕێزمانی درکپێکردن(بەدیاریکراویش ڕێزمانی مێتۆنیمییانە)دا، ئاخێوەران مەبەستەکانی خۆیان دەگەیەنن. بۆنموونە لە (١٠٨–ا)دا، ئەو کردەیەی، کە مەبەستی سەرەکییە و ڕستەکەی لەپێناودا بونیادنراوە، ئاماژەی پێنەدراوە. بەڵام لەڕوانگەی درکپێکردنی ئاخێوەران بە گرتنەوەی کردەکانی (کڕین، لێخوڕین، تاقیکردنەوە...)وە، مەودای مەبەست لەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە درکپێدەکرێت. بەهەمانشێوە لە (١٠٨–ب)دا، (لەبیرکردن) مێتۆنیمییانە ئاماژە بەو

---

[1] - Panther K. , Thornburg L. and Barcelona A.(2009:46).

[٢] – نموونە و شیکردنەوەی زیاتری ئەم لایەنەی ڕێزمانی مێتۆنیمییانە دەبینرێتەوە لە: - Mendoza F. J. R. and Hernandz L. P. (2001:340-345).

کردانەی دیکە دەدات، کە شیانی هاتنیان لەگەڵ (کراس)ی (١٠٨-ب)دا هەیە، لەنموونەی (لەبەرکردن، کڕین، هێنان،...)ی (کراسەکە). لەکاتێکدا و لەبونیادی نموونەی (١٠٨-ب)دا، کە وەك مەودای سەرچاوە هێنراوەتەوە، ئاماژە بەهیچکام لەم کردانە نەکراوە، کە مەبەستیش لە مەودای سەرچاوەی (١٠٨-ب) بۆئاماژەدانە بە مەودای مەبەست، بەڵام مەبەستەکە لە ڕوانگەیەکی مێتۆنیمییانەوە دەگەیەنرێت.

جۆری دووەمی ڕێزمانی مێتۆنیمییانە، کە بە (ئاوەڵناویی-کرداریی) ناودەنرێت، بۆ ئاماژەدانە بەو پێکهاتە سینتاکسییانەی، کە ئاوەڵناو بونیادەکەیانی پێکهێناوە و وەك مەودای سەرچاوە و مێتۆنیمییانە ڕۆڵدەگێڕن بۆ ئاماژەدان بەمەودای مەبەستی نەهاتوو، کە کردەیەکە. با لەنموونەکانی (١٠٩) بڕوانین:

(١٠٩) ا- یاریزانێکی خێرا...

ب- زمانێکی قورس....

پ- کێشەیەکی ئاسانە.

ت- چێشتێکی خۆشبوو.

نموونەکانی (١٠٩) مێتۆنیمییانە ئاماژە بە کردەیەك دەدەن، کە تەواوی پێکهاتەکان لەبری کردەکە لە قاڵبی ڕستەکاندا هاتوون، ئەو یەکانەشی، کە ئەم ڕۆڵە دەگێڕن (ئاوەڵناو)ن و وەك مەودای سەرچاوە و بۆ ئاماژەدان بە مەودای مەبەست (کردە)یەك هێنراونەتەوە، هەربۆیە بە (ئاوەڵناویی-کرداریی)خراونەتەڕوو. بۆنموونە (**خێرا**) لە (١٠٩- ا)دا وەك بەشەئاخاوتنی (ئاوەڵناو) و مەودای سەرچاوە، ئاماژە بەکردەی (**ڕاکردن**) دەدات، چونکە (یاریزانێکی خێرا لە ڕاکردندا) مەبەستە. ئەم لەبری هاتنەش لە ڕێزمانی مێتۆنیمییانەدا بەیەکەیەکی چەمکیی (خێرا) خراوەتەڕوو، کە ڕۆڵی گەیشتن بە یەکەیەکی چەمکیی تر(ڕاکردن) دەگێڕێت. واتە (خێرا) گەیشتنێکی ئاوەزییانە دابیندەکات بۆ (ڕاکردن).
هەروەها (**قورس**) لەنموونەی (١٠٩- ب)دا، لەپێکهاتەیەکی ڕێزمانیدا بۆ ئاماژەدان بە کردەکانی (**فێربوون، نووسین، خوێندنەوە، قسەکردن**) هاتووە، کە چوارچێوەی سیمانتیکیی (قورس) لەنموونەی (١٠٩- ب)دا چەند کردەیەك لەخۆدەگرێت. لەمڕوانگەیەوە پێکهاتەیەکی ڕێزمانییانەی مێتۆنیمییانەی پێکهێناوە (سروشتێکی مێتۆنیمییانەی بە پێکهاتە ڕێزمانییەکەی دەربڕاوەکە داوە)، چونکە هەم ئەرکە ڕێزمانییەکەی لەبری کردەکان بینیوە، هەم لەڕووی سیمانتیکیشەوە ئاخێوەران درك بە گرتنەوەی هەرکام لە کردەکانی: (فێربوون، نووسین، خوێندنەوە...هتد) بەهۆی (قورس)ەوە دەکەن، چونکە (زمانێکی قورس)، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە (ئەو زمانە لە فێربوون/خوێندنەوە/نووسین...هتدا قورسە) دەدات.
بەهەمانشێوە (**ئاسان**) لەنموونەی (١٠٩- پ)دا، بۆ ئاماژەدانە بە کردەی (**چارەسەرکردن**)، بەو واتایەی، کە (کێشەکە بۆ چارەسەرکردن ئاسانە)، کە (ئاسان) بەپرۆژەکراوە لە بونیادنانەکەدا و لەبری کردەکەش

بەکارهێنراوە. لەنموونەی (١٠٩- ت)شدا ئاوەڵناوی (**خۆش**) لەبری کردەکانی (**تامکردن**، **بۆنکردن**، **چێشتن**، **بەرکەوتن**) بۆ (**خواردن**) هاتووە، چونکە خودی سەرچاوەی (**خۆشیی**)، بەهۆی هەستەکانەوەیە. بەمشێوەیە (خۆش) لەنموونەی (١٠٩- ت)دا لەسروشتێکی مێتۆنیمییانەدا بەکاربراوە.

لەشیکردنەوەی تەواوی نموونەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕێزمانی مێتۆنیمییانە لایەنێکی دیکەی بەکارهێنان و هەڵهێنجان و بەچەمککردنە جیاوازەکانی ڕێزمانە لای ئاخێوەران. لەدوایشدا هەوڵدانە بۆ دیاریکردن و خستنەڕووی ڕۆڵ و پێگەی مێتۆنیمی(بەسەرجەم خاسیەتە درکپێکراوە ئاوەزییەکانییەوە) لەبونیادنانە ڕێزمانییەکاندا و بەشوێن وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێت:

- چۆن بونیادنانە ڕێزمانییەکان لەلایەن مێتۆنیمییەوە هاندەدرێن/پاڵپشتی دەکرێن؟

- مێتۆنیمی چۆن دەسەڵاتی خۆی بەسەر بونیادنانە ڕێزمانییەکان و جۆر و چەشنی بونیادنانەکاندا دەسەپێنێت؟

- هاتن و نەهاتنی سروشتە مێتۆنیمییەکە لە قاڵبە ڕێزمانییەکاندا تا چ ڕادەیەکە؟...

کە بەهۆی گەڕان بەشوێن وەڵامی ئەم پرسیارانە و شیکردنەوەیان، ڕێزمانێك دەخرێتەڕوو، کە بە ڕێزمانی مێتۆنیمییانە دەناسرێت. بەو واتایەی، کە هاتن و ئامادەبوونی مێتۆنیمی لەتەنیا تاك وشە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەیەك لەسروشتێکی مێتۆنیمییانەدا ناگرێتەوە، بەڵکو سروشتی پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە یەکێك لە تواناکانی ئاخێوەرانەوە دێت(مێتۆنیمی). ئەوە دەردەکەوێت، کە لەڕوانگە ڕێزمانییەکەشەوە، مێتۆنیمی ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە(وەك لەپێشتردا و بەهۆی نموونەکانەوە خرایەڕوو)، کە تیایدا زۆرێك لە بونیادنانە ڕێزمانییەکان خاڵی نین لە خاسیەت و تایبەتێتییە مێتۆنیمییەکان بۆنموونە، دەشێت بونیادنانێکی ڕێزمانیی لەڕوانگە و سروشتی مێتۆنیمیی ئەنجامییەوە بونیادنرابێت. بەو واتایەی، کە مێتۆنیمیی(لەجۆری ئەنجامیی) ڕۆڵی هەبووە لەسروشت و داڕشتنە ڕێزمانییەکەدا بەوەی، کە لەتەواوی مۆدێلێکی درکپێکراودا(چوارچێوەیەکدا)، تەنیا ئەنجامی کردەکە هەڵدەبژێررێت و قاڵبی ڕێزمانیی ڕستەکەی لەسەر بونیاد دەنرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با لەنموونەی (١١٠) بڕوانین:

(١١٠)- **دەمەوێت بزانم چۆن گەیشتن؟**

مۆدێلی درکپێکردنی نموونەی (١١٠)، مەودایەکی فراوان لە کۆزانیاریی لەخۆدەگرێت، بەڵام بە ستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە ڕستەکە بونیادنراوە و لەتەواوی مۆدێلەکەدا، تەنیا ئەنجام و خاڵی کۆتایی بەپرۆژەکراوە و دەربڕراوە، چونکە لە نموونەی (١١٠)دا تەواوی بونیادنانەکە بەکارهێنراوە بۆ خستنەڕووی ئەو میتۆد و ڕێگایەی، کە چۆن شتێك کراوە/ڕوویداوە، بەبێ ئامادەبوونی خودی ڕێگا و هەنگاوەکانی ڕوودانەکە، "ئەو بونیادنانانە مێتۆنیمییانە بەکاربراون، چونکە تێیدا کردەکە گەیەنراوە،

**تەنها بەهۆی ئاماژەکردن بە ئەنجامی کردەکە"[١]. لەنموونەی (١١٠)وە ڕۆڵی مێتۆنیمیی ئەنجامیی ڕووندەبێتەوە لەنەخشاندنی سروشتی قاڵبە ڕێزمانییەکەیدا، بەوەی لە تەواوی مەودای درکپێکردنی کردەی (گەیشتن)دا تەنیا ئەنجامەکە هێنراوەتەوە وەك مەودای سەرچاوە بۆ ئاماژەدان بە هۆکار و شێوازەکانی (گەیشتن) لەنموونەی (١١٠)دا وەك مەودای مەبەست. لەکاتی وەڵامدانەوەی گوێگریش بۆ ئەو پرسیارەی، کە لەنموونەی (١١٠)دا خراوەتەوەڕوو، مەبەستەکە بەتەواوی ڕووندەبێتەوە و بونیادنانە ڕێزمانییەکەی گوێگر یان وەڵامدەرەوەش بەهەمانشێوە لەڕوانگەی مێتۆنیمیی ئەنجامییەوە دەبێت، بۆنموونە دەشێت وەڵامی نموونەیی (١١٠) بەمشێوەیەبێت:**

**(١١١)- بە تەکسی هاتین.**

**کە بەهەمانشێوە لەپرۆسەی (هاتن)ەکەدا، کە چەندین پێشگریمانە بۆخۆی دەسەپێنێت وەك (سواربوونی تەکسی، بەڕێکەوتن، دابەزین، گەیشتنە خاڵی کۆتایی...)، تەنها ئەنجامی کردە/پرۆسەکە گەیەنراوە و بونیادی ڕێزمانیی ڕستەکە مێتۆنیمییانە پێکهێنراوە. کەواتە تەنیا ئەنجام و کردەی کۆتایی لەمۆدێلێکی درکپێکراودا هەڵبژێرراوە لەبری چەندان لایەن و کردە و هۆکاری دیکە و مێتۆنیمییانە بونیادنانە ڕێزمانییەکەی پێکهێناوە[٢]. بەمشێوەیە تەواوی واتای نموونەی (١١٠) و بونیادنانە ڕێزمانییەکەی مێتۆنیمییانەیە، واتە تەواوی ڕستەکە مێتۆنیمییانە پرسیارکردنە لەبارەی هۆکار و شێواز و ڕێگاکانی کردەی(گەیشتنەکە)، نەك لەناو دەربڕاوێکدا تاکە وشەیەك بۆنموونە (ناتۆ) مێتۆنیمییانە بەرانبەر (دامەزراوەیەك) هێنرابێتەوە، بەڵکو (گەیشتن) بەتەنیا هیچ ئاماژەیەکی مێتۆنیمییانە لەخۆیدا کۆناکاتەوە، بەڵام لەکاتی هاتنی لەچوارچێوەی دەربڕاوێکی ڕێزمانیی مێتۆنیمییانەدا، تەواوی بونیادە ڕێزمانییەکە مێتۆنیمییانە ئاماژەکانی دەگەیەنێت. بەهەمانشێوە نموونەی (١١٢) نموونەیەك لە ڕێزمانی مێتۆنیمییانەی ئەنجامیی دەنوێنێت:**

**(١١٢)- خەفەتێکی زۆرم خوارد.**

**مەبەستە مێتۆنیمییانەکەی نموونەی (١١٢) لەو کردە و هۆکارانەدایە، کە (خەفەتخواردنێکی زۆر)یان لێدەکەوێتەوە، لەکاتێکدا هیچکام لە مەبەستەکان لە (١١٢)دا نەهاتوون، بەڵام بەهۆی بونیادنانێکی ڕێزمانییانەی مێتۆنیمییانە لەجۆری (ئەنجامیی)، ئاخێوەران مەبەستیان لەو (کارەسات و ڕووداو و دەرد و نەخۆشیی و ئازار و...هتد)یانەیە، کە بوونەتە هۆی لێکەوتنەوەی ئەنجامی (خەفەتخواردنێکی زۆر).**

---

[1]- Mendoza F. J. R. and Hernandz L. P. (2001:330).

[٢] – بۆ ڕوونکردنەوە و زانیاریی زیاتر سەبارەت بە بونیادە ڕێزمانییە مێتۆنیمییەکانی لەجۆری ئەنجامی، بڕوانە: Ibáñez, F. J. R. M. & Campo, J. L. O. (2002:102-107).

زانستی زمانی درکپێکردن هەرکام لە (ڕێزمان) و (فەرهەنگ) وەك دوو پێکهاتەی جیا لەیەك سەیرناکات، بەڵکو لەپرۆسەیەکی بەردەوام و پێکەوەیدان. زاراوەی (Lexicogrammar) لەبری دابەشکارییە شێوازبەندییەکەی هەرکام لە (ڕێزمان) و (فەرهەنگ) دەبێتە سەنتەری شرۆڤە و لێکدانەوەکانی پێکهاتە زمانییەکان[١]. لەمڕوانگەیەوە یەکە فەرهەنگییەکان لەکاتی هاتنیان لە پێکهاتە ڕێزمانییەکاندا و بەهۆی بوونی چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی فراوان لەکۆزانیاریی و ئاوێتەبوون و کارلێککردنیان لەگەڵ چوارچێوەی سیمانتیکیی یەکەکانی دیکەی هەمان پێکهاتە ڕێزمانییەکە، خاسیەتێکی مێتۆنیمییانە بە دەربڕاوەکە دەبەخشن، کە لەهەر بەکارهێنانێکی ڕێزمانییانەی یەکەیەکی فەرهەنگیدا، واتایەکی هەمانکاتیی بەهۆی ئاوێتەبوونی لەگەڵ یەکە فەرهەنگییە هاتووەکانی دیکەی هەمان پێکهاتە ڕێزمانییەکە، بەیەکەکە دەبەخشن.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەرنج لە وشەی پرسی (چی) بدەین لە نموونەکانی (١١٣)دا:

(١١٣) ا- ئەو پیاوە چییە؟

ب- ئەو بینایە چییە؟

پ- ئەو دەنگەدەنگە چییە؟

ت- چی ئەو دەنگەدەنگەی دروستکرد؟

لەیەکنەپچڕاویی فەرهەنگ و ڕێزمان و هاتنی (چی) لە پێکهاتەی ڕێزمانیی نموونەکانی (١١٣)دا بەمەودا فراوانەکەی و چوارچێوە سیمانتیکییەکەی (چی)ەوە، ڕووبەرێکی فراوان بۆ گوزارشت دەڕەخسێنێت، تا ڕادەی بەکاربردنی (چی) لەستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوە لە بونیادنانی قاڵبی ڕێزمانیی ڕستەکاندا. بۆنموونە لە(١١٣- ا)دا (چی) ئەو ڕێگایەیە، کە مێتۆنیمییانە پرسیاری دەربارەی ئیشی (پیاوەکە) لێدەکەین. بۆنموونە (**مامۆستا**)، یان پێگەکەی (**سەرۆك، بەڕێوەبەر**)، بەمشێوەیە:

- ئەو پیاوە چییە؟ مامۆستایە.
- ئەو پیاوە چییە؟ بەڕێوەبەرە.

---

[١]- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە سروشتی پێکەوەیی و لێکنەپچڕاویی(فەرهەنگ و ڕێزمان) لەزانستی زمانی درکپێکردندا بڕوانە:
**a**- Panther K. , Thornburg L. and Barcelona A.(2009:29-40). **b**-Taylor J. R. and Maclaury R. E. (1995:51-53).

بەمشێوازە (چی) لەنموونەی (١١٣-ا)دا، بۆ پرسیارکردنە لە کۆمەڵێك لایەنی دیکە، کە پەیوەندییان بە (پیاوەکە)وە هەیە. لەلایەکی دیکەوە لە (١١٣- ب)شدا (چی) بۆ پرسیارکردنە لە ناسنامەی (بیناکە)، بۆنموونە (**کۆشکی پاشا**) یان (**هۆتێل**)ە.

ئەم بەکارهێنانانەی (چی) لەپێکهاتەی ڕێزمانیی (١١٣- ا، ب)دا بە مێتۆنیمیی (گشت بۆ تایبەتێتیی) ناودەبرێت، بەوەی گشت (پیاو، بینا) مێتۆنیمییانە بەکارهێنراون بۆ گەیاندنی یەکێك لەتایبەتێتییەکانی خۆیان، کە دەتوانرێت سروشتی ئەم قاڵبە ڕێزمانییە ناوبنرێت (ڕێزمانی مێتۆنیمییانەی هەندەکیی). چونکە (گشت) وەك مەودای سەرچاوە هێنراوەتەوە لەبری (بەشێك) لەخۆی. ئەم بەکارهێنانانەش بەهۆی هاتنی وشەی پرسی (چی)یەوەیە لە پێکهاتەی ڕستەکاندا و ئاوێتەبوونی لەگەڵ ئەو کەرەستەیەی، کە وەك مەودای مەبەست بۆ وشەی پرسی(چی) دەگەڕێتەوە. لەنموونەی (١١٣- پ)دا، درکپێکردنێکی جیاواز بەواتای مێتۆنیمییانەی (چی) بەدیدەکرێت، کە مەبەست لە (چی) تێیدا، بۆ پرسیارکردنە دەربارەی هۆکاری ئەنجامەکە، کە (دەنگەدەنگە)، بەو واتایەی، کە (چی) لە (١١٣- پ)دا وەك مێتۆنیمیی ئەنجامیی بونیادی ڕێزمانیی ڕستەکەی پێکهێناوە، کە بەهۆی پرسیارکردن لە ڕووداوێك، مەبەستمان هۆکارەکانی ڕوودانی ڕووداوەکە بێت. کەواتە مەبەست لە نموونەی (١١٣- پ) بۆ دەستکەوتنی وەڵامی (چەند کەسێکن، بەدەنگی بەرز قسەدەکەن)نییە، بەڵکو هۆکارەکانی لێکەوتنەوەی ئەو ئەنجامە(دەنگەدەنگ) مەبەستە و تەواوی ڕستەکە مێتۆنیمییانە ئاماژە بەم لایەنە نەهاتووەی ناو ڕستەکە دەکات و بەشداربووانی گفتوگۆش بەهۆی توانستی درکپێکردن و توانای بونیادنانە مێتۆنیمیی و هەڵهێنجانە جیاوازەکانەوە، هەرکامیان درك بە لایەنی مەبەست لە پێکهاتەی ڕستەکەدا دەکەن. لەکاتێکدا ئەگەر بەشێوەی (١١٣- ت) پرسیاربکرایە، ئەوا بە بەکارهێنانێکی نامێتۆنیمییانەی (چی) دادەنرا، چونکە ڕاستەوخۆ پرسیار لەهۆکارەکانە، نەك وەك (١١٣-پ) پرسیار لە ئەنجامبێت، لەکاتێکدا مێتۆنیمییانە مەبەست لەهۆکارەکانبێت. بەمشێوە بارە ڕێزمانییەکانی یەکەیەکی فەرهەنگیی وەك (چی) بەهۆی وەڵامەکان و بەکارهێنانە مێتۆنیمی و نامێتۆنیمییەکانیشی، ئاماژەیەکی ڕوون بەپێکەوەیی و نەپچڕاویی پێکهاتەکانی (فەرهەنگ و ڕێزمان) دەدات، کە دەشێت لەبەکارهێنانێکی (چی)دا مێتۆنیمییانەبێت، وەك لەنموونەکانی (١١٣- ا و ب و پ)دا و لەبەکارهێنانێکی دیکەدا نامێتۆنیمییانەبێت، وەك (١١٣- ت)، کە ڕۆڵی هەرکام لە فەرهەنگ و ڕێزمان لە قاڵبە ڕێزمانیی و مەبەستە واتاییەکەیدا هاوتان. لەڕوانگەی وەڵامدانەوەکانیشە وەك پاسادانێك، زیاتر مەبەستە مێتۆنیمییانەکەی (چی) لە نموونەکانی (١١٣)دا دەردەکەوێت.

ڕێزمانی مێتۆنیمییانه سەرنجەکانی زیاتر لەسەر واتا و یەکەی مەبەستی دەربڕاوە زمانییەکانە، کە هەر ئەم سروشتە لایەنێکی شاراوە لەپێکهاتەی ڕێزمانیی ڕستەکاندا دەخاتەڕوو، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا و گوترا و لە دەربڕاوەکاندا ئاماژەی پێنەدراوە، بەڵام بەمەبەستێکی مێتۆنیمییانەوە قاڵبی ڕێزمانیی ڕستەکان بونیادنراون و واتاکەشیان هەر مێتۆنیمییانە تێدەگەین. بۆیە بە ڕێزمانی مێتۆنیمییانە دەناسرێت و سەلمێنەری پەیوەستداریی ئەم ڕێزمانەیە بەفەرهەنگەکەیەوە. چونکە قاڵبە ڕێزمانییە مێتۆنیمیکییەکە بەهاوبەشی و بەهۆی خاسیەتە ئینسکلۆپیدییەکانی یەکە فەرهەنگییەکانەوە، دەربڕاوەکان ڕێزمانیی و واتایی دەکەن ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە پێکهاتە زمانییەکان پێکەوە و وەك یەك (گورزە"Package") پێکهێنراون و دەنوێنرێن.

پێکەوەیی توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ و نواندنیان لە قاڵبی ڕێزمانیی دەربڕاوەکاندا، ڕێگە بەهاتنی هەر ئاستێکی درکپێکراو دەدەن و تەواوی زمانیش وەك توانایەکی درکپێکراو لێیدەڕوانرێت. بەڵام ڕەنگدانەوە یان نواندنی چالاکیی درکپێکردن دەشێت لەهەر ئاستێکی بەکارهێنانی زمانیدا بوونی هەبێت. بۆنموونە لە مێتافتۆنیمیبوونی (زماندرێژ)دا، مەبەستە درکپێکراوەکە لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆژییە. لەکاتێکدا لەهەندێك باری دیکەدا دەشێت لەسەر ئاستی سینتاکس بێت، وەك لەشیکردنەوەکانی پێشتری ئەم پارەدا خرایەڕوو، کە چۆن بونیادی ڕستەکان لەسروشتێکی مێتۆنیمییانەوە هاتبوون. بەڵام تەواوی پێکهاتەی زمانیی لە زانستی زمانی درکپێکردندا لەهەردوو ڕووی، ا–ناسەربەخۆیی پێکهاتەی زمان لە پێکهاتە درکپێکراوەکانی دیکەی وەك (هەستەکان، زیرەکیی، بیر، بیرکردنەوە، سەرنجدان، فێربوون...هتد)، ب– ناسەربەخۆیی ئاستەکانی ناو پێکهاتەی زمان، وەك (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس....هتد)، یەکگرتوویی و هەمەلایەنییەك بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە زمانییەکان دەبەخشن، بەوپێیەی کاتێك ڕستەیەك بونیاد دەنرێت، چەند ڕەهەندێکی دیکە لەدەرەوەی پێکهاتە زمانییەکە ڕۆڵی هەیە لە سروشتی داڕشتنی پێکهاتە و هەڵبژاردنی یەکە پێکهێنەرەکانیدا، هەمووشیان لەسەر بنەمای توانستی درکپێکردنی مرۆڤە بە دەوروبەر و دەربڕین و نواندنیانە لە زماندا.

# ئەنجام

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەستمان گەیشتووە، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:

١- تەواوی دەربڕاوەکانی ئاخێوەران لە ڕوانگە و لەسەر بنەمای پەیپێبردن و پڕۆسەی بەچەمککردنە خودییەکانیانەوەیە بۆ بارودۆخەکان، شێواز و ئاستی پڕۆسەی بەچەمککردنیش ڕەنگدانەوەی لە تەواوی بونیادنانە زمانییەکاندا هەیە.

٢- پڕۆسە و شێوازی بونیادنانە مێتۆنیمییەکان، ڕوودانیان لە ئاستێکی ئاوەزیی و چەمکیدایە و نەخشەکێشان و ئاوێتەبوونە لەنێوان دوو وەچەمەودای پێکهێنەری یەك مەودای درکپێکراودا، لەکاتێکدا مێتافۆڕ، نەخشەکێشانە لەنێوان دوو مەودای درکپێکراوی جیاوازدا.

٣- چەشن و جۆرەکانی مێتۆنیمی، میکانیزمی کارکردنی ئاوەزی ئاخێوەران دەخەنەڕوو، کە چۆن کاردەکات و چۆن جیهان و ئەزمونە بەرجەستەکراوەکانی بەچەمکدەکات و لەپێکهاتەیەکی مێتۆنیمییانەدا دایاندەڕێژێتەوە و چۆنیش دایاندەڕێژێتەوە، کە لە ئەنجامدا مێتۆنیمی وەك یەکێك لە ستراتیژە تەواو درکپێکراوە زمانییەکان ڕۆڵێکی فراوان لەتەواوی بونیاد و پێکهێنەرە زمانییەکاندا دەگێڕێت و ڕەنگدانەوەی زۆرێك لە توانا درکپێکراوەکانی دیکەی ئاخێوەرانە.

٤- ئاخێوەران لە دەربڕاوەکانیاندا هەمیشە هەوڵدەدەن بەرزترین ئاستی درکپێکردنی خۆیان بەچەمکبکەن و دایبڕێژنەوە، لەپێناو گەیاندنی دیاریکراوترین مەبەستی خۆیان، لەنموونەی بەکارهێنانە مێتافتۆنیمی و مێتۆنیمیی مێتۆنیمیانەکانی زمان.

٥- مێتۆنیمی وەك ئاستێکی بەکارهێنراوی درکپێکراوی ئاخێوەران لە ناو توانایەکی دیکەی درکپێکراودا(زمان)، نموونەییترین نموونەی توانای ئەندێشە و خەیاڵکردنەکانی ئاخێوەرانە لە بونیادنانە زمانییەکاندا و ئاماژە بە ئامادەیی تواناکانی ئەندێشە و خەیاڵ دەدات لەبەکارهێنانە ڕۆژانەکاندا.

٦- لە کردە مۆڕفۆلۆژییەکانی وەك وشەداڕشتندا، لاگرەکان کارکردنیان لەڕوانگەیەکی مێتۆنیمییانەوەیە. کاتێك لاگرەکان وشەیەکی نوێ دادەڕێژن، لەهەمانکاتدا چوارچێوەیەکی سیمانتیکیی بە ستراتیژێکی

**مێتۆنیمییانەوە بۆ وشە داڕێژراوەکە دروستدەکەن، کە جیاوازە لە چوارچێوەی سیمانتیکیی وشە بنەڕەتییەکان.**

**٧- لەو ڕوانگەیەوە، کە ڕێزمان سیستەمی بەچەمککردنە، بونیادنانە ڕێزمانییەکانی ڕستەکان بەهەمانشێوە کارکردنیان لە ستراتیژێکی مێتۆنیمییانەوەیە، کە ئەمیش(مێتۆنیمی) بوارێکی هەڵهێنجان و توانایەکی بەچەمککراوی ئاخێوەرانە. بەمشێوەیە تەواوی ڕێزمانی زمان، بە پرۆسەیەکی مێتۆنیمییانە دادەنرێت.**

# سەرچاوەکان

## لیستی سەرچاوەکان

### ١- بەزمانی کوردی

### ا- کتێب/


١- ئەرستۆ، وە/عەزیز گەردی(٢٠١١)، هونەری شیعر(شیعرناسی)، سلێمانی.

٢- ئەفلاتون، وە/ سۆران عومەر حەمە، ڕێبوار قارەمانی، مەهدی حەسەن(٢٠٠٦)، کۆمار، هەولێر.

٣- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٧)، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغداد.

٤- ———— (١٩٧٨)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(مۆرفۆلۆژی)، بەشی دووەم(جێناو)، بەغداد.

٥- ———— (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم(ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغداد.

٦- ڕەفیق شوانی (٢٠١١) ، وشەسازی زمانی کوردی، لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکییە، هەولێر.

٧- سازان زاهیر سەعید (٢٠١٣)، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، هەولێر.

٨- شێرکۆ بێکەس(٢٠٠٧)، حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك، سلێمانی.

٩- شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩)، ئیدیۆم، چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

١٠- عەبدولواحید مشیر دزەیی(٢٠٠٩)، واتاسازی(چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە)، هەولێر.

١١- عەزیز گەردی(١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، بەغداد.

١٢- کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا، سلێمانی.

١٣- ———— (٢٠١٢)، فۆڕمی لۆژیکی لەزمانی کوردیدا، سلێمانی.

١٤- کامل حسن عزیز البصیر(١٩٨١)، زانستی ئاوەڵواتا، بەغداد.

١٥- ———— (١٩٨٣)، ڕەخنەسازی، مێژوو و پەیڕەویکردن، بەغداد.

١٦- کەمال میراودەلی(٢٠٠٥)، فەلسەفەی جوانی و هونەر(ئیستاتیکا)، چاپی دووەم، سلێمانی.

١٧- كۆمەڵێك نوسەر، و/ د.محەمەدی مەحوی(٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆدێلەكانی ڕێزمان، سلێمانی.
١٨- مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و بورهان عەبدولكەریم(٢٠٠١)، دیوانی مەحوی، سنە.
١٩- مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و بورهان عەبدولكەریم(٢٠١١)، دیوانی نالی، سنە.
٢٠- محەمەدی مەحویی(٢٠٠٦)، ئاوەزدارییی و ڕێزمانی ناوەڕۆك_وابەستە، سلێمانی.
٢١- ____________(٢٠٠٩)، زانستی هێما، هێما، واتا و واتالێكدانەوە، بەرگی (١ و ٢)، سلێمانی.
٢٢-____________(٢٠١٠)، مۆڕفۆلۆژیی و بەیەكداچوونی پێكهاتەكان (مۆڕفۆلۆژیی كوردیی)، بەرگی یەكهەم، سلێمانیی.
٢٣- محمد معروف فتاح(٢٠١١)، زمانەوانی، هەولێر.
٢٤- هۆڕاس، وە/ حمید عزیز(١٩٧٩)، هونەری شیعر، بەغداد.

**ب- نامەی زانكۆیی**

١- بەشدار محەمەد ئیبراهیم (٢٠١٤)، واتاسازیی بەرهەمهێنان و لێكدانەوە لەزمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.
٢- بەكر عومەر عەلی (٢٠٠٠)، مێتافۆر لەڕوانگەی زمانەوانییەوە ، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.
٣- تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠١٣)، پراگماتیكی فەرهەنگی و پێكداچوونی پێكهاتەكانی، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.
٤- ڕێبوار ئەحمەد نەبی (٢٠١٥)، پەیپێبردنی شاوەچە لەسیمانتیكی دركپێكردن لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، فاكەڵتی ئاداب، زانكۆی سۆران.
٥- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی (٢٠٠٢)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری كوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.
٦- فەرهاد تۆفیق حەسەن (٢٠١٠)، پەیوەندییە سیمانتیكییەكان و هەندێك دیاردەی واتایی لەزمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.
٧- ____________ (٢٠١٥)، ڕیكلام لەزمانی كوردیدا، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.
٨- نەریمان حەسەن حەمەكەریم (٢٠١٥)، دروستەی سیمانتیك لەزمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

**پ- گۆڤار**

١- بەکر عومەر و ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩)، پەیوەندی سیمانتیك و لۆژیك لەڕستەی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٢٦).
٢- کاروان عومەر قادر (٢٠١٢)، سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٣٤).

**ت- وانەی خوێندن**

١- فاروق عومەر سدیق (٢٠١٤-٢٠١٥)، لێکسیکۆلۆژی، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٢- کاروان عومەر قادر (٢٠١٤-٢٠١٥)، زانستی زمانی درکپێکردن، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**٢- بەزمانی عەرەبی**

**کتێب**

١- ارسطوطاليس، ت/عبدالرحمن بدوى(١٩٥٣)، فن الشعر، مصر.
٢- افلاتون، ت/عبداللة حسن المسلمي(٢٠٠١)، محاورة منكسينوس او عن الخطابة، لبنان.
٣- افلاتون، ت/عزمى طة السيد احمد(١٩٩٥)، محاورة كراتيلوس (في فلسفة اللغة)، الاردن.
٤- عبدالمجيد جعفة(٢٠٠٠)، مدخل الي الدلالة الحديثة، المغرب.
٥- عبدالوهاب المسيري(٢٠٠٢)، اللغة و المجاز بين التوحيد و وحدة الوجود، مصر.
٦- نورى جعفر (١٩٧١)، اللغه و الفكر، مكتب التومى.

**٣- بەزمانی ئینگلیزی**

**ا- کتێب**

1- Allwood, J. and Gärdenfors P. (1999), Cognitive Semantics, Meaning and Cognition, Benjamins Publishing Company, Amsterdam.
2- Al Sharifi, A. M. (2004), Textual Metonymy, A Semiotic Approach, Great Britain.

3- Campo, J. L. O., Ferrando, I. N. and Fortuño, B.B. (2005), Cognitive and Discourse Approaches to Metaphor and Metonymy, Jaume University, Spain.
4- Chomsky, N. (1986), Knowledge of Language, it is Nature, Origin and Use, US.
5- Clausner, T. C. and Croft, W. (1999), Domains and Image Schema, Journal of Cognitive Linguistics, Volume 1.
6- Croft, W. and Cruse A. (2004), Cognitive Linguistics, Cambridge University Press.
7- Dirven, R. and Porings, R. (2003), Metaphor and Metonymy in Comparison and Contrast, Germany.
8- Dirven, R. and Verspoor M. (2004), Cognitive Exploration of Language and Linguistics, Second Edition, Amsterdam.
9- Evans, V. (2007), A glossary of Cognitive Linguistics, Edinburgh University Press.
10- Evans, V. and Green M. (2006), Cognitive Linguistics, An Introduction, Edinburgh University Press.
11- Evans, V. , Bergen, B. K. and Zinken J. (2007), The Cognitive Linguistics Reader, London.
12- Evans, V. and Pourcel, S. (2009), New Directions in Cognitive Linguistics, Amsterdam.
13- Faber, P. (2012), A Cognitive Linguistics View of Terminology and Specialized Language, Berlin.
14- Fauconnier, G. and Turner, M. (2002), The Way We Think, Conceptual Blending and The Mind's Hidden Complexities, U.S.A.
15- Geeraerts, D. (2006), Cognitive Linguistics, Basic Reading, Berlin.
16- ―――――――― (2010), Theories of Lexical Semantics, Oxford University Press.
17- Geeraerts, D. and Cuyckens H. (2007), The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics, Oxford University Press.
18- Goossens, L. , Pauwels, P. , Rudzka-Ostyn, B. , Simon-Vandenbergen, A. and Vanparys J. (1995), By Word of Mouth, U.S.A.
19- Ibáñez, F. J. R. M. & Campo, J. L. O. (2002), Metonymy, Grammar and Communication, Spain.

20- Jakobson, R. and Halle, M. (1956), Fundamentals of Language, U.S.A.
21- Lakoff, G. and Johnson, M. (1980), Metaphors, We Live By, London.
22- Lakoff, G. (1987), Women, Fire and Dangerous Things, University of Chicago Press, Chicago and London.
23- Langacker, R. (1987), Foundations of Cognitive Grammar, Volume 1, Stanford University Press, California.
24- ____________(1991), Foundations of Cognitive Grammar, Volume 2, Stanford University Press, California.
25- ____________(1991), Concept, Image and Symbol, Mouton De Gruyter, Berlin, Newyork.
26-____________ (2000), Grammar and Conceptualization, Mouton de Gruyter, Berlin. New York.
27- ____________(2008), Cognitive Grammar, A basic Introduction, Oxford University Press, US.
28- ____________(2009), Investigation in Cognitive Grammar, Mouton De Gruyter, Berlin, New York.
29- ____________(2013), Essential Of Cognitive Grammar, Oxford University Press, US.
30- Leech, G.N. (1969), A Linguistic Guide to English Poetry, London and New York.
31- Littlemore, J. (2015), Metonymy, Hidden Shortcuts in Language, Thought and Communication, Cambridge University Press.
32- Panther, K., Thornburg, L. and Barcelona, A. (2009), Metonymy and Metaphor in Grammar, Amsterdam.
33- Panther, K. and Radden, G. (1999), Metonymy in Language and Thought, U.S.A.
34- Radden, G. and Dirven, R. (2007), Cognitive English Grammar, Amsterdam.
35- Simpson, J. (2011), The Routledge Handbook of Applied Linguistics, London And New York.
36- Stillings, N. A. , Weisler, S. E. , Chase, C. Ch, Feinstein, M. H. , Garfield, J. L. and Rissland E. L. (1995), Cognitive Science, An Introduction, Second Edition, Cambridge, Massachusetts, London, England.

37- Talmy, L. (2000), Toward Cognitive Semantics, Volume 2, London, England.
38- Taylor, J. R. (2002), Cognitive Grammar, Oxford University Press, New York.
39-__________ (1995), Linguistic Categorization, Second Edition, Oxfrod University Press.
40- Taylor, J. R. and Maclaury, R. E. (1995), Trends in Linguistics, Studies and Monographs 82, Language and The Construal of The World, Berlin.
41- The Linguistic Society of Korea (1982), Linguistics in the Morning Calm, SICOL, Hanshin Publishing Company, Seol, Korea.
42- Wanner, L. (1996), Lexical Functions in Lexicography and Natural Language Processing, John Benjamins Publishing Company, Amsterdam. Philadelphia.

### ب- نامەی زانکۆیی

1- Abdullah, Kh. A. (2013), A cognitive Semantic Analysis of Polysemous Word in English, University of Sulaimani.
2- Fatah, A. H. (2012), A Cognitive Grammar Analyses of Suffixes in English, University of Sulaimani.
3- Hussein, R. Q. (2013), A Cognitive Grammar Approach to Quantifiers in English, University of Sulaimani.
4- Othman, S. K. (2013), A Cognitive-Pragmatic Approach to Metonymy in English Journalistic Texts, Salahaddin University, Erbil.

### پ- گۆڤار

1- Arata, L.(2005), The Definition of Metonymy in Ancient Greek, Penn State University Press, Vol 39, No 1, Page (55-70).
2- Bagha, K.N. (2011), Generative Semantic, English Language Teaching, Vol 4, No 3, Page(223-231).
3- Bernden, J. A. (2010), Metaphor and Metonymy: Making Their Connection More Slippery, Cognitive Linguistics, Vol 21, Issu 1, Page (1-34).

4- Fauconnier, G. and Turner, M. (1998), Conceptual Integration Network, Congnitive Science,Vol 22, Issue 2, Page(133-187).
5- Goossense, L. (1990), Metaphtonymy: The Interaction of Metaphor and Metonymy in Expressions for Linguistic action, Cognitive Linguistics, Vol 1, Issu 3, Page (323-342).
6- Guan, J. (2009), The Cognitive Nature of Metonymy and Its Implications for English Vocabulary Teaching, English Language Teaching, Vol 12, No 4, Page (179-183).
7- Janda, L. A. (2011), Metonymy in Word-Formation, Cognitive Linguistics, Vol 22, Issu 2, Page (359-392).
8- Mendoza, F. J. R. and Hernandz, L. P. (2001), Metonymy and The Grammar: Motivation, Constraints and Interaction, Language & Communication, Vol 21, Issue 4, Page (321-357), Amsterdam.
9- Nesset, T. (2010), The Art of Being Negative: Metonymical Morphological Constructions in Contrast, Oslo Studies in Language, Vol 2, No 2, Page (261-279).
10- Zhengling Fu (2016), The Application of Conceptual Metonymy in Discourse Coherence, International Journal of English Language Education, Vol 4, No 2, Page (33-41).

**ت- ماڵپەری ئەلیکترۆنی**

– www.Oxforddictionaries.com/definition.

## الملخص

هذه الرسالة التي بعنوان (إدراك الكناية في اللغة الكوردية)،هي تحليل ذوجانبين للمحتوى العام للرسالة، وهما: "مدرسة علم اللغة الإدراكية" و "الكناية".

مدرسة علم اللغة الإدراكية كمدرسة لغوية جديدة، طرحت مجموعة من الاحتمالات و النظريات الخاصة باللغة، من منظور "علم الدلالة الإدراكية/السيمانطيقية الإدراكية و قواعد الادراكية" ، وذلك كاستجابة للمدارس اللغوية السابقة. كل ملاحظة في علم اللغة الإدراكية، عبارة عن جانب دلالي الغوي، يعرضه بالتحليل العقلي.
على هذا المنوال يظهر علم الدلالة الأدراكي كمذهب في البحث اللغوي، أكثر من نظرية مجردة ومحدودة. ذلك لأن علم الدلالة الأدراكي، كمرجع لغوي له دور كبير في التحليل والبحث اللغوي الأدراكي، لذلك يقال بأن صياغة البنية القواعدية للجملة، تبنى على أساس ادخال عملية التصور المفاهيمية، و هذه عملية مجربة و مجسدة. فكل هذا من أجل تقديم القدرة المدركة للأنسان كباقة واحدة يدركها عقل الإنسان.

من بعد بروز اللغة كإحدى قدرات المدركة للإنسان، بالمقارنة مع قدراته الأخرى، فهناك العديد من الظواهر اللغوية، التي بُنيت على أساس المستوى الأدراكي للإنسان/المتكلم، كما في نموذج الكناية مثلا، تكون معاكسة للتحليلات الشائعة لدى المدارس اللغوية، فنظرية الامتزاج في علم الدلالة الإدراكي تحلل الكناية تحليلا عقليا إدراكيا و تعكسها بعدة مراحل بنيوية أدراكية، التي تربط استعمالها بالمام و مقصد المتكلم ومقدرة تصوراته المفاهيمية المعبرة في مكون الكنائية. جميع هذه الجوانب تكون صورة عامة لهذه الرسالة المكونة من ثلاثة فصول، بالإضافة الى المقدمة و خاتمة بأهم النتائج المتوصَل إليها:

الفصل الأول/ يتكون من مبحثين:

المبحث الأول: تحدثنا بشكل مفصل، في هذا المبحث الذي جاء بعنوان (المباديء المفاهيمية لعلم اللغة الأدراكية)، عن مدرسة علم اللغة الإدراكية، كمدرسة فكرية و لغوية جديدة، بعد المدرسة التوليدية، التي اقترحت عدة احتمالات لغوية وذلك كمباديء اساسية للمدرسة من جانب، و من جانب آخر تكون استجابة وتكاملية للمدارس السابقة. و في هذا المبحث أيضا نتطرق الى الاحتمالات والنظريات الخاصة بعلم اللغة الإدراكية، والتي هي أن:

- اللغة، مؤسسة إدراكية لامستقلة.
- القواعد، هي نظام مفاهمي.
- الإلمام اللغوي/المعرفة اللغوية في استعمال اللغة.

أمّا المبحث الثاني، فقد جاء بعنوان (اتباع التصور المفاهيمي لاستنباط المعنى)، لأن المدرسة ذاتها، تركز بشكل دائم على الجانب الدلالي. وفي هذا المبحث نتحدث بصورة عامة عن تلك المباديء التي بنيت عليها مذاهب علم الدلالة الإدراكية (كفرع للمدرسة).

وأما الفصل الثاني من هذه الرسالة، فيتضمن الجانبين: ( النظري والتطبيقي )، محلّلا الكناية عموما. وانقسم هذا الفصل على ثلاثة مباحث:

المبحث الأول/ نتناول فيه موضوع الكناية التي أثار اهتمام الباحثيين، من حيث (المنطق و البلاغة واللغة و علم اللغة الإدراكية) مركزِينَ على الكناية، وفق نظرية الامتزاج، في علم الدلالة الإدراكي.

ولأن هناك توسعا و تبعثرا في قدرة المتكلمين للاستعمال اللغوي في جوانب متفاوتة للمفاهيمية، تصبح الكناية إحدى الطرق للآلية المفاهيمية من أجل خلق تفاهم لدى المتكلمين، لذلك فالكناية و أنواعها المختلفة تكون محورا أساسيا في المبحث الثاني من هذا الفصل، وعليه قمنا بتحديد خمسة أنواع للكناية في اللغة: (الحدثية، التأسيسية، الكمية، العمومية، النتائجية)، النموذج و التحليل النماذجي.

أمّا في المبحث الثالث، فنشير الى نوع آخر من الكناية، وهو (الكناية المدركة). فهذا النوع من الكناية ينقسم على نوعين: (ميتافتونمي، و كناية الكنائية) اللذان يعبران عن المستوى الأعلى للعملية المفاهيمية لدى المتكلمين.

وتحدثنا في الفصل الثالث عن الكناية، من حيث طبيعة المشاركة و العمل وحضورها في العملية القواعدية. لأن ايصال المعنى النهائي بموجب بعض من العمليات القواعدية هي عملية كنائية. وانقسم هذا الفصل على مبحثين بغية عرض استراتيجية العمل الكنائي للعمليات القواعدية:

المبحث الأول/ مخصص للكناية من منظور التصاريف اللغوية. و عرضنا فيه نسبة و مستوى حضور بنية التصاريف اللغوية.

وفي المبحث الثاني/ تناولنا الصياغة الكنائية للجملة، وبيّننا فيه كيفية حضور الطبيعة الكنائية، فعملنا على بنية الجملة في اللغة، على أساس كيفية إيصال المعنى في الجمل والبنية بشكل كنائي، بقدر ما يندرج تحت مفهوم الكنائية المفاهيمية.

و في الخاتمة، عرضٌ بأهم النتائج التي توصلنا إليها.

Abstract

This Thesis entitled, A *Cognitive Account of Metonymy in Kurdish Language*, tries to analyze two related subjects which are cognitive linguistics and metonymy. The cognitive linguistics as a new study in linguistics demonstrates some specified assumptions and theories related to language in accordance with cognitive semantic and cognitive grammar as a reaction and a completion to the other linguistic aspects within the school. In the cognitive linguistics, the focus will be on the semantic aspect on language, plus a mental analysis will be shown. Due to the above mentioned points regarding the cognitive semantics, it is seen as a special analytical linguistics school rather than a single unique theory within this field. Furthermore, cognitive semantics as an input plays an important role for inquires and analytical studies in cognitive grammar. Thus, it clarifies that the original grammatical structure of the sentences are based on the principles of inputs of the conceptualization process which is an imbedded experience. These aforementioned points are for the sake of presenting the man's whole cognitive capabilities (even his language) as one package which are mentally recognized and practiced.

Despite signifying language as man's cognitive ability as its other capabilities, there are many other linguistic circumstances which are recognized and constructed based on other speakers' level of recognition such as metonymy. The blending theory in the cognitive semantics, contrary to other traditional linguistic schools' inquires, investigates metonymy either mentally and cognitively. It also demonstrates cognitive metonymy as some constrictive recognition phases in which its usage will based on familiarity, aim, and the speakers' ability in conceptualizing utterance in a metonymical form. These aspects will form the general structure of this inquiry. In spite of the introduction, conclusion, and the references, this thesis includes three crucial parts as follow:

Chapter one composes of two parts which are classified as bellow:

Part one (conceptual bases of the cognitive linguistics) concentrates on working on cognitive linguistics' school as a new reasoning and linguistic studies after transformational schools which demonstrates some assumptions and theories for language and linguistics. These assumptions and theories will be seen as the bases of the school itself and they will become an answer and a completion to the former schools. This chapter is specialized for clarifications of the theories and assumptions of cognitive linguistics which constitutes of three basic theories:

- Language is not an autonomous cognitive faculty
- Grammar is conceptualization
- Knowledge of language emerges from language use

Part two is provided to the readers under the title of (*Comply with the conceptualization of construal semantics*). This is because within the school itself a continuous concentration about the semantic part of language will be seen. Generally, this part is about working on those principles that cognitive semantics had been constructed of.

Chapter two of this thesis could be seen as a theoretical as well as a practical chapter and provided for analyzing types and genre of metonymy which have been divided into three parts:

Metonymy has become an important subject to scholars in various scientific aspects. Due to the importance of this subject, part one of this chapter has been provided to introduce metonymy in various phases including logic, rhetoric, linguistic, and cognitive linguistics; also it concentrates more on the blending theory in cognitive semantic.

Due to the frequent and general use plus the ability of speakers' usage of conceptualization, metonymy has become a mechanism for conceptualization for a better understanding, and thus; metonymy and its different types will become a prior subject in part two within this chapter. So five types of metonymy have been shown which are phenomenal, organizational, quantitative, communal, and consequential metonymy. The remained part of this chapter includes examples and analysis of the examples.

In part three another type of metonymy has been discussed which is perceptional metonymy. It further composes of two types that are *metaphtonymy* and *metonymical metonymy* which they report high level of conceptualization process.

Chapter three has been provided for metonymy in accordance with the nature of play role in grammatical processes within language. The nature of working and reporting their last parts of some grammatical processes are metonymical. For the sake of showing the strategic and metonymical working of grammatical processes this chapter has been divided into two different parts as follow:

Part one is dedicated for metonymy in a morphological linguistic processes. In this part the ability of metonymy and the extent of contribution of metonymy in morphological construction has been demonstrated.

Part two is metonymical structure of the sentence in which focuses on working on quality of the natural contribution of metonymy in constricting sentences. This is for demonstrating that how sentences and their construction metonymically reporting their meaning in a way that their meaning are metonymically conceptualized.

The last but not least part of this thesis is its conclusion which consists of the crucial results that the paper has bared of.